# هەموو هەقیانە

## هەڵبژاردەی قسە خۆشەکانی مەلا نەسرەددین

**(مەلای مەشهوور)**

لێکۆڵینەوە و نووسینی

مەنوچەهری کەریم زادە

وەر ـگێڕانی

غەریب پشدەری

هەولێر- ٢٠٠٦


- همه حق دارند
( زیدهء لطیفەهای مُلا نصرالدّین).
- پژوهش و بازنویسی: منوچهر کریم زاده.
- انتشارات رح نو
- چاپ دوّم — تهران ١٣٧٨

**ناوی کتێب: هەموو هەقیانە/ هەڵبژاردەی قسە خۆشەکانی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور)**

- نووسینی: مەنوچەهری کەریم زادە
- وەر ـگێڕانی: غەریب پشدەری
- نەخشەسازی ناوەوە: ـــە حسین
- بەرگ: هۆ ر صدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- پیتچنین: محمد مامند
- تیراژ: (١٥٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: (٤٠٢)
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦
- نرخ: (٤٥٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب: -٦٨- (١٧١)



**ناونیشان**

**دەز ای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی:** asokareem@ maktoob.com

**ژمارەی تەلەفۆن:** 2260311

www.mukiryani.com


PDF4Kurd

**بۆ /**

**زەردەخەنەی سەر دوو لێوە تەماوی و غەماوێزەکانی خاتوو ((شەرا)) خان...**

**دیاری و یادگارە**

**-وەرگێڕ-**

# مطایبات جناب ملا نصر الدین

نظر
باینکه کتاب
مستطاب ملا نصر الدین در
میان کتب ادبی موقع مهمی دارا بوده
و یگانه کتابی است که در زبان شیرین فارسی
در فن مطایبه بواسطه مندرجات حکمت آموزش طرف
رغبت عموم مشرق زمین گشته بنا بر نایابی نسخه‌های مطبوعه
آن این معارف دوستان میرزا حسن و حسین آقا
برادران گودرزی برای استفاده عموم با
کمال صحت و خیلی خوب بطبع و نشر آن اقدام
نمودند امید که خوانندگان را
مرغوب طبع بوده باشد

۱۲ جمادی الثانی
۱۳۴۲

(توصیهٔ مهم)

کتاب مستطاب (صبح دولتمند) که مختصر نمونه ملیت پروری و خلاصهٔ
در تاریخ ادبی و سرمشق برای تاریخ نویسان ایرانی دوست و مطبوع
اسلامبول است با سایر کتب قدیمه و جدیده بازار بین الحرمین
در کتابخانه برادران گودرزی بفروش میرسد طالبین رجوع نمایند

## پێرست

**بەدوا پەیسەری مەلا نەسرەددینیدا ١٣**

**ئارەزووەکانی مەلا نەسرەددینی ٥٧**

ئەگەر ببێ، چ دەبێ ٥٩/ بۆ گەیشتن بە مەست ٥٩/ خەون لێکدانەوە ٦٠/ چیم دەوێ و چیت ناردووە ٦٠/ هەڵوا خواردنێ مەلا نەسرەددینی ٦١/ دەخەو و بێداریدا ٦٢/ نزای بەراوەژوو ٦٢/ ڕۆژێ سەد دینار ٦٣/ دەنگی ساف و دڵنەواز ٦٣/ خەو و خەزنە ٦٤

**تۆڵە ئەستاندنەوەکانی مەلا نەسرەددینی ٦٥**

چێشت خواردنێ مەلا نەسرەددینی ٦٧/ بە هۆی نەبوونی کاتەوە ٦٨/ هاتووچوونی دۆستانە ٦٨/ قەرەبوو ٦٩/قیامەت نزیکە ٦٩/ مانگا و گۆیلك ٧٠/گەدا و مەلا نەسرەددین ٧٠

**تەخشان و پەخشانەکانی مەلا نەسرەددینی ٧٣**

پادداشتی وانە خوێندنی ٧٥/ خواردنی خۆش ٧٥/ دەست و دڵاوایی ٧٦/ کرێی ئەو ڕۆ و کرێی ئەو ڕۆژە ٧٦/ دەستخۆشییە بۆقەکان ٧٧/ ڕاسپاردەی مەلا نەسرەددینی ٧٧/ یادگاری بە نرخ و گرانبەها ٧٨

**پەڵپ و بیانووەکانی مەلا نەسرەددینی ٧٩**

ئەمە بەوە ٨١/ دوایە چ بوو ٨١/ بیانوو-هەنجەت ٨٢/ تۆڵە-قەرەبوو ٨٢/ وەڵامی کەرێ ٨٣/ قسەی پیاوان ٨٣/ خەونی بەیانیان ٨٤/ دەستی چەپ و ڕاست ٨٤/ دوو پاتەی وانەی مەلا نەسرەددینی ٨٥/ دەنگی کەرێ ٨٥/ پۆزشی تەواو ٨٦/ فەلسەفەی مەلا نەسرەددینی ٨٦/ مژدانە ٨٧/ مەتەڵ گوتنێ مەلا نەسرەددینی ٨٧/ ئەوەی یەکەمجار دوا ٨٨/ هەموویان وەك یەکن ٨٩/ تۆزێك بەو لاوە دانیشە ٨٩

**شیتەڵکارییەکانی مەلا نەسرەددینی ٩١**

مامۆستای حەزرەتی ئادەم ٩٣/ پەیوەندی نامە بە بەغداوە ٨٣/ دوا ئومێد ٩٤/ بۆنی چێشتی ٩٤/ تا سێ ساڵی دی ٩٥/ چاکەی سەدەقە ٩٥/ چێی مردووان ٩٥/ حەیف کە فێر نەبوو بوو ٩٦/ خۆش زەوقی کوڕی مەلا نەسرەددینی ٩٦/ دیزەی مەلا نەسرەددینی ٩٦/ نهێنێ بوونێ ٩٧/ ڕێی قەد بڕ ٩٧/ ڕێ بانی پڕ پێچ و گەوە ٩٨/ ساڵی سێهەم ٩٨/ چوونە ڕاوێ مەلا نەسرەددینی ٩٨/ سوپاسی نابەجێ ٩٩/ چاو چنۆکیە مەلا نەسرەددینی ٩٩/ هۆی مەرگ و ژیانی ١٠٠/ تێگەیشتم و زانیم ١٠٠/ کلیلی سندوقۆڵەی ١٠٠/ مەرگ و گوێز ١٠١/ جلی ڕەش ١٠١/ لێفەی مەلا نەسرەددینی ١٠١/ خەسووی قەشمەر ١٠٢/ مریشك کڕینی مەلا نەسرەدینی ١٠٢/ نەزر ١٠٣/ نیشانەی ئاخرە زەمانێ ١٠٣/ نیگەرانیە مەلا نەسرەددینی ١٠٣/ کاتی نانخواردنێ ١٠٤/ چ جیاوازییەکی نییە ١٠٤

**فەرمووەکانی مەلا نەسرەددینی ١٠٥**

سۆرانی تۆ پلاوی بخۆ ١٠٧/ ڕێ بدە ئێمەش وەکو تۆ بمرین ١٠٧/ ئەحواڵپرسی ١٠٨/ لە دەرێ مانەوەی مەلا نەسرەددینی ١٠٨/ نەخۆشیە مەلا نەسرەددینی ١٠٨/ پێشبینی ١٠٩/ فەرمووکردن ١٠٩/ داواکاری ١٠٩/ ڕوونکردنەوە ١١٠/ بۆ داوەتێ ناکەی؟ ١١٠/ داوا ١١٠/ کێ دڵەکزەی دەگرێ؟ ١١١/ کرمانجی وریا ١١١/ سەدکەر ١١٢/ قازی ١١٢/ گەنم چاندن ١١٢/ ڕێڤینگی پێ بە خێر ١١٣/ میوانی بانگ نەکراو ١١٣/ هەموو شتێك پێویستە ١١٤/ دارکڕینی مەلا نەسرەددینی ١١٤

**چارەسەرییەکانی مەلا نەسرەددینی ١١٥**

گۆشتاوی مراوییە ١١٧/ ئادەمی یا مانگا ١١٧/ ئاواز خوێندنێ مەلا نەسرەددینی ١١٨/ ماڵ گواستنەوە ١١٨/ دەستپێشخەری کاریگەر ١١٩/ کەری ماندوو ١١٩/ وای لە دەست زمانی خەڵکی ١١٩/ ئەو هەموو تەق و تۆقەی ناوێ ١٢٠/ بۆ پێنج دیناران ١٢١/ بۆ ڕاکێشانی بەزەیی خەڵکی ١٢٢/ بەڵای نێر و مێ ١٢٢/ بەدوای ئاوازدا ١٢٣/ پادداشی بەجێ ١٢٤/ قاچی بێ دەستنوێژ ١٢٤/ پێشنیارێکی بەجێ ١٢٤/ دەو مەنجەڵە گەورەیدا ١٢٥/ قەرەبووی زیان ١٢٥/ چارەی دیکەم نییە ١٢٥/ چارەسەر ١٢٧/ پڕخ و هوڕ ١٢٧/ زۆر سەیرە ١٢٧/ لە ماڵ نەبوونی مەلا نەسرەددینی ١٢٨/ دەرکێ ماڵێ و دەرکێ مزگەوتێ ١٢٩/ داواکاریە مەلا نەسرەدینی ١٢٩/ دە ڕووناهییەدا ١٣٠/ ڕێگا چارە ١٣٠/ زانی بێ ژان ١٣٠/ چاو سوورکردنەوە ١٣٠/ سێ پێوانە دەبێتە ڕبەیەك ١٣١/ گفت و بەڵێن ١٣٢/ شیر کڕینێ مەلا نەسرەددینی ١٣٢/ سووڕانەوە- خۆلانەوە ١٣٣/ پۆزشی مەلا نەسرەددینی ١٣٣/ کاری پێویست ١٣٣/ فێڵ لە ئیزرائیل ١٣٤/ گۆشت و پشیلە ١٣٤/ مانگ و چاڵ ١٣٥/ مەلا نەسرەددین و پیاوێکی شێت ١٣٥/ هەر لەوێ بە ١٣٦

**وەڵامە سەرپێیەکانی مەلا نەسرەددینی ١٣٧**

چێشتی سارد ١٣٩/ ئافەرین گوتنێ مەلا نەسرەددینی ١٣٩/ ژووری چوار دەری ١٣٩/ گێل و گێلتر ١٤٠/ درێژەی ژیانی ئادەمیزاد ١٤٠/ کەر فرۆشتنی مەلا نەسرەددینی ١٤٠/ بێچووە مانگا ١٤١/ خوشك و برایەکانی حەزرەتی ئادەم ١٤١/ وەڵامێکی زانایانە ١٤١/ پێنج ئەنگوستی ١٤٢/ پیری و لاوەتی ١٤٢/ کەمتەرخەمی ١٤٢/ جێی ئادەم و حەوا ١٤٣/ چاڵی هەوایی ١٤٣/ ماسی بۆ قسان ناکا ١٤٣/ خەڵکی بۆ بێر و بەوێدا دەچن؟ ١٤٣/ چ باسە؟ ١٤٣/ چاپووك وەڵامی ١٤٤/ دز چۆن دێت ١٤٤/ کلکی کەڵەشێر ١٤٤/ ددان ئێشە ١٤٥/ خۆشەویستی بە قەرز ١٤٥/ چاودێری ١٤٥/ ساز لێدانی مەلا نەسرەددینی ١٤٦/ ئەستێرەکان دەچنە کوێ؟ ١٤٦/ شایەد ١٤٦/ قازی یەك پێ ١٤٧/ ئێستر سواری ١٤٨/ کەبابی کەوێ ١٤٨/ گفتوگۆی بەندە و خودا ١٤٨/ مانگی کۆن ١٤٩/ پیاوی ویژدان پاك ١٤٩/ مەلا نەسرەددین لە بەغدایە ١٤٩/ سەهۆڵ ١٥٠

**گێلێتیەکانی مەلا نەسرەددینی ١٥١**

ئادەمی بێ سەر ١٥٣/ پیاوی ئاقڵ ١٥٣/ سەلماندنی گێلەتییە ١٥٤/ بانگدانێ مەلا نەسرەددینی ١٥٤/ نرخی کات ١٥٤/ ولاغی خاوەن قەرد ١٥٥/ کەر فرۆشتنی مەلا نەسرەددینی ١٥٥/ مقاشی سێ هەزار دیناری ١٥٥/ دیسان بوویەوە کەر! ١٥٦/ داهێنانی مەلا نەسرەددینی ١٥٧/ کەلووی کاوڕ ١٥٧/ بۆ ئەزموون دەستکەوتنێ ١٥٨/ بە دوای خەوێدا ١٥٨/ بێ ئاگا ١٥٨/ نەخۆشییە مەلا نەسرەددینی ١٥٨/ بابی من و بابی تۆ ١٥٩/ پیادە (بە پێیان) ١٥٩/ پێش تاقیکردنەوە ١٥٩/ تەگبیری کوڕ و بابی ١٦٠/ بازرگانی مەلا نەسرەددینی ١٦٠/ ژمارەی ئەستێرەکان ١٦١/ تۆ لە ماڵێ و من لە دەرێ ١٦١/ سزای کەمتەرخەمی ١٦٢/ چارەی کار ١٦٢/ وەڵامی بە ئەدەبانە ١٦٣/ ماڵێ مەلا نەسرەددینی ١٦٣/ خەوی ئاسوودە ١٦٣/ خەوی ناز ١٦٤/ بۆ خۆی دەزانێ ١٦٤/ کارە نابەجێیەکانی سەردەمی لاوەتییە مەلا نەسرەددینی ١٦٤/ درۆ ١٦٥/ کلکی کەرێ ١٦٥/ دیدار ١٦٦/ ڕاستیت دەوێ ١٦٦/ ڕێنمایی ١٦٧/ ڕێی گونجاو ١٦٧/ ڕاسپاردەی ژنێ مەلا نەسرەددینی ١٦٧/ ساڵ و تەمەنی مەلا نەسرەددین و برایەکەی ١٦٨/ سێ گێل ١٦٨/ شەوی زاوایەتییە مەلا نەسرەددینی ١٦٩/ وشتر لە کوێوە چۆتە ئەو بانە ١٦٩/ شیعر دانانی مەلا نەسرەددینی ١٧٠/ شایەدیە مەلا نەسرەددینی ١٧٠/ پاشەکەوتی ١٧١/ پزیشکی ١٧١/ منداڵی تازە ١٧١/ چارەی چاو ئێشە ١٧٢/ هۆی گریانی ١٧٢/ خواردن و دەرگا ١٧٢/ سوودی زمان نەزانین ١٧٣/ منداڵی چاك ١٧٣/ ئیشی ماڵێ ١٧٤/ دۆزینەوەی تازە ١٧٤/ گا تا گا فەرقێ دەکا ١٧٤/ گرفتاری ١٧٥/ مانگ چاکترە یا خۆر ١٧٥/ ماسی و دەشت ١٧٥/ پەلەوەری وریا ١٧٦/ مەرگی مەلا نەسرەددینی ١٧٧/ مەسەلە ١٧٨/ لەسەر چ ڕاوەستاوی ١٧٨/ مەتەڵی گەورە ١٧٨/ منیش دە وێدا بووم ١٧٩/ نامە نووسینێ مەلا نەسرەددینی ١٧٩/ ئەو کاتەی من زیندوو بووم ١٧٩/ یەك مەلی لێك و ڕاست ١٨١

**دڵسۆزیەکانی مەلا نەسرەددینی ١٨٣**

پێش بینی ١٨٥/ ونبوونێ مەلا نەسرەددین ١٨٥/ داخی مەلا نەسرەددینی ١٨٦/ جوجکەکانی مەلا نەسرەددین ١٨٦/ قسەی چاك و بەجێ ١٨٦/ کەڵەبابی بەرەڵڵا ١٨٧/ ویستن و نەتوانین ١٨٧/ دنیای ستەمکار ١٨٨/ ڕۆژی ڕووناك و شەوی تاریك ١٨٨/ژنی ناشیرن ١٨٨/ غەمێ مەخۆ ١٨٩/ نیگەرانییە مەلا نەسرەددینی ١٨٩/ خۆشەویستی مەلای بۆ مەلاژنێ ١٩٠

**دوورەندێشەکانی مەلا نەسرەددینی ١٩١**

لەولای درەختەکەوە ١٩٣/ کرێی کۆڵ کێشیە ١٩٣/ ئەگەر ئەقڵی پێ بشکێ ١٩٤/ کەری تێژڕەو ١٩٤/ تەگبیری مەلا نەسرەددینی ١٩٥/ وەڵامی لە جێ ١٩٥/ قسەی ئاشقانە ١٩٥/ چاکت کرد گوتت ١٩٦/ دارناشتنێ مەلا نەسرەددینی ١٩٦/ جەرگ و ناو فرۆشتنێ مەلا نەسرەددینی ١٩٦/ دوورەندێشی ١٩٧/ پرسیاری بێ جێ ١٩٧/ پرسیارێك کە وەڵامەکەی ساڵێکی دەبا ١٩٧/ سرکەی حەوت ساڵە ١٩٨/ پرسەی مەلا نەسرەددینی ١٩٨/ غەیب گۆیی ١٩٨/ سەگەکان بەدخوو دەبن ١٩٩/ دەنگی کەمانچە ١٩٩/ چارەی ڕووداو ٢٠٠/ هەڵاتن لە پرسیار و وەڵامان ٢٠٠/ مەحکەم کاری ٢٠٠/ ماڵی پیاوی نەدار ٢٠١/ نامە بۆ پیاوی کەڕ ٢٠١/ نانی خۆمان بخۆین ٢٠١/ نیشانە ٢٠٢/ جووزەلە ٢٠٢/ ئامۆژگاریی سەرتاشی تازەکار ٢٠٣/ وەسیەتی مەلا نەسرەددینی ٢٠٣/ بەجێ گەیاندنی سۆز و پەیمان ٢٠٣/ کەرێك چەند پەلی هەیە ٢٠٤

**قسە ڕەقەکانی مەلا نەسرەددینی ٢٠٥**

ئادەم ٢٠٧/ ئارەزووی دیتنێ شەیتانی ٢٠٧/ هەڵە ٢٠٧/ نازناو بەخشین ٢٠٨/ ویژدان ٢٠٨/ ئەنگوستیلەی بێ نگین ٢٠٨/ پادداشتی قسەی ڕەق ٢٠٨/ داواکاری حاکمی سووك ٢٠٩/ خەون لێکدانەوەی مەلا نەسرەددینی ٢٠٩/ بە قەرز ٢١٠/ ڕێگا چارە ٢١٠/ رازی بوون ٢١٠/ ژنی ناشیرین ٢١١/ پرسیاری بەجێ ٢١١/ شیعری بۆگەن ٢١١/ جەفەنگ دەگەڵ کوێخایدا

٢١٢/ عاریفی ڕاستەقینە ٢١٢/ ڕۆڵەی پیاوی سەد ساڵە ٢١٢/ خۆتێهەڵقوتاندن ٢١٣/ کەشك و کۆتر ٢١٣/ من یا تۆ ٢١٣/ ئامۆژگاری ٢١٤/ بۆچوونی ئاوەڵان ٢١٤/ وەبیرم نایە ٢١٥

**زیبك و زاکونییەکانی مەلا نەسرەددینی ٢١٧**

ئاشنایی ٢١٩/ چاوەڕوانی دۆستانە ٢١٩/ قەرداری ٢١٩/ ببیسە و باوەڕمەکە ٢٢٠/ خۆم و باوکم ٢٢١/ پارەی پارچە ٢٢١/ پارەی مردنێ ٢٢٢/ هەقی پێشینە ٢٢٢/ چارەسەری کێشە ٢٢٣/ ددان کێشانی مەلا نەسرەددینی ٢٢٣/ باوێشك ٢٢٤/ رسق و ڕۆژی ٢٢٤/ زیرەکی ٢٢٥/ ژەهر خواردنێ مەلا نەسرەددینی ٢٢٥/ جوببەی قازی ٢٢٦/ دەروون خوێندنەوە ٢٢٧/ پزیشکی لێزان ٢٢٧/ قەرزدانێ مەلا نەسرەددینی ٢٢٧/ بەسەرهاتی مەنجەڵێ ٢٢٨/ بەسەرهاتی کارکردنێ مەلا نەسرەددینی ٢٢٨/ بەسەرهاتی مەلا نەسرەددین و داواکارییە هەزار لیرە لە خودای ٢٣٠/ مردوو زیندووکردنەوەی مەلا نەسرەددینی ٢٣٣/ وەکویەك ٢٣٤/ منداڵی قیڕسیچمە ٢٣٤/ میوان بوونێ مەلا نەسرەددینی ٢٣٤/ نامەیەکی خەت ناخۆش ٢٣٥/ ناوەڕاستی زەوی ٢٣٥/ هەر لێرەبە تا دێمەوە ٢٣٦/ یادگاری ٢٣٧

**بوێری و ئازایەتییەکانی مەلا نەسرەددینی ٩٢٣**

کەر کڕینێ مەلا نەسرەددینی ٢٤١/ چوونە شەڕێ مەلا نەسرەددینی ٢٤٢/ هەڕەشە ٢٤٢/ شەڕی خۆبەخشانە ٢٤٣/ شەڕی مەلا نەسرەددینی دەخەوێدا ٢٤٣/ چاپووك سواری ٢٤٣/ ئای لاوەتی ٢٤٤/ مەلا نەسرەددین و پیاوێکی ملەستوور ٢٤٤/ هێز و توانای لاوەتی ٢٤٥

**سوپاسگوزارییەکانی مەلا نەسرەددینی ٢٤٧**

گۆرانی گوتنێ مەلا نەسرەددینی ٢٤٩/ جوببەی کوناودەر ٢٤٩/ بەڵا لادان ٢٥٠/ بوومەلەرزەی بەجێ ٢٥٠/ سوپاسگوزار ٢٥١/ سوپاسگوزاری ٢٥١

**داوەرییەکانی مەلا نەسرەددینی ٢٥٣**

ئەرباب و نۆکەر ٢٥٥/ ئەو منم یا من ئەو ٢٥٥/ دوایی وەکو یەك ٢٥٥/ تازە هاتوو ٢٥٦/ چەکمە ٢٥٦/ کەری مەلا نەسرەددینی ٢٥٦/ حیسابزان ٢٥٧/ بەڵگەی تەواوەتی ٢٥٧/ شێتەکان ٢٥٧/ لەو ڕێیەی زیاتری نییە ٢٥٧/ مانگ دیتن ٢٥٨/ ڕۆژەکانی زستانێ ٢٥٨/ راگرتنی کەشتی ٢٥٨/ بەشی زیاتر ٢٥٩/ شاری پر نیعمەت ٢٥٩/ خۆ بامەدە ٢٦٠/ بە کام قسەیانت باوەڕکەم ٢٦٠/ پشیلە و پێکەنین ٢٦١/ دە کتێب نۆڕین ٢٦١/ نەدار ٢٦٢/ مەلا نەسرەددین و خەڵکی گەڕەکێ ٢٦٢/ ئەستێرەناس ٢٦٣/ نەخشەیەکی ورد ٢٦٣/ هەموو هەقیانە ٢٦٣/ هیچ ٢٦٤/ هیچ کاتێ دەست دەکاری تۆ وەرنادەم ٢٦٤/ یا ئەم یا ئەو ٢٦٥/ بێچووە بولبولێك ٢٦٥

**پەندە ئایینییەکانی مەلا نەسرەددین ٢٦٧**

لە چوارەمین تەبەقەی ئاسمانێ ٢٦٩/ لە سوودەکانی پاشەملە ٢٦٩/ رسق و ڕۆژی گەلحۆیان ٢٦٩/ فەرموودە گێرانەوەی مەلا نەسرەددینی ٢٧٠/ بیری نۆبەرە ٢٧٠/ مەست و هۆشیار ٢٧٠/ مەوعیزەی مەلا نەسرەددینی ٢٧١

**میوان نەوازییەکانی مەلا نەسرەددینی ٢٧٣**

خانووی دوو دەری ٢٧٥/ دەست و دڵاوایە مەلا نەسرەددینی ٢٧٦/ دیاریی کابرای لادێیی ٢٧٦/ وێکچونێکی سەیر ٢٧٧/ گەدای چەقاوەسوو ٢٧٧/ میوان بانگ کردنی مەلا نەسرەددینی ٢٧٨/ میوە و میوان ٢٧٨

**راست بینیەکانی مەلا نەسرەددینی ٢٧٩**

ئەندازەی دنیایە ٢٨١/ قەرزدار و خاوەن قەرز ٢٨١/ وەڵامی بەجێ ٢٨١/ هەڵنان ٢٨٢/ ڕاست گوتن ٢٨٢/ ڕاست و ناڕاست ٢٨٢/ دوورخستنەوەی سەگ ٢٨٣/ پزیشکی ٢٨٣/ هۆی بەربوونەوە لە سەربانی ٢٨٣/ قەلیە ٢٨٤/ زیانبەخشە زیانبەخش ٢٨٤/ میوانداری بەرچاوتەنگ ٢٨٤/ شووتی خواردنێ مەلا نەسرەددینی ٢٨٥/ تیرێك و دوو نیشان ٢٨٥/ ڕۆژێك دواتر ٢٨٦

**فەرهەنگۆك ٢٨٧**

**ژێدەرەکان ٣٠١**



**بەدوا پەیسەری مەلا نەسرەددینیدا**

ئەرێ بە ڕاستی ئەو تێکەڵەیەی دانایی و گێلیەتییە کێیە دە نێو ئەدەبیاتی خەڵکی ڕەشۆکی ناوچەیەکی بەرفراوان و هەراوی وەك ئاسیادا هێندە بە ناوبانگ و خۆشەویستە کە پێش سەد ساڵ بەر لە ئێستا ناوی خۆشەویستترین ڕۆژنامەیەکی قەفقازیای بەناوکراوە و تەنانەت هەر بیستن و دیتنی ناوەکەشی زەردەخەنە و پێکەنین دەخاتە سەر لێوان؟.

ئایا مەلا نەسرەددین کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە، یا ئەفسانەیەکە و دەستکردێکی پۆشتە و پەرداغی خەڵکە؛ و یا هەر دیاردەیەکی تێکەڵەی پیاوە قۆشمە و قسە خۆش و دەمودوو پاراوەکانە و وەدی هاتووە؟

لەم پێشەکییەدا هەوڵ و کۆششەکان هەمووی بۆ هێندێن کە لەو سەرچاوە کەم و نایابانەی لەبەر دەستانن و وەگیر دەکەون سەر و سۆراغێکی مەلا نەسرەددینی بکەین و شوێن پێیەکانی بدۆزینەوە و سەرەنجام وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوەیان پێ بدەینەوە.

یەحیا ئارین پوور، لە بەرگی دووەمی ((ئەز سەبا تانیما)) —لەسەباوە تانیما- بەدەم ئاماژەیەکی لاواز دە ((تەنز دەر ئەدەبیاتی قەدیمی ما)) -تەنز لە ئەدەبیاتی کۆنی مە-دا چەند ژمارە نموونەیەکی وەك مشك و پشیلە و هەندێ لە قسە خۆشەکانی عوبێد زاکانی، شاعیری سەدەی هەشتەم، و شاعیران و قسە و نوکتەبازانی دیکە لە (تورکانی ئانا تۆلی یا کەسانی دیکەی وەك وان) ناو بردوون و بە مەلا نەسرەدینییەوە لکاندوون و بوونەتە قسەی سەر زمانی خەڵکی، هەر بۆیە جێی خۆیەتی سەر و سۆراغکردنێ مەلا نەسرەددینی لە تورکیاوە دەست پێ بکەین کە دەکەوێتە نیوە دوورگەی ئاناتۆلی یا ئاسیای بچووکەوە.

## مەلا نەسرەددین لە تورکیا:

کۆکردنەوە و پەخش و بڵاکردنەوەی بەشێك لە قسە خۆشەکانی مەلا نەسرەددینی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناویندا کە بە خواجە نەسرەددین بەناوبانگە، سەرەتا لە تورکیاوە ڕەنگ و ڕووی گرتووە و پەیدابووە.



لە کۆتایی سەدەی هەژدە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەی زایینیدا، بۆ یەکەمین جار ڕۆشنبیران و کۆمەڵناس و نەتەوەناسانی تورك، ئەم قسەخۆشانەیان لە نێو خەڵکی و لە دوو تۆیی کتێب و شوێنەواری نووسەر و لێکۆڵەرەوانەوە گرد و کۆکردوونەوە و بڵاویان کردۆتەوە وەك:

قسەخۆشەکانی عوسمانی، ئیبراهیم شوناسی، ئەستەمبوڵ ١٧٨١؛ سەرگوزەشتەی میرنەدیم، ئەستەمبوڵ ١٨٧٢؛ قسەی خۆش، ڕەشاد، ئەستەمبوڵ ١٨٨١؛ گەنجینەی قسەخۆشەکانی، محەمەد تۆفیق، ئەستەمبوڵ ١٨٨٢؛ خواجە نەسرەددین، موراد ئەفەندی، ئەستەمبوڵ ١٨٩٤؛ قسە خۆشەکانی خواجە نەسرەددین، ڕەشاد، ئەستەمبوڵ -بێ بەرواره-؛ قسەخۆشەکان، ئەستەمبوڵ ١٩٠٠.

دە نێوان ئەو کتێبانەدا، گەنجینەی قسەخۆشەکان، نووسینی نووسەری بە ناوبانگی تورك، محەمەد تۆفیق چایلاق (١٨٩٨-١٨٤٤) کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر ئەو کتێبانەش بووە کە دواتر چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەو جۆرە ئەدەبە بە شێوەیەك جێ پەسەندی تۆفیق چایلاق بوو کە بۆ دەرخستنی بیروڕاوبۆچوونی مەردوم سالارانەی خۆی هات کتێبکی قسەی خۆش بە ناوونیشانی (ئیبن و ئادەم)ەوە نووسی.

دوای محەمەد تۆفیقیش کۆمەڵە قسەیەکی خۆش لە لایەن نووسەرانەوە لە تورکیادا بڵاو بووەوە؛ بەڵام دە نێو هەموو ئەمانەدا هیچیان بە ئەندازەی قسەخۆشەکانی خواجە نەسرەددینی بەهاء ولد ئیزبوداق، بڵاوکراوەی کتێبخانەی ئیقباڵ، ئەستەمبوڵ **١٩٣٢** سەرنج ڕاکێش نەبوو.

دانەر (نووسەر) دە پێشەکییە درێژەکەی ئەو کتێبەیدا هەوڵیداوە کەسایەتی و ئەو پاڵەوانانەی قسەخۆشەکان دەگێرنەوە بناسێنێ و دەستنیشانیان بکات، ئەوەش بە پشتیوانیە ئەو لێکۆڵەرەوانەی پێش خۆی و لەسەر بنەماو بنچینەی قسەی دەما و دەم و سەرزاری ئەو کەسانەوە ئەوە بسەلمێنێ کە خواجە نەسرەددین ئی تورکانە و لەوانیشە و لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا ژیاوە.

لە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەهاء ولد، زۆر چاپی دیکەی قسەخۆشەکانی سەر بە خواجە نەسرەددینی دە تورکیادا بڵاوبوونەوە. هەروەك لە پشکنینەکانی فۆلکلۆریکدا دەردەکەوێ، تا ساڵی ١٩٦٠، (٦٠) شەست کتێب زیاتر دە تورکیادا لە قسە خۆشە جۆراوجۆرەکانی مەلا

نەسرەددین بڵاوبۆتەوە. یەکێك لەو شوێنەوارە ساغکراوە بە بایەخانەی ئەم زەمینەیە قسەخۆشەکانی خواجە نەسرەددینە، نووسینی ئەفلاتوون گیم گوونی. دانەر هەروەك بەهاء ولد بۆ ناساندن و ژیان و کەسایەتی خواجە نەسرەددینی ڕاوبۆچوونێکی سەرنج ڕاکێش دەدات و هەوڵ دەدا شرۆڤەی حاڵی مەلای لە هەر سێ لایەنی مێژوویی، ئینتیقادی، و فۆلکلۆرییەوە بخاتە بەرچاو. لە ساڵی ١٩٦٠-ەوە تا ئێستا لە تورکیا زۆر کتێبی دیکە دەربارەی مەلا نەسرەددین و قسەخۆشەکانی بڵاو بوونەتەوە کە دیارترینیان ئەمانەن: خواجە نەسرەددین، عەبدولباقی گول بتارلی، ئەستەمبوڵ ١٩٦١؛ بیرکردنەوەکانی ئوستاد، ئەنوەر حاجی گوکشن، ئەستەمبوڵ ١٩٦٤؛ خواجە نەسرەددین، محەمەد ئوندیر، ئەستەمبوڵ ١٩٧١؛ ئەندێشەکانی مەلا نەسرەددینی، ئاردۆغان توکماکچی ئوغلو، ئەستەمبوڵ ١٩٧١؛ بیرکردنەوەکانی خواجە نەسرەددین، بە هۆزان، فوئاد کوپری، ئەستەمبوڵ ١٩٨٨؛ خواجە نەسرەددین لە زۆر لایەنەوە، ئالپای کابا جالی، ئەستەمبوڵ ١٩٩١.

### مەلا نەسرەددین لە ئێرانێ:

هەروەك ئاماژەی پێکرا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینی لە تورکیا چاپکران و سی ساڵێکیش دواتر لە ئێرانی هاوسێی ڕۆژهەڵاتی تورکیا قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینی بە ئەهلی کتێبان ئاشناکرا. وێدەچێ ((موتایباتی جەنابی مەلا نەسرەددین)) کە وێنەی یەکەمین لاپەڕەی ئەو کتێبەیە، یەکەمین کتێبێك بێت کە دەربارەی مەلا نەسرەددین دە زمانی فارسیدا بە چاپ گەیشتبێ.

لە دوای ئەوەوە کتێبی مەلا نەسرەددین شان بە شانی کتێبەکانی دیکەی وەك ئەمیر ئەرسەلانی ناودار، مەلیك جەمشید، حوسێن کوردی بوستەری، فەلەکناز، عاقی والیدین، و کەلیلە و دیمنە هاتە بەردەست خوێندەوار و پەیوەندیدارانەوە. ناوبانگی ئەم جۆرە کێتبانە دە نێو خەڵکیدا بە ئەندازەیەك بوو کە دێوەرە کتێب فرۆشە دەستگێڕوگەڕۆکەکان ئەوانەیان دەگەیاندنە دوورترین جێیەکی وڵاتی و بە دەنگێکی گڕ و نێرانەوە کاڵاکەی خۆیانیان —کە کتێب بوون- ڕادەگەیاند و لەو ڕێگایەوە خەڵکی کتێبە دڵخوازەکانی خۆیانیان ڕادەگەیاند و لەو ڕێگایەوە خەڵکی کتێبە دڵخوازەکانی خۆیانیان دەگەیشتە دەستی و بەبوێریەوە دەتوانرێ بگوترێ کە لەو ماوە دوورودرێژەدا مەلا نەسرەددین یەکێك بووە لەوانەی کە خوێندەواری لە



هەمووان زیاتر و لە هەمووانیش بەو لاوە تر خوێندراوەتەوە، بەڵام، لێرەوە کە ئەم جۆرە کتێبانە زۆربەیان لە چاپخانەی بچووك و بەشێوەی هەرەمەکی و بە ژمارەی کەمەوە بە چاپ گەیون و مێژووی بڵاوکردنەوە و ناوی زۆربەی دامەزراوە چاپییەکانیان پێوە دیارنین. پێڕستی تەواوی ئەو کتێبانەش بەڕیز و یەك بە دوای یەکدا زۆر زەحمەتە؛ چونکە تەنانەت دوای دامەزرانی کتێبخانەی میللیش لە ساڵی ١٣١٦ (١٩٣٧ز)دا، و دەرچوونی دەستووری تایبەتی کە دەسەپاند ((هەر نووسەر و دانەر و خاوەن چاپخانەیەك دەبێ لەو کتێبەی یا لەو نووسینانەی کە بڵاوی دەکەنەوە دوو دانەی بە خۆڕایی بدەنە کتێبخانەی میللی)) ئەو جۆرە کتێبانەش زۆرجاران هەروا بەبێ تۆمارکردن دەو کتێبخانەیدا بڵاودەبوونەوە.

بەم جۆرە، لە پێڕستی کتێبە فارسییە چاپکراوەکاندا هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦ ز)، لەسەر بنەمای پێڕستی خانباباوە پێڕستی ئەنجوومەنی کتێب، چاپی بونگاهی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێبەوە، تاران ١٣٥٢ (١٩٧٣ز)، بەرگی دووەم، ستوونی ١٣١٠-١٣١١ هەرچی پێویستییەکی شوناسیی (٩) نۆ کتێبی خوارەوەی دەربارەی مەلا نەسرەددیینە، تۆمارکراوە و نووسراوەتەوە:

١- مەلا نەسرەددین، بێ بەروار، سوربی، ڕوقعی، ٧٢ل، تاران.

٢- مەلا نەسرەددین، سوربی، ڕوقعی، خاوەر، چاپی دووەم، ٢١٦ل.

٣- مەلا نەسرەددین، تاران، ١٣١٦، (١٩٣٧ ز)، ڕوقعی، سوربی، ٢١٦ل.

٤- مەلا نەسرەددین، چاپخانەی ئەرموغان، ١٣١٦ (١٩٣٧ ز)، ڕوقعی، سوربی، ٢٤٨ ل.

٥- مەلا نەسرەددین، کۆڵاڵەی خاوەر، چاپی چوارەم، ڕوقعی، ٢٣٢ ل.

٦- مەلا نەسرەددین، تاران، بێ بەروار، محەمەد عەلی عیلمی، سوربی، جەیبی، ٤٨ ل.

٧- مەلا نەسرەددین، ئالیس گیرکلیس، وەرگێڕانی موسا فەرهەنگ، تاران، ١٣٣٨ (١٩٥٩ ز) سوربی، وەزیری، ٢٤٠ل.

٨- مەلا نەسرەددین، لە ئینگلستانیٚ (شعیر)، مستەفا خەلیفە سولّتانی مەشهوور بە خەلیل سامانی، تاران ١٣٣٦ (١٩٥٧ ز) سوربی، ڕوقعی، چاپی دووەم، ٤٧ل. (ناواخنی شوێنەواری خەلیفەیی سولّتانی).

٩- مەلا نەسرەددین، کۆمەڵە بیرەوەرییەك، تەوریز ١٣١٣ (١٩٣٤ ز)، سوربی، ڕوقعی، ٤١ل.

لە ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦ ز) تا ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ ز) وەك ئاماژەی پێکرا، قسەکانی مەلا نەسرەددینی زۆرجاران بە شێوەی پچرپچڕ و قەوارەی بچووك چاپکراوە. پێشوازی زۆر لەو قسە خۆشانە بووە هۆی ئەوەی نووسەران هەوڵدەن قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینی تازەتر و سەردەمانەتر دەرخەنەوە. کتێبەکانی وەك (مەلا نەسرەددین دەهەوایدا و مەلاوشەپیوورەکەی) بەرهەمی ئەو هەوڵ و کۆششانەن لەو کەسانەی کە لە هەمووان ناسراو و دیارترە لە نێو خەڵکی ئێرانی و نەخشێکی کاریگەرتریان هەبووە بە قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینەوە، خوالێخوشبوو محەمەدی ڕەمەزانییە کە لە هەمووان دیارتر و بەرچاوترە، هەر ئەویش یەکەم کەسێکە کاملترین کۆمەڵەی قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینی گرد و کۆکردوونەوە و وەریگێڕاون و نووسیونیەوە و نزیکەی حەفتا ساڵ لەوە و پێشەوە بە چاپی گەیاندوون و کتێبی مەلا نەسرەددینەکەی بۆتە سەرچاوەیەك بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دواتر قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینیان بەشێوەی جۆراوجۆرتر بە چاپ گەیاندوونەوە.

دوای شۆڕشی ئیسلامیش چەند کتێبێکی بێ ناوونیشانی کۆکەرەوەکەیان و مێژووی بڵاوکردنەوە و بڵاوکەرەکەیەوە وەك خۆیان چاپ و بڵاوکرانەتەوە. لەوانە؛ کتێبی چیرۆکە شیرینەکانی مەلا نەسرەددین بە قەوارەی کتێبی گیرفانی و بە بەرگێکی زەرد ڕەنگەوە بە زۆریەکی زۆر بەرین و فراوانەوە لە نێو کتێب فرۆشەکانی سەرشۆستە و ناو بازاڕ و لاکۆڵانەکاندا، تەخشان و پەخشان و بڵاوکراوەتەوە.

دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو دوو دەیەی ئەم ساڵانەی دواییانەدا ئەو کتێبانەی خوارەوە کە سەر بە مەلا نەسرەددینن لە کتێبخانەی میللیدا پێڕست و تۆمارکراون:



١- کوللیاتی مەلا نەسرەددین، وێنەدار، پڕ لە چیرۆکی شیرین و دلگر، ڕێکخستنی ئەحمەد سورخیان، تاران، ئیمروز ١٣٦٣ (١٩٨٤ ز) ٦٤ل.

٢- مەلا نەسرەددین، وێنەدار، پڕ لە چیرۆکی شیرین و دلگر، تاران، ئاترۆپات، ١٣٦٤ (١٩٥٨ ز).

٣- چیرۆکی شیرینی و خۆشی مەلا نەسرەددین، پڕ لە چیرۆکی شیرین و دلگر، قوم، عیلمی، ١٣٦٩ ١٩٩٠ ز).

٤- چیرۆکی شیرین و خۆشی مەلا نەسرەددین، پڕ لە چیرۆکی شیرین و دلگر، بە کۆششی، تاران، خۆشە ١٣٧١، (١٩٩٢ ز).

٥- مەلا نەسرەددین، جەلیلی محەمەد قولی زادە، بەه کۆششی موحسین قەشمی، سێهەمین جاری بڵاوکرانەوە، بە هاوکاری نەشری حیکایات، چاپی یەکەم تاران، ١٣٧٦ (١٩٩٧ ز) ٣٤٨ل.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەمەیە کە خەڵکی ئێران لە ڕێی پەیوەندییە بازرگانیەکانیانەوە دەگەڵ عوسمانیاندا بە قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددین (خواجە نەسرەددین) ئاشنابوون و وەرگێڕانی کتێبەکانی مەلا نەسرەددینیش وەك لە دەنگ و ڕەنگ و ئاوازەکەیەوە دیارە، سەرەتا لە دەقە تورکیە ئەستەمبوڵیەکانەوە، یا لە عەرەبییەوە کراون بە فارسی و ئەنجامدراون. بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵ و زەمانان، خەڵکی شتی دیکەشیان هاویشتوونە سەرێ و لێیان زیادکردوون وتەنانەت هەندێك لە قسەی خۆش و بە توێکڵی گەورەپیاوانی زانست و ئەدەبیشیان هەر وەپاڵ مەلا نەسرەددینییەوە داوە و بە ناوی وییەوە ڕۆیوە و بڵاوبۆتەوە. لەبەر ئەوەی کە کەسایەتی مەلا نەسرەددینی هێندە بڵاو و خۆشەویست بووە دە نێو خەڵکیدا کە بۆ گۆیندەی قسەیخۆش وا لە بارتر بووە کە هەرچی قسەیەکی هەیە وەپاڵ مەلا نەسرەددینی بدات تا بیسەرەکەی زیاتر و چاتر وەپێکەنین بێنێت.

پێك گرتنی قسەخۆشە هەمە چەشنەکانی مەلا نەسرەددین دەکتێبە جۆربەجۆرەکاندا کە تا ئێستا بەناوی ئەوەوە چاپکراون تەکەسێکی دیکەیە بۆ ئەو گۆتەیە کە خەڵکی بە بەردەوامی قسە خۆشەکانیان بە ناوی مەلا نەسرەددینییەوە دادەڕێژن و دەیانسازێنن و قسەخۆشە

گوازراوەکانی نێو ئەدەبیاتی کلاسیکیش بە ناوی ئەوەوە دەگێڕنەوە و سەرەنجام کۆکەرەوەی ئەو قسەخۆشانە دێنێ دەنووسێتەوە و تۆمار و بڵاویان دەکاتەوە و لەو ڕێگایەوە ژمارەی ئەو قسەخۆشانە بەناوی مەلا نەسرەددینییەوە زیاد دەکەن و زۆر دەبن. لە ڕواڵەتیشدا کەسانی خاوەن مجێز (زەوق) و بەسەلیقە بیانوویێکی چاکیان وەگیرکەوتووە بۆ گەیاندنی قسە نەستەق و پڕ پەند و ئامۆژگارییە خۆشەکانیان و یانوکتە شادی بە خشەکانیان بە خەڵکی.

نموونەی ئەو قسەخۆشانەی کە لەو ساڵانەی دواییەدا دروستکراون و هەر بە ناوی مەلا نەسرەددینیشەوە بڵاوبوونەتەوە، ئەو قسانەن کە هەر بە ڕەنگ و ڕوو بە ئاماژەیەك دەردەکەون کە بەرهەمی ژیانی تازەی سەردەمن و یا هەر نەبێ بە لانی کەمەوە ئی ڕۆژگار و سەردەمانێکن کە زۆر لە ئێمەوە دوورنین و هێندە یان نێوان نییە. لەم بارەیەوە هەر بە نیشانەی نموونەوە دەتوانین ئاماژە بەو چەند قسە خۆشانەی خوارەوە بکەین کە دە کتێبی بەسەرهاتەکانی مەلا نەسرەددیندا، بە ناو و نیشانی، کۆمەڵە چیرۆکە شیرینەکان، ئامادە و ڕێکخستنەوەی میهرداد میهرین، لاپەڕەی ٢٥ بە ناو و نیشانی (چاوێلکەکە بێنە) بە چاپ گەیشتووە، بکەین:

لە پڕ نیوە شەوێ مەلا لە خەوێ ڕاپەڕی و داوای لە فاتەی ژنی کرد چاوێلکەکەی داتێ، ژنەکەی پرسی: چاوێلکەت بۆ چییە؟ مەلا گووتی: خەونێکی خۆشم دەدیت، بەڵام هەندێ جێگای تاریك بوو، دەمەوێ چاوێلکەی دەچاوی کەم تا هەموو جێیەکانی بە ڕوونی ببینم.

نموونەیەکی دیکەی ئەو قسەخۆشانە، ئەوانەن کە بە ناو و نیشانی ((کاتژمێری مەلای)) کە دە کتێبی ((مەلا و کەرەکەی))دا هاتووە هەڵبژاردەی چاکترین قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینن، نووسینی پەیمان، کە تێیدا هاتووە:

مەلا کاتژمێرێکی هەبوو کە ساڵەهای ساڵ بوو دەکاردا بوو. ڕۆژێکی نووست و لە کار کەوت. مەلا سەعاتەی تاودایە و چووە لای سەعات سازی و لە پێشی دانا تا بۆی چاککاتەوە. سەعاتساز قەپاغی سەعاتەی لادا. لە پڕ مێشێکی لێ بەربۆوە کە دەوێدا مردبوو مەلا سەرێکی بادا و بەسەر سامییەوە گووتی:

- سەیرە... ئەوە مەکینەچییەکەی سەعاتە کە مردووە، بۆیە لە کارکەوتووە و ئیشێ ناکا.



سەرەڕای ئەمەش، ژمارەیەکی زۆری ئەو قسەخۆشانەی کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکمانەوە وەرگیراوە و دەناو خەڵکیدا بە ناوی مەلا نەسرەددینیەوە ڕەواجیان پەیداکردووە کەم نین.

ئەبو حەییانی تەوحیدی (عەلی کوڕی محەمەد کوڕی عەبباس ٤٠٤-٣١٠ ه.ق) ئەدیب و فەیلەسووفی سەدەی چوارەم کە (ئێرانییەکان بە ئێرانی و عەرەبەکان بە عەرەبی دادەنێن)) لە کتێبە دوو بەرگییەکەیدا بە ناوی (ئەلبەسائیر وەززە خائیر کە ناو و نیشانەکەی دیکەی (بەسائیرول قودەما و بە شائیرول حوکەما))یە و پڕە لە قسەیخۆش و چیرۆکی توانجاوی و قسەخۆشەکانی کە نووسیونی، هێندێکیان بە کەمێك گۆڕانکارییەوە، ئەوڕۆ لە سەردەمی ئێمەدا بە ناوی مەلا نەسرەددینییەوە ڕەواجیان پەیداکردۆتەوە.

قسەخۆشەکانی ناو ئەلبەسائیر وەززە خائیری ئەبوحەییانی تەوحیدی، ل ١٣٧ بەم جۆرەن:

ژنێك ویستی پارچە قوماشێکی بە قەرزی هەتا ڕەمەزانێ بکڕێ.

قوماشفرۆش گووتی: دەترسم بەڵێنەکەت نەبەیە سەرێ. ژنە گووتی: سوێند بەو مۆرەی بە زمانمەوەیە بێ بەڵێنیە ناکەم. قوماشفرۆش پرسی: کام مۆر؟ گووتی: مۆری قەرزی ڕۆژووی پار ڕەمەزانێ.

قوماشفرۆش گووتی: تۆ قەرزی خودای بە یازدە مانگان بدەیەوە، دەبێ پارەی من کەنگێ بدەیەوە؟.

ئەو قسەخۆشەیە، دە کتێبی مەلا نەسرەددینیدا بڵاوکراوەی پەییدە، ل ١١٥ بە ناوی (قەرزی نەدەی بەکەس) وە پاڵ مەلا نەسرەددینییەوە دراوە کە ئاوایە:

مەلا هێندێکی هەنار لە پشتی کەرێ نابوون بۆ فرۆشتنیان وەکۆڵانان کەوتبوو و هاواری دەکرد.

ژنێك دەرکی ماڵێی کردەوە و بانگی مەلای کرد هەناران بکڕێ. کە لە نرخەکەی پرسی مەلا نرخی هەنارەکانی لە نرخی ئەو ڕۆژەی هەناران زیاتر گووت.

ژنە بە ناڕەزاییەکەوە گووتی زۆر گرانە.

مەلا دەستی بە پێداهەڵدانی هەنارەکانی کرد کە دەیفرۆشتن.

ژنە گووتی: من پوڵی کاشم پێ نییە. ئەگەر بەقەرزیان دەدەیت تاجارێکی دی بێرەدا دێیەوە، ئەو دەمی پارەکەت دەدەمێ.

مەلا گووتی: قەیناکا یەك دوو دەنکانیشیان لێ باوێ زاریٍ، ئەگەر دڵت هێنای، ئەوە پارەکەی با بۆ جارێکی دی بێ.

ژنە گووتی: ئەوە دوو ساڵە قەرزی ڕۆژوێم لەسەرە و ئەو ڕۆم گرتۆتەوە، نایخۆم ڕۆژوەکەم دەشکێ.

مەلا گووتی: تۆ قەرزی خودای بە دوو ساڵان بدەیەوە، دیارە قەرزی بەندەی خودای لەوەی هەر زیاتر پێدەچێ، لەبەر ئەوە قەرزکردن دەگەڵە تۆدا حەرامە.

هەروەك تێبینی دەکرێ ئەم دوو قسەخۆشانە لە ڕاستیدا یەکن و بە دڵنیاییشەوە دەتوانرێ بگوترێ کە خەڵکی ئەمەیان لە ئەبو حەییانی تەوحیدییەوە وەرگرتووە و بە کەمێك گۆڕانکارییەوە وە پاڵ مەلا نەسرەددینیانەوە داوە. نێوانی هەزار ساڵەی ئەبو حەییانی تەوحیدی و مەلا نەسرەددینیش کە لەسەر هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی کۆمەڵناسی تورك کە مەلا لە سەدەی حەڤدەهەمی زاینی لە عوسمانی و لە شاری ئاق شەهردا ژیاوە، قابیلی قولبوونەوە و تێڕامانە و ئەو گۆتەیەش شل دەکاتەوە.

قسەیەکی خۆشی دیکەی ئەلبەسائیر و وەززەخائیر، کە لە ئەبوحەییانی تەوحیدییەوە هاتووە، ل ١٤٦، بەم جۆرەیە:

موزەببەد مەنجەڵێکی وەسەر ئاگری نابوو. سێ کەس لە ڕێوە لایاندا، یەکێکیان پشکە گۆشتێکی لە مەنجەڵەکەی دەرێنا و خواردی و گووتی: بێ خوێیە. ئەویدیش پشکێکی دەرێنا و گووتی: بیبەری کەمە. سێهەمیشیان پشکێکی دەرێنا و خواردی و گووتی: بێ تامە. موزەببەدیش دواپشکی بۆ خۆی دەرێنا و خواردی و گووتی: گۆشتیشی نییە.

ئەو قسەخۆشەش هەر بە کەمێك گۆڕانکاری و ترش و خۆی کردنەوە، وە پاڵ مەلا نەسرەددینەوە دراوە و لە (کۆمەڵەی چیرۆکەکانی مەلا نەسرەددین)دا، ل٤٦، بە ناونیشانی ((پێویستی مەنجەڵێ بە گۆشتی))دا هاتووە:



مەلا هێندێکی گۆشت هێنایەوە ماڵێ، چونکە ژنەکەی چوو بووە حەمامێ، هات بۆ خۆی سووری کردەوە. هەر دەو دەمەیدا چەند ئاوەڵێکی خۆی لێ وەژوورکەوتن، وەك دیتیان ئەوە مەلا لە مەتبەخێ سەرقاڵی کارێیە، لینگیان دایە مەتبەخێ. یەکێکیان دەستی برد هێندێك گۆشتی لە مەنجەڵەکەی دەرێنا و بەدەم خواردنێوە گووتی ((بێ خوێیە))، دووەمیان پشکە گۆشتێکی پچڕی و ئەویش بەدەم خواردنێوە گووتی ((ئەگەر سرکەت تێدەکرد هێندەی دیش بە تامتر دەبوو)). سێهەمیش هەر پشکە گۆشتێکی دەرێنا و بەدەم خواردنێوە گووتی ((ئەگەر ڕبە هەنارت تێدەسوی چاکتریش دەبوو)) دەو دەمیدا مەلا تاویدایە ئەوەندە گۆشتەی مابوو و گووتی (( مەنجەڵەکە پێویستی زیاتری بە گۆشتە نەك بە ئامۆژگارییەکانتان!))

ئەبو حەییانی تەوحیدی دە کتێبی ((ئەل ئیمتاع وەل موئانەسە))دا قسەیەکی دیکەی خۆشتری هەیە کە ئەویش هەر لەو کتێبەوە بۆ نموونە دێنینەوە کە لە لاپەڕە ١٦٣ دایە:

عوسمانی کوڕی ڕوواح دەگەڵ یەکێکی دیدا هاو سەفەر دەبن. ڕۆژێکی پێی دەڵێ تا بازاڕی بچۆ گۆشتی بکڕە و بیهێنەوە، عوسمان دەڵێ: ناتوانم. بۆ خۆی دەچێ گۆشتی دەکڕێ و دەیهێنێتەوە و بە عوسمانی دەڵێ: لێینێ، دەڵێ ناتوانم. گۆشتەکەی لێدەنێ و بە عوسمانی دەڵێ: دەوەرە تێیگوشە، دەڵێ ناتوانم. گۆشتاوەکەش تێدەگوشێ و ئەو جارە دەڵێ: دە هەستە وەرە بخۆ! عوسمان دەڵێ بە خودای هێندەم گوتووە ناتوانم ئەوە لە شەرمان تەریق دەبمەوە بۆ ئەمەیان بە چاوان.

هەر ئەو قسەخۆشەی سەرەوە دە (کۆمەڵە چیرۆکەکانی مەلا نەسرەددینی)دا. لاپەڕە ٢٢، بەم شێوەیە پێشاندراوە:

مەلا دەگەڵ یەکێك لە ئاوەڵەکانیدا لە شاری وەدەردەکەون بۆ گەڕانێ هێشتا نیو فەرسەخ نارۆن مەلا لە کەرەکەی دادەبەزێ و دەڵێ: ((ماندووم وا چاکە لەو دێیەی ئەو بەرێوە غەمێکی لە نانخواردنێ نیوە ڕۆیە بخۆین)) ئاوەڵی مەلای گووتی: ((کەواتە تۆ بچۆ گۆشتی بێنە با منیش لێینێم.)) مەلا گووتی: ((من ماندووم. بۆ خۆت ئەو زەحمەتەی بکێشە.)) ئاوەڵی مەلای چووە دێیەکەی ئەو بەرێ، گۆشتی کڕی و هاتەوە، دیتی مەلا نووستووە، هەڵیستاند و گووتی: ئەوە من گۆشتەکەم کڕی دە هەستە تۆش ئاوری بکەوە و ببرژێنە.)) مەلا گووتی: ((من ماندووم، ناشزانم ببرژێنم. ئاوەڵی مەلای گۆشتەکەی برژاند و بە مەلای گوت: ((دە هەر نەبێ تا سەر کانییە بچۆ و ئاوێکی بێنە.)) مەلا گووتی: ((من هەندێ دەڵێم ماندووم تۆ باوەڕ ناکەی، دە

ئەوەندە زەحمەتەش هەر بۆ خۆت بکێشە.)) ئاوەڵەکەی چوو ئاوەکەشی هێنا، ئەوجا بانگی مەلای کرد و گووتی: ((دەوەرە نانی بخۆ.))

مەلا گووتی: ((هێندەم تەکلیفان لەبەر ماندوویەتییە شکاندی، تەریق دەبمەوە ئەو تەکلیفەش هەر بشکێنم.))

ئیدی هەستا و بە تەواوی ئارەزووەوە وەرگەڕایە خواردنێ.

ئەبو حەییانی تەوحیدی زۆر قسەی خۆشی وە پاڵ کەسێکی قۆشمە و قسەخۆش بە ناوی جوحاوە داوە. عەتتار و مەولەویش ئاماژەیان بە (جوحا) هەرداوە. چیرۆکی ژنێ جوحا و مەکر و فێڵی وی و دەسندوق نانێ قازیش دە شەشەمین دەفتەری مەسنەویدا هاتووە.

عوبێد زاکانی، شاعیر و نووسەری تەنزپەروەری سەدەی هەشتەمی کۆچی مانگی، دە نامەی دڵگۆشایەکەیدا، کە نیوەی بە عەرەبی و نیوەی بە فارسییە، هەندێ قسەی خۆشی هێناون کە بەشێکی بەرچاویان تا ئێستاش هەر بە ناوی مەلا نەسرەددینەوە دەما و دەم بەسەر زاری خەڵکییەوەن و دە کتێباندا چاپ دەکرێن، عوبێد لە نامەی دڵگۆشایەکەیدا زۆر قسەی خۆشی هەن کە جاری وایە وە پاڵ قەزوینی، و ئەردەبیلی، و ڕازی، و گەیلانی، و خوڕاسانی، و تورکمانییان دەدات و جاری واشە وە پاڵ تەڵحەك، و ئەبو نەواس و جوحایان دەدات. لە بەشە عەرەبییەکەی ئەم نامەیەدا، لە ژێر ناو و نیشانی (لقی چیرۆکە عەرەبییەکان)دا زۆر قسەی خۆشی وەك ئەم شێوەیە هەن:

خرج جحامرة الی الکناسة یشتری حماراً فاستقبله رجل. قال له: الی أین؟ قال الی الکناسة لآشتري حماراً. قال إنشاالله. قال لیس هذا موضع إنشاالله.

الحمار في السوق و الدرهم فی کمي، فلما دخل السوق ضربت علیه الطرار و سرق منه الدراهم. فلما رجع استقبله الرجل فقال من این:؟ قال من السوق إنشاالله. سرقت دراهمی إنشاالله. و لم أشتر الحمار إنشاالله و أنا رجعت. خائبا خاسرا الی البیت أنشاالله.

وەرگێڕانی ئەم قسەخۆشەی سەرەوەش کوردییەکەی بەم جۆرەیە:



ڕۆژێکی جوحا چووە بازاڕی کەرێ بکڕێ، پیاوێکی بە پیرەوە هات و پێی گوت: ئەوە بۆ کوێ؟ جوحا گووتی بۆ بازاڕی، دەچم کەرێ دەکرم، گوتی: بلێ ئیشاڵڵا. جوحا گووتی: ئیشاڵڵای ناوێ. کەر لە بازاڕی و پارە لە گیرفانێ ئیشاڵڵای بۆ چییە.

کە گەییە بازاڕی، دەستی برد بۆ گیرفانی زانی کە دز گرفانیان بڕیوە پارەکەی لێ دزراوە. کە گەڕایەوە هەمدیس کابرای بەپیرەوە چووەوە و پێی گوتەوە: ئەوە لە کوێوە؟ گووتی لە بازاڕەوە ئیشاڵڵا، پارەکەم دزرا ئیشاڵڵا و کەریشم نەکڕی ئیشاڵڵا و ئەوە سەرگەردان و ماڵوێران بە دەستی بە تاڵەوە دەچمەوە ماڵێ ئیشاڵڵا.

لێرەوە بۆ خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە تێوەگلانێ و بیر و بەوێدا کەوتنێ قسانەوە لە هێنانەوە و پێشاندانێ چیرۆکی جۆراوجۆر کە دە زۆر کتێباندا بە ناوی مەلا نەسرەددینەوە بە چاپ گەیشتوون خۆ لا دەدەین؛ دیسانەوەش هەر ئەم قسە خۆشەش لە ناواخنی ئەم کتێبەی بەر دەستدا هەیە کە وە پاڵ مەلا نەسرەددینییەوە دراوە و ناوبانگی تەواویشی هەیە.

خەڵکی ئێرانێ هێشتاش بەلانی کەمەوە سی و هەشت قسەی خۆش لەو قسانەی کە دە نامەی دڵگوشاوە وە پاڵ مەلا نەسرەددینییەوە دراون هەر بەئی مەلای دەزانن و زۆر لە کۆکەرەوانی قسە خۆشەکانی فارسی زمانیش ئەوانەیان هەر بە ناوی مەلا نەسرەددینییەوە بە چاپ گەیاندووە.

عوبێد زاکانی ئەو سی و هەشت قسە خۆشانەی یا وە پاڵ کەسانێکی ڕاستەقینە یا وە پاڵ کەسانێکی خەیاڵییەوە داونەوە، وەك جوحا، سوڵتان مەحموود، مەولانا قوتبەددین، حاکمی نەیشابوور، تەڵحەك، موزەببەد، و خواجە شەمسەددینی، یا وەك قەزوینی، ئەردەبیلی، بوخاری، خوڕاسانی، دەورێشی، زەریفی، واعیزی، و ڕەنجوری.

ئەگەر چی لەوانەیە هێنانەوەی هەموو ئەو قسە خۆشانە قسان درێژکاتەوە، بەڵام بۆ نیشاندانی خۆشترین قسەکانی مەلا نەسرەددینی دەبنە شوێن پێ و زۆریش سوودمەندن، لەم ڕووە وە ئەم جۆرە قسەخۆشانە یەك بە دوای یەکدا و بە ژمارەی لاپەڕەکانی ناو کوللیاتی عوبێد زاکانی و بەشە فارسییەکەی نامەی دڵگوشاوە هەمووی پێشان دەدرێ، بۆ پێشگرتنیش لە درێژدادڕییە، خۆ لە هێنانەوەی ئەو نموونانە دەپارێزین کە لەو کتێبانەی سەر بە مەلا نەسرەددینیدان:

یەکێك بە موعەببەری گوت دە خەوێمدا خەریك بووم "بوورانی"م لە قشپلی وشترێ دروستدەکرد، دەبێ لێکدانەوەی ئەوە چی بێت، موعەببەری گووتی دوو دیناران دانێ تا بۆت لێکدەمەوە، گووتی جا ئەگەر دوو دینارم هەبان، دەمدا بە باینجان و بورانیم لێ دروستدەکرد، چ کارم بە قشپلی وشترێ دەبوو بۆرانی پێ دروستکەم.

کوللیاتی عوبێد زاکانی، رسالەیی دلگشا. ل -ص- ٢٨٤

جوحا مەڕی خەڵکی دەدزی و دەیکردە خێر و سەدەقە و گۆشتەکەی دەبەشییەوە، لێیان پرسی باشە ئەوە مانای چی. گووتی ئەوە خێرەکە وەبەر گوناهی دزییەکەی دەکەوێت، دەوبەینەشدا دونگ و چەورییەکەی دەمێنێتەوە.

ل -ص- ٢٨٦

جوحا بە منداڵی شاگردی خەیاتێکی دەبێ. ڕۆژێکی وەستایەکەی قاپێك هەنگوین دێنێتەوە دوکانێ. دەیەوێ بە دوای کارێکیدا بڕوا. بە جوحای دەڵێ ئەو قاپە هەمووی ژەهری تێدایە، کوڕە نەکەی دەستی بۆ بەری هەر بگاتە سەر زارت نەماوی. گووتی جا من هەقم چییە بەسەرییەوە، هەر کە وەستا ڕۆیی جوحا چوو پارچە قوماشێکی فرۆشت و چوو دای بە نان و هاتەوە، هەموو هەنگوینەکەی بە نانی خوارد. کە وەستا هاتەوە سۆراغی پارچە قوماشەکەی کرد، جوحا گووتی لێم مەدە ڕاستییە دەڵێم، لێرە تاوێك بۆرژابووم دز هاتبوو پارچە قوماشەکەی دزیبوو، ئەمنیش ترسام تۆ بێیەوە و لێمدەی، گوتم وا چاکە تا تۆ دێیتەوە من مردبم. ئەو ژەهرەی دەقاپەکەیدا بوو هەمووم خوارد، و کەچی هەر نەشمردم و هەروا زیندووشم، ئیدی کەیفی خۆتە.

ل -ص- ٢٨٧

قەزوینی بە خۆو بە قەلغانێکی گەورە دەچێتە شەڕی کافران، لە قەڵاتێوە بەردێکی دەسەری دەگرن و سەری دەشکێنن. تووڕە دەبێت و دەڵێ ئەی پیاویلکە دەڵێی کوێری قەلغانی بەو هەموو گەورەییەوە نابینی و بەردیش دەسەری من دەگری.

قەزوینی کوڕەکەی دەبیرێ دەکەوێ، دەچێتە سەر بیرێ و دەڵێ گیانی بابەی هەر لەوێ بە نەبزووی، نەچییە چ جێیان تا دەچم گوریسێکی دێنم و هەڵتدەکێشمەوە.



ل -ص- ٢٨٩

بانگدەرێك بانگی دەدا و ڕایدەکرد. پرسیان: ئەرێ ئەوە بۆ بەڕاکرد نێوە بانگ دەدەی؟ گووتی دەڵێن دەنگی تۆ لە دوورەوە خۆشە. بۆیە ڕادەکەم تا لە دوورەوەم گوێ لە دەنگی خۆم بێت.

ل -ص- ٢٨٩

دەرگای ماڵی جوحا دەدزن ئەویش دەچێ دەرگای مزگەوتێ دەردێنی و دەیهێنێتەوە ماڵێ پێی دەڵێن ئەوە بۆ دەرگای مزگەوتێت دەرێناوە؟ دەڵێ دەرگای ماڵەکەمیان دزیوە و خوداش دزەکەی دەناسێ، با ئەو دزەکەم پێشاندا و دەرگای خۆی وەرگرێتەوە.

ل -ص- ٢٩٠

سوڵتان مەحموود پیرێکی لاوازی دیت کۆڵە درك و داڵێك بە پشتێوە. زۆری بەزەیی پێداهاتەوە، گووتی ئەی پیر دوو سێ لیرەی زێڕت دەوێ یا گوێدرێژێك یا دوو سێ سەر مەڕ یا باغێکت دەمێ تا بحەسێیەوە و لە کۆڵ ئەو زەحمەتەی ببیتەوە؟

پیر گووتی زێڕەکەم دەیە تا دەبەرکێی نێم کەرێکیش تا سواری بم و مەڕەکانی پێ وە پێش خۆم دەم و بیانبەمە باغی و تا ماوەیشم هەر داوای خێر و بەردەوامیەش بۆ دەوڵەتی تۆ بکەم. سوڵتان زۆری پێخۆش بوو و چۆنی گوتبوو وایان کرد.

ل -ص- ٢٩٠

ئەردەبیلی بە پزیشکی گوت. زۆر نەساغم، تەگبیرم چییە؟ پزیشك مەچەکی گرت و نەبزی پێوا و گووتی چارەت هەر ئەوەیە هەموو ڕۆژێ مریشکێکی قەڵەو دەگەڵ گۆشتی بەرخێکی ناسك لێکدەی و سووریکەیەوە و بە زەعفەران و هەنگوینەوەی تێر لێ بخۆی و دووبارە بیهێنییەوە (بڕشێیەوە). گووتی گەورەم! بە ڕاستی پیاوێکی ئاقڵی.

ل -ص- ٢٩١

یەکێك بە ئاوەڵەکەی گوت چاوم زۆر دێشێ، چی بکەم؟ گووتی من پار ئاوا ددانم دێشا دەرمهێنا.

ل —ص- ٢٩٢

بوخاری ژنێکی خواست. هەر دوای سێ مانگان کوڕێکی بوو، لە بابیان پرسی ناوی بنێین چی؟ گووتی لە بەروەی ڕێی نۆ مانگانی بە سێ مانگ بڕیوە ناوی لێنێین سەر قافلە باشی.

ل —ص- ٢٩٥

سوڵتان مەحموود زۆر برسیبوو، باینجانی سوورەوەکراویان بۆ هێنا. زۆری پێخۆش بوو. گووتی باینجان خواردنێکی خۆشە. یەك لە هاودەمەکانی کەوتە ستایشی باینجانێ و زۆری پێهەڵا گوت.

کە (سوڵتان مەحموود) تێری خوارد گووتی بە ڕاستی باینجان شتێکی ناخۆش و زیانبەخشە. ئەمجارەیان هاودەمەکەی بایدایەوە و کەوتە گلەیی و گازاندان لە ناخۆشی و زیانی باینجانێ و زۆری کوتا. سوڵتان گووتی ئەرێ کابرا خۆ تازە پێتهەڵا دەگوت؟

گووتی: من هاودەمی تۆم نە هی باینجان. من دەبێ شتێکی بڵێم تۆ پێت خۆش بێت نەك باینجان.

ل —ص- ٢٩٥

یەکێك لە یەکێکی دیکەی پرسی کە قەلیە بە قافە یا بە غەین؟ گووتی قەلیە نە بە قافە و نە بە غەین؛ قەلییە بە گۆشتە.

ل —ص- ٢٩٦

قەزوینی کەرەکەی ونکردبوو و بە شاریدا دەسوڕایەوە و شوکری خوداشی دەکرد. گوتیان ئەوە ئەو شوکرانە بژێریەت لە چییە؟ گووتی لە چاکەی ئەوەی کە بۆ خۆم بەسەر پشتی کەرەکەوە نەبووم دەنا ئەورۆ چوار ڕۆژی تەواو بوو ون ببووم.

ل -ص- ٢٩٨

جوحا چووە دێیەکی زۆری برسیبوو، گوێی لە دەنگی شیوەن و گریانی مردووێکی بوو، ڕاست چووە ژووریێ. گووتی مەگرین، جارێ برسیمە، با نانی بخۆم مردووەکەتان بۆ زیندوو دەکەمەوە.



کەسوکاری مردووەکە نانێکی چاکیان بۆ دانا. هەر کە تێری خوارد گووتی بمبەنە سەر مردووەکە، بردیان سەیرێکی مردووەکەی کرد، گووتی ئەوە چ کارە بوو؟ گوتیان: جۆڵا.

قامکێکی بۆ زاری خۆی برد و گووتی ئای، هەی، حەیف و مەخابن! هەر کەسێکی دی بایە هەر ئێستا زیندووم دەکردەوە، بەڵام جۆڵای بەستەزمان کە مرد یەکجاری دەمرێ و زیندوو نابێتەوە.

ل —ص- ٢٩٩

خوراسانی بە قاڵدرمەوە چووە نێو باغی یەکێکی دییەوە بۆ میوە دزێنی. باغەوانە گەیشتە باغی و گووتی ئەوە چ دەکەی دە باغی مندا؟ گووتی قاڵدرمەی دەفرۆشم. گووتی جا قاڵدرمەی دە باغی مندا دەفرۆشی؟ گووتی قاڵدرمە قاڵدرمەی خۆمە لە هەر کوێیەکم حەز لێبێ لەوێی دەفرۆشم.

ل -ص-٣٠٤

مەولانا قوتبەددین چووە سەردانی گەورە پیاوێکی نەخۆش. پرسی ئەوە چ خێرتە؟ گووتی (تا)م لێیە و ملیشم دێشێ، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەوە یەك دوو ڕۆژە تایەکەم شکاوە. بەڵام ملم هەر دێشێ.

(مەولانا قوتبەددینیش) گووتی غەمێ مەخۆ ئیشاڵڵا لەو یەك دوو ڕۆژانەشدا ملەکەشت دەشکێ.

ل —ص- ٣٠٥

یەکێك بە ئاوەڵەکەی خۆی گوت پەنجا ڕبەم گەنم هەبوو تا وەئاگاهاتمەوە مشکان هەموویان خواردبوو. ئەویدی گووتی ئەمنیش پەنجا ڕبە گەنمم هەبوو؛ تا مشکان وە ئاگاهاتنەوە من هەموویم خواردبوو.

ل —ص- ٣٠٦

یەکێك چووە ناو باغەکەی خۆیەوە. دزێکی دیت فەردە پیازێکی داگرتووە. گووتی ئەوە چ دەکەی دەو باغەیدا؟ گووتی هەروا بە ڕێیەدا دەهاتم (با) هەڵیگرتم و فڕێیدامە نێو باغییەوە.

گووتی ئەدی ئەو پیازانەت بۆ هەڵکەندوونەوە؟ گووتی (با) بێرە و بەوێیدا دەدام و ئەمنیش دەستم لە بنکە پیازان گیر دەکرد و ئەوانیش بە دەستمەوە دەهاتن. گووتی ئەدی موسوڵمانی خوای کێ خڕی کردوونەوە و دەفەردەی کردوون؟

گووتی وەڵڵاهی ئەمنیش پێش پێی تۆ هەر بیرم لەوەی دەکردەوە، تۆش هاتی.

ل —ص- ٣٠٧

قەزوینی ئەنگوستیلەی لە ماڵێ لێ ون ببوو لە کۆڵانی دەگەڕا دەیگوت ماڵێ تاریکە.

ل —ص- ٣٠٧

حاکمی نەیشابوورێ بە شەمسەددینی پزیشکی گوت. من خواردنم پێ هەرس ناکرێ، تەگبیر چییە؟ گووتی ئی هەرس کراو بخۆ.

ل ـ ص ـ ٣٠٨

قەزوینی ددانی دێشا، چووە لای ددانکێشی. (ددانکێش) گووتی دوو دیناران دانێ ددانەکەت بۆ دەکێشم. گووتی لە دینارێکی زیاتر نادەم، بەڵام تادەهات نارەحەتر دەبوو، ناچار دوو دینارەکەیدا و سەری بردە پێشێ و ددانێکی ساغی پێشاندا. ددانکێش ئەویانی دەرێنا. قەزوینی گووتی بە هەڵەچووم. ئەو جارەیان ددانە ئێشاوەکەی پێشاندا. ددانکێش ئەویشی دەرێنا. قەزوینی گووتی دەتویست قسەکەم لە بەردی دەی و دوو دینارانم لێ بستێنی؟ من لە تۆ وریاترم، چۆنم گرتی و وامکرد کە هەر ددانەم بکەوتە دینارێکی.

ل —ص- ٣٠٩

قەزوینی چلەی هاوێنێ لە بەغدایەرا دەهاتەوە. گوتیان لەوێ چتدەکرد؟ گووتی ئارەقە.

ل —ص- ٣١٣

دەروێشێك بە کەڵاشەوە نوێژی دادەبەست. دزێك چاوی بڕیبووە کەلاشەکەی و گووتی نوێژ بە کەڵاشەوە نابێ، دەروێش هەستیکرد و گووتی خۆ ئەگەر نوێژەکەش نەبێ کەڵاشەکە دەبێ.



ل —ص- ٣١٣

پیاوێکی قۆشمە مریشکێکی سوورەوەکراوی لەسەر سفرەی ڕژدێکی قرچۆك دیت کە سێ ڕۆژی یەك بە دوای یەکدا بوو نەیدەخوارد. گووتی تەمەنی ئەم مریشکە سوورەوەکراوە بە مردوویی درێژترە وەك لە تەمەنی پێش مردنێی.

ل —ص- ٣١٤

ئێستری تەڵحەکیان دزیبوو. یەکێك گووتی گوناهی خۆتە کە چاکت ئاگا لێ نەبووە و کەمتەرخەمیت کردووە، یەکیدی گووتی گوناهی مەیتەرە کە دەرکێ تەویلەی دانەخستۆتەوە، تەڵحەك گووتی جا وەك ئێوە دەڵێن دزەکە هیچ گوناهێکی نییە.

ل —ص- ٣١٦

خوراسانی ئەسپێکی لەڕ و لاوازی هەبوو. گوتیان ئەوە بۆ جۆی نادەیەی؟ گووتی ئەوە هەموو شەوێ دە قسناغ جۆ دەخوا، گوتیان ئەدی بۆوا لەڕ و لاوازە؟ گووتی ئاخر ئەوە مانگێکە جۆیەکەی لای من قەرزە.

ل —ص- ٣١٦

کاتێك موزەببەد سەگ گەستی پێیان گوت ئەگەر دەتەوێ ئازاری گەستنەکەی بشکێ بڕۆ سەگەکە بخورێنە. گووتی ئەوجا هیچ سەگێك دە دنیایەدا نامێنێت نەیەت و نەمگەزێ.

ل -ص- ٣١٨

یەکێك تیرێکی هاویشتە باڵندەیەکی و وێی نەکەوت. برادەرەکەی گووتی هەی ئافەرین، دەستخۆش. تیرهاوێژ تێکچوو و گووتی دیارە گاڵتەم پێدەکەی و پێم پێدەکەنی؟ گووتی نا. من ئافەرینەکەم دەگەڵ باڵندەکەی بوو کە وێی نەکەوت.

ل -ص- ٣١٩

جوحا ساڵێکی گرانیە بە برسییەتی چووە دێیەکی و بیستی کۆیخا دێ یەکجار نەخۆشە و ئەوە بە ڕوحێوەیە؛ چووە ماڵی کوێخای و گووتی من پزیشکم، هەر یەکسەر بردیانە لای نەخۆشەکە.

به ڕێکەوت ئەو ماڵە نانیان دەکرد. گووتی چارەی ئەو نەخۆشە ئەوەیە، هۆقەیەك ڕۆن و هۆقەیەك هەنگوین بێنن؛ هێنایان. ڕۆن و هەنگوینەکەی تێکەڵکردن و چەند نانێکی گەرمیشی تێگوشین. یەك بە دوای یەکدا پارووی دەکردن و لەسەر سەری نەخۆشەکەی دەگێڕا و ئەوجا دەزاری خۆی دەناو دەیخوارد تا تێر بوو.

گووتی چارەسەریە ئەوڕۆی بەسە تا سبەینێ. بەڵام هەر کە لە ماڵێ کوێخای هاتە دەرێ دەستبەجێ کوێخا مرد. بانگیان کردەوە و پێیان گووت ئەوە چ چارەسەریەك بوو کردت؟ گووتی پێی ناوێ، کەس قسان نەکا، ئەگەر شەوێ من ئەو نانەم نەخواردبایە ئێستا لە پێش ویدا دەمردم لە برسان.

ل —ص- ٣٢٢

پیاو چاکێك لەسەر مینبەرێوە قسەی دەکرد. یەکێکیش لەوێ بە کوڵ دەگریا. پیاو چاك گووتی ئەی خەڵکینە! ڕاستگۆییە لەو پیاوەیرا فێربن کە ئاوا بە سۆز و وابەکوڵ و دڵ دەگری. پیاوەکە هەستا و گووتی مەولانا، من نازانم تۆ دەڵێی چی، بەڵام من نێرییەکی سوورم هەبوو، ڕیشتی هەر بە ڕیشی تۆ دەچوو؛ لەو یەك دوو ڕۆژانەدا مردار بۆوە، هەر کە تۆ ڕیشت دەجووڵێنییەوە من نێرییەکەمم وە بیر دێتەوە و کوڵی گریانێم هەڵدەستێ.

ل —ص- ٣٢٦

یەکێك بە تەڵحەك دەڵێ قوڵینگی چۆن دەکەنە کەباب؟ ئەویش دەڵێ دە تۆ جارێ بیگرە.

یەکێك ئەسپی لە ئاوەڵەکەی خواستەوە، ئاوەڵەکەی گووتی"ئەسپەکەم هەیە، بەڵام ڕەشە، گووتی: جا بۆ ئەسپی ڕەش بۆ سوارییە نابێ؟ گووتی: ئەدی ناندەمێ یانی چی.

ل —ص- ٣٢٦

تەرمێکیان بە ڕێیەدا دەبرد. دەروێشێك و کوڕەکەی لەسەر ڕێیەکە ڕاوەستابوون. کوڕە لە بابەکەی پرسی، بابە ئەو دارەبازە چی تێدایە؟ گووتی مردووێك. گووتی بۆ کوێی دەبەن، گووتی دەیبەنە جێیەکی نە خواردنی لێیە و نە جل، نە نان و نە ئاو، نە ئاگر و نە دار، نە زێڕ و نە زیو، نە بەڕە و حەسیر، منداڵەکە گووتی: کەواتە دەیبەنە ماڵێ مە؟



ل —ص- ٣٢٦

یەکێك لە مەولانا عەزدەددینی پرسی: بە فری سوڵتانە ساردترە یا بە فری ئەبهەر. گووتی پرسیارەکەی تۆ لە هەر دووکیان ساردترە.

ل —ص- ٣٢٩

قەزوینی چووە لای پزیشك و گووتی مووی ڕیشم دێشێ. لێی پرسی: چیت خواردووە؟ گووتی نان و سەهۆڵ گووتی کەواتە برۆ بمرە بۆ خۆت نە دەردت بە دەردی ئادەمیان دەچێ و نە خواردنت.

ل —ص- ٣٢٩

داوای سرکەی حەوت ساڵەیان لە ڕەنجوری کرد. ئەویش بە ئاوەڵێکی خۆی گوت. ئاوەڵەکەی گووتی هەمە، بەڵام ناتدەمێ. گووتی بۆ؟ گووتی هەرچی هات و من سرکەی دەمێ ئەوە هەر لە یەکەمین ساڵییەوە تەواو دەبوو و نەدەگەییە حەوت ساڵانە.

ل —ص- ٣٣١

دەروێشێك چووە دێیەکی دیتی ئەوە کۆمەڵە کوێخایەك دانیشتوون. گووتی شتێکم دەنێ دەنا بەو خودایەی ئەوەی بەو دێیەی ئەو بەرێم کردووە بێرەشی دەکەم. هەموویان ترسان گوتیان نەکا سیحربازێك یا وەلییەك بێت و دەستێکی لە دێیەکەمان بووەشێنێ و کەتنێکمان پێبکا.

هەرچی ویستی دایانێ. ئەوجا لێیان پرسی چت لەو دێیەی ئەو بەرێ کردووە؟ گووتی لەو بەرێم سواڵکرد هیچیان نەدامێ. هاتمە ئێرە ئەگەر ئێوەش هیچتان نە دابامایە لێرەش دەرۆیشتم و دەچوومە دێیەکی دیکە.

ل —ص- ٣٣٥

لێرەدا دەبێ بڵێین عوبێد زاکانی زۆربەی ئەو سی و هەشت قسەخۆشانەی لە زمانی عەرەبییەوە و لەو قسەخۆشانەی عەرەب وە پاڵ کەسێکی وەك جوحایان داوە، وەرگرتووە؛ کە لەمە بە دواوە لە لاپەڕەکانی دواییدا بە ناو و نیشانی مەلا نەسرەددین و جوحاوە بە کورتی دێنەوە بەرباس.

کتێبی ((موتاییباتی جەنابی مەلا نەسرەددین)) کە لاپەڕەی یەکەمی لەم کتێبەدا خراوەتە بەرچاو زۆر بە وردەکارییەوە، بە یەکەمین کتێبی مەلا نەسرەددینمان ناسی دە زمانی فارسیدا کە بە چاپ گەیوە، کە لە زمانی عەرەبییەوە کراوە بە فارسی و پێشەکی وەرگێڕەکەشی ئاوادەست پێدەکا:

دوای ئەوەی کە قۆڵم لە کراسی دەرێنابوو و تەواو بێزار ببووم، هەمیشە هەر بە دوایدا وێل و سەرگەردان و وەیلان بووم دانەیەکی کتێبی نوکتە و قسەخۆشەکانی دوجەین کوڕی سابیت ئەل عیزی -دجین بن ثابت العزی- بوو کە بو جوحا بە ناوبانگە و بە عەرەبی کۆکراونەتەوە، خواو ڕاستان کردی دەستگیر بوو و وە مست کەوت. دوای خوێندنەوە و تاووتوکردنی دەرکەوت کە خاوەنی تەواوەتی ئەو قسانە هەر هەمان مەلا نەسرەددینەکەی لە مەڕ خۆمانە کە ناو و ناوبانگی لەناو گەورە و بچووکی خەڵکیدا تەخشان و پەخشان و بڵاوە. جا بۆ مێشك زاخاودانەوە و فێنکایەتیە دڵە پڕ غەمەکان برپاری بەندەی بچووکتان هاتە سەر ئەوەی کە ئەو دانە دەقەی لە بەردەستە لە عەرەبییەوە وەرگێڕمە سەر زمانی فارسی، جا بە دڵ و مێشکێکی غەمینەوە، بۆ ڕەواندنەوەی غەم و لابردنی ئێش و ئازاران و دڵخۆشکەرییە هەموو لایەکی کە هەر بە خواش دەکرێ ئێشاڵڵا، ئەو ئەرکەم بە جێهێنا.

**موتاییات جناب ملا نصرالدین، ص ٢**

ئەوەش کە وەرگێڕی ((موتاییباتی جەنابی مەلا نەسرەددین))، قسە خۆشەکانی جوحای وە پاڵ مەلا نەسرەددینییەوە دەدا هەڵوێستەیەك و تێڕامانێکی دەوێ؛ چونکە چاو پۆشین لە دوو دڵی و گومان و دڵەڕاوکەی مێژوو نووسان دەربارەی هەبوونی کەسایەتیە ئەو دوو قسەخۆشە پڕ دەنگ و ڕەنگە بە ناوبانگانە کە بیروڕایان لە بارەوە دەردەبڕن، ئەویش لە زووترییە هەزار ساڵەی ناوبانگی جوحای پێش مەلا نەسرەددینی، جێی هیچ گومانێك نییە.

ڕوونکردنەوەی وە لیوڵڵای دروودیان دەربارەی مەلا نەسرەددینی ڕەنگە گرێی ئەو گرێ کوێرەیە بکاتەوە و هۆیەکانی داوەرییە وەرگێڕی (موتاییباتی جەنابی مەلا نەسرەددینی) ڕوونکاتەوە:

لە سەدەکانی ناوەڕاستیێ، لە نێو تورکانی عوسمانیدا، کەسایەتییەك بە ناوی خواجە نەسرەددینەوە ناوبانگی پەیداکرد کە لە مەرز و بووم و وڵاتی وانداجێی جوحای گرتەوە. لە



دەوروبەری ساڵەکانی ١٨٨٠ز دا بۆ یەکەمجار کۆمەڵە نوکتەکانی جوحا بە ناوی ((نوکتەکانی خواجە نەسرەددینی ناسراو بە جوحای ڕۆمی لە میسرێ بە چاپ گەیشت)).

بەم جۆرە لە سەدەی نۆزەهەمدا میسرییەکان لە جوحا و مەلا نەسرەددینی کەسایەتییەکیان دروستکرد و هەردووکیانیان بە یەکێك دەچواندن و کردیاننە کەسایەتییەك. بە قسە و بۆچوونی ((ڕەنە باسە R-Basset)) لێکۆڵەرەوەی فەرانسەوی، لەوانەیە هۆی ئەم کارە ئەو بوو بێ کە یەکەمجار ((نوکتەکانی جوحا)) لە دەوروبەری سەدەی نۆهەم یا دەهەمی کۆچی لە عەرەبییەوە کرا بە تورکی و تورکەکان دەسکاری دەقەکەیان کردبێ و شتیان لێ زیادکردبێ و دوایەش هەر ئەو دەقە لە تورکییەوە کرابێتەوە عەرەبی.

بە بڕوای ((کریستن سن)) قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەدینی کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ بوون کە لە پاشاندا نوکتەکانی جوحای دەماو دەم پێوە لکاوە و لێی زیاد بووە. دەشتوانین بۆ ئەوەش بچین کە نوکتەکانی جوحای لە ڕێی ئێرانیانەوە گەیبێتە تورکەکان و تێکەڵی چیرۆکەکانی مەلا نەسرەددینی بوو بن، بەهەر حاڵ دەبێ مەلا نەسرەددینی بە قارەمان و پاڵەوانی فەرهەنگی خەڵکی دانێین و بەئی ئەوانی بژمێرین.

دانیشنامەی ئەدەبی فارسی، ل ٨٣٦

**مەلا نەسرەددین و جوحا:**

دە ئەدەبیاتی میللی و خەڵکی ڕەشۆکی عەرەبدا قسەخۆش و نوکتەبازێك بە ناوی جوحاوە بووە. بۆ سەلماندنی ئەوەش کە جوحا کەسایەتییەکی ڕاستەقینە و مێژوویی بووە کارێکی ئەستەم و سەخت و موشکیلە. جوحا دە ((دائیرەتول مەعاریف- ئینسیکلۆپیدیا))دا ئاوا هاتووە:

جوحا ناوبانگی پیاوێکی سادە و ساکار و گێلە کە چیرۆك و نوکتەیەکی زۆری دە کتێبە ئەدەبییەکانی وەك (مەسەلی مەسنەوی مەولەوی، دانانی عوبێد زاکانی و زۆرانی دیکە)دا، وە پاڵ دراوە، دەڵێن ئەو کەسە (دوجەین کوڕی سابیت-دجین ابن ثابت) ناوە نازناویشی (ئەبول غوسن) بووە، لەشاری کوفە دا ژیاوە. مێژووی لە دایکبوون و مردنی دیار نیە و دەڵێن لە سەردەمی ڕۆیشتنی ئەبو موسلیمی خوراسانیدا(١٢٧ـ١٠٠) کۆچی مانگیدا لە ژیاندا ماوە. بۆ نموونەی چیرۆکەکانی دەتوانین بگەڕێینەوە سەر (مجمع ألامثال میدانی) وەك تێبینیش دەکرێ

گەران بە دوای جوحادا لەسەرو سۆراغی مەلا نەسرەددینی کەمتر نیە و ڕستەکانی کە دەڵێن "گو تووپانە ئەو ـ ناوی دوجەین کۆری سابیت- دجین ابن ثابث" بووە ((گوتوویانە لە سەردەمی ڕۆیشتنی ئەبو موسلیمی خوراسانیدا هەر ماوە و دەژیاندا بووە)) بوونی مێژوویی وی ناسەلمێنێ و بەڵکە دەشبێتە پاڵپشتی ئەوەی کە جوحا بیانوویێك بووە بۆ عارەبان کە لەو ڕێیەوە بکەونە نوکتەسازی و ڕەخنە پەردازییە کۆمەڵگاکەیان. بەڵام ئەو شتەی کە هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە قسەخۆشەکانی جوحای چ لەناو تورکان و چ لە ناو ئێرانیان و خەڵکی ئاسیای ناوین بە خشکەیی بە ناوی مەلا نەسرەددینەوە بازاڕیان گەرم بووە.

دکتۆر عەلی ئەسغەری حەڵەبی دە مێژووی تەنز و شەقڵ و ڕووخۆشییەدا لە ئێران و دنیای ئیسلامیدا دەربارەی جوحا ئاوا دەنووسێ:

بەڵام گرنگیە جوحای لە دوو دیدەوە زۆرە، یەکێکیان ئەوەیە کە ناو و گاڵتە جاڕییەکانی دووای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵ و سەدانە گەیوەتە دەستی زانایان و شاعیرانی فارسی زمانانی شیرین و گۆیندە گەورەکانی ئێرانیێ وەك: عونسوری، و مەنوچەهری، و ئەنوەری، و سەنائی، و سەعدی و مەولەوی (کۆچکردووی ٧٧٢ کۆچی مانگی) و زۆرانی دیکەی دی کە دە قسە و باس و نووسینەکانی خۆیاندا ناویان هێناوە... دووەمیان ئەوەیە کە دە زمانی تورکی ئەستەمبولێدا زانایانی ئەو مەرز و بوومە جوحایان بە ((خۆجە)) یا بە خواجە نەسرەددینی ڕۆمی یا بە گۆتەی ئێرانیان دەگەڵ ((مەلا نەسرەددینی))یاندا کردۆتەوە یەك.

دکتۆر حەڵەبی لە کۆتایی باس و توێژینەوەکەیدا دەربارەی جوحا ((چەند نموونەیەك لە ئەفسانەکانی جوحا)) دێنێتەوە و پێشانیان دەدا.

نەخشێنەری ئەم پێشەکیەش دڵنیایە کە بە لانی کەمەوە حەوت دانە لەو (١٠) دە، قسەخۆشانەی دە کتێبی مەلا نەسرەددینیدا بدۆزینەوە؛ و کە ئەوەش تەکەسێکی دیکەی تێکەڵبوونی کەسایەتی مەلا نەسرەددین و جوحایە.

مەلا نەسرەددین لە قەوقاز-دا (قەفقاز)

جەلیل محەمەد قولی زادە، تەنز پەروەر و یەکێك لە پێشڕەوانی ئەندێشە و بیری نوێی فەرهەنگی قەوقاز کە باپیرانی ئێرانی بوون، لە بڵاوکردنەوەی ناوی مەلا نەسرەددینیدا لە



قەوقازیا و ئێرانێدا پشکێکی زۆر و دەستێکی باڵای بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٠٦ زاینییدا ئیمتیازی بڵاوکراوەیەکی بە ناوی مەلا نەسرەددینەوە وەرگرت و یەکەمین ژمارەی ئەو بڵاوکراوەشی لە حەوتەمی نیسانی ١٩٠٦ لە شاری (تفلیس)دا بڵاوکردەوە و زۆریشی نەخایاند کە ئەو ڕۆژنامە پێکەنیناوییە-رەخنەییە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆشنبیری ئازەربایجان، ئەرمەنستان، ڕوسیە و گورجستانەوە پێشوازییەکی کەم وێنەی لێکرا. پێوەری پێشوازی ئێرانیانیش لە گۆڤاری مەلا نەسرەددینی، دەتوانرێ لە وەڵامی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە خۆیەوە بزانرێت. ((بەڕێوەبەری گۆڤار، جەلیل محەمەد قولی زادە، لە بەرواری ٢٨ نیسانی ١٩٠٦ زیاتری کڕیارەکانمان لە ئێرانەوەن. یانی لە پازدە هەزار دانە زیاتری گۆڤارەکە، لە خوراسانەوە بگرە تا تاران و ئەسفەهان، و تەورێز و تەنانەت نێو دێهاتەکانیش پەخش و بڵاودەبێتەوە. سێزدە هەزار و شەش سەد و نەوەد ژمارەی بە ئابوونەکانمان دەگات و ئەوەی دیکەی بە تاك و تووك فرۆشی بڵاودەبێتەوە)).

لەبەر ئەوە، لە هەلومەرجێکدا کە ((تا سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی دەتوانرێ بگوترێ کە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی شایانی باس لە قەوقازدا بڵاونەبۆتەوە... مەلا نەسرەددین یەکەمین ڕۆژنامەی پێکەنیناوی و تەنزی ئازەربایجانە، وەك بۆ خۆی دەڵێ، کە سەری لە برایانی موسوڵمان خوارکردۆتەوە.)) و ناوی مەلا نەسرەددینیشی خستەسەر دەموزاری گەورە و بچووکان.

جەلیل محەمەد قولی زادە لە بڵاوکردنەوەی ناوی مەلا نەسرەددینی لە قەوقاز و ئێرانێدا دەستێکی باڵاو کاریگەریەکی یەکجار زۆری هەبوو، لە لایەکییەوە ناوی مەلا نەسرەددینی لە ڕۆژنامەکەی خۆی نابوو و لە لایەکی دیشەوە زۆربەی نووسینە تەنز ئامێزەکانیشی کە دەو ڕۆژنامەیدا دەنووسین بەناوی مەلا نەسرەددینیەوەی واژۆ (ئیمزا) دەکردن، ئەم هاوئاهەنگییە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر جەلیل محەمەد قولی زادە بە دروستکەری کەسایەتی مەلا نەسرەددین و قسە خۆشەکانی بزانن. بە شێوەیەك کە لە پێشەکییەکی مەلا نەسرەددینیدا هاتووە کۆمەڵە نووسینێکی چاپکراوی جەلیل محەمەد قولی زادە... ئاوادە ڕۆژنامەی مەلا نەسرەددینیدا هاتووە:

((دروستکەری مەلا نەسرەددینی کێیە؟ چ کەسێ نزیکەی یەك سەدە لە تەواوی ئازەربایجانێ ڕا تا ئەو پەڕی ئێرانی پان و پۆڕ و هەراو، ئەوەی کە نەیدەتوانی بەناوی خۆیەوە شتێك بڵاوبکاتەوە دەهات وەپاڵ مەلایەوە دەدا؟ ئەو سادە و ساکار و ئێسك سووکەی کە کەم وایە ڕۆژانە ناوی لەسەر زمان و بەرچاوی خەڵکی نەبێ، چۆن و بۆچی هاتە ئاراوە؟

...هاوسەری میرزا جەلیل دەنووسێ هەموو لە هەموو هەوڵ و تەقەللای ناسینێ مەلا نەسرەددینیان بوو، پاشان بیستم کە دەنێو خەڵکی نەخوێندەوار و ڕەشۆکی تەورێزدا دەنگۆیەك بڵاوبۆتەوە و واقاوە کە مەلا نەسرەددین کەسایەتییەکی ئەفسانەییە، ئەو بۆ خۆی لە ئاسمانێ دەژی و ڕۆژنامەکەشی هەر لەوێڕا بڵاودەبێتەوە. جاری وابوو ژنانی نەخوێندەوار دەهاتنە حەسارێ مەوە، هەر بۆ ئەوەی مەلا نەسرەددینی ببینن. ئەوان باوەڕیان نەدەکرد کە مەلا لەسەر زەوی دەژی.))

کتێبی مەلا نەسرەددین ل-٦،٥.

بەڵام وەك لە پێش ئەمەدا گوترا، جەلیل محەمەد قولی زادە ئیمتیازی ڕۆژنامەی پێکەنیناوی-ڕەخنەیی مەلا نەسرەدینی لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٦دا وەرگرت و یەکەمین ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیەشی لە حەوتەمی نیسانی ١٩٠٦دا بڵاوکردەوە؛ و ئەوەش دە کاتێکدا کە ساڵانێکی زۆر پێش ئەم بەرواره مێژوو و ناوی مەلا نەسرەددینی لە عوسمانیدا داکەوتبوو و هەبوو قسە خۆشەکانیشی کە وە پاڵ وییەوە درابوون لەم کیشوەرە و کیشوەرەکانی دراوسێوە دەماودەم لەسەر زار و زمانان بوو. بۆ نموونە، مورادە فەندی لە ساڵی ١٨٩٤دا قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەدینی دە کتێبێکدا بەناو و نیشانی نەسیرەددینی خۆجاوە کۆکردبۆوە لە ئەستەمبوڵێی بە چاپ گەیاندبوو و پێش ویش دەست پێشخەری دی لە عوسمانیدا دەستیان دەو جۆرەکارانەوە وەردابوو؛ هەرچەندەش کە ناوی مەلا نەسرەددینی بەسەر ئەو کتێبانەشەوە نەدەدیترا.

لەبەر ئەمە، ناتوانرێ میرزا جەلیل محەمەد قولی زادە بە ((دروستکەری مەلا نەسرەددین)) بزانرێ، بەڵکە دەتوانرێ بگوترێ کە ئەو نووسەرە ئازادیخوازە و تەنزپەرەوەرە سوودی لە خۆشەویستی و ناو و قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینییەوە، وەرگرتووە، و چیرۆك و بە سەرهاتی درێژی لێوە پێشانداون. هەر بۆ نموونە لێرەدا یەکێ لەو جۆرە قسەخۆشانە لە کتێبی مەلا نەسرەددینییەوە نووسینی جەلیل محەمەد قولی زادە دەخەینە بەرچاوان:



ڕۆژێکی مەلا بە سواری کەرێ بە بازاڕی سەوزە فرۆشاندا دەڕوا. ئەو ساڵە باغی مەلای بەرهەمی باشی نەدابوو و لە سەوزەواتیان کەم بوو. بازاڕ جمەی دەهات لە خەڵکی. لە لایەکییەوە باینجانیان دەفرۆشت و لە لایەکی دییەوە کولەکە و لە بەرێکی دییەوە خەیار و چەوەندەر و گندۆرە و هەرچییەکی پێویست بایە، هەموو شتێکی لێ دەفرۆشرا.

مەلا حەزی لە هەرچییەکی بوو کڕی و بە ئارەزووی خۆشی پەنایدا و ئەوجا تێڕەکەی پڕکرد لە سەوزەواتی هەمەجۆر و هێنایەوە لای کەرەکەی؛ بەڵام هەر کە ویستی تێڕەکە بە پشتی کەرێدا بێنێتەوە دە دڵی خۆیدا گووتی ئەو گیانلەبەرە بەستەزمانە بچکۆلەیە بەرگەی ئەو هەموو بارەی ناگرێت و نایگەیەنێتەوە ماڵێ. خودا هەڵناگرێ هەم سواریشی بم و هەم ئەم بارەشی لێنێم. لە لایەکیشەوە بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەو هەموو ڕێیەی بە پێیان بڕێ شەکەت و ماندوو دەبێت و لە پەلوپۆ دەکەوێت، خۆ ئەگەر چاوپۆشیەش لەوەی ناو تێڕێ بکا ئەدی وەڵامی ژنەکەی چۆن بداتەوە.

ئەوجا دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ڕووی دەمی دەکەرەکەی کرد و گووتی ((کەرەکە گیان تۆ چەند خنجیلە و بچکۆلانەی!)) و ئەوجا خۆی هەڵدایە سەر پشتی کەرەکەی و بۆ ئەوەی لەبەردەم خەڵکی بازاڕیش نەبێتە بێ ئەدەبی هات پشتاوپشت سوار بوو و تێڕەکەشی بە دەستەوەگرت و هەچەی لە کەرێ کرد و کەوتە ڕێ. ئەوە هەروا بە ڕێیەدادێ، تاگەیشتەوە نێو کۆڵانی گوندی. هەر دوو لینگی لێك بڵاوکردبوونەوە و لاقەکانیشی بەولاولای کەرێدا بەردابوونەوە. لە پێشدا تێڕکەکەی بە دەستێکییەوە گرتبوو؛ بەڵام لەبەر ماندووەتیان ئەمجارە بە هەردوو دەستانیە وەگرت.

ئەو لەو جۆر و شێوازە سواریەی زۆر وە تەنگ هاتبوو و ببووە مایەی پێکەنینی خەڵکیش. ژنان لە بن پەچە و چارشێوانەوە سەیریان دەکرد و پێدەکەنین و منداڵان بە ئاماژەی قامکان پێکتریان نیشان دەدا. یەکێك لە سوختەکانی حوجرێی کە ناوی ((شوجاع)) بوو و لە پشتەوەڕا دەهات، گووتی ((مامۆستا ئەوە بۆ تێڕکەکەی بە پشتی کەرێدا ناهێنیێ؟ ئەدی کەر هەر بۆ باری نییە؟ ئەدی ئەوە چ جۆرە سوارییەکی تازە بابەتانەیە سوار بووویت؟))

مەلا گووتی ((کوڕەکەم تێڕکەکە زۆر قورسە و کەرەکەی منیش زۆر چکۆڵەیە دەبێتە بێ ئینسافی کە هەم بۆ خۆشمی سواربم و هەم ئەو تێڕکە قورسەشی لێ بارکەم؛ دەبێ کارەکان وەك

یەك دابەش كرێن.)) شوجاع سەری خۆی خوراند تا ئەوەی مامۆستا گووتی تێبگا. بەڵام مەلا بەوە دڵخۆش بوو كە كارێكی بێ ئینسافانەی نەكردووە.

كتێبی مەلا نەسرەددین، ل ٢٩١-٢٩٣

ئەو قسەخۆشە كە بە هۆی زیاد درێژكردنەوە و شرۆڤەكردن و تێك و لێك نانێوە وەك چیرۆكێكی لێهاتووە، لە ڕاستیدا ئەمە لە تێك هەڵشێلان و تێكەڵكردنی دوو قسەی خۆشی سەر بە مەلا نەسرەددینییەوە پەیدا بووە و وەدی هاتووە كە لە یەكێكیاندا مەلا بەراوەژوو سواری كەرێ دەبێ تابێ ڕێزیە بەرامبەر بەو كەسانەی لە دوایەوە دێن، نەنوێنێ و لە قسەخۆشەكەی دیشدا بۆ ئەوەی كەرەكەی زۆر ماندوو نەبێ و هەر تەنیا قورساییە خۆی باوێتە سەر كەرەكەی، تێركەی لە كۆڵێ خۆی دەنێ و یان بە دەستییەوە دەگرێت و دێتەوە ماڵێ.

ژمارەیەكی ئەو قسەخۆشانەی كە مەلا نەسرەددینی هەروا بەو درێژدادڕی و لێك كێشانەوەیە لە بەشی دووەمی كتێبەكەی مەلا نەسرەددینیدا، بەناو و نیشانی چیرۆك و قسەخۆشەكانی مەلا نەسرەددینیدا هاتووە. ناوبانگی مەلا نەسرەددینی وردە وردە لە نێو خەڵكی ئاسیای ناویندا وابەرجەستە و بڵاو و ناسرا و ئیعتبارێكی وای پەیداكرد كە لیۆنید ڤاسیلۆڤیچ سالاویف (١٩٦٢-١٩٠٢) دەستی مەلا نەسرەددینی كێشایە نێو مەرزو بووم و قەڵەمڕەوی ڕۆمانەوە و دوو ڕۆمانی نووسی كە بەرگی یەكەمیانی بە ناوی (شاری شێواو)ەوە لە ساڵی ١٩٤٠ و بەرگی دووەمیانی بەناو و نیشانی ((خدێو زادەی ئەفسون لێكراو))ەوە لە ساڵی ١٩٥٣دا بە چاپ گەیشتن.

سالاویف كە لە شاری تەرابولسی شام (سوریا) لە دایكبوو و سەردەمی لاوەتیەشی لە ئاسیای ناوەندی و لە شاری فەرغانە بەسەر بردبوو، پەیوەندییەكی چاكی بە فەرهەنگی خۆرهەڵاتی ئیسلامییەوە هەبوو و زۆریش شارەزای زمان و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی بوو و هەر بە پشتوانیە ئەم شارەزاییەی و هێز و توانای بیر و خەیاڵی تیژی خۆشییەوە كەسایەتییەكی بۆ مەلا نەسرەددینی وەدی هێنا وەك كەسایەتی ئەمیر ئەرسەلانی ناودار كە بەردەوام لە كوورەی كارەسات و بە سەرهاتاندا سەر بڵندانە دێتەوە دەرێ.

خواجە نەسرەددینی بوخارایی لە دیدی سالاویڤەوە مرۆیەكی ئازادەیە كە ڕووبەڕووی ستەم، و نەزانین و فێڵ و تەڵەكەبازی قیت ڕاوەستاوە و بە دڵێكی پڕەوە لەشازادان، و وەزیران و دوعا



گۆی سوڵتانەكان، و سوود و سەلەم خۆرو دارۆغەكان و جاسووسان دەخواتەوە و بە ناخ و دەروونێكی لێوا و لێو بە عیشقی ڕاستییەكان و مرۆڤایەتی، و زەحمەتكێشان و ستەمدیدە و زۆرلێكراوان ناوبانگی پەیداكردووە.

پاڵەوانی كتێبەكە كەسایەتییەكی هەراوتری لە كات و شوێنەكان بەولاوە تری هەیە و هەر بۆیەش لە كتێبی ((شاری شێواو))دا نابێ بە هیچ جۆرێك گوێ بدرێتە لایەنە مێژوویی و جوگرافیكییەكان، بەڵكە دەبێ بە دوا پەیسەر و شوێن پێی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و ڕژێم و سیستەمە سیاسییەكانەوە بین. لە هەر جێگایەك كە شازادانی خوێن خۆر و تاڵانكەر و خێڵی ئادەم كوژان و سوود و سەلەم خۆران و دەرەبەگەكانی دەپارێزن و لەپە ناخۆیانیان دەگرن و دەیانشارنەوە و داڵدەیان دەدەن و دینیش وەك ئامێر و داردەستێكی هەڵخەتاندن و سوود وەرگرتن لە خەڵكی بەكاردێنن. ئەوا مەلا نەسرەددینی وەك نیشانەی هیوا و ئومێدی خەڵكی ڕەش و ڕووت لە بەرامبەر ئەوانەدا چەقیوە و ڕاوەستاوە و وەك ئاڵای شەكاوەیە. هەر بۆیەش ئەو هەمیشە ڕق و كینەی دوژمنانی دەورووژاند. ڕاویان دەنا؛ دووی دەكەوتن، بەبێ دین و زەندیق و جەهەننەمییان دادەنا. بێهودە تێدەكۆشان بە گێل و بێكاری بناسێنن و لەبەر چاوی خەڵكی بخەن. بەڵام هەمیشە هەر ئەو سەركەوتوو بوو و دوژمنەكانیشی تێشكاو و نائومێد و ناكام.

### شهر أشوب، از مقدمه ناشر برترجمه، فارسی

هەر چەندە بەشێك لە قسەخۆشەكانی مەلا نەسرەددین بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەگەڵ كارەسات و بە سەرهاتەكانی ئەم زەمانەدا گونجێندراون، بەڵام تا ئەو جێیەی نووسەر هەوڵیداوە كەسایەتییەكی تەواو عەیار لە مەلا نەسرەددینی دروستكا، كە ئەو كەسایەتییەكە تەواو عەیار لە مەلانەسرەددینی دروستكا، كە ئەو كەسایەتییە تایبەتمەندییە هەمە لایەنەی كە دەمێشك وبیری خەڵكیدا جێگیربووە جیایە و دەگەڵ ئەو ڕووە خۆش و سادە و ساكار و دڵپاكە تەنز ئافەرینە، قسەخۆشە، نوكتەسازەدا ڕێك نایەتەوە و زیانی پێدەگەیەنێ. نووسەر بۆ ئەوەی مەلا نەسرەددین بە كەواو سەڵتە و جل و بەرگی عەیبیارانی هەمموو سیحر و هونەرەكان دەرخات و پلە و پایەیەكیش لە كەرە ناسراوەكەی وی بنێ هاتووە كەرەكەی دەكاتە ئێستر؛ هەر چەندە جەنەگرتنەكانی كەرێ مەلا نەسرەددینی لە ئێسترێشی تێپەڕاندووە.

له (شاری شێواو)دا خواجه نەسیرەددین دوای دە ساڵان دەربەدەری بە شێوەیەکی نهێنی دێتە (بوخارا)ی شارەکەی خۆی و بۆ خۆ ونکردن و خۆ دزینەوە لە جاجوسان دێ بە دەمامکێکی دییەوە دە نێو خەڵکیدا دەژی. ڕەوڕەوەی کارەسات و بە سەرهاتان ناچاری دەکات خۆی وەك زانایەك دابنێ و خۆی بکاتە دانیشمەندێك و لە بەغدایە ڕا بۆ خزمەتکردنی حاکمی بوخارایە هاتووە و لەو ڕێیەوە بەرەو دەرباریێ حاکمی ڕێ خۆشدەکات و سەرەنجامیش بە ڕیسواکردنی حاکم و دەوروبەر و دەستوپێوەندەکانی دەرباری، دڵبەندەکەی خۆی لە بەندی حاکمی دەردێنێ و ڕزگاری دەکات. لە (خدێو زادەی ئەفسوون لێکراو)دا کە بێجگە لەو ناوە لە تارانێ بە ناوی ((ئەو شازادەیەی بووە کەر)) هەمدیس وەرگێڕدراوە و چاپیش کراوەتەوە. مەلا نەسرەددین عەییارێکە کە لە دەست جەور و ستەمی حاکمان دەگەڵ (گوڵجان)ی ژنی و هەر چوار کوڕەکەیدا لە وڵاتی بوخارایە ئاوارە بووە؛ چونکە ناو و ناوبانگەکەشی بە هەموو لایەکیدا بڵاوبۆتەوە و ناسینەوەشی لە دەردەسەرییە زیاتر بۆ وی هیچی دیکەی پێوە نییە، هاتووە بە ناوێکی دیکەوە دەجل و بەرگێکی دیداو چاوێلکەیەکی ڕەش دەچا واندا، و ئەم جارەیان بەسواری کەرێکەوە لەم دیار بۆ ئەو دیار دەڕواو دەگەڕێ و بە ئەقڵێکی کراوەو دەستوبردییەکی ئەفسوونگە ڕانەوە خۆی ودزە دڵپاکەکەی کە ملکەچی وسەر شۆڕی بۆ حاکمان چەوسێنەرەوانی مرۆڤە چەوساوەکان ڕیسوادەکەن و ئابڕوویان دەبەن و لە کەلێن و کەلەبەری کارەساتانەوەش کە دێنە پێشێ و سەر ڕێی پێدەگرن و دەست بە شیرین کارییە زۆر و زەوەندەکانی دەکات.

دەو کتێبەشیدا هەروەکو بەرگی یەکەمەکەی، شاری شێواو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسەگەلێکی خۆشی چنراو دە تانوپۆی داستانێکدا دەردەکەوێ؛ بەڵام دێرەشدا کەسایەتییەکەی دیکە دەگەڵ کەسایەتییە سادە و دڵ و خۆش ڕوو و قسە قووتییەکەی ئەو مەلا نەسرەددینەی دە مێشك و دڵ و دەروونی چەقیوە، پێچەوانە و دژ بەیەکە. دیارە کە نووسەر بە گوێرەی شوێن و کات بۆ جێبەجیکردنی مەرامەکانی خۆی سوودی لە خۆشەویستی مەلا نەسرەددینی وەرگرتووە و وایکردووە لە ڕێی ئەوەوە بچێتە ناو دید و بیروڕا و بۆچوونەکانی ئەو ڕۆژگارەوە و هەنگاوانیان تێدا باوێ و لەو ڕێیەوە جڵەوی زۆر بلێ و سوودمەندان و هەلپەرستان بگرێتەوە و بە دوا خۆیاندا ڕاکێشێتەوە. بەڵام هەر چەندە هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و یەکسانپەرست ناتوانێ دەگەڵ زۆر بلێی و سوودمەندانا بگونجێ. هەر بۆیەش کاری نووسەر زۆر نایەتە بەر دڵان؛ چونکە دەوشوێنەوارەیدا (کتێبە)یدا، هیچ سادە و ساکاری و گیلیەتییەکی مەلا



نەسرەددینی دیار نییە و ناشتوانێ ئەو سیفەتانەی مەلا نەسرەددینیش کە دە مێشکی خەڵکیدایە ببێ و بتوانێ و یا بتەوێ لە کۆمەڵگەی جوداکەیەوە، ڕەنگە خراپ نەبێ ئاماژە بە چەند پارچەیەکی پێشەکییەکەی نووسەر لە کتێبی (خدێوزادەی ئەفسوون لێکراو) بکرێ، کەتە کەسێکە بۆ نفووزی ناوی مەلا نەسرەددینی دە نێو خەڵکی ئۆزبکستاندا:

گەڕەکی نانەوایان لە شاری (خەجەند)ێ سەرەڕای ناوی ((ڕەزاق)) یانی ڕۆژیدەر-دە نێوان خەڵکیدا بە گەڕەکی مەلا نەسرەددینیش ناسراوە، وەك لە کۆنەوە دەگێڕنەوە ماڵی مەلا نەسرەددینی دەو گەڕەکەیدا بووە... لە کوێستانی ڕێی (ئەشت)یش دەریاچەیەك هەیە بە ناوی دەریاچەی مەلا نەسرەددینەوە. گوندی (چارك)یش دەکەوێتە کەناری ئەو دەریاچەیەوە. قاوەخانەکەی ئەم گوندە قاوەخانەی مەلا نەسرەددین و چوێلەکەکانی بن گوێسەبانەی ئەو قاوەخانەیەش پێیان دەگوترێ قاوەخانەی چوێلەکەکانی مەلا نەسرەددینی... لەوێ ئەشکەوتێکیش هەیە کە ناوێکی سەیری هەیە: ((ماڵی دزی پارسا)) ڕووبارێك و پردێکیشی هەر بە ناوی مەلا نەسرەددینەوە لێیە. بە کورتییەکەی لەو شوێنە هەموو شتێك بۆنی مەلا نەسرەددینی لێدێ، هەر دەڵێی دوێنێیە و بە سواری کەرەکەیەوە لێرە ڕۆیوە.

ناو بانگی مەلا نەسرەددینی هەر تەنیا بە ئاسیای ناوین، تورکیا، ئێرانەوە ناوەستێ؛ بەڵکە ناو و ناوبانگی وی ئێستا بە دنیایەدا بڵاوبۆتەوە ناوبانگێکی جیهانی و قسەخۆشەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر هەموو زمانە زیندووەکانی دنیایە؛ کە وێڕا گەیشتن بەو لایەنەش هەل و کاتێکی دیکەی گەرەکە.

## کورتەی قسان:

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە لە دەستپێکی ئەم پێشەکیەدا کران؛ ئەو پرسیارانەش ئەمانەن: ئایا مەلا نەسرەددین کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە یا ئەفسانەیی ساختە و پەرداختەی خەڵکی؛ یا هەر دیاردەیەکی تێکەڵەی قسەخۆشان و قۆشمەچیانی هەمە جۆرەیە و هەڵتۆقیوە و وەدی هاتووە؟ دەو پەیوەندی و نێوانانەدا دەتوانین بۆچوونی خاوەن دید و بیروڕایانیش لەو چوار گرووپەی خوارەوەدا چڕکەینەوە:

یەکەم: گرووپێك کە بۆ هەریەك لە مەلا نەسرەددین و جوحا، بە تەنێ کەسایەتییەکی مێژوویی و سەربەخۆیان ڕەبەرچاوگرتووە.

دووەم: گرووپێك کە هەر دووکی ئەوانە بە یەکێك دەزانن و هیچ کەسایەتییەکی مێژوویی و سەربەخۆیان بۆ هیچ کامێکیان بە تەنێ، ڕەبەچاونەگرتووە.

سێیەم: گرووپێك کە تەنیا هەر بۆ جوحایان کەسایەتی مێژوویی ڕەبەرچاوگرتووە و بڕوایان وایە کە تورکان کەسایەتی خواجە نەسیرەددین (نەسرەددین خۆجە) یان بە لاساییە جوحای عارەبانەوە دروستکردووە و ئێرانییەکانیش ناوەکەیان کردۆتە مەلا نەسرەددین.

گرووپی چوارەم: کە پێیان وایە ئەم جۆرە کەسایەتیانە هەر بە تەواوەتی دەستکار و دروستکراوی خودی خەڵکین و لە مشتومالّ و زاخا و دانەوەی بیروهۆش و مجێزی تەنزپەروەر و ڕووخۆش و قسە خۆش و قوشمەچیانی نێو کۆمەڵگا بەو لاوە هیچی دی نین.

بەڵام ئاکامی بە دواداچوون و سەر و سۆراغی ئەم قەڵەمەش هەر ئەوەیە کە ناتوانێ کەسایەتییە مێژووییەکەی هیچ کام لە جوحا و مەلا نەسرەددینی بسەلمێنێ. تەنیا دەتوانێ دڵنیای ئەوە بێ کە ناوی جوحا و ژمارەیەك لە قسە خۆشەکانی لە نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا دە ئەدەبیاتی عەرەباندا هاتووە. لەم ڕووەوە دەرکەوتنی ناوی جوحا لە پالّ ناوی مەلا نەسرەددیندا باسکاران و توێژەرەوانی تورك دەڵێن ئەو لە سەدەی حەڤدەهەم و لە ئاق شەهردا ژیاوە- نزیکەی هەزار سالّ پێشترە، دەو نێوەدا، قسە قوتەکانی جوحای لە ڕێی ڕێبواران و میوان و گەشتیارانەوە لە کیشوەرە موسوڵمان نشینەکانەوە دەست پێدەکەن و وردە وردە لە ڕێی گەورە پیاوانی وەك شێخ فەریدەددین عەتتار نەیشابووری، جەلالەددین محەمەد بەڵخی ناسراو بە مەولەوی، ئەبوحەییانی تەوحیدی و عوبێد زاکانیشەوە دێنە ناو ئەدەبیاتی فارسییەوە، هەمان ڕووداویش لە عوسمانیدا وەڕێ دەکەوێ؛ بەڵام لەوێ خەڵکی زیاتر کەسێکی ڕووخۆش بە ناوی خواجە نەسیرەددین ((نەسرەددین خۆجە))ەوە دەدۆزنەوە و بازاڕی قسەخۆشەکانی جوحای بە ناوی وییەوە پێ گەرم دەکەن. ئەمجارەیان ئەم قسەخۆشانە بارگە و بنەیان لە عوسمانییەوە بەرەو کیشوەرەکانی دەور و بەر تێکدەنێن. سەرەنجام بە ناوی خواجە نەسیرەددین و ڕەنگ و ڕواژای فەرهەنگی عوسمانی ئەو سەردەم و زەمانەوە، لە ئێران و ئەفغانستان و ئاسیای ناویندا بوونی ئاوازەی زمانی فارسی و پلەوپایەی فەرهەنگی ئەو



ناوچانە، ناوی نەسرەددین خۆجە یا خواجە نەسیرەددین دەگۆڕێ بە مەلا نەسرەددین و دەو نێوەشدا ناوی جوحا و نەسرەددین خۆجەش دەچنە پەناو پەراوێزانەوە؛ بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵیە کەسایەتییە مەلا نەسرەددین و جوحای بە ئەندازەیەکە کە جاری وایە ئێرانییەکان جوحای بە ناوی مەلا نەسرەددینی عارەبانەوە ناو دەنێن و عارەبەکانیش مەلا نەسرەددینی بە جوحای ئێرانیان دەزانن و بە خۆجە نەسیرەددینیش یەژن جوحای تورکان؛ ئەو جێگۆڕکێ و ناو و نازناو و گۆڕینی قسەخۆشانەش چیرۆکێکن بێ کۆتایی. کێ دەڵێ هەر ئەمێستاکەش کە ئێوە خەریکی خوێندنەوەی ئەم شتانەن، خەڵکی دی خەریکی دروستکردن و سازدانی قسەیخۆش و تازەنین و هیچ دووریش نییە کە ئەو قسەخۆشە تازە ساوانەیەش بە ناوی مەلا نەسرەددینەوە زاخاو نادرێن و مشتومالّ ناکرێنەوە و پاش ماوەیەکی دیش بە چاپ ناگەن؟؟!.

تەنانەت زۆر دووریش نییە کە نەوە و تۆرەمەی دوایین هەر ئەو قسەخۆشانە لە کیشوەرێکی دی و لە زاری ڕووخۆش و قسەخوشێکی دییەوە ببیسنەوە؛ چونکە ((ئەو دەستە قۆشمەچی و قسەخۆشە خۆ گێلکەرانە دە ئەدەبیاتی هەموو کیشوەرەکاندا هەنە. خواجە نەسرەددین و نەسرەددین خۆجە لە نێوتورکان، و تیل اوین اشیگیل لە نێو ئەڵەمانیان و جۆمیەر لە نێو ئینگلیسیان و برتولدۆ لە نێو ئیتالیاییاندا و بالاکێرف لە نێو ڕووساندا لەو جۆرە پیاوە قۆشمانەن.))

## دەربارەی ئەم کتێبە:

بیر و خەیاڵی نووسینی ئەم پێشەکییە هەڵبژاردن و دووبارە نووسینەوەی قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینی، جگە لە پەیوەندی خاوەنی ئەم قەڵەمەش بە فەرهەنگی میللی و خەڵکی ڕەشۆکی ئێرانێوە، هیوا و ئاواتی سەرکەوتنی ئەو جۆرە کتێبەیە و حەز دەکا بۆچوونەکەشی بێ جێ نەبێ و هیوا و ئاوات و ئومێدەکانی لە جێی خۆیاندابن. دیاریشە کە کۆمەڵگای دەست و دڵ والا و ڕوو خۆش و تەنزپەروەر و نازداری ئێمە نزیکەی هەشتا ساڵە کە بە تاسەیەکی بەرین و فراوانەوە پێشوازی لە کتێبی مەلا نەسرەددینی کردووە؛ بە شێوەیەك کە ئێستاش دە گفتۆگۆی ڕۆژانەیدا ئەو کۆمەڵگایە، جاروبارە بۆ زاخاودانەوێ و جوانکردنێ قسان و ئاسان کردنێ مەبەستەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەددینی. لە دەقە فارسییەکاندا، ژمارەی قسەخۆشەکانی مەلا نەسرەدینی هەمووی ناگەنە هەزاری؛ بەڵام ئەگەر لە دۆست و ئاشنا و ڕۆشنایەك و هاوسێیەکی داواکەی قسەیەکی خۆشی مەلا نەسرەددینیت بۆ بگێڕێتەوە،

لەوانەیە قسەی وا خۆش بڵێ کە دە هیچ یەکێك لە کتێبەکانی مەلا نەسرەددینیدا چاپ نەکرابێ، لەم ڕووەوە دەستنیشانکردنی ژمارەی ئەو قسە خۆشانەی کە کۆمەڵگەی ئێمە بە مەلا نەسرەددینییەوە لکاندوون هەرگیز ناژمێردرێن. چونکە لەو خاك و سەر زەمینە پان و پۆڕ و هەراوەدا هەر هاوڵاتییەکی ڕووخۆش و قۆشمە و تەنزپەروەر دەتوانێ ژمارەیەك قسەی خۆش بێنێتەوە و بە مەلا نەسرەددینییەوە بلکێنێ.

لەم ڕووەوە بۆ ئاسانترکردنی کار و خۆپاراستن لە قەبەبوونی ناوەڕۆکی پێشاندراوی قسەخۆشەکانی ناو ئەم کتێبە، لە دوو سێ جێیان بەو لاوە، دەنا هەمووی لە دەقە فارسی و ئینگلیزییەکەیەوە هەڵبژێرراوە.

بەڵام دابەشکردنی قسەخۆشەکان بەو گوێرەی کە دەو کتێبەیدا هاتووە هاوجمکی تێرامان و گومانێکی زۆر بووە؛ لێرەدا ئەوەی لە دیدی خەڵکی ڕەشۆکییەوە بە نیشانەی قسەی خۆشەوە هاتووە لەوانەیە لە ڕاستیەکەیدا قسەی خۆش نەبێت و وەبەر پێناسەیەکی دیکەی ئەدەبی وەکو ((بەزلە (زیتەڵەیی)، لاقرتێ، شۆخی، تانەوتانووت، تەنز (نازۆکی) درکە، داشۆرین و هەزل (بەرهەڵدایی) بکەوێت و هاتبێتە ناوەوە یا تێکەڵەیەك بێت لە دوو یا لە چەندانێکی ئەوانە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە وابوو دوو سێ مانگێك کات تەرخان بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی جۆری ئەدەبی ئەو قسەخۆشانە و دەگەڵ هێندێشدا هەموو ئەو هەوڵ و کۆشش و تەقەللایانەش بە سەرەنجامێکی یەك لاکەرەوەی دڵخۆشکەر نەگەن، جا هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەو جۆرە ئەدەبییە ناوبراوانە جاری وایە والێك دەئالێن و هێندە تێکەڵییەك دەبن کە لێك جوداکردنەوە و هەڵاوێران و دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و پشکی هەریەکێکیان لە دروستکردن و هێنانەکایەوەی هەریەك لەو قسەخۆشانە لێکۆڵینەوە و باس و بە دواداچوونێکی وای دەوێ کە نە لە توانای نەخشەکێش و نە لە توانا و نە لە حەوسەڵەی ئەم کتێبەشدایە کە ئامانجە بنەڕەتییەکەی پێشاندان و دەرخستنی هەڵبژاردەی ئەو قسەخۆشانەی مەلا نەسرەددینین وەك پارچە پەخشانێکی سەردەمی ئەمڕۆ. لەم ڕووەوە، لەبەر ئەگەری خزین و خۆپاراستنی لە دوورکەوتنەوەی ئامانجە بنەڕەتییەکە، وا بە چاکتر زانراوە قسەخۆشەکانی لەسەر بنەمای تێگەیشتن و چەمکەکان ڕیزبەندی بکرێن. یانی هەر لە یەکەم سەرنجەوە چۆن دێنە بەر دید و تێڕوانین، لە کتێبەکەشدا هەر ئاوا دابەشکراون.



بۆ نموونە، ئەم قسەخۆشەی (چێشتی سارد)ە، بێننە بەرچاو:

لەمەلا نەسرەددینیان پرسی ((بە عارەبی بە چێشتی سارد دەڵێن چی؟))

مەلا بیرێکی کردەوە و گووتی ((عارەب قەت ناهێڵن چێشت ساردبێتەوە.))

لەم قسە خۆشەوە پێش هەموو شتێك ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مەلا نەسرەددین دێرەدا کەسێکی جەربەزە و حازر بەدەستە و خۆش وەڵام و باسی ئەوەش کە داخوا ئەو شتەی سەرەوەش بەزلەیە (زیتەڵەیی) یا لاقرتێیە، یا قسەیخۆش، یا دەچێتەوە سەرکام جۆری ئەدەبی کە بۆ خوێنەری ئاسایی شایانی باس نییە. هەر بەو هۆیەوەشە کە ئەو قسەخۆشەی لە سەرەوە هێناومانەتەوە لە یەکێك لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا لە ژێر ناو و نیشانی دەستوبردیە وەڵامەکانی مەلا نەسرەددینیدا هاتووە.

بۆ خوێنەر و توێژەرەوە و پەیوەندار بە زانینی جۆری ئەدەبی قسەخۆشەکان ئەگەر بویستریٰ دەتوانرێ پشت بەو پێناسانەی کە لەمەو دواوە دێن ببەسترێ؛ هەرچەندە وەك ئاماژەی پێکرا نەخشەکێش نەیتوانی دەربارەی دەستنیشانکردنی جۆری ئەدەبی هەموو ئەو چوار سەد قسەخۆشانەی کە دەو کتێبەیدا هاتووە بە ئەنجامێکی بنەبڕاو و دڵنیاییانە بگات.

بەزلە (زیتەڵەیی): نوکتەیەکی خۆش و زیرەکانەی پێکەنین هێنە. بە واتایەکی دی بەزلە، جەفەبگێکی هۆشمەندانەیە کە لە لایەنی هزرییەوە خۆش بێت و بچتە ئەقڵەوە، جیاوازی نێوان بەزلە و جەفەنگیش دەوەیدایە کە بەزلە، خەیاڵێك یا هەستێك نمایش دەکات، کەچی جەفەنگ کەمتر بە لای بیر و هزر و مێشکەوە دەچێت و زیاتر سەیرکردنی، ناتەوانی، و لاوازی و گێلەتیە خەڵکییە.

**نموونە:**

مەلا نەسرەددین ئاوەڵێکی خۆی بۆ نانخواردنی ئێواریٰ بانگهێشت دەکا. کە نانیان دانا، مەلا بە دەستی کەوتە نانخواردنیٰ، ئاوەڵەکەی پرسی ((جەنابی مامۆستا: ئەوە بۆ بە پێنج پەنجان وەرگەڕاویە خواردنیٰ؟))

مەلا گووتی: ((عەرزی بە خزمەتتان کەم، چونکە لە پێنج پەنجام زیاتر نین.))

لاقرتێ (ڕیشخەند): شێوەیەکە دە قسە و نووسیناندا کە لە زۆربەی قاڵبە ئەدەبییەکاندا بەکاردەبرێ، جاری وایە ڕیشخەند و شەیەکی دوو دەوە دە دەربڕیندا دوو مانای لە یەك جودا دەدات. ئەرەستۆی فەیلەسووفی یۆنانی، ڕیشخەندی بە شاردنەوەی تێگەیشتنی ڕاستییەکان دەناسێنێ. سیسرۆن خەتیبی ڕۆمی، پێناسەیەکی سادەتر و ئاسانتری بۆ دەکات ((ڕیشخەند-لاقرتێ- یانی گوتنی شتێك و ویستنی مانایەکی دی)) جۆرەکانی ڕیشخەند-لاقرتێ- هەروا بە ئاسانی خۆ بەدەستەوە نادەن. لە هەندێ بابەتی دیاردا، جێ و ڕێ و کات و شوێنی لە باریش بۆیان هەیە جار و بارە مانای ڕاستییە شاراوەکان دە ڕیشخەندیدا ڕوون و ئاشکراکاتەوە؛ بەڵام لە زۆر بابەتاندا تێگەیشتنی دیار بنەڕەتی ڕیشخەند -لاقرتێ- بە زیبك و زاکونیە خوێنەرەوە بەندە. باو ترین و سادەترین جۆرەکانی ڕیشخەند -لاقرتێ- ڕیشخەندی قسەیەکە کە ئەوەی دەگوترێ و ئەوەی جێی سەرنجە دژایەتییەکی قوڵیان دە نێواندایە، یانی مەبەست و مەرامی ڕاستەقینەی گوێندە یا نووسەر بە وشەگەلێك دەردەبڕدرێ کە دژە مانایەکی گەورەی دەگەڵ ئەو وشە گەلەدا هەیە. ڕیشخەند -لاقرتێ- وتەیەکە زۆر لە تانەوتەشەرەوە نزیکە. دەو جۆرە لاقرتێیانەدا شوێن و ئاوازی گوتنەکە یا نووسینەکە، سەرنجی بیسەر یا خوێنەر بۆ لای مەبەستە بنەڕەتییەکەی گۆیندە یا نووسەر ڕادەکێشی.

هەر بۆ نموونە کاتێ مامۆستا ئافەرینی قوتابییەك دەکا کە بە هەڵەی وەڵام داوەتەوە، هەروا بە سەلیقە دەتوانی پەی بەوە بەری کە مەبەستی مامۆستا سەرکۆنە و شکاندنەوە و تەمبێ کردنی قوتابییەکەیە.

لە ناو جۆرە لاقرتێیەکاندا، دەتوانی ئاماژە بە لاقرتێی سوقراتی بکەی. لەم جۆرە لاقرتێیەدا، قسەکەر (گۆیندە) خۆی گێل دەکا و بیروڕای گوێگرەکەی خۆی بەشتێکەوە خەریك دەکات و دەپەناو پێچ و گەوە و هەڵدێر و خەرەندی مەسەلەکانی خۆیدا ونی دەکات و سەری لێ دەشێوێنێ و تێکی دەدا، تا لە کۆتاییدا پێی بسەلمێنی کە گوێگرەکەی چ ئاگایەکی لەو باس و خواسانەی وی نییە و هیچی لێ نازانێ.

**نموونە:**

ڕۆژێکی مەلا نەسرەدین دەگەڵ حاکمیدا چوو بووە ڕاوێ. ئاسکێك لە دوورەوە پەیدا دەبێ. حاکم تیرێکی داوێتە ئاسکەی و نایئەنگێوێ.



مەلا بە خۆشحاڵییەوە هاوار دەکا ((ئافەرین ئافەرین))

حاکم تووڕە دەبێ دەقیژێنی ((دیارە وات لێهاتووە گاڵتەم پێبکەی؟))

مەلا زەردەیەکی دێتێ و دەڵێ ((ئیختیارتان هەیە قوربان! هیچ کاتێ ڕێی ئەوەم ناکەوێ، من ئافەرینی ئاسکەکەم کردووە کە توانی وەك بروسکە خۆی لە تیرەکەی ئێوە ببوێرێ.

**شۆخی (گەنجەفە) -گەمە-گاڵتە-بازی-:** موتایەبە، فوکاهە، یا شۆخی (گەنجەفە) بابەتێکی پێکەنیناوییە کە بە پێچەوانەی تەنز (نازۆکی) و بەز لە هیچ دۆخێکی پرکێشیەی تێدا نییە. بنەمایەکەی ڕووخۆشییە و شتی تایبەتی و سەیر و سەمەرە دە خۆ دەگرێ. شۆخی کەمترواییە هزری بێ و زیاتر تێڕامانی ڕەفتاری سەیرە، بە دوای لاوازییەکان و گێلیەتیەکانی خوو و ڕەوشت دەکەوێ.

**نموونە:**

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ کوێخای گوندیدا چوو بووە حەمامێ. کوێخا هەروا بە دەم خۆشتنێوە لە مەلای پرسی، ((ئەگەر من کوێخا نەبامایە هەر تەنیا کورێژگۆکەك بامایە چەندم دێنا؟))

مەلا گووتی ((دە دینار))

کوێخا تووڕە بوو گووتی ((پیاوی باش! ئەوە چیە تۆ هەر لە خۆوە قسان دەکەی؟ هەر ئەو قایشەی لە پشتێمە دە ديناران دێنێ.))

مەلا گووتی ((مـنیش هەر نرخی قایشەکەم گوتووە دەنا بۆ خۆت چ ناهێنێ)).

**تانە (طعنة)،** تانووت-تانووتیش شێوەیەکی دیکەی لاقرتێیە قسەیەکی ڕەق و تیز لەسەر لێدانە کە تاڵ و گەزەندەیە و زیاتر تایبەتە و هەمیشە مەبەستەکەی ڕەنجاندنی گوێگرە بەشێوەیەکی لابەلا و ناڕاستەوخۆ، وەك، ئەگەر یەکێك بە یەکێکی دی بڵێ دەڵێی تا ئێستا بنیادەمت نەدیوە؛ مەبەستی ئەوە تانووت لێدانە.

**نموونە:**

پیاوێکی زۆردار و ڕووترش و تاڵ و دزێو بە مەلا نەسرەددینی گوت ((مەلا! زۆرم حەز لێیە شەیتانی ببینم)).

مەلا گووتی ((دیارە لە ماڵێ ئاوێنەتان نییە؟))

کابرای زۆردار گووتی ((چۆن نیمانە!))

مەلا گووتی ((کەواتە چۆنە تا ئێستا شەیتانت نەدیوە؟))

تەنز (نازۆکی):

**مانا زمانییەکەی -قەشمەری-** گاڵتەجاڕی و گاڵتە پێکردنە و وەك زاراوەیەکیش شوێنەوارێکی ئەدەبییە، کە لایەنە خراپەکانی ڕەفتاری مرۆیی، لاوازییە خوو و ڕەوشتەکان و گەندەڵی کۆمەڵایەتی یا هەڵەکانی ئادەمیزاد بە شێوەیەکی قەشمەریانە و گاڵتەجارییەوە و زۆرینەشیان لابەلا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکات و دەیانڵێ.

شاعیر یا نووسەری قەشمەرجاڕ بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی خوو و ڕەوشت و شلۆقییە بارە کۆمەڵایەتییەکان دەست بە گاڵتەپێکردن و قەشمەریان دەکا بە کەسانێك یا بە خوو و خدەو یا بە ئاریشەکانی ناو کۆمەڵگا. تەنز... جاری وایە لایەنی فەلسەفی هەیە و هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و یا تەنانەت دامودەزگای پەیدابوونیش دەگرێتەوە. شوێنەوارە تەنز ئامێزەکان زیاتر بەلای باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەچن و سەریان لێی دەخورێ و نارەزایەتییەکانی تەنزپەروەریش زیاتر ڕووی لە حاڵ و باڵ و بارودۆخی کۆمەڵ و فەرمانڕەواو کار بە دەستانە.

**نموونە:**

شەوێکی ساردی زستانێ مەلا نەسرەددین لە ماڵێ نووستبوو کە کتوپڕ دەنگە دەنگ و چەقەچەقێکی زۆر لە کۆڵانێ پەیدابوو.

مەلا هەستاو لێفەیەکی دە خۆ وەپێچا و چووە کۆڵانێ تابزانێ چ باسە، دزێکی لێ پەیدابوو و لێفەکەی لە شانی کردەوە و هەڵات. مەلا کە وایدیت خێرا هاتەوە ماڵێ.



ژنەکەی لێی پرسی ((ئەرێ ئەو هەموو شەڕ و هەراو و چەقەچەقە لەسەر چ بوو؟

مەلا وەڵامی دایەوە ((چ نەبوو! ئەو هەموو شەڕ و هەرا و زەنایەش لەسەر لێفەکەی من بوو.))

**کینایە -کنایە- (درکە):**

لە فەرهەنگ و زماندا بە مانای شاردنەوەی قسان دێ. کینایە (درکە) قسەیەکە یا گوتەیەکە کە دوو مانای نزیك و دوور، یانی مانایەکی ڕاستەکی و مانایەکی لاوەکی (مەجازی) هەیە، ئەو دوو چەمکە هەمیشە دەبێ سەر پێکەوەبن؛ بە شێوەیەك کە بیسەر یا خوێنەر لە چەمکە ڕاستەکییەکەدا بە مانای لاوەکییەکەی لە مانا ڕاستەکییەکە بگات.

کینایە جۆرێکە لە مەجاز کە ڕاستییەکانی کەمتر تێدا ئاشکرایە و زیاتر لایەنە مانەوییەکانی هەیە. زۆرینەی پەندە پێشینیەکانی سەر دەموزارانیش پڕن لە درکە (کینایە). کینایەی هەر زمانێکیش تایبەتە بەو زمانە خۆیەوە. بۆیە لەسەر شەنگست و بناغەی هەڵسوکەوت و خدە و نەرێت و شێوەی ژیان یا تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی هەر میللەتێك دروستبووە و دەرککردن و تێگەیشتنی ئەوانەش پێویستی بە شارەزاییەکی زۆری ئەم تایبەتمەندیانە هەیە بۆ نموونە، یەکەمین مانای ڕستەی ((من سەرم لە ئاشی سپی نەکردووە)) ئەمەیە کە سەر سپی بوونی من گاڵتە نییە، بەڵکە سەر سپی بوونی من ڕاستییەکە و دەگەڵ زەمانەیدا سپی بووە؛ بەڵام مانای دووەمی‌کە هەر دەو ڕستەیدایە ئەوەیە کە ئەزموونی تەواوم هەیە؛ ئەوە دیارە کەمووی سپی نیشانەی پیرییە، بەڵام پیریش تاقیکردنەوە و ئەزموونی دەگەڵە.

**نموونە:**

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئایا دەبێ پیاوێکی تەمەن سەد ساڵی وەچەی لێ بکەوێتەوە؟
وەڵامی دایەوە ((دوور نییە! بە مەرجێك لاوێکی بیست ساڵەیان هاوسێ بێت.)).

**لەتیفە** (قسەی خۆش) چیرۆکی سەر بوردەیەکی شادی هێنی کورتیلەیە دەربارەی کەسێك ڕووداوێك یا بار و دۆخێك و شوێنێك. دروستبوون و هەستانی ئەمەش لەسەر پەیوەندی ئەڵقەی ڕاستییەکان و ڕێکەوتی کارەسات و قەوماوەکانە؛ قسەخۆشەکان لە پێکەوەنووسان و پێکەوەلکانی ئەڵقەی ڕووداوەکانەوە بە یەکترەوە دروست دەبن و وەڕاست دەگەڕێن و واش باوە

هەمیشە دوایین ئەڵقە دەبێتە هۆی سەرسوڕمان و پێکەنین و خۆشی. قسەی خۆش هەر بۆ سەرگەرمی و گەنجەفە و ئاشکراکردنی نهێنیان زیاتر دەگوترێ و بیروباوەڕی تایبەتی کەسانێك و لایەنێکی دیاری تایبەتمەندی کەسانێکیش یا ڕووداو و گوزەران و شوێنێکیش بە شێوەیەکی زیادە ڕۆییەوە پێشان دەدات.

**نموونە:**

مەلا نەسرەددین هەروا بۆ شەوێکی لایدایە گوندێك، خورجێنەکەی ونکرد.

مەلا ڕووی لە خەڵکی گوندی کرد و زۆر بە توند و بەندییەوە گووتی ((یاخورجێنەکەم بۆ بێننەوە یا هەر بۆ خۆم دەزانم چ دەکەم!))

ترسیان ڕێنیشت و خەڵکە کە هەموو لە هەموو کەوتنە گەڕان و بیر و بەوێداچوونێ تا خورجێنیان دییەوە. کاتێ مەلا خەریکی ڕۆین و وەردەرکەوتنێ بوو لە دێی، یەکێك گووتی ((مەلا! ئەگەر خورجێنەکەت نەهاتبایەوە چت دەکرد؟))

مەلا نەسرەددین شانەکانی هەڵتەکاندن و گووتی ((دەچوومەوە شڕەبەڕەیەکی کۆنمان هەیە لە ماڵێ دەمدڕاند و خورجێنێکی دیکەم دروست دەکردەوە!))

**هەجو (داشۆرین)**- ئەم زاراوەیە بە مانای ژماردنی عەیب و عار و نەنگییەکانی کەسێك و سوککردن و جنێوپێدانیەتی جا بە شیعر یا بە پەخشان. نووسینێکە کە کەسییەتی یا ڕواڵەتی کەسێك یا کۆمەڵگا زۆر بوێرانە دەداتە بە حەولەقان و زیاتریش مەبەستی ڕەنجاندن و ئازاردانە. داشۆرین بە زۆری لە هەستی کینە و ڕق و تووڕەیی و هەڵچوونەوە سەر هەڵدەدات و لایەنی کەسییەتی پێوەیە و هەر بەو تایبەتمەندییەش لە تەنز جودا دەکرێتەوە.

داشۆرین لە زمانی فارسیدا زیاتر بە شێوەی شیعر دەگوترێ؛ داشۆرین پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە کە بە شیعری عەرەبی سەردەمی نەزانی (جاهیلییەت) دەست پێدەکا. خوو و خدەی دێرینەی عەرەب بووە لە داشۆرین و شانازییەکانیاندا بەخۆیان.

لە زۆربەی دیوانی شاعیرانی فارسی زماندا دەتوانی زۆر شیعری تەنز ئامێز بدۆزیتەوە کە زۆربەیان نیشاندەری کینە و ڕق و ڕەنجانە کە شاعیر دەگەڵ هاوڕۆژگارانی خوێدا بوویەتی، لە



سەردەمی مەشروتیەتدا داشۆرینی شاعیران زیاتر لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خۆوەگرت و لە تەنز نزیك بۆوە.

لە ئینگلیستانێ، بە تایبەتی لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا، نووسینی داشۆرین هەر زۆر باوبوو؛ بەڵام بە دانان و سەقامگیربوونی یاسا و ڕێسا هێرشکردنە سەر کەسان و داشۆرینیان سڕایەوە و ئەوڕۆ کەمتر باوی ماوە.

**نموونە:**

کابرایەکی هەرزە گۆی هیچ و پووچ شیعرێکی بێ تام و هیچ و پووچی بۆ مەلا نەسرەددینی خوێندەوە، مەلا پرسی ((ئەو شیعرەت کەی نووسیوە؟))

کابرا گووتی ((ئەو دەمەی کە لە ئاودەستێ بووم))

مەلا گووتی ((هەر بۆ خۆی دیارە! چونکە کە دەتخوێندەوە بۆن گووی لێدەهات.))

**هەزل -بەرهەڵدایی-:** بە مانای گاڵتەکردن و بێهودە گوتن. ئەوە شیعر یا داستانێکی ناوەڕۆك لاواز و دوورە ئەدەب و خوو و ڕەوشتە و بێ پەردە و بێ پێچ و پەنا لە پەیوەندییە سێکسییەکانەوە دەدروێ. ئامانجیشی تەنیا گەمە و گاڵتە و ڕابواردنە. بەو تایبەتمەندییەش، هەزل لە تەنز کە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە و لە داشۆرینیش کە لایەنی کەسییەتی هەیە و مەبەستەکەی بەد ناوکردن و ناو زڕاندنی یەکێك یا کۆمەڵێکە، لێك جودا دەکرێتەوە.

هەزل جوانی تەنزو تواناو کاریگەری داشۆرینی نییە. دەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری تەنزودا شۆرینە توندەکان دەگەڵ بەرەڵڵاییە (هەزل)دا تێکەڵاوە.

**نموونە:**

مەلا نەسرەددین چوو بووە کوردستان و پیاوماقووڵە کوردەکان داوەتی نانخواردنی نیوەڕۆیەی دەکەن. مەلا نەسرەددین هێندەی لەو خواردنە بەتام و چێژانە دەخوا زگی بای دەکا و خۆی پێ ڕاناگیرێ و شەقە تڕێکی گەورە بەردەدا.

دوای ئەوەی هەڵدەستن و دەڕۆنەوە خزمەتکارەکەی مەلای دەڵێ ((کارێکی چاکت نەکرد کە لەبەردەم و لە ناو ئەو هەموو پیاوماقوڵانەدا بەرتدا.))

مەلا نەسرەددین دەڵێ ((گێلەکە گیان! پێتوایە من هێندە کەمتەرخەم و بێ ئاگام. دەو دانیشتنەیدا ئەمن و تەتۆ نەبێ ئەوانیدی هەموویان کوردبوون و زمانی مەیان نەدەزانی. تڕ کەندنێ منیش خۆ بە زمانی وان نەبوو تا سەرەدەری لێبکەن و تێیبگەن.

**دوا وتە:**

وا دیارە قسەیەك نەماوە ئەوە نەبێ کە سوپاسی دۆستانی ڕێزدار محەمەد حەسەن ئەبرِیشەمی، گێتی بەدەخشان، حوسێن پێلوا، ئیبراهیم جەلیلیان، ئەبو لفەسڵی ڕازانی، مەنسور سەیفی، حەسەن مستەفەوی و موحسین میرزاخانی بکەین، کە هەریەکەیان بە شێوەیەك ڕەنگ و ڕواژا و شێوەیان بەم کتێبە گرت.

هەروەها جێی خۆشییەتی کە ڕێز و قەدر زانیە خۆم بە دۆستانی خۆشەویستم ڕێزداران جەمال میر سادقی و مەیمەنەت میر سادقی (ذوالقدر)، کە نووسینە بێ وێنەکەی خۆیان، (واژە نامەی هونەریی داستان نووسی)یان پێش بلاوکردنەوەی نایە بەردەستم و پێناسەی-بەزلە، لاقرتێ، گەنجەفە، نانووت-تانە، نازۆکی (تەنز)، درکە —کینایە-، داشۆرین (هجو) و بەرهەڵدایی (هەزل) کە بە کەمترین گۆڕانکارییەکەوەم لێوە گواستوونەوە ئێرە... پێشکەش بکەم.

**مەنوچەهری کەریم زادە**

**اسفند ١٣٧٧**

**-١٩٩٨- زاینی.**



"ئارەزووەکانی مەلا نەسرەددینی"

## ئەگەر ببێ، چ دەبێ!

ڕۆژێك مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کاسە ماستێکی بە دەستەوە دەگرێ و لە سەرلێوی دەریایە بە کەوچکان خەریکە ماستی دە ئاوێ دەکا.

گووتیان "مەلا! ئەوە خەریکی چی؟"

گووتی "ئەوە خەریکم ماستاوێ دەکەم."

گووتیان "جابەکاسەماستێکی، دەریایەك ماستاو دروستدەکرێ"

گووتی" دیارە نەء! بەڵام ئەدی هیچ بیرتان لەوەکردۆتەوە ئەگەر ببێ، چ دەبێ!"

## بۆ گەیشتن بە مەبەست

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گایەکی کەتەی زلەی هەبوو دوو شاخی زۆر درێژی بوو. زۆر دەمێك بوو مەلا بە عەزرەتەوەبوو بچێت لە نێوان ئەو دوو شاخانەی گایەکەدا، دانیشێ و بزانێ چ دەقەومێ.

ڕۆژێکیان مەلا کە تازە گایەکەی لە دەشتێوە هێنابۆوە ماڵێ، گایە چوو لەلایەکی حەسارێوە پاڵی دایەوە و دەستیکرد بە وەنەوزدانێ. مەلا بە هەلی زانی و خێرا خۆی هەڵداو چوو لەسەر سەری گایەکە دانیشت و بە هەردوو دەستی شاخی گایەکەی توندگرت.

گای تاین لە پڕ لە جێی خۆی ڕاپەڕی و مەلا نەسرەددینی هەڵدایە هەوای.



ژنێ مەلای لە دەنگی بەربوونەوەی شتێکی زۆر گران و سەنگین تێکراببوو، لە ژوورێ دەرپەڕییە دەرێ و دیتی ئەوە مەلانەسرەددین (مەلای مەشهوور) پانەوپان دە ناوەندی حەسارێدا کەوتووە و سەر و چاوی شەلاڵی خوێنییە. ژنە، وایزانی مەلا مردووە، دەستیکرد بە هاواروبرۆ و گریان و لە خۆدانێ، بەڵام مەلا وردە وردە کەوتەوە جووڵانێ، بەزحمەت هەستایەوە و دانیشت و بە دەم ئاهوناڵەوە بە ژنەکەی گووت"خۆشەویستەکەی لە دڵان ئازیزم مەگریە! هەرچەندە زۆرم تێ گەیوەتێ، بەڵام بەوەی خۆشحاڵم کە بە مرازی خۆم گەیشتم و هەر توانیم لە نێوان دوو شاخەکانی گایەکەیدا دانیشم."

## خەون لێکدانەوە

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەخەونیدا چێشتی شلەی بە پشقلی (پشکل) وشترێ لێناوە. دەچێ خەونەکەی بۆ خەونزانێکی دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکا خەونەکەی بۆ لێکبداتەوە. خەونزان دەڵێ "لێکدانەوەی خەونەکەت دوو دیناری تێدەچێ." مەلا دەڵێ" کاکی برا! ئەگەر من دوو دینارم هەبایە دەچووم بۆ خۆم دەمدا بە باینجان و چێشتێکی شلەی باینجانی پوخت و خاوێنم پێ لێدەنا و ئیدی چ کارم بە پشقلی حوشترێ بوو بۆ شلەی."

## چیم دەوێ، چیت ناردووە!

ڕۆژێکی چلەی هاوینێ، مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) وە ڕێ دەکەوێ بچێتە یەك لە شارەکانی ئەو دەوروبەرە. ماوەیەکی زۆر بە بەر سوورەتاوێدا دەڕوا تابێ تاقەت دەبێ، لەبن سێبەری دارێکی دادەنیشێ و ڕوو لە ئاسمانێ دەکات و دەڵێ "ئەی خودای داماو و لێقەوماوان! بۆ خۆت ئاگاداری کە ئیدی توانای ڕێ کردنم نەماوە. وەرە مەردو مەردانە ولاغێکی جلکراو بۆ مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور)ی نۆکەری خۆت بنێرە و مەهێڵە لە بن ئەو سوورەتاوەگەرمەی لەپێ بکەوێ و لەو چۆڵ و دەشت و دەرەی گۆڕی ون بێ."

هەر دەو دەمەیدا سەروسەکوتی کابرایەکی قوڕمساغ پەیدابوو کە هەوساری جوانووە ئەسپێکی چوار پێنج مانگانەی بەدەستەوە بوو و بە دوا خۆیدا ڕایدەکێشا.

هەر کە پیاوەی قورمساغ چاوی بە مەلا نەسرەددین(مەلای مەشهوور) کەوت لێی قولاند" ئەهای تەنبەڵی تەوەزەلی لەندەهۆڕ! بەسیەتی خۆ مەگەوزێنە و لە سای سێبەرێ وەنەوزان مەدە؛ هەستە وەرە ئەو جوانووە ئەسپە بەستەزمانەی کەمێك لە کۆڵێ کە، هێندە بەرێیەدا هاتووە ناتوانێ هەنگاوان باوێ."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کەوتە پارانەوێ و گووتی کە بۆ خۆشی بەو هەمموو ساڵ و تەمەن و پیرییەوە ناتوانێ بەرێییەدا بڕوا و لەبەر ئەوە لە بێ حاڵیان هاتووە لێرە دانیشتووە. بەڵام هەرچی کردی و کراندی بێ سوود بوو.

پیاوەی ملهوڕ جوانووە ئەسپەکەی بەکۆڵێ مەلا نەسرەددینی(مەلای مەشهوور) داداو بە قامچیان وەرگەڕایە لاق و لەتەری و وەڕێی خست. مەلا نەسرەددین(مەلای مەشهوور) بەهەرگیان کەندەنییەك بوو تا ئەو جێیەی توانی جوانووە ئەسپەی برد و بەجێی خۆی گەیاند و لەوێی دانا، بەڵام لە ماندوویەتی و شەکەتیان بەلاداهات و لە هۆش چوو و دوای ماوەیەك کە وەهۆش هاتەوە، دەستەکانی بەرەو ئاسمان هەڵبڕین و گووتی خودایە! یا من نەمتوانی حاڵوباڵی گوزەرانی خۆمت چاك تێبگەیەنم یاتۆ لە حاڵ و باڵی من تێنەگەیشتی، من داوای شتێکم لە تۆکرد سواری بم، کەچی تۆ شتێکت بۆ ناردم سوارم بوو!"

## هەڵوا خواردنێ مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کۆمەڵێك لە دۆست و ئاشنا و ڕۆشنایانی لێك خڕببوونەوە و لە حەوت ئاشانیان لێدەکرد و چ نەما باسی نەکەن تاقسە هاتنە سەر ئەوەی کە داخوا کێ چی پێ خۆشە و زۆری حەز لەچییە.

مەلا گووتی "من هەڵوام پێ لە هەمموو خواردنێکی دیکە پێ خۆشترە؛ بەڵام حەیف و سەد حەیف کە ئێستا نەمتوانیوە دروستی کەم و تێری بەزگی خۆم لێبخۆم."

گووتیان"چۆن؟"

گووتی "چۆن چاك ، هەرکاتێ ئاردی دەکرم، شەکرمان نییە؛ و شەکری دەکرم ڕۆنمان نییە؛ و هەرکاتێ ڕۆنی دەکرم شتەکانی دی دەماڵێدانین."



گوتیان "باشە ئەدی ئەوە هەرگیز وا ڕێك نەکەوتووە هەمموو شتەکان پێکەوە دەماڵێدا هەبن؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "با..چۆن! بەڵام ئەوکاتەی کە خۆم لە ماڵێ نیم."

## دە خەو و بێداریدا

شەوێکی مەلا نەسرەددین(مەلای مەشهوور) ئەو پیاوەی کە ماوەیەك لە مەوپێش دە لیرەی بە قەرد دابوویە، دەخەوێیدا دەبینێ و یەخەی دەگرێ و لێی نابێتەوە. دەڵێ "چاکم گرتی. زووکە دەی قەردەکەت بدەوە."

پیاوە دەستی دەبا نۆ لیران لە گیرفانی دەردێنێ و دەڵێ"مەلا جارێ ئەو نۆیانە بگرە با یەکەکەی دیش بۆ دوایە بێت."

مەلا دەڵێ "ناخوا! و دڵنیاش بە قەردەکەم بەتەواوەتی نە دەیەوە و هەمموویم پێنەگاتەوە وازت لێناهێنم و کۆڵت لێنادەم.

دەگەڵ پیاوەیدا کەوتە یەك و دوو و پێ هەڵاچوونێ.

بەکورتی لە کابرای سوور بوون و لە مەلای نەسەلماندن، تا لە پڕ مەلا لە خەوێ ڕاچڵەکی و دیتی چ لیرە و میرە لە گۆڕێدا نییە، هەر زوو چاوەکانی قوچاندنەوە؛ خۆی کردەوە خەو و گووتی "ڕاستدەکەی قبوڵە بێنە نۆ لیرەکان بدە ئەوەکەی دیش بۆ دوایە، بزانین خوا چ دەکا."

## نزای بەراوەژوو

ڕۆژێك مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بارەگەنمێك لە کەرەکەی دەنێ و خەریکە دەیباتە ئاشی.

هەروا بەدەم ڕێوە کەوتە خەیاڵان "ئەگەر گەنمەکە هەمووی ببێتە زێڕ، چدەبێ!" و هەر خێرا بەرەو ئاسمان و ڕوو لە خوا دەست بەنزاوە لە کرۆکی دڵییەوە داوا لە خودای دەکا ئارەزووەکەی بۆ وەدی بێنێ.

بەڵام هێشتا نزایەکەی تەواو نە ببوو کە بنی جەواڵەکەی هەڵزڕاو گەنم بە گۆڕێ وەر بوو.

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بەرەوپێش ڕاپەڕی و هەرچۆنێك بوو نەیهێشت ئەوەی کە ماوە بڕژێ، ڕووی دە ئاسمانێ کردو گووتی "خودایە! خوداوەندا!" کە ناشتەوێ گەنمەکەم بکەی بەزێڕ، باشە بۆ دەیڕێژی و بەگۆڕێی وەردەکەی؟"

## ڕۆژێ سەد دینار

مەلا نەسرەددین و کۆمەڵە ئاشنا و ڕۆشنایەکی پێکەوە دانیشتبوون لە هەموو ئاشێکیان لێدەکرد تا دوایە قسە هاتە سەر ئەوەی داخوا کێ حەزی لە چییە. مەلا گووتی "من حەزم لێیە ببمە گەورەی ولاتی.

یەکێك پرسی "ئەوە بوویە گەورەی ولاتی چتدەکرد؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) وەلام دەداتەوە "دەستوورم دەدا ڕۆژێ سەد دینار پاداش بدەنە خۆم تا ئیدی نا چاری کارکردنێ نەبم."

## دەنگی ساف و دڵنەواز

ڕۆژێکیان مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەگەنجینەی حەمامێدا خەریکی خۆ شوشتنێە و دەست دەکا بە نارە ناری ئاوازی گۆرانییەکی، دەنگە دە حەمامێدا دەنگدەداتەوە و مەلا کاتێ دەبینێ دەنگی ئەوەندە خۆشە هێندەی دیکەی دەنگ لێ هەڵدێنێ و دەستدەکا بە گۆرانیان.

کە لە حەمامێ دێتە دەرێ، بە خۆی دەڵێ "حەیفە خەڵکی لەم جۆرە دەنگ و ئاوازە خۆش و بەتام و چێژەی بێبەش بن" و ئیدی هەر ڕاست چووە سەر گوڵدەستەی مزگەوتێ و دەستیکرد بە بانگدانێ.

خەڵکی هەموو هاتنە دەوری گوڵدەستەی مزگەوتێ و بە سەرسامی و واقی وڕەوە کەوتنە دە مەلا ڕوانینێ یەکێك هاواری کرد "ئەهای کابرا! ئەوەکێ فێری کردووی بەو دەنگە ناسازەتەوە بانگی ناوەخت بدەی؟"



مەلاش کە ئەمجارەیان دەنگەکەی خۆی هەر پێ خۆش نەبوو گووتی "ئەگەر کەسێکی خێرەومەند دەبوو و گەنجینەیەکی حەمامێی لەسەر گوڵدەستەی مزگەوتێ دروستدەکرد و منیش دەوێمدا بانگ دەدا، ئەوددەمی دەتانزانی چ دەنگێکی ساف و دڵنەوازم هەیە."

## خەو و خەزنە

شەوێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دە خەوێیدا خەزنێکی زۆر قورس و گران دە دۆزێتەوە دەیهەوێ بە کۆڵی خۆی دادا و بیباتەوەماڵێ، لەبەر قورسیان هێندە تین دە خۆی دەکا دە شەرواڵەکەی دەڕی.

کە وەئاگا دێتەوە ژنەکەی بەسەریدا دەقیژێنێ "ئەوە تەریق نابییەوە بە خۆو ئەو هەموو ساڵ و تەمەنەوە دەخۆت دەڕی؟

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەڵێ "هەروا لە خۆتەوە قسان مەکە! ئەگەر خەونەکەم وەڕاست دەگەرا ئێستا دەست و پێت ماچ دەکردم و ئەگەر شەڕواڵە کەشم ئاوا زەردتریش کردبایە هەنجەتت لێنەدەگرت. چ لە بەختەڕەشەکەی خۆم بکەم کە نیوەی خەونەکەم وەراست گەڕاوە.



## چێشت خواردنی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)

ڕۆژێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) قاپە چێشتێکی لەبەردەمی مەلای دادەنێ و بۆ خۆشی لە تەکیەوە دادەنیشێ و دەستدەکا بە خواردنێ هەرکە یەکەمین کەوچکێ دە زاری دەنێ، هەرچی ناوزار و مەلاشوویەتی دادەپلۆخێ لەگەرمان لە تاوان هەر دوو چاوی پڕدەبن لە ئاو، بەڵام چ دەنگان ناکا تا مەلا نەزانێ چێشتەکە وا گەرمە و ئەویش دەمو زاری بسووتێ.

مەلا بە ژنەکەی دەڵێ"ئەوە چ بوو وا لەپڕ گریانت هاتێ؟"

ژنە وەلامی دایەوە "هیچ! ئەوەم وەبیرهاتەوە کە خوا لێیخۆشبووی دایکم زۆری حەز لەو چێشتەی بوو

مەلا گووتی "خوای لێخۆش بێ!"

و کەوچکێکی چێشتی گەرم خوارد، وای دەموزار داپلۆخا ئاوی بەچاواندا هاتە خوار.

مەلا ژن بەخۆشحاڵییەوە گووتی"ئەدی ئەتۆ بۆ وەگریە هاتووی؟"

مەلا سەرێکی بادا و گووتی "خەریکم بۆ ڕۆژ و ڕۆژگار و حاڵ و باڵی خۆم دەگریم."

ژنە پرسی "جا بۆ؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "منیش دایکتم وەبیرهاتەوە کە توانی کچێکی بەد فەساڵ و ترشاو و تەپیو و پیرەکچ بە ملی منی بەدبەخت و ناوچەوان ڕەشەوە بکات و ئەوە بۆیە لە خەفەتان دەگریم."



## بە هۆی نەبوونی کاتەوە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە کۆڵانێکیدا دەڕۆیشت، پیاوێك تا دەستی هێنای تەوقاتێکی لە پشت ملێدا و گووتی "حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟"

مەلا دەستوبرد ئاوڕیداوە و دەکابرایەوە ڕاما. پیاوەکە گووتی "دەك هاوار بەماڵم! زۆر داوای لێبووردنێ دەکەم. دەبێ بمبووری بە یەکێکی دیکەت تێگەیشتم."

مەلا پۆزشی پیاوەی قبولێ نەکرد و یەخەی گرت و ڕاکێش ڕاکێش بردیە لای قازی.

کە قازی لە ڕووداوەکەی ئاگادار بوو و تێگەیی بە مەلای گووت "هەقی تۆیە و ئەگەر بتەوێ دەتوانی تۆش تەوقاتەکەی خۆتی لە جیاتیان لێدەیتەوە، تۆڵە بە تۆڵە."

مەلا گووتی "بەوەی قایل نیم"

قازی گووتی "کەواتە لیرەیەکی لێ بستێنە و گەردەنی ئازادکە."

مەلا گووتی "قبوڵمە."

پیاوەکە بە قازی گووت "من ئێستا چ لیرەم پێ نییە، ڕێم بدەن بچمەوە ماڵێ بیهێنم."

قازی قبوڵی کرد و پیاوە لێیدا ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە.

مەلاکە لە چاوەڕوانیە کابرای وەڕەز ببوو، هەستایە پێ و تا دەستی هێنای تەوقاتێکی مزری لە پشتەملی قازی دا و گووتی "جەنابی قازی! لەبەر ئەوەی بەندەکار و ئیشم زۆرە لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕێ بم، هەرکاتێ ئەو پیاوە هاتەوە و لیرەکەی هێنا بۆ خۆتی لە جیاتی ئەو تەوقاتەی لێ وەرگرە."

## هاتوچوونی دۆستانە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) چووە ماڵی بازرگانێکی گەورەی شاری و ویستی بیبینێ.

نۆکەری بازرگانی گووتی "بەڕێزیان لەوێ نییە."

رۆژی دواتر، وا رێکەوت هەمان بازرگان ویستی بچێتە لای مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) و چووە بەر دەرکێ و لە دەرکێی دا. مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لە پشت دەرکێڕا گووتی "من لە ماڵێ نیم کاکە:"

بازرگان گووتی "گاڵتە مەکە مەلا! ئەوە بۆ خۆتی؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "خۆت گاڵتە مەکە. من دوێنێم بەقسەی نۆکەرە هیچەکەی تۆ باوەڕکرد. کەچی تۆ ئەمرۆ بە قسەی من باوەڕناکەی؟"

## قەرە بوو

رۆژێکی کچێ مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) بە چاوی گریانێوە هاتە لای باوکی وگووتی "مێردەکەم زۆری لێداوم و لە ماڵێشی وەدەرناوم."

مەلا نەسرەددینیش (مەلای مەشهوور) بێ ڕاوەستان لیسێکی تاودایە و بە لیسانی وەرگەرایە و گووتی "هەر ئێستا بچۆوە بە مێردەکەت بڵێ ئەگەر تۆ لە کچی من دەدەی ئەوە منیش لە جیاتیان ژنە کەتم بۆ تەمبێ کردوویەوە.

## قیامەت نزیکە

رۆژێکیان ژمارەیەك فێڵباز دەچنە لای مەلای و دەڵێن "مەلا! وابزانە هەروا سبەینێ دنیا ئاخردە بێت و قیامەت ڕادەبێ. جا هەتا هەلە وەرە بمانبە باغێکی خۆش و با سەفاو ئەو شەکە قەڵەو ودابەستەیەشمان بۆ لە عەردیدە و کەبابێکی تێر و تەسەلمان بدەیە تا ئێمەش دەستە و نزا بۆت بپارێینەوە تا ڕووسپی ئەو دنیای دیش بی."

مەلا قایل دەبێت و شەکەکەی دەبا و دەچنە باغی و سەری دەبڕن و کەبابێکی چەور دەخۆن.

هەروا تاوێك دوای نیو ڕۆژەی کاتێ هەوا زۆرگەرم دەبێ بێجگە لە مەلا ئەوانی دی هەموو خۆیان ڕووت دەکەنەوە و جلەکانیان دادەنێن و دەکەونە حەوزێوە.

مەلاش کە لە سەربڕینی شەکەکەی پەشیمان بۆتەوە جلەکانیان هەموو کۆدەکاتەوە و لە سەریەکیان دادەنێ و ئاورێکیان تێبەر دەدا. کاتێ میوانە فێڵبازەکان لە ئاوێ دێنەوە دەرێ



دەبینن ئەوە جلەکانیان هەمووی سووتاوە و بۆتە پەڵاس. بە مەلای دەڵێن "ئەوە ئەو کارە چییە کردووتە؟ شێت بوو وی؟"

مەلا دەڵێ "ئێوەش هەروا بزانن کە هەر سبەینێ دنیا ئاخر دەبێ و قیامەت ڕادەبێ، جا کە وایە ئیدی جل و بەرگەکانتان بە کەڵکی چی دێ؟"

## مانگا و گوێلك

رۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەیهەوێ گۆلکەکەی لە دەشتێوە بهێنێتەوە ماڵێ. بەڵام گۆلکەی تاین هێندە بەدخووییە دەکا و مەلای هێندە بە دوا خۆیدا ڕادەکێشێ و ئەوەندەی بێزە و بەوێدا دەدا مەلای وە هەناسەبڕکێ دەخات و لە پەل و پۆ دەکەوێ کاتێ دەزانێ دەروەستی گوێلکی نایە کە دەگاتەوە ماڵێ لیسێکی لە داکی هەمان ئەو گوێلکەی تاو دەداتێ و وەریدەگەڕێتێ بە لێدانێ.

مەلاژن هاواری لێدەکا "ئەرێ ئەوە لە کەللەی داوی! وائەو بەستەزمانەت وەبەر لیسان داوە؟"

مەلا دەڵێ "ئاخر تۆ نازانی من چیم بەدەست گوێلکی ئەو مانگایەوە چێشتووە لە دەشتێ. یەك دانە سەعاتی تەواوم قەترەسە لە دوو کردووە تابیگرم و بیهێنمەوە ماڵێ، کەچی ئەو هێندەی هێنام و بردم و هێندەی جووتە هەڵاویشتن لە کەڵکی خستم."

مەلاژن گووتی "باشە ئەوا گوێلکەکە وای لێکردووی، بۆ لە مانگالەکێ دەدەی؟" مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "ئەگەر ئەو مانگا نارەسەنەم ئەو جرتو فرت و جوتە و هەڵاویشتنەی فێرە ئەو گوێلکە شەش مانگانەیە نەکردبایە ئەو ئەوانەی لە کوێ دەزانین؟"

## گەدا و مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور)

رۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لەسەربانی نووستبوو و گوێی لێیە لە دەرکێ دەدەن هەروا لەسەربانییەوە دەڵێ "کێی و چتدەوێ؟"

وەڵامەکە دێتەوە "زەحمەت نەبێ هەروا بەسەرپێوە وەرە خوارێ تا پێت بڵێم."

مەلا هەڵدەستێ و پێڵاوان دەپێ دەکات و لە بانیڕا دێتە خوارێ. دەرکێ دەکاتەوە و دەبینێ پیاوێکی جل و بەرگ شڕو وڕە و لە پشت دەرکێوە ڕاوەستاوە.

مەلا دەپرسێ "چتدەوێ؟"

پیاوە دەستەکانی بەرەولای پان دەکاتەوە و دەڵێ "هەژارم! نەدارم! بێدەرەتانم! یارمەتییەکم بدە!"

مەلا دەڵێ "وەدووم کەوە."

پیاوەی گەدا هەنگاو بە هەنگاوی مەلای دەڕوا تادەگاتە سەربانی.

لەسەربانی مەلا هەناسێکی قووڵ هەڵدەمژێ و بە کابرای گەدا دەڵێ "دەبێ ببووری هیچم دە باریدا نییە و ناتوانم هیچ کۆمەکێکت بکەم."

گەدایە تووڕە دەبێ و دەڵێ "کابرا! بۆ چیت ئەوە هەر لەبەردەرکێ نەدەگووتمێ وتا ئێرەت وە دوو خۆت نەدابام؟"

مەلا گووتی "ئەدی ئەتۆ بۆ قسەکەی خۆتت هەر لە پشت دەرکێوە نە کردو ئەمنت لێرە لەسەر بانییەوە هێنایە خوارێ، بەردەرکێ!"



## پاداشی وانە خوێندنێ

کوڕی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) هەواڵی دایە بابی کە جزوی عەممەی تەواو کردووە.

مەلا زۆر شاد و شەنگوڵ و خۆشحاڵ بوو و گووتی "پێم خۆشە لە پاداشتی ئەوەی شتێکت بدەمێ جا بۆیە سەرپشك بە و شتێکم لێداواکە."

کۆڕی مەلای هەرگیز پێی وانە بوو بابی بەو دەست و دڵ کراوەییەوە و ئاوابە و دڵاواییەوە بێتە پێشێ بۆیە بە دەستە پاچەییەوە گووتی "تاسبەینێم لێگەڕێ بیرێك بکەمەوە بزانم چیم دەوێ." ڕۆژی دوایی کوڕی مەلای بە شۆڕ و شەوق و تاسەوە گووتی "بابەگیان! من جوانووە ئەسپێکم دەوێ." مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهور) گووتی "دوێنێ پێم گووتی کە هەر تەنیا شتێکم لێ داوابکە و مۆلەتیشت لێوەرگرتم و منیش مۆڵەتم دای. بەڵام خۆمن نەمگووتووە ئەتۆ وەرە دوو شتان لەمن داوابکە!"

## خواردنی خۆش

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) سی و جگەرێکی دەکڕێ و دەیباتەوە ماڵێ لە ڕێیە تووشی ئاواڵێکی خۆی دەبێ و ئاواڵەکەی دەڵێ "مەلا دەتەوێ ئەو جەرگوناوەی چۆن لێنێی؟"

مەلا دەڵێ "دەیبرژێنم."

ئاواڵەکەی مەلای دەڵێ "جا ئەوە هەموو کەسێك دەیزانێ؟، ڕاوەستە جۆرە لێنانێکت فێرکەم هێندە بەتام بێ مەپرسە."

مەلا دەڵێ "جا لەبەر ئەوەی من بیرم پەرتە. بۆم بنووسەوە تا لەبیرم نەچێتەوە."



دۆستی مەلای شێوازی لێنانەکەی بۆ لەسەر پارچە کاغەزێکی نووسی و مەلاش لێی وەرگرت و چۆوە ماڵێ.

هەرکە گەیشتەوە ماڵێ جەرگەکەی لەسەر لێواری حەوزێ دانا تا دەست و دەموچاوی بشوا قەلە ڕەشێك دایهاتێ و جەرگەکەی برد و چۆوە سەرداریێ و نیشتەوە.

مەلا سەیرێکی قەلەکەی کرد و کە زانیشی دەستی نایگاتێ و هیچی بۆ دەگەڵ ناکرێ شێوازی لێنانەکەی لە گیرفانی دەرێنا و بەرامبەر قەلەکەی ڕاگرت و گووتی "ئەوە جەرگەکەت برد.

هەرنەبێ وەرە شێوازی لێنانەکەشی بەرە، باخواردنێکی خۆش و بەتام دروست کەی."

## دەست و دڵاوایی

ڕۆژێکی کوڕەکەی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) بە بابی گووت "دوێنێ شەوێ دەخەونمدا دینارێکت بەخشیش دامێ."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "ڕاستە! بەڵام چونکە کوڕێکی گوێڕایەڵ و چاکی قسان دەبیسی ئەو دینارەت لێ ناستێنمەوە. برۆ چۆنت حەزلێیە وای خەرجکە و ڕابوێرە."

## کرێی ئەمڕۆ و کرێی ئەو ڕۆژە

ڕۆژێکیان مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەچێتە حەمامێ و دەگەڵ ئەوەشدا کە بەردەستەکانی حەمامێ بە پیرییەوە ناچن و پێشوازی لێناکەن، کاتی هاتنەوە دەرێی دە دیناریان بەخشیش دە داتێ.

چەند ڕۆژێك دواتر، کە مەلا دەچێتەوە حەمامێ، ئەمجارەیان بە هیوای ئەوەی بەخشیشی زیاتریان دەست کەوێ، بەردەستەکان وەك پەروانە بە دەورو خولیدا دێن و دەچن و خزمەتی دەکەن. بەڵام مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کاتی هاتنەدەر و ڕۆیشتنەوێ تەنیا یەك دیناریان دەداتێ.

حەمامچی کە سەری لەوکارەی ماساوە، دەڵێ "جەنابی مەلا! بۆ جاری پێشووکە کەست بە دەنگەوە نەهات، دە دینارت بەخشیش داو کەچی ئەمجارەکە هەموویانت دە پێشوازیدا بوون و ڕێزی تەواویان لێگرتی، لە دینارێکت زیاتر بەخشیش نەدا؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "بەخشیشی ئەمڕۆم ئەو ڕۆژەدا و بەخشیشی ئەو ڕۆژەشم ئیمڕۆدا تالە مەودوا زیاتر و چاتر خزمەتی مشتەرییەکانتان بکەن."

## دەستخۆشییە بۆقەکان

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە سواری وڵاغێکی بە چۆڵ و بیابانێکی و شك و برینگ و قاقردا تێدەپەڕێ کە کتوپڕ زۆنگاوێکی دێتەپێش. وڵاغی مەلای کە یەکجار تینووە، هێندە بەپەلە بەرەو زۆنگاوێ خۆ دەکوتێ مەپرسە، هەر لە دوورەوە خۆ داوێتە زۆنگاوێ، دەگاتێ و ناگاتێ تابن دەستان ڕۆدەچێ و دەوێدا گیردەبێ و دەچەقێ.

مەلا ماوەیەك هەی لە وەڵاغەکەی دەکات و دەنگی دەدا تا لە زۆنگاوێی بێنێتەوە دەرێ، بەڵام کاتێ دەبینێ کە هەوڵ و تەقەلاو کۆششەکەی بێسوودە، بە نائومێدییەوە ڕادەوەستێ و چاوەڕێ دەکا بزانێ خوا چ دەکا.

دەوبێنەو بەرەیدا، بۆقەکان دەست دەکەنە قاڕوقوڕێکی وڵاغی مەلای لە ترسان تەکانان دەداتە خۆی و بە پەلە پڕووزە لە زۆنگاوێ دێتەوە دەرێ و دەردەپەڕێ.

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لەو ڕێکەوتەی زۆر شاد و خۆشحاڵ دەبێت و دەست دەبات مشتێك پارەی وردە لە گیرفانی دەردێنێ و بە زۆنگاوێی وەردەکا و دەڵێ "ئەی مەلە خۆش ئاوازەکان! ئەوە ئەو پارانە لە جیاتی ئەو چاکە و میهرەبانیەی دەگەڵ منتاندا کرد، بڕۆن شیرینیەی پێبکڕن و نۆشی گیانتانیکەن."

## ڕاسپاردەی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) زۆر نەخۆش دەبێ و دەکەوێتە سەرجێی. دەڵێ ئاخوندم بێننە سەرینێ و ڕادەسپێرێ کە مرد هەزار دیناری بدەنە ئاخوندەی گەرەکێ، پێنج سەد دیناری



بدەنە هەژار و نەداران، پێنج سەد دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتێ دانێن، پێنج سەد دیناری بۆ ژن و منداڵەکانی وەلانێن و هەزار دیناریش بەسەر دەر و دراوسێ و هاوسێیاندا ببەشنەوە. ئاخوندە بە سەرسامییەوە گووتی "مەلا! دیارە کاروبارەکانت چاك بەڕێوە چووە و ئاشکرات نەکردووە."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "سوێند بە خودای ئاوم دە قاپ و کەوچکاندانیە! ویستم دوای مردنم هەرکەسێکی نامەی ڕاسپاردەکەمی خوێندەوە نەڵێ مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) پیاوێکی سواڵکەر و هیچ و پووچ بوو."

## یادگاری بە نرخ و گرانبەها

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) شەرواڵێکی شڕ و وڕو دڕاوی دایە هەژارێکی و گووتی "ئەوە یادگاری بابی خوالێخۆشبوومە و دەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرم لە لائازیزە دەیدەمە تۆو لە خودای دەخوازم سەد ئەوەندەی ئەوەم لە باتیان بداتەوە."

هەژارەکە چاوێکی بە پینەو پەرۆو کەلێن و کون و کولەبەری شەرواڵەکەدا خشاند و گووتی "باوکی خوالێخۆشبووتان زۆر بێوادە مرد و دەستی لەو دنیایە بەردا و چووە بەهەشتێ"، نەدەبوو وازوو بمرێ هەرنەبا دەبوو چەند ساڵێکی دیش مابایە و ئەو شەرواڵەی لە پێکردبایە. بەڵام ئەگەر ئێوە لوتفتان دەگەڵ من کردبایە و لە جیاتی ئەو شەرواڵە پارەیەکت دابامایە هەم یادگارەکەی بابی ڕەحمەتیتان دەما و هەم منیش شادتر دەبووم."



## ئەمە بەوە

فەرمانڕەوای شاری دەگەڵ مەلا نەسرەددینیدا دەگەرمەی قساندا بوو کە سێ چوار قرپ (قرقێنە)ی جانانەی دا.

مەلا گووتی "ئەوە لە شاری وەدا ئەم جۆرە کارانە بێ ئەدەبی نین؟"

فەرمانڕەوا وەڵامی دایەوە "نا هەرگیزا و هەرگیز!"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور)یش بێ سێ و دوو بایەکی بە با کرد و گووتی "ئەم کارەش لە شاری مەدا چ عەیبێکی نییە."

## دوایە چ بوو؟

مەلا نەسرەددین دەگەڵ پیاوێکی خۆپەسەند دانیشتبووە قسان.

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "دوێ شەو خەونم پێوە دیتی، دەخەوێمدا سواری ئەسپێکی قیت و قۆزی باڵا بەرز ببووی."

پیاوە خۆپەرست و خودپەسەندەکە زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو و گووتی "دوایە چی؟"

مەلا گووتی "بە شکۆمەندی و ناز و بازەوە بە بەردەمی خەڵکیدا تێدەپەڕیت و خەڵکەکەش هەموو ئیکلامیان دەکێشا و ئاوزەنگیان ماچ دەکردی."

پیاوەی خۆپەسەند خۆشحاڵتر بوو و گووتی "ئەدی دوایە چی؟"



مەلا گووتی "کە بە چاکیم سەرنج دا دیتم لە جیاتی تاج ئەوە پەڵکە شووتییەکی خەت خەتت لەسەری خۆت ناوە لە باتی خەنجەرێ خەیارێکی خوار و خێچت لەبەر پشتێندێ چەقاندووە."

پیاوەی خۆپەسند تووڕە بوو گووتی "بەسە بیبڕەوە ئەسڵەن ناماقوڵێت کردووە خەونت بەمنەوە دیوە."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "بۆ خۆت ناماقوڵێت کردووە کە بەو جل و بەرگ و سەروسەکوتەتەوە هاتوویە خەونی من."

## بیانوو ـ هەنجەت

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لە بن دارێکی دانیشتبوو مریشکی سورکراوەی دەخوارد.

سواڵکەرێك کە بەوێدا دەڕۆیشت بە مەلای گووت "هێندێکیش بدە من بیخۆم."

مەلا گووتی "ببوورن! ئەو مریشکە سوورەوەکراوە ئی من نییە."

سواڵکەر گووتی "ئەدی ئەوە نییە خەریکی دەیخۆی."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "ئەوە خاوەنەکەی بۆ خۆی دایمێ بیخۆم."

## تۆڵە ـ قەرەبوو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەگەڵ دۆستێکیدا دەچنە دەری شاری بۆ گەڕانێ.

هێشتا نیوفرسەخ دوور ناکەونەوە، مەلا لە کەرەکەی دێتە خوارێ و دەڵێ "ماندوو بووم! واچاکە بچینە ئەو ئاوەدانیەی ئەوبەرێ و نیوەڕۆژەیەکی بۆ نیوەڕۆیە ئامادەکەین تا برسی نەبین."

دۆستەکەی مەلای گووتی "قسێکی خراپ نییە، دە تۆ بڕۆ گۆشتی بێنە با منیش لێینیم."

مەلا دەڵێ "یەکجار زۆر ماندووم، وەرە و پیاوی چابە ئەتۆ ئەو زەحمەتەی بکێشە."

دۆستی مەلای چوو گۆشتی کڕی و هاتەوە دیتی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) ئەوە پرخ و هۆڕیەتی و نوستووە. بانگی کرد "مەلا! ڕاستبەوە دەی هەستە ئاوری بکەوە و گۆشتی ببرژێنە"

مەلا چاوی هەڵێنان و گووتی "ئەدی ئەوە نابینی لە ماندووەتیان خەو بردوومییەوە. ڕاستییەکەشی من هەرگیز نازانم گۆشتی ببرژێنم."

دۆستی مەلای ئاوری کردەوە، گۆشتی برژاند و بە مەلای گووت "دەهەستە. بچۆ هێندێك ئاو بێنە، با هەر نەبێ بڵێن ئیشێکت کردووە."

مەلا هەروا بە درێژبوونەوە، گووتی "باشە چەندی بڵێم ماندووم تا باوەڕکەی؟ بێ زەحمەت ئەوەندە کارەش هەر بۆ خۆت بکە ئیشاڵڵا دەشوێنی خۆیدا تۆڵەی دەکەمەوە."

دۆستی مەلای چووە سەر کانییە ئاوی هێناو هاتەوە، سفرەی ڕاخست و بەمەلای گووت "دە ئێستا هەستە نانی بخۆ."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "هێندەم گووتووە ماندووم کە ئیدی لە خۆم تەریق دەبمەوە ئەو جارەش خۆ بگنخێنم و ئەوکارەش هەربە ملی تۆدا بێت!"

ئەو جا هەستا و هاتە سەر سفرەی و بە هەردوو دەستان کەوتە گۆشت خواردن و پاروو بادانێ.

## وەڵامی کەرێ

دراوسێیەك چووە لای مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) و گووتی "کەرەکەتم بدەیە دەچم بارە دارێکی بۆ ماڵێ پێدێنم."

مەلا گووتی "کەمێك ڕاوەستە بابچم پرسێکی بە خۆی بکەم، ئەگەر قایل بوو ئەوە ئەمنیش قایلم و قسەم نییە."

ئەوجا هەستاو چۆوە ماڵێ و هاتەوە گووتی " کەرەکەم دەڵێ مەمدە دەست ئەو پیاوەی چونکە هەم لێم دەدات و هەم هەرچی جنێوە و قسەی سووکە بە خاوەنەکەشمی دەڵێ."

## قسەی پیاوان

لە مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) یان پرسی "چەند ساڵی؟"

گووتی "چل ساڵ."



گوتیان "جا ئەوە چۆن وا دەبێ؟ دە ساڵ پێش ئێستا گووتت چل ساڵم."

مەلا گووتی "ئێستاش هەر دەڵێم چل ساڵم، ئەگەر بیست ساڵی دیکەش بپرسنەوە هەروا دەڵێمەوە، چونکە قسەی پیاوان یەکە."

## خەونی بەیانیان

شەوێکی کە مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) خەریکی چوونە سەرجێی نووستنێ بوو. بە مەلاژنێ خێزانی گووت "بەیانی زوو هەڵمستێنە با لە وەختدا نوێژەکەم بکەم."

مەلاژن گووتی باشە و بەیانی ڕۆژی دوایی چووە سەرسەری مەلای و گووتی"هەستە ئەوە تاو خەریکی کەوتنێیە."

مەلا لەسەر تەنیشتێکەوە خۆی سوڕاندە سەر تەنیشتێکی دی و گووتی "لێمگەڕێ با بنووم ئێستا نیوە شەویش نەبووە."

ژنێ مەلای ڕایتەکاند و گووتی "ئەوە تۆ لە کوێی؟ هەستە ئەوە خەریکە تاو هەڵدێ."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە بۆڵەبۆڵەوە گووتی "لێگەڕێ بنووم ژنەکە! لەوانەیە خۆربیەوێ نیوەشەوێ هەڵبێ، ئیدی خۆ من مەجبوورنیم بە ساز و سەنتووری وی هەڵپەڕم."

## دەستی چەپ و ڕاست

شەوێکیان ژنێ مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) مەلای لە خەوێ هەستاندو گووتی"مەلا! ڕاستبەوە"

مەلا بە چاوی خەواڵووەوە پرسی "چبووە؟"

مەلاژن گووتی "درۆم نەکردبێ دز دەماڵێدایە."

مەلا گووتی "کچێ دزی چی، درێژبەوە بنوو."

ژنە ویستی بنوێتەوە دووبارە دەنگی ترپەی پێیەکی بیستەوە و بە مەلای گووتەوە"هەستە مەلا! دڵنیام دزمان هاتۆتە سەرێ."

مەلا گووتی "ئێستا کە هەر دڵنیای دزە، بۆ خۆت چارەسەرێکی بکەو هێندە من لە خەو مەکە."

ژنە گووتی "دەشخارتەکەم بدەیە با چرایەکەی هەڵکەم، بەڵکە دزەکە بترسێ و هەڵێ."

مەلا بە ئاخ و ئۆفەوە گووتی "جا ئێستا شخارتەکە لە کوێیە؟"

مەلا ژن گووتی "بەلای دەستی ڕاستەوە، لەسەر تاقەکەیە."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە چاوی خەواڵووەوە بە تووڕەیی گووتی"ژنەکە ئەوە تۆ دەڵێی شێتی؟ دەو تاریکیەیدا چاو چاوی نابینێ، من چۆن دەتوانم دەستی ڕاست و چەپی خۆم لێك جوداکەمەوە.

وەرە درێژبەوە و لێگەڕێ با ئێمەش خەوی مەرگێك بکەین و تاوێك بخەوین."

## دووپاتەی وانەی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور)

ئەوکاتەی کە مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەچووە حوجرێ، ڕۆژێکیان ئاخۆند لێی دەپرسێ "نصر" چ جۆرە وشەیەکە؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) وەڵام دەداتەوە "چاوگە"

ئاخوند دەڵێ "ئەوە چ جۆرە وانە خوێندنێکە تا هێشتا جیاوازی لە نێوان کار و چاوگدا نەزانی؟"

مەلا نەسرەددین دەڵێ "ئیختیارت هەیە! من هەر لە هەوەڵێوە دەمزانی "نصر" کارە، بەڵام ئەگەر ڕاستییەکەیم بگووتبایە تووشی دەردەسەریە دەبووم، چونکە ئەو دەمی دەتگووت بارەکانی بگۆرە و منیش تاقەتی ئەوەم نەبوو، گووتم نەء باهەر بلێم چاوگە و بڕێتەوە باشترە.

## دەنگی کەرێ

ڕۆژێکیان دراوسێیەك ویستی کەرێ لە مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) بخوازێتەوە.

مەلا گووتی"زۆر داوای لێبوردن دەکەم! کەرەکەمان لە ماڵێ نییە."



لە بەدبەختیان هەر دەو دەمەیداکەر دەستی کرد بە زەڕە زەڕێ.

دراوسێیەکە گووتی "خۆ ئێوە فەرمووتان کەرەکەتان لە ماڵێ نییە، کەچی زەڕە زەڕەکەی وا خەریکە گوێی ئاسمان کەڕ دەکا."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) تووڕە بوو و گووتی "پیاوێکی  سەیر و بێ متمانە و بیروباوەڕی، بە قسەی ڕیش سپییەکی وەك من باوەڕ ناکەی، بە زەرە زەڕی کەرێ باوەڕدەکەی."

## پۆزشی تەواو

یەکێ لە دراوسێیەکانی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) داوای گوریسی لێکرد. مەلا چۆوە دیوی نێوماڵێ و هێندەی پێنە چوو هاتەوە گووتی "دەبێ زۆر ببووری هەرزنمان لەسەر گوریسەکەی هەڵخستووە تا وشك ببێتەوە."

هاوسێ بەسەرسامییەکەوە گووتی "گوریس و هەرزن لەسەر هەڵخستن؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "پیاوی باش، ئەدی گوریست نادەمی یەعنی چی، ناکادەوەش نەگەی؟!.

## فەلسەفەی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی "ئەوە بۆ جلەکانت ناشۆی و بۆ دەهێڵی هێندە چڵکن بن؟"

وەڵامیدایەوە "جا باشە بۆ بە خوت و خۆڕایی خۆم ماندووکەم، خۆ هەر چەندێکیان بشۆم هەر چڵکن دەبنەوە و."

گووتیان "جا چییە باچڵکن ببنەوە، دووبارە بیان شۆوە."

گووتی "خۆ من هەر تەنیا بۆ جل شوشتنێ دروست نەکراوم، کاری دەدیشم هەن."

## مژدانه

پیاوێك چووه لای مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) و گوتی "چاوت ڕوون! مژدانەکەی بدە."

مەلا پرسی "مژدانەی چ بدەم؟"

پیاوەکە گووتی "وەکو بیستوومە خوا کوڕێکی داونێ."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "ئەگەر بە گوێی من دەکەی قەت دەست دەئیشی خوای وەرنادەی."

## مەتەڵ گوتنێ مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)

کۆمەلێك دانیشتبوون و لێك خڕ ببوونەوە و مەتەڵیان لێك دادێنان.

بە ڕێکەوت مەلا نەسرەددینیش بە وێدا هات و لایدا.

یەکێك گوتی "مەتەڵێکی داهێنە، تا ئێمەش هەڵیبێنین.

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەستێکی بە ڕیشیدا هێناو گوتی "بزانم دەزانن ئەو باڵندە پەرسەوزەی وەك ئادەمیزادان دەدوێ چییە؟"

هەموویان پێکەوە گووتیان "تووتی!"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "نەخێر! هەروا ئاسان نییە!"

گووتیان "باشە ئەدی ئەگەر تووتی نییە چییە؟"

مەلا گووتی "ماسی!"

یەکێك گووتی "پیاوی باش ماسی کەی سەوزە."

مەلا وەڵامی دایەوە"باشە! ناکرێ یەکێك ڕەنگی کردبێ."

یەکیدی گووتی "ماسی هەرگیز ناچێتە سەر لاخە دارێ و هەڵبنیشێ."



مەلا گووتی "ئەگەر یەکێك بردبێتی و لە وێی دانابێ.

دوو سێ نەفەر گووتیان "ئای بابا! جا بۆ وا پێ دادەگری و لە قسەی خۆت نایەیتە خوارێ، هەموو ئەو شتانەی تۆ دەیانڵێی نیشانەی تووتین."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) سەرێکی بادا و گووتی "جا ئەگەر هەموونیشانەکان ئی تووتی بن ئەوە ئیدی نابێتە مەتەڵ!"

## ئەوەی یەکەمجار دوا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە ژنەکەی گووت" تا ئێستا هەرمن ئاو و ئالیکم داوەتە کەرەکەمان و لەمەودواش دەبێ ئەوەکاری تۆبێ و ئاو و ئالیکی بدەیەی، مەلاژن قایل نەبوو و ملی نەدا و لێیان بوو بە کێشە و بگرە و بەردە و هەراو زەنایەك ئەوەی لەکن خوای ناخۆشە پێکتریان گووت و بڕیاریاندا قسان لێك ببڕنەوە و یەکتری نەدوێنن و قەراقوپ کەسیان ورتەیان لە زاری نەیەتەوە و ئەوەی قسەشی کردەوەو یەکەمجار دوایەوە ئەوە ئاو و ئالیکی کەرێ ئەو بیدا."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) و ژنەکەی ماوەیەك یەکتریان خستە ژێر چاوەدێری خۆیان لام و جیم و ورتەیان لە زاری نەیە تا دوایە مەلاژن ئارامی لێ هەڵگیراو حەوسەڵەی نەما، هەستا و چووە ماڵە دراوسێیەکیان.

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە تەنێ مایەوە لە ماڵێ. کە تەنیا بۆوە دیتی ئەوە دزێك هاتووە و لەسەر دیواری دانیشتووە و چاوان بە حەسارێدا دەگێڕێ. مەلا هەرمێشیشی میوان نەبوو و هەر بە سەرخۆشی نەهێنا و لەجێی خۆی نەبزووت، لەوەی دەترسا مەلاژن فێڵێکی بۆ سازدابێ و وای لێبکا وەقسەی بێنێتەوە.

کە دزە دیتی دنیا شامێ شەریفە و دەنگ و بەنگ نییە و ماڵ خامۆشە، لەسەر خۆ لە دیواری هاتە خوارێ و دەستیکرد بە گەڕان و سوڕانێ دە نێوماڵێدا و لە پڕکە چاوی بە مەلای کەوت هەوق بوو و گووتی "سەلامو عەلەیکوم، جەناب!"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) زەق زەق تەماشای دزەی کرد و هیچی نەگوت.

دزه سەرسام ما و بە مەلای گووت "ببوورن! جەنابتان بە دوا منتاندا ناردبوو؟"

مەلا دیسانەوە هەر بێ دەنگ بوو.

دزه لێی چووه پێشێ، شانی ڕاتەکاند، و کە دیتی مەلا وەك پەیکەرێك دانیشتووه و لێوان نابزوێوێ، ملی لێنا بۆ ژووری نێومالێ و سەری بە هەموو کون و قوژبن و کەلێن و کەلەبەری نێومالێدا کرد و ئەوەی بەکەلك دەهات کۆی کردەوە و بردی.

کاتێ مەلاژن هاتەوە مالێ دیتی دەرگا لەسەر گازی پشتێیە و ئەوەی خوا بەوانی داوه دز بردوویەتی، و بەسەر مەلایدا شیڕاند "ئەوه تەریق نابیتەوە، لە مالێش بوو وی ولێگەڕاوی دز هەرچی هەمانبووه بیبا و بمانخاتە سەرساجی عەلی؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لە پرمەی پێکەنینی دا و گووتی "دیتت ئاخریەکەی تۆ یەکەمجار دوای و ئێستا دیارە لە مە و دوا کێ دەبێ ئاو و ئالیکی کەرەکەی بدا!

## هەموویان وەك یەکن

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دوو گوێلکی هەبوون و لەلایەکی حەسارێی بەستبوونەوە.

ڕۆژێکی زگی پێ سووتان و بەزەیی پێداهاتنەوه و دە دلّی خۆیدا گووتی باتاوێکیان بەرهەلّداکەم و تۆزێکیان دەستوپێ نەرم ببنەوە. بەلاّم هەرکە پەتی لە ملی گوێلکی یەکەم کردەوه، گوێلکی تاین وەك بروسکەی دەرپەڕییە دەرێ. ڕووی لە دەشتێ کرد و مەلا نەسرەددینیش بە دوایدا هەلّێ؛ و زانی نایگاتێ و پێی ناگیرێتەوه هاتەوه مالێ. لیستێکی تاودایە و وەرگەڕایە گوێلکە بە ستراوەکەی دی. گوتیان "مەلا! ئەوه ئەو یەکەیان هەلاّت، ئەوەی بۆ والێدەکەی و لێیدەدەی؟"

گووتی" ئەوەش ئەگەر بەر هەلّدابێ لە ویدی خراپتر دەکا ـ شەندەش برای مەندەیە."

## تۆزێك بەولاوەتر دانیشه

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە تەنیشت مەلاژنێوە دانیشتبوو. مەلاژن بە نازو نوزێکەوە بە مەلای گووت "دەتۆزێك بەولاوەتر دانیشە!"



هەر مەلا مەلابوو دەستوبرد ڕابوو، جلەکانی دەبەرکرد، کەری کورتان کرد، سوار بوو و کەوتە ڕێ تاگەییە دێیەکی پێنج فرسەخ دوورتری دێیەکەی خۆیان و هات نامەیەکی نووسی دایە دەست تە تەرێکی تابیداتە ژنەکەی.

نامەکە گەیشت، مەلاژن کردیەوەو دیتی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) نووسیویەتی"بەندەی خاکەڕا ئێستا پێنج فرسەختان لێدوورم، ئەوەندە بەسە یا دەفەرموون هێندێکی دیش دوورکەومەوە؟"



## مامۆستای حەزرەتی ئادەم

لە مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) یان پرسی "حەزرەتی ئادەم قورئانی پیرۆزی لای کام پێغەمبەرێك خوێند؟"

وەلآمی دایەوە "لە دوای پێغەمبەری مە، جێ و پلەوپایەی حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل لە هەموو پێغەمبەرەکانی دیکە بەرز و بڵند و باڵاترە، دیارە حەزرەتی ئادەم هەر دەبێ لەکن وی خوێندبێ."

## پەیوەندی نامە بە بەغدادەوە

ڕۆژێکیان پیاوێك هاتە لای مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) و گووتی "بێ زەحمەت نامەیەکم بۆ بە غدایە بۆ بنووسە بۆ دۆستێکم."

مەلا گووتی "وازم لێ بێنە تاقەتی چوونە بەغدایەم نییە؟"

پیاوە گووتی "نامە نووسین چ پەیوەندییەکی بە چوونە بە غدایەوەیە؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "چۆن پەیوەندی نییە، خەتی من ئەوەندە ناخۆشە کە ئەگەر نامەی بۆ دۆستەکەت بنووسم ناچاردەبم بۆ خۆشی دەگەڵدا بچمە بەغدایە و نامەکەی بۆ وەخوێنم."



## دوا ئومێد

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) شاد و شەنگوڵ و دڵخۆش لە دەشتودەران دەگەڕاو تووشی هەرکەسێکی بایە بە دەنگێکی نەرم و شل و لەسەخۆوە هەواڵی کەرە ونبووەکەی لێدەپرسی.

پیاوێك کە زۆری سەر لە ڕەفتاری مەلای سوڕمابوو گووتی "هەرکاتێ کەسێك شتێکی بەکەڵك و چاکی لێ وندەبێ بۆی غەمبار دەبێ، ئەدی مەسەلە چییە کە تۆ هەر بە خەیاڵیشت دانایە و هەر ناڵێی بەدوای کەری ونبوشدا دەگەڕێی؟"

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی"هێشتا ئومێدەوارم کەرەکەم لەو پشت گردەوە بدۆزمەوە، خۆ ئەگەریش لە وێ نەبوو و نەمدیتەوە ئەوددەمی شیوەن وگریە و داد و بڕۆیەکی دەنێمەوە گوێی دنیایە کەڕکا!"

## بۆنی چێشتێ

ڕۆژێکیان مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) زۆری برسی دەبێ، ئارەزووی دەچێتە یەك لەگەن چێشی گەرم، هەڵیقوڕێنێ.

دەو دەمیدا لە دەرکێ دەدەن. مەلا بە خۆشحاڵییەوە هەڵدەستێ و دەچێ دەرکێ دەکاتەوە و دەبینێ ئەوە منداڵە دراوسێیەکیان قاپ بە دەستەوە لە پشت دەرکێوە ڕاوەستاوە.

مەلا دەڵێ "چتدەوێ؟"

کوڕە قاپە بەتاڵەکە بە مەلای پێشان دەدات و دەڵێ "دایکم سەلامی هەبوو و دەیگووت ئەگەر چێشتتان لێناوە قاپێکمان بۆ بنێرن."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) سەرێکی باداو دە دڵی خۆیدا گووتی "سەیرە دەور و زەمانێکە دراوسێیەکان تەنانەت بۆنی ئارەزووی چێشتی خەڵکیش دەکەن."

## تا سێ ساڵی دی

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) سێ هەزار لیرەی لە تەیمووری لەنگ وەرگرت تا بە سێ ساڵان کەرەکەی بۆ فێرە خوێندەوارییە بکات.

دۆستێکی مەلای پێی گووت "ئەوە چ قەرار و بڕیەکە کردووتە؟ ئەگەر لە بنی دەرنەچووی و بۆت نەکرا خۆ تەیموور گۆشاو گۆشت سەردەبڕێ."

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گووتی "نارەحەت مەبە! تا سێ ساڵی دی یا کەری تەیموری مردووە یا تیموور بۆ خۆی یانە من."

## چاکەی سەدەقە

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) مەڕێکی دزی و گۆشتەکەی کردە سەدەقە و بەسەر دەر و دراوسێیانیدا بەشییەوە.

پرسیان "ئەوە یانی چی؟"

وەڵامی دایەوە "چاکەی سەدەقەکە گوناهی دزیەکە دەسڕێتەوە و ورگ و سەروپێی مەڕەکەشم بۆ خۆ دەمێنێتەوە."

## جێی مردووان

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) و کوڕەکەی دەگەنە کۆمەڵێکی خەریکن تەرمێکی دەبەنە گۆڕستانێ کوڕی مەلای ئاماژەی دارەبازەکە دەکات و لە بابی دەپرسێ" ئەوە چ لەناو ئەو دارەبازەیدایە؟"

مەلا دەڵێ "مرۆیەکە!"

کوڕە دەڵێ "ئەدی بۆ کوێی دەبەن؟"



مەلا دەڵێ "دەیبەنە جێیەکی نە خواردنی لێیە، نە خواردنەوە، نە سووتەمەنییەك، نە ئاگر، نە زێڕ ، نە زیو، نە بەڕە و نەمافوور."

کوڕی مەلای دەڵێ "ناکا بیبەنە ماڵێ مە؟"

## حەیف کە فێر نەبوو بوو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کەرەکەی وەپێش خۆی دەدا و بە باریکە ڕێیەکی پێچاوپێچ و تەلانێکی هەزار بە هەزاردا دەیهاژوێ.

دە نیوەی ڕێیەدا کەرە سەرسمێکی دەدا و لە هەوایەڕا هەڵدەدێرێتە بنی خەرەندێ و دەمرێ.

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لە بڵندایەرا سەیرێکی کەلاکی کەرەکەی دەکات و بە ئاهوناڵە و ئەفسووسەوە دەڵێ "بەدبەختە! دیاربوو کە فڕینێ چاك فێرببوو، بەڵام حەیف فێری ئەوەی نەببوو کە چۆن بنیشێتەوە."

## خۆش زەوقی کوڕی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)ی

ڕۆژێکیان کوڕەکەی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) باینجانی بە گۆیلپاری دەچۆێنێ و دەڵێ باینجان گۆیلکۆڵەیە.

مەلا نەسرەددینیش بە جواب دێ و بە حازران دەڵێ "پێتان وانەبێ کوڕەکەم ئەوەی لە من فێربووە ها! ئەو هەر بۆ خۆی وریا و زیرەك و بە زەوقە."

## دیزەی مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کۆنە دیزێکی بردە بازاڕی بیفرۆشی. کڕیارێکی هاتە سەرێ و دیزەکەی زۆر بە وردی تەماشا و ئەو دیو ئەودیو کرد و پشکنی و گووتی "خۆ ئەوە بنی کونە و هیچی تێ ناوەستێ."

مەلا نەسرەددین گووتی "ڕاستدەکەی! بەڵام یەکجاریش وانیە وەك دەڵێی، چونکە مەلاژن هەمیشە لە ماڵێ لۆکەی تێدا هەڵدەگرت و یەك زەڕڕەشی لێ نە دەچوو."

## نهێنی بوونێ

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لە سەردەمی پیریەیدا بوون و نە بوون و دار و نەداری جورنە دەهاتەوە و دەستی کورت بوو.

لێیان پرسی "مەبەستی خودای لە درۆستکردنی ئادەمیزادی چ بوو؟"

وەڵامی دایەوە "مەبەستی ئەوە بوو کە ئادەمیزاد شەو و ڕۆژ وەك سەی پێ سووتاو بێر و بەوێدا هەڵێ و لەم و لەو قەردکات و دوایەش شەو و ڕۆژ گیانی دەرچێت و قەردان بداتەوە."

## ڕێی قەدبڕ

ڕۆژێکی وەرزی بە هارێ، مەلا نەسرەددین(مەلای مەشهوور) خەریکی چوونەوە ماڵێ بوو کە هەروا کەوتە سەرهەوای ئەوەی کە بە ناوەندی جەنگەڵێدا قەدبڕ لێبدا. دە دڵی خۆیدا گووتی "ئێستا کە بەنێوجەنگەڵی سەرسەوز و جوان و ڕازاوەشدا دەڕۆم، گوێم بە ئاوازی مەل و باڵندە دەنگ خۆشەکان پڕ دەبێت و سەیری گوڵ و گوڵێلکە ڕەنگاوڕەنگەکانیش دەکەم، و چیم داوە لەو جادە تەپوتۆز و خۆڵاوییە پڕ چاڵ و چۆڵەیە و هەروا بە خۆڕاییش ڕێیەکە لەخۆم دوورخەمەوە، بە تایبەتیش لە ڕۆژێکی وەك ئەوڕۆدا کە بە ڕاستی بووکی هەموو ڕۆژەکانی بەهارێیە و کێش دەڵێ جارێکی دی هەڵێکی دیکەی ئاوام وەگیر دەکەوێتەوە."

ئەوجا، لایدا و چووە نێوجەنگەڵێ. بەڵام هێشتا هێندە نەڕۆیشتبوو کە لە پڕ کەوتە چاڵێکی قووڵەوە و دەنێو لق و پۆپ و گژوگیای جەنگەڵێدا گیربوو و دوای هەوڵ و تەقەللا و ماندووبوونێکی زۆر خۆی لە چاڵێ ڕزگار کرد و هاتەوە دەرێ و بە پێوە ڕاوەستا، کە دیسانەوە لاقی تێك ئاڵانەوە و پشتاوپشت کەوتەوە نێوچاڵێکی دیکەی پڕ لە قوڕولیتە.

ماوەیەکی هەروا دەچاڵێدا درێژ بوو تا هاتەوە سەرخۆ. دوایە دە دڵی خۆیدا گووتی "سوپاس بۆ خوا کە قەدبڕ هاتم، چونکە کاتێ کە لە جێیەکی ئاوا جوان و ڕازاوە شتێکیشت بەسەربێ پێوەی دیارنییە، ئەدی ئەگەر لەو جادە تەپو تۆز و خۆڵاوییەیڕا چووبام تا ئێستا سەدجار بوو مردبووم!"



## ڕێ و بانی پڕ پێچ و گەوە

دزێك پارەو پوولەکانی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) دەدزێ و مەلا زۆر غەمبار و دڵگران و سەرکزەڵە دەبێ لە تاوان و هەمیشە دەستە و دوعا لە خودای دەپاڕێتەوە وەیبینێ. دەو نێوەیدا کەشتی بازرگانێکی ئاق شەهر تۆفان و باوبۆرانی لێ هەڵدەستێ و هێندەی نامێنێ بۆ خۆی و دار و نەداریشی نوقمی بن دەریایە بن.

بازرگان نەزرێ دەکا ئەگەر لەو مەرگەسات و تاڵۆکەیەی ڕزگار بێت و بگاتەوە ماڵێ و سەلامەت بێ دوو هەزار زیوی نەختینە بداتە مەلا نەسرەددینی.

سوپاس بۆ خوا بەسەرهات و کارەساتەکە وەخێرگەڕا و بازرگان بە ساغوسەلامەتی گەییەوە وشکانیە و یەکڕاستیش چوو نەزرەکەی بەجێ هێناو پارەکەی دایە مەلا نەسرەددینی. مەلا نەسرەددین پارەکانی وەرگرتن. ماوەیەك دە بیر و خەیاڵانەوە چوو و بەخۆشی و ڕوو گەشییەکەوە گووتی "بە سەهو نەچووبم تۆ لە ڕێیەکی پڕ پێچ و گەورە و ناهەموارەوە بازرگانی دەکەی!"

## ساڵی سێهەم

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی " ئەگەر دە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا پیاوێك ژنەکەی خۆی ماچ کا ڕۆژووەکەی دەشکێ یان نا؟"

وەڵامی دایەوە "ئەگەر تازەی هێنابێ هیچ گومانی تێدا نییە ڕۆژووەکەی دەشکێ.

ئەگەر دووساڵ بێ هێنابیەتی نازانم داخوا ڕۆژووەکەی دەشکێ یان نا. بەڵام ئەگەر سێ ساڵ بێ هێنابیەتی بە دڵنیاییەوە دەتوامن بڵێم کە ڕۆژووەکەی ناشکێ."

### چوونە ڕاوێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی دەمەو ئێوارە مەلا نەسرەددین ماندوو و مردوو لە ڕاوێ دەهاتەوە.

دۆستەکانی دەورەیان لێدا و گووتیان "ئەوڕۆ چت کوشتووە مەلا؟"

مەلا نەسرەددین بە سپایی گووتی"هیچ!"

گووتیان چۆن هیچت نە کوشتووە؟"

گووتی "پیاو چاکینە! ئێوە پێتان وایە ڕاو هەروا ئاسانە لەبەیانییەوە تا ئێوارێ بە دوای قدە گوولەکییەوە بووم و دەمویست تەقەی لێبکەم، دەستوبرد دەفڕیە ئێرو ئەوێ و جێیەکەی خۆی دەگۆڕی."

## سوپاسی نابەجێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین(مەلای مەشهوور) بە بازاڕیدا دەڕۆیی پیاوێکی دیت پاقلەی لە پاقلە فرۆشێکی دەکڕی دوایە بێ ئاوڕدانەوە و گوێدانە هیچ پەلکەکەی بە گۆڕێوە دەکردن و فڕێیدەدان و بە ڕێیەدا دەڕۆیی و هەر لەوکاتەدا هەژارێك لەوێ قوت بۆوە دەستیکرد بە هەڵگرتنەوە و خواردنی توێکلە پاقلەکان سوپاسی خواکردنێ.

مەلا نەسرەددین لێی چووە پێشێ و تا دەستی هێنای تەوقاتێکی لە گێزەکێ دا و بە هەژارەی گووت "نەزان! هەر ئەو سوپاسە نابەجێیانەتە ڕۆژی بەو ڕۆژە گەیاندووی و موحتاجی تەوێکلە پاقلەی کردووی بڕۆ لە دەوڵەمەندانەوە فێربە کە بێ هیچ شوکرانە بژێریەکی دەخۆن و دەخۆنەوە و بە جۆرێك ڕەفتار دەکەن وەك لە لووتی فیلییەوە کەوتبنە خوارێ و خواش هەر خۆشی دەوێن!"

## چاوچنۆکییە مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور)

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بەلای زۆنگاوێکدا ڕەت دەبوو کە لە ناکاو مراویەکی لەبەر پێیانەوە فڕکەی کرد.

مەلاش داوێنی کەوایەکەی توند بە هەردوو دەستان گرت و بڵندی کرد و کەوتە دووی مراوییەی.

پرسیان "مەلا! ئەوە بۆ وادەکەی؟"

وەلآمی دایەوە "هیچ لە خوای عاسێ نییە! ئەوە هێلکەیەکی کردو کەوتە کۆشی منەوە."



## هۆی مەرگ و ژیانێ

مەلا نەسرەددین بە یەکێك لە دۆستەکانی گووت "ئاگات لێیە کە فلآنەکەس مردووە؟"

دۆستەکەی گووتی "نەء! جا هۆی مردنەکەی چ بوو؟"

مەلا گووتی "جا بۆ هۆی ژیانەکەی هێندە دیار بوو تا ئی مردنەکەی دیاربێ."

## تێگەیشتم = زانیم

دۆستێکی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) هێڵکەکی دەمشتی خۆی گرت و بە مەلای گووت "ئەگەر زانیت چیم دە دەستیدایە ئەوە بۆ خۆت و هێلکە و ڕۆنێکی لێ دروستکە و بیخۆ."

مەلا گووتی "وا تێناگەم، کەمێکی دیکەی ڕوون کەوە."

دۆستەکەی گووتی "دەورەکەی سپی و ناوەکەی زەردە."

مەلا نەسرەددین گووتی "زانیم! ئەوە سەلکە شێلمە کۆڵێوتە و قەیسیت دەناوەکەی کردووە."

## کلیلی سندوقۆڵەی

شەوێکی دز چووە سەر ماڵی مەلا نەسرەددینی و سەندوقۆڵەی زێڕەکانی مەلاژنێی برد و هەڵات.

مەلاژن لە خەوێ ڕاپەری وبە هات و هاوارێوە مەلای هەستاند و گووتی "مەلا هەستە دز سندوقۆڵەی زێڕەکانمی برد و بەدبەختی کردم."

مەلا بەکاوەخۆ گووتی "وەرە بنوو و بە خۆڕایی خۆت ناڕەحەت مەکە، ئەوە کلیلەی سندوقۆڵەکە بە خۆمە با دزە هەر لە زگی خۆی دا."

## مەرگ و گوێز

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) گوێزێکی دیتەوە و چوو بەردێکی هێنا گوێزەکەی پێ بشکێنێ و بیخوا، هەرکە بەردەکەی پێدادا گوێزەکە لە بن بەردەکەی دەرپەڕی و چووە لایەکی .

مەلا نەسرەددین بە سەرسامییەکەوە سەیرێکی گوێزەکەی کرد و گوتی "سەیرە! هەموو هەر لە مردنێ دەترسن، ئەو گزگلە بە ستەزمانەش!"

## جلی ڕەش

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە سەر لێوی حەوزێ خەریکی دەستوچاو شوشتنێ بوو کە قەلێك داهاتە سابوونەکەی و بردی و چۆوە سەرداریێ و نیشتەوە.

مەلاژن دەستی بە هات و هاوارێ کرد و بە مەلای گووت "ئەوە لە کوێی، بۆ ئاگات لە خۆت نییە؟ بۆ هێشتت ئەو قەلە سابوونەکەی بدزێ؟" مەلا گووتی "ئاگام لێبوو! دڵم نەهات نەهێڵم. ئەدی نابینی بەستە زمانە لە دژوونیان چۆن ڕەش هەڵگەڕاوە، دیارە ئەویش دەیهەوێ خۆی بە سابوونێ بشوا."

## لیفەی مەلا نەسرەددینی

شەوێکی ساردی زستانێ مەلا لە ماڵێ نوستبوو کە لە پڕ هاتوهاوار و وەرە و بڕۆ و بگرە و بەردە لە کۆڵانێ هەستا.

مەلا ڕاستبۆوە، لێفەکەی دەخۆوە پێچا تا سەرمای نەبێ و چووە کۆڵانێ. دزێك وەك بروسکە لەو لاڕاهات و لێفەکەی لە مەلای کردەوە و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو.

مەلا کە وایدیت هەرزوو هاتەوە ماڵێ.

مەلا ژن پرسی "ئەو هەروا زەنایە لەسەر چ بوو؟"

مەلا وەڵامی دایەوە "لەسەر هیچ نەبوو! لەسەر لێفەکەی من بوو!"



## خەسووی قەشمەر

هەواڵیان دایە مەلا نەسرەددینی بگەیە وەختی هیبار شوشتنێ خەسووت کەوتۆتە ڕووبارێوە و خنکاوە.

مەلا هەرکە ئەوەی دەبیسێ، بە ڕاکە ڕاکە خۆی دەگەیەنێتە ڕووبارێ و خۆی تێداوێ و دەستدەکا بە مەلەکردنێ، بەڵام بە پێچەوانەی ڕێڕەو و ڕۆینی ڕووبارێ.

دەڵێن "جەنابی مامۆستا! ئەوە بەپێچەوانەی ڕۆینی ڕووبارێوە پەلان داوێی و مەلەی دەکەی؟"

دەڵێ "ئێوە خەسووی من ناناسن، هێندە قەشمەرە -منجرە- کێ دەڵێ بەپێچەوانەی ڕۆینی ئاوەکەوە ئەو بۆ سەرێ ناڕوا؟"

## مریشك کڕینێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دوو مریشکی قەڵەوی کوشتنەوە، و سووری کردنەوە و دەبن سەبەتەینان و چوو میوانەکانی بێنێتەوە ماڵێ.

بەرێکەوت دزێك هاتە ماڵێ مەلای و هەرکە چاوی بە مریشکەکان کەوت نیشتە سەریان و جووقەی لێبڕین و هەمووی خوارد ئەو دوو کۆترەشی کە لە ماڵە دراوسێیەکانی دزیبوون لە جێی مریشکەکانی دانانەوە.

بەرەبەری نیوەڕۆیە مەلا میوانەکانی هێنایەوە ماڵێ، سفرەی ڕاخست و چوو سەبەتەکەی لابرد تا مریشکەکانی بنی بێنێ کتوپڕ کۆترەکان فڕکەیانکرد و لە شەققەی باڵانیاندا.

مەلا نەسرەددین هەروا بەدەم تەماشاکردنێ کۆترەکانەوە دە ئاسمانێدا گووتی "خودایە! خوداوەندا! من هەقم بەسەر ئەوەوە نییە گیانت داوەتەوە بەو مریشکانە و زیندووت کردوونەوە، بەڵام خۆ دەبوو چاوێکشت لەو هەموو ڕۆن و خوێیەی من بایە کە پێم سورکردوونەوە."

## نەزر

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کەرێ وندەکا و نەزرێ دەکات ئەگەر کەرەکەی وەبینێ دە دیناران بکاتە خێری ئیمامزادەی گەڕەکێ.

پاش چەند دەقیقان کەری مەلای پەیدا دەبێتەوە و مەلا خێرا خۆ دەگەیەنێتە ئیمامزادەی و دەڵێ "ئێستاکە نەزرو نیازەکانمانت هەر وازوو هێنانەدی، ئەو نەزرەش دەکەم ئەگەر ئەورۆ سەد دینارم پارەی مفت وەچەنگ کەوێ ئەوە هەردوو نەزرە دە دیناریەکان پێکەوە دەکەمە خێر."

## نیشانەی ئاخر زەمانێ

ڕۆژێکی چەند منداڵێکی بەرەڵڵا و چەقاوەسوو وە دووی مەلای دەکەون و هێندەی سەردەکەنەسەرێ کە مەلا نەسرەددین لە دەستانیان ڕوو دەکا و لە وێرانەیەکی دەکا.

خاوەن ماڵ زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێدەکات و بەخێری دێنێ.

دەقساندا. خاوەن ماڵ لە مەلا نەسرەددینی دەپرسێ "مەلا! نیشانەی ئاخر زەمانێ چییە؟"

مەلا نەسرەددین دەڵێ "یەك لە نیشانەکانی ئەوەیە کە ئەوەی دەرەوەی چاکە ناوەوەی خراپە و ئەوەی وەك ئێوە ڕواڵەتی دەرێی خراپ دیارە ناوەوەی چاکە."

## نیگەرانیە مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ ئاوەڵەکانیدا دەچێتە دەشتێ بۆ سواری و ڕمبازییە لە پڕ ئەسپی مەلای دەرەوێتەوە و مەلای هەڵدەدات و هەڵدێ.

دۆست و ئاواڵی مەلای دەکەونە شوێن ئەسپەی تا بیگرنەوە و بیهێنەوە. زۆر نابا پیاوێکی غەوارە بە ڕێکەوت ئەسپەی دەگرێتەوە و دەیهێنێتەوە بەردەمی مەلای.

مەلا زۆر سوپاسی پیاوەی نەناس دەکات و هەر بە یارمەتیەویش سواری ئەسپەکەی دەبێتەوە و هەر لەوێ چاوەڕێیە ئاوەڵەکانی دەکات بگەڕێنەوە.



زۆر نابا وەدەر دەکەونەوە مەلا لە دوور ڕا تێیان ڕادەمێنێ و دەڵێ "ئەرێ زۆر گرژ و مرچ و مۆن دێنە بەرچاوان ناکا خوا نەخواستە ئەسپەکەمتان نەدۆزیبێتەوە؟"

## کاتی نانخواردنێ

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی "چ کاتێك باشە بۆ نانخواردنێ؟

وەڵامی دایەوە "بۆ پیاوی هەبوو هەمووکاتێك و بۆ پیاوی نەبووش هەرکاتێ وەچنگی کەوت."

## چ جیاوازییەکی نییە

یەکێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی "کاتێك تەرمێك دەبەنە ناشتنێ، چاکترە لە پێش تەرمەکەوە بڕۆی یان لە دواوەی؟

وەڵامی دایەوە"مادام بۆ خۆت لە ناو دارەبازەکەی نی، چ جیاوازییەکی نییە، لە پێشەوە بڕۆی یان لە دواوەی!"



## سۆرانی تۆ پلاۆێ بخۆ

رۆژێکیان مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بە جلێکی کۆنەی دڕاوەوە چووە داوەتێکی.

که دیتی بەو جلانەیەوە کەس هەر ئاوڕیشی لێ ناداتەوە مات و دڵگران بوو. هەستا و چۆوە ماڵێ یەك دەست جلی نورت و نوێی دەبەرکرد و هاتەوە. ئەمجارەیات هەمووی بە پیرەوە چوون و بردیانە سەری مەجلیسێ و دایاننا.

کاتێ کە سفرە ڕاخرا و نیوە ڕۆژەیان هێنا، مەلا سۆرانییەکەی خۆی گرت و لەسەر قاپە چێشتەکەی ڕاگرت و گووتی "جل و بەرگی نەو، بخۆ پلەو!"

پرسیان "ئەوە یانی چی؟"

مەلا نەسرەددین وەڵامی دایەوە "لە بەرەوەی لێرە ڕێزی ئەو کەسە دەگرن جلی نوێی دەبەردایە، من پێموایە خۆم بۆ ئەو داوەتە بانگ نەکرابووم جلەکانم بانگ کرابوون هەر بۆیەشە فەرمووی ناخواردنی جلەکانم کرد."

## ڕێ بدە ئێمەش وەکو تۆ بمرین

شەوێکی نێوە ڕاستی هاوینێ مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) چووە میوانییەکی.

خاوەن ماڵ یەك دۆڵکەی پڕی شەربەتی سارد هێنا و لە ناوەڕاستێی داناو سەر و یەك قاشوغی دانە دەستێ و بۆ خۆشی ئەسکوێیەکی بە دەستییەوە گرت و دانیشتە خواردنەوێ و هەرجارەی کە ئەسکوێیەکی فڕ دەکرد دەیگووت "ئاخ! ئاخ! دڕام، مردم هێندەی بخۆمەوە! ئای کە تێنووم بوو!"



میوانەکان تاوێکیان سەیری یەکتری و خاوەن ماڵی کرد، دوایە کە مەلا نەسرەددین بە تەواوی حەوسەلەی لێبڕا ئەسکوێی لە دەستی خانەخۆێی دەرێنا و گووتی " ئەرێ پیاوی خوای! دە ئەو ئەسکوێیەش بۆ لای مە ڕەتکەو وازبێنە هەر نەبێ ئێمەش جارێك وەکو تۆ بمرین!"

## ئەحواڵپرسی

دۆستێکی مەلا نەسرەددینی (مەلای مەشهوور) لێی پرسی وگووتی "مەلا! حاڵت چییە؟"

مەلا نەسردین گووتی "حاڵم چاکە، بەڵام ئەسڵی حاڵم خراپە."

## لە دەرێ مانەوەی مەلا نەسرەددینی

شەوێکی مەلا نەسرەددین درەنگ هاتەوە لە دەرێ و مەلاژنیش دەرکەی لێ نەکردەوە.

مەلا کەوتە گەڕانێ، کۆڵان نەما نە گەڕێ چ جێی وەگیر نەکەوت لێی بنوێ ناچار چوو لە دەرگای خانێکی دا.

خانچی گووتی "کێیە؟"

مەلا نەسرەددین وەڵامی دایەوە "جەنابی جەلالەت مەئاب ئەجەلی عالی ئەعزەم، ئەکرەم حاجی نەسرەددین دانای بە ناوبانگ و قازی قازیان و شوێن و پایە بەرز و خۆشەویستی ئەم شارە قەدەم ڕەنجەیان کردووە و لێرە ئیجلالی دابەزینیان فەرمووە." خانچی لە پشت دەرکێوە گووتی "سەرمان لە ڕێتانە! بەڵام جێی ئەو هەمووانەمان نییە."

## نەخۆشیە مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین نەخۆش ببوو و دە جێیدا کەوتبوو. خزم و کەسەکانی دەچنە لای و لەوێ لێی دادەکوتن و بەردەوام دوعای سەلامەتیە بۆ مەلای دەکەن. مەلا کە لە دەستانیان وەتەنگ دێت، ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ "خوا دوعایەکەی گیراکردن و نەخۆشەکەتانی چاك کردەوە، ئێوەش ئیدی هەستن و هەریەکەتان بەدوای کاری خۆیدا."

## پێشبینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) چووە سەردانی نەخۆشێکی.

کاتێ سەردانەکەی تەواو بوو ویستی بڕوا، بە دەوروبەرییەکانی نەخۆشەکەی گووت "پرسەوسەرەخۆشیم قبووڵ بفەرموون!"

گووتیان "مەلا! ئەوە چییە سەددەقی ناخۆشیان لێدەدەی؟ خۆ هێشتا نەمردووە."

مەلا نەسرەددین گووتی "ئیشی چاك عەیبی لێ پەیدا نابێ! ئەوەم بۆیە گووت، چونکە لە و چەند ڕۆژانەدا سەرم زور قاڵە و دەترسم ئەگەر نەخۆشەکەتان مرد دەرفەتی هاتنەوێم نەبێ و نەتوانم بێمەوە سەرەخۆشیتان لێبکەم و خودا نەخواستە شەرمەزاری هەمووتان بم."

## فەرمووکردن

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لەبن سێبەری دارێکی دانیشتبوو نانی دەخوارد کە سەیری کرد ئەوە دۆستێکی خەریکە لەو نزیکانەوە ڕادەبرێ .

مەلا هەروا وەك باوە بانگی کرد "دەفەرمووا!"

پیاوەکە گووتی "زۆر سوپاس!"

و هەر زوو لە ئەسپەکەی دابەزی و پرسی "جەنابی مامۆستا! هەوساری ئەسپەکەی لەکوێ خەم؟"

مەلا نەسرەددین کە لە فەرموو کردنەکەی خۆی پەشیمان ببۆوە، زمانی بستێك دەرێنا و گووتی "ئا ئەلێرە لە زمانی منی خە!"

## داواکاری

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەچێتە لای حاکمی و دەڵێ " ئەگەر خوا ڕێکی خا نیازم هەیە بچمە سەردانێ ماڵێ خودای."

حاکم گووتی "جا چ قەیدیە! پیرۆزە ئیشاڵڵا."



مەلا گووتی "قەیدیەکەی ئەوەیە کە پارەم نییە."

حاکم گووتی "ئەگەر پارەت نەبێ بەشەرع حەجت لەسەر نییە."

مەلا نەسرەددین گووتی "من بۆ پارەی هاتوومە لاتان نەك بۆ فەتوای."

## ڕوونکردنەوە

شەوێکی هاوینێ مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لەسەربانی دەنوێ. لای نیوە شەوێ تەنیشتان دەگۆڕێ و خلۆر دەبێتەوە و دەکەوێتە خوارێ و دەست وپێی دەشکێ.

دۆست و ئاواڵەکانی مەلای دەچنە سەردانی و لە حاڵ و باڵی دەپرسن. مەلا دەڵێ" ئەگەر بتانەوێ حاڵ و باڵ و ڕۆژ ڕەشیە من بزانن بچنە سەربانی و لەوێ بنوون، بەدەم خەوێوە خلۆرببنەوە لەو بڵندایەیڕا بەربنەوە خوارێ و دەست و پێتان بشکێ ئەو دەمی دەزانن چۆنم."

## بۆ داوەتێ ناکەی؟

مەلا نەسرەددین دراوسێیەکی زۆر چروك و قرپۆکی هەبوو هیچ کاتێك کەسی داوەت نەدەکردە ماڵێ.

ڕۆژێکی مەلا تووشی دەبێت و پێی دەڵێ "دراوسێ ! ئەری ٚ ئەوە بۆ جارێکی لە جاران بۆ نیوەڕۆیەکی بۆ ئێوارەیەکی داوەتێکمان ناکەیت ڕێ و ڕەسمی دراوسێیەتیە بەجێ ناهێنی؟"

دراوسێی مەلا دەڵێ "چونکە تۆ یەکجار زۆر خۆری و هێشتا پارویێکت قوت نەداوە یەکی دیکە دەزاری دەئاخنی."

مەلا دەڵێ "ئەتۆ داوەتەکەی بکە. قەولی شەرەفت دەدەمێ لە بەینی هەر پارویێك و پارووێکی دیدا دوو ڕەکات نوێژ بکەم."

## داوا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەچێتە سەردانی دۆستێکی نەخۆشی کە دەجێدا کەوتووە.

کاتێ خەریکی هاتنە دەرێ بوو بە ماڵێ دۆستەکەی گووت "ئەمجارەش وەك جاری پێشوو مەکەن کە باوکتان مرد و بە بەندەتان ڕانەگەیاند. ئەمجارەیان هەرکە تەمەنی دایە ئێوە ئاگادارم بکەنەوە تا هەرکارێکی لە دەستم بێ بێ چەند و چوون بۆی بکەم."

## کێ دڵەکزەی دەگرێ؟

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەچێتە میوانیە ماڵێکی. خاوەن ماڵ نان و کەرەو هەنگوینی بۆ دادەنێ.

مەلا هەمووی دەخوا و پاشماوەی هەنگوینەکەش بە قامکان دەماڵێتەوە و بە زمانی دەیلێسێتەوە، خاوەن ماڵ دەڵێ "مەلا! هیچ کاتێ هەنگوینی بە تەنێ مەخۆ، دڵەکزەی پێدەگری."

مەلا دەڵێ "خوا بۆ خۆی دەزانێ کێ دڵەکزەی پێدەگرێ."

## کرمانجی وریا

کرمانجێکی وریا و هەلپەرست هەر جارێکی هاتبایە شاری یەکراست ملی لێدەنا بۆ ماڵێ مەلا نەسرەددینی، دووسێ ڕۆژان لەوێ پان دەبۆوە و خۆی بە عەردی دادەدا و هەمووجارێش بە زمانی لوس وادە و بەڵێنی پێنج و شەشی بە مەلای دەدان کە ئەوجارەی بێتەوە قەرەبووی هەموو جارەکان دەکاتەوە، و ئەوجا لێیدەدا دەڕۆیشتەوە و هەر ئاوڕیشی نەدەدایەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی دی کرمانجە دێتەوە شاری، هەرکە دەگاتەوە بەردەرکێ ماڵێ مەلا نەسرەددینی وەردەگەرێتە سەروگوێلاکی کەرەی و دەیکاتە هەراوزەنا "هەی کەری نەزان و گێل و بێکارە باشە ئەو هەموو میوە و ڕۆن و هەنگوینەم لێ بارکردی بۆ جەنابی مەلا نەسرەددینی بۆ کردتە تەمبەڵی و نەتهێنان و دیسانەوە منت لەبەر چاوی ئەو دۆستە خۆشەویستەم شەرمەزارکردەوە."



مەلا نەسرەددین سەری لە پەنجەرەیڕا بردە دەرێ و گووتی "ئەهای هاوڕێ! لەو بەستەزمانەی مەدە! ئەگەر کردوویەتیە تەمبەڵی و هیچی لە دێڕا نەهێناوە، لێرەشڕا هیچ ناباتەوە، کەواتە هیچمان لە هیچ!"

## سەدکەر

ڕۆژێکی مەلا مەڕێکی بە دیاری بۆ حاکمی برد. حاکم زۆری پێخۆش بوو.

بانگی خزمەتکارێکی کرد و گووتی "لە بری ئەو مەڕەی کەرێکی بدەنە ئەو پیاوەی."

مەلا نەسرەددین گووتی "ئیختارتان هەیە قوربان! ئێوە بۆ خۆتان هەمیشە لە سەدکەری زیاترن بۆ مە."

## قازی

مەلا نەسرەددین دەچێتە لای قازی تازە و بە دەم قسانەوە دەڵێ "بوونە قازیش چەند سەیر و سەمەرەیە. ئەگەر گەورەبی ئەوە دوو قازی ئەگەر لێشبکەوی ئەوە نیو قازی!"

## گەنم چاندن

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەچێتە لای سەرتاشێکی سەری بتاشێ.

سەرتاش بەدەم کارێوە سەری مەلای لە چەندلایەکیڕا بریندار دەکات و دەیبڕێ و هەموو جارێکیش هێندێك لۆکە بەبرینەکانەوە دەنێ.

مەلا نەسرەددین لە ناشیەتیە سەرتاشی وەتەنگ دێ و دەڵێ "وەستای سەرتاش! لێرە ڕاوەستە، بەسە.

ئەوە تۆ نیوەی سەرت کردوومە پەمۆ. نیوەکەی دیکەی بۆ خۆم لێگەڕێ دەیکەمەگەنم."

## ڕێڤینگی پێ بە خێر

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) چووە لای یەکێکی کە تازە لە سەفەرێ هاتبۆوە و دوای چاك و چۆنی و تۆ خۆش و من خۆشیە، لێی دەپرسێ "ئیشاڵڵا سەفەرێکی خۆشتان کردووە؟"

پیاوەکە وەڵام دەداتەوە "بەڵێ! زۆریش خۆش بوو هەر دەو حەوتووەیدا کە لەسەفەرێ بووم هەررۆژەی شتێکی واسەیر و سەمەرە ڕووی دەدا وەڕەز نەدە بووم."

مەلا گووتی "دادەی بیانگێڕەوە بزانین."

پیاوەکە گووتی "جێتان خاڵی! ڕۆژی یەکەم تاقچەی ماڵێکی داڕما و ژمارەیەکی خەڵك کەوتنە بنێ، دووەم ڕۆژ لەبەر زۆر نەداری و هەژاریە ژنێك خۆی هەڵواسی وخۆی خنکاند، سێهەم ڕۆژ بازاڕ ئاوری گرت و زۆرانێك بوونە خەڵووز، ڕۆژی چوارەم سەگێکی هار دووکەسی گرت، ڕۆژی پێنجەم لافاو هەستا و هەرچی شینایی قەراغ شارییە هەمووی برد؛ ڕۆژی شەشەم وەستایەك لەسەر دیواری خانووێکیڕا سەرا وسەر بەربۆوە و دەستبەجێ مرد و ڕۆژی حەوتەمیش زەلامێك شێت بوو و ژن و منداڵەکانی هەموو کوشت."

مەلا نەسرەددین گووتی "سوپاس بۆ خوا کە سەفەرەکەتان هەرحەوت ڕۆژی خایاند دەنا بەو پێ و قودومە پیرۆزەی هەتانە تا ئێستا ئەو شارە ژێرە و ژوور ببوو."

## میوانی بانگ نەکراو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) بەبێ بانگهێشت دەچێتە ئاهەنگێکی.

یەکێك دەڵێ "جەنابی مامۆستا! خۆ تۆ بانگهێشت نەکراوی ئەدی بۆ هاتووی؟"

مەلا نەسرەددین وەڵام دەداتەوە" ئەگەر خاوەن ماڵیش ئەرکی خۆی نەزانێ، من هەمیشە کاری خۆم دەزانم و هەرگیز لێی بێ ئاگا نابم."



## هەموو شتێك پێویستە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلا مەشهوور) کۆڵەبارێك بە پشتێوە بەرەو ماڵ، تووشی حاکمی شاری دێت وپێی دەڵێ "مامۆستا! خودا نەکردە وەك حاڵ و باڵ وگوزەرانت زۆر لەبار نەبێ وایە."

مەلا نەسرەددین گووتی "چ بکەم ؟ ئیدی ئەوە ڕۆژگارە!"

حاکم گووتی "پیم خۆشە یارمەتییەکت بدەم. جا بڵێ بزانم یەك پرێسکە پارەت دەوێ یا بارگیرێك یا هەندێ سەرمەڕ یا باغێك؟"

مەلا گووتی "کیسە پارەیەکم بدەیە بەتەکەی شانیدادەم و سواری ولاغی مەرحەمەتتان بم و مەڕەکانی لوتفتان وەپێشە خۆم دەم و بچمە باغی ئاوڕدانەوەکەتان لێمان و تا دەمرم دوعای خێرتا بۆ بکەم."

## دارکڕینی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لە کابرایەکی دارفرۆشی پرسی کە بارەداری وەپێش خۆدابوو بۆ بازاڕی ببا بیفرۆشێ "ئەم حەتەبە مورەتتەبە ڕاحە تول وقودەی کەسیروددە وامە وەلحەرارەی پشتی ئەم حیمارە ئەسووەد وللەونە هەر ڕەتلێکی شەرعی بە چەند دەرهەم بەیع وشەرا دەکەی؟"

دارفرۆش سەیرێکی سەرتاپای مەلا نەسرەددینی کرد و گووتی "ئەگەر داری دەکڕی هەر مەنێکی بە سی درهەم؛ و ئەگەر دوعایانیش دەخوێنی ئەوە هەروا ڕاست برۆ تا دەگەیە مزگەوتێ."



## گۆشتاوی مراوییە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دیتی ئەوە کۆمەڵە مراوییەك دە گۆلاوێکیدا مەلەی دەکەن.

چووە کەنار گۆلاوێ و هەولێدا یەکێکیان لێ بگرێ. بەڵام بۆی نەکرا. ناچار لەقەراغ گۆلاوەکەوە دانیشت، نانێکی لە خورجێنەکەی دەرێنا، پارچەیەکی لێکردەوە و دەئاوەکەی هەڵکێشا و دەستیکرد بەخواردنێ.

یەکێك بەو ناوەدا تێدەپەڕی پرسی "مەلا ئەوە خەریکی چی؟"

مەلا نەسرەددین تیکەیەکی دیشی لە ئاوەکەی هەڵکێشا و دەزاری نا و وەڵامی دایەوە "خەریکم گۆشتاوی مراوییە دەخۆم."

## ئادەمی یا مانگا

مەلا نەسرەددین دە بیستانێکدا کاڵەکی دەرنین. بێستانچی چاوی لێبوو و قوولاندی "ئەهای کابرا! ئەوە چ دەکەی لەوێ؟"

مەلا وەڵامی دایەوە "گووی دەکەم."

بێستانچی لێی چووەپێشێ و گووتی "کوا لە کوێت گوو کردووە؟"

مەلا سەیرێکی ئەم لاولای خۆی کرد، تەپاڵە مانگایەکی پێشاندا و گووتی "ئەوەتا!"

بێستانچی گووتی "ئەوە تەپاڵە مانگایە."

مەلا نەسرەددین گووتی "جا موسڵمانی خوای بۆ تۆ هێشتت من وەك ئادەمیان بڕیم."



## ئاواز خوێندنێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەچێتە باغێکی و بە دار قەیسیەکی هەڵدەگەڕێ و دەستدەکا بە قەیسی خواردنێ. باغەوان دەگاتە وێ و دەڵێ "ئەوە تۆ بە قسەی کێ چوویە سەر ئەو دارەی؟"

مەلا وەڵام دەداتەوە "من بولبولم، جێی بولبولیش سەردارە و پێویستیش ناکا بەکەس بڵێم."

باغەوان پێکەنی و گووتی "مادام وایە تۆزێك بخوێنە بزانم چۆنە."

مەلا بە دەنگ و ئاوازێکی زۆر ناخۆشەوە دەستی بە خوێندنێ کرد.

باغەوان گووتی "ئەوە تۆ چ جۆرە بولبولێکی دەنگت دەڵێی قاڕە قاڕی قەلە ڕەشکانە؟"

مەلا نەسرەددین دەڵێ "بولبولێك ئەو قەیسیە وردیلە و ناخۆش و نەگەیوانەی درەختی باغی تۆ بخوا دەنگی قەت لە وەی خۆشتر نابێ."

## ماڵ گواستنەوە

شەوێکیان دز چووە سەرماڵی مەلا نەسرەددین و هەرچی خوا بەوانی دابوو دە خورجێنی ناو لێیدا ڕۆیی.

مەلا نەسرەددین کە بە ئاگا بوو ولەبنەوە سەیری دەکرد بەرزەپێ ڕاستبۆوە ولێفە و دۆشەگەکەی خۆی بە کۆڵێ دادا وبێ هەست و چرپە وەدوو دزەی کەوت.

"کاتێ دزە گەیشتەوە ماڵێ و خورجێنەکەی دانایە عەردی، دیتی مەلا نەسرەددینیش بە خۆ و بە لێفەو دۆشەگەوە هاتە ژوورێ."

دزەبە سەرسامییەکەوە گووتی "ئەوە تۆ بەقسەی کێ سەربەخۆ هاتوویە ماڵی من؟"

مەلا نەسرەددین گووتی "پێموا بوو ماڵێ دەگوێزینەوە چونکە هەر ئەو لێفە و دۆشەگەش مابوون ئەوانیشم هێنان."

## دەستپێشخەری کاریگەر

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) خەریك بوو مشت مشت وردتکە نانی بە دەوری ماڵەکەی وەر دەکرد کە کابرایەکی لێ پەیدا بوو و لێی پرسی "مەلا! ئەوە چ دەکەی؟"

مەلا وەڵامی دایەوە "خەریکم کارێکی دەکەم بەور بەو دەوروبەرانەدا نەیەت."

پیاوە گووتی "خۆ لەو دەوروبەرانە بەور هەر نیشە."

مەلا نەسرەددین گووتی "دوای ئەو هەمموو ورتکەنان بەگۆرێ وەرکردنە چاوەڕێی چیدیکەی!"

## کەری ماندوو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) تورەگێکی گەورەی بە کۆڵێ خۆ دادا بوو و بەسواری کەرێ بەرەو ماڵ دە بۆوە.

توشی دۆستێکی خۆی بوو و پێی گووت "جەنابی مامۆستا! ئەوە بۆ ئەو توورەگەیە لەبەردەمی خۆت دانانێی و هەروا بە خۆڕایی خۆت ماندوو دەکەی؟"

مەلا نەسرەددین وەڵامی دایەوە "ئاوا کەرەکەم کەمتر ماندوو دەبێ، چونکە من توورەگەکەم هەڵگرتووە و کەرەکەش من."

## وای لە دەست زمانی خەڵکی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) کوڕەکەی سواری کەرێ دەکاو بۆ خۆشی بە پێیان لە دووی دەڕوا.

لەڕێیە دەگەنە هێندێکان و گوێیان لێیە یەکێکیان دەڵێ "دەور و زەمانێکی سەیرە کوڕ ئاگای لە بابی نەماوە.

سەیری! ئەو منداڵە نارەسەنە چۆن بۆ خۆی سواری کەرێ بووە و بابە پیرەکەشی بە پێیان وەدوا خۆی داوە.



کوڕی مەلای کە ئەوەی بیست لە کەرێ دابەزی“ بابەکەی سوارکرد و بۆ خۆشی بە پێیان کەوتە دووی.

تاوێك ڕۆیشتن گەیشتنە تاقمێکی دی و گوێیان لێبو یەکێکیان دەیگووت "سەیری ئەو پیرەمێردە لە ندەهۆرە بێ بەزەییە بۆ خۆی سواری کەرێ بووە و کوڕەکەی بە پێیان وەدووی خۆی داوە."

هەرکە مەلا گوێی لەم قسەیە بوو کوڕەکەی هاوێشتە پاشکۆی خۆی و پێکەوە بەسواری کەرێ کەوتنە ڕێ.

کەمێ دواتر گەیشتنە کۆمەڵێکی دی و بیستیان ئەوە یەکێك بەوانیدی دەڵێ "خەڵکی چەند بێ بەزەیی دەو دنیایەیدا هەن! دەو هەوایە گەرمەیدا بە دوان سواری ئەو گیان لەبەرە بەستەزمانەی بوو ون."

مەلا و کوڕەکەی کە ئەوەیان بیست، هەردووکیان لە کەرەی هاتنە خوارێ و بە پێیان کەوتنە دووی کەرەی و ملیان لە ڕێیە نا و زۆری نەبرد گەیشتنە پیاوێکی، پیاوە گووتی "دەڵێی ئەقڵتان دەسەری دانەماوە کە بەو گەرمایەی بە دووی کەرێ کەوتوون و کەری بەتاڵ و حەتاڵ و ئێوەش بە پێیان دەڕۆن؟"

مەلا نەسرەددین بە تورەییەوە گووتی "هەقی ئێوەیە! دەباشە وەرن لە ڕێی خودا چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە با لە زمان و قسەو قسەلۆکی خەڵکیمان ڕزگاربێت و ئێمەش بزانین چ دەکەین."

## ئەو هەمموو تەق و تۆقەی ناوێ

هەرکاتێ ژنی مەلا نەسرەددینی بیویستایە جلان بشوا. دایدەدایە بارانێ.

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە ژنەکەی گووت "بۆ خۆم دەزانم چ دەکەم، تا ئەو تەنگوچەڵەمەیەمان لە کۆڵ بێتەوە دەبێ کارێکی بکەین خودا ئاگای لێنەبێ و نەزانێ کەنگێ جلان دەشۆی، ژنەکەی پرسی "جا باشە دەکرێ هیچ لە خوای بشاریەوە؟"

مەلا نەسرەددین وەڵامی دایەوە "بۆ ناکرێ! ئەگەر هەوا خۆش بوو نەکەی باسی جلێ شوشتنێ بکەی؛ تەنیا ئاماژەیەکم دەیە بچمە بازاڕی سابوونێ بکڕم وبێهێنمەوە و تۆش خەریك بیت."

چەند ڕۆژێك دواتر كە هەوا خۆش بۆوە مەلاژنێ مەلا نەسرەددینی ئاماژەیەكی كردێ و مەلاش بێ هەست و خوست چووە بازاڕی و سابوونی كڕی. بەڵام هەر هێندە پێی لە بازاڕی بڕا سەیری كرد ئەوە باران پڕیشكان دەكا.

مەلا سەرێكی بڵند كرد و سەیرێكی ئاسمانی كرد كە لە پڕ ئاسمان كەوتە بروسكە و چەخماخان وگرمەیەكی وای لێهات گوێی كەڕ دەكرد.

مەلا نەسرەددین سابوونەكەی لەبن پەستەكەكەی نابوو و گووتی "ئەمرۆش وەك بەری تێیە هەر ناتوانین جلە چلكنەكانمان بشۆین؛ دە ئیدی بەسە بیبڕەوە ئەو هەمەوو تەق و تۆقەی ناوێ."

## بۆ پێنج دیناران

مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) قەرزداری سەوزە فرۆشی سەری كۆڵانێ بوو بۆ ئەوەی قەرزەكەشی نەداتەوە ئیدی خۆی پێشان نەدەدا.

بەرێكەوت ڕۆژێكی كە مەلا دەگەڵ تاقمە دۆستێكی خۆیدا سەرگەرمی قسان بوو، سەوزە فرۆش پەیدا بوو و پێوەی نووسا و بە هات و هاوار و دەنگ و زەناوە گووتی "ئەوە بۆ خۆتم لێدەشاریەوە و ئەو قەرزەم نادەیەوە؟"

مەلا گووتی "باشە مەگەر چەندت پێ قەرزدارم وا ئاگرت گرتووە؟"
سەوزە فروش گووتی "پەنجا دینار."

مەلا گووتی "زۆر چاكە! سبەینێ بیست و پێنج دینارت دەدەمەوە و دووسبەش بیست دینار! چەندی دەمێنێ؟"

سەوزە فرۆش گووتی " پێنج دینار."

مەلا گووتی "باشە! پیاوی چاك ئەوە تەریق نابیەوە بۆ پێنج دیناری ترۆ ئەو هەمەوو هەراو زەنایەت ناوەتەوە و خەریكە ئابڕووم بەری؟ بڕۆ دڵنیابە؛ چەند ڕۆژێكی دی هەر بۆ خۆم واوە دێم و پێنج دینارەكەشت بۆ دێنم و دەبیبڕێنینەوە."



## بۆ ڕاكێشانی بەزەیی خەڵكی

ڕۆژێكی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) كەرەكەی بردە بازاڕی بیفرۆشێ. كڕیاری لێ خڕبوونەوە تاكەری مەلای لە نزیكەوە ببینن؛ بەڵام هەركاتێ كە كڕیارێك هەنگاوێكی لێ نزیك بایەوە، كەرە دەستی دەكرد بە جووتە هاویشتنێ و سووڕانێ و وای خۆی تێك دەنا و وای گوێ مووچ دەكردن و پەلاماری گازانی دەدا كە هەر مەپرسە.

یەكێك گووتی "جەنابی مامۆستا! دڵنیابە كەس كەری وا ناكڕێ."

مەلا نەسرەددین گووتی "ڕاستییەكەی منیش بۆ فرۆشتنم نەهێناوە، تەنیا دەمەوێ خەڵكی بزانن حاڵم چییە بەدەست ئەم كەرەوە."

## بەڵای نێر و مێ

ڕۆژێكی تەیمووری لەنگ نێرە فیلێكی لە شاری ئاق شاردا بەر هەڵداكرد بەمەرجێك هەرچی دەكابیكا و بە ئارەزووی خۆشی بگەڕێ و بسووڕێتەوە و بلەوەڕێ.

زۆری نەبردكە فیلە زەرەر و زیانێكی زۆری بەشاری گەیاند و هەرچی شینایییەكی ئەو دەورو بەرو ئەو ناوەی بوو هەمووی داغان كرد و لەناوی برد. لە هەمووشی خراپتر ئەوە بوو كە شینایی نەما و خەڵكی مایە پووچ بوون تەیموور بڕیاری دا كە خەڵكی شاری دەبێ خواردنی فیلەی ئامادەكەن و ئەو ئەركەی بەمل خۆیانەوە بگرن و وانەكەن ژیانی لێ تاڵ بێ.

خەڵكەكە تێ مابوون كە دەگەڵ ئەو بارودۆخ و گوزەرانە ناخۆشەیدا چ بكەن، پاشان چوونە لای نەسرەددین و ئاریشەكەیان تێگەیاند و داوایان لێكرد بیرێكیان بۆ لێبكاتەوەو لەو بەڵایەیان ڕزگاركات. مەلانەسرەددین گووتی "ڕاستدەكەن! ئیدی نابێ هەر وا بێ دەنگ بن و دەستەوەستان دانیشن؛ بەیانی هەمەوو خەڵكی شاری ئاق شار خڕكەنەوە و لێرەیان ڕاگرن تا وەپێشیان كەوم و هەمەوو لە هەمەوو بچینە لای تەیموری و قنیاتی پێبكەین واز لە ئازاردانی ئەو خەڵكەی بێنێ و بیرێكیش لە نێرە فیلەكەی بكاتەوە.

ڕۆژی دوایی، خەڵکەکە لەبەردەمی ماڵی مەلا نەسرەددینی خڕ بوونەوە؛ و مەلا نەسرەددینیش داروەکازی تاودایە؛ وەپێش حەشیمەتێ کەوت و زۆر بەشکۆ و سەربەرزییەوە هەنگاوی دەنان و بەرە و ئۆردووی تەیمورییەوە دەچوو.

کە لە چادری تەیموری نزیك بۆوە ئاوڕێکی دایەوە دوایە و سەیری کرد لەو هەموو لافاوی خەڵکەی کە بە دوایەوە بوو لە خۆی زیاتر تاك و تەنیا کەسی بە دواوە نەماوە. خۆ تازە ڕێی گەڕانەوەش نییە و پاسەوانان کەوتنە ڕێ پێشاندانێی بۆ لای تەیموور.

مەلا نەسرەددین گەییە خزمەت تەیمووری و گووتی "ئەی تەیمووری جیهانگر! بەندە لەلایەن خەڵکی ئاق شارەوە هاتوومە خزمەتتان، پێتان ڕابگەیەنم کە لە وکاتەوەی نێرە فیلەکەی ئێوە پێی ناوەتە شارەکەمان ژیان بەیەکجاری گەشاوەتەوە و ڕەونەقێکی دیکەی گرتووە و هەر پیت و فەڕی بەسەردا دەبارێ. ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووە ئەوەیە کە دەترسین ئەو فیلە بەتەنیایی وبێ هاودەم تووشی خەفەتان بێت و لاواز بێت. هەربۆیە داواکارین فیلێکی مێیەی بۆ پەیداکەی و بیهێنیە ئێرە تاپێکەوە ژیانێکی شاد و شەنگوڵ بەسەربەرن."

تەیموور زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو و گووتی "سلاڵۆم بگەیەنە خەڵکی ئاق شار و بڵێ هێندەی پێناچێ داخوازی و ئارەزووەکەیان دەهێنمەدی.

کاتێ مەلا نەسرەددین لەلای تەیمووری لەنگ هاتەوە. خەڵکەکەی لێ خڕ بوونەوە و گووتیان "مەلا! تەیموور چی گووت؟"

مەلا نەسرەددین گووتی "سەلامی لە هەموانتان دەکرد و گووتی هێندەی پێناچێ کە خۆزگە و ئارەزووەکانتان هەموو دێنمە دی!"

## بەدوای ئاوازدا

ڕۆژێکی مەلا دەنگی لێهەڵێنابوو و گۆرانی دەگووت و بە خێراییش ڕایدەکرد. گووتیان "مەلا! ئەوە بۆ بە وەستاوی گۆرانی ناڵێی؟"

وەڵامی دایەوە "ئەدی نەتبیستووە دەڵێن گۆرانی و ئاواز تا دووربێ خۆشترە ئەمنیش بۆیە ڕادەکەم تا دەنگ و ئاوازەکەمم لە دوورەوە گۆێ لێبێ."



## پاداشی بەجێ

مەلا نەسرەددین کردییە قاو هەر کەسێکی کەرە ونبووەکەی بۆ بدۆزێتەوە بەجل و جۆڕەوە دەیداتە ئەوکەسە."

گووتیان "مەلا! جا ئەگەر تۆ کەرەکەت بە جل و جۆڕەوە ببەخشییەوە، دۆزینەوەکەی سوودی چییە؟"

مەلا نەسرەددین وەڵامی دایەوە "ئاخر ئێوە نازانن دۆزینەوەی شتی ونبوو چەند خۆش و بەتامە!"

## قاچی بێ دەستنوێژ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) لەسەرقاچی ڕاستی ڕاوەستابوو نوێژی دەکرد.

پرسیان "ئەوە بۆ لەسەر قاچێکی نوێژ دەکەی؟"

وەڵامی دایەوە "ئاوەکە بەشی نەکرد و نەمتوانی دەستنوێژی قاچی چەپم هەڵگرم."

## پێشنیارێکی بەجێ

لاوێك چوو بووە سەردارێکی و دەترسا و نەیدەوێرا بێتەوە خوارێ. خەڵکی لێ کۆ ببوونەوە و هەریەکە قسەیەکی دەکرد داخوا بۆ هێنانە خوارەوەی چ بکەن.

مەلا نەسرەددین لە ڕێوە پەیدا بوو و گووتی "ئاسانترین ڕێ ئەوەیە گوریسێکی بۆ باوێن با لەکەمەری خۆی ببەستێ و ئەو دەم ڕایکێشنە خوارێ."

یەکێك گوریسی هەڵدایە سەرێ، لاوەکە لە کەمەری خۆی بەست؛ بەڵام هەرهێندەی گوریسەکەیان ڕاکێشا لاوە لەو بەرزاییەیرا بەربۆوە خوارێ و مرد.

گووتیان مەلا! ئەوە چ پێشنیارێك بوو کردت و لاوەت لە ناوبرد؟"

وەڵامی دایەوە "پێشنیارێکی خراپ نەبوو! لە بیرمە ڕۆژێکی بابم کەوتبووە بیرێ و گوریسمان بۆ شۆڕکردەوە لە کەمەری خۆی بەست و بەساغ و سەلامەتی هێنامانەوە دەرێ.

بەڵام ئەوە ئەجەلی هاتبوو و هیچ نەدەکرا."

## دەو مەنجەڵە گەورەیدا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین (مەلای مەشهوور) دەگەڵ کۆمەڵە دۆستێکی خویدا کتوپڕ سەری بە ماڵێدا کردەوە و بە ژنەکەی گووت "نان و چێشتێکی زۆر دروست کا."

ژنێ مەلا نەسیرەددینی مەلای بانگکردە ژووری مەتبەخێ و گووتی "چێشتی بەچی لێنێم؟ خۆ نەیەك زەڕڕە خۆراکمان لە ماڵێدایە و نە هیچ، ئەوە نەبرنجە و نەرۆن، و تەنانەت دارو چیلکەی پێ لێنانێشمان نییە پێی لێنێم."

مەلا نەسرەددین سەیرێکی دەورو بەرێی کرد و مەنجەڵێکی گەورەی دەبن هەنگڵێ گرت و چۆوە لای دۆست و میوانەکانی و گووتی "حەیف و مەخابین! ئەگەر ڕۆن و برنج و داری سووتانێمان دەبوو. پڕ بەو مەنجەڵەمان چێشت لێدەنا وهێندەمان دەخوارد زگی خۆمان لەسەر دادەنا."

## قەرەبووی زیان

دراوسێیەکی مەلا نەسرەددینی، چووە لای و گووتی "مەلا! سەگەکەتان قاچی ژنەکەمی گرتووە."

مەلا گووتی "باشە! جا گوناهی من چییە؟"

دراوسێیەکە گووتی "ئیدی ، هەرچی بووە سەگەکەتان ئەوکارەی کردووە و ئێستاش دەبێ هەر چۆنێك بووە قەرەبووی کەیەوە. "مەلا نەسرەددین گووتی" هەر شتێکی قەرەبووکرێتەوە گلەیی لەسەر نامێنێ، ئێوەش سەگەتان بێنن با گازێك لە قاچی ژنەکەی من بگرێتەوە."

## چارەی دیکەم نییە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین سواری کەرێ ببوو بزنێکیشی بە دوای خۆیدا دە کەرێ خستبوو و زەنگوڵەیەکیشی دەملی کردبوو و ساڵدانە ساڵدانە بە بازاڕیدا دەڕۆیی. سێ دزی لێ پەیدابوون.

یەکەمیان گووتی ((من بزنەکەی دەبەم)).



دووەمیان گووتی ((من کەرەکەی دەبەم)).

سێهەمیان گووتی ((جلەکانیشی بۆ من)).

ئەوجا، دزی یەکەم هات زەنگۆڵەکەی لە ملی بزنەکە کردەوە و لە کلکی کەرەکەی گرێدا و بزنەکەی برد و ڕۆیی. دزی دووەم بە مەلا نەسرەددینی گووت: ((هەموو کەسێك زەنگوڵەی بە سەروملی کەرێوە دەکەن کەچی تۆ بە کلکی کەرێتەوە کردووە؟))

مەلا ئاوڕی دایەوە؛ دیتی بزنەکەی براوە و هاواری لێ هەستا ((هەی داد و بێداد! ئای هاوار بزنەکەیان دزیم)) و هەوساری کەرەکەی دایە دەست دزەی دووەمێ و بەلایەکیدا کەوتە ڕاکردنێ؛ بەڵام کاتێ گەڕایەوە و سەیری کرد نە پیاوە ماوە و نەکەرەکەی، بە دڵشکاوییەوە ڕووی لە لایەکی کرد و ملی لێنا تاگەیشتە پیاوێکی لەسەر لێوی چاڵاوێکی دانیشتبوو دەگریا. مەلا لێی چووە پێشێ و لێی پرسی بۆ دەگریە.

پیاوەکە گووتی ((خەریك بووم سندوقۆڵەی ژنێ حاکیم دەبردەوە بۆیان یەکێك خۆی لێدام و سندوقۆڵەکەم لە شانی پەڕی و کەوتە دەو چاڵاوەیەوە. ئێستاش ئامادەم ئەوەی بۆم دەربێنێتەوە سەد دانە دیناری بدەمێ)).

مەلا نەسرەددین هەر خێرا دە مێشکی خۆیدا جەمع و تەڕحێکی کرد و هاتە سەر ئەوەی ئەگەر ئەو کارەی بکا پارەی کەر و بزنەکەی بە زیادەوە دەست دەکەوێتەوە، و بێ وەستان جلەکانی داکەندن و چووە دە چاڵاوێ، بەڵام هەرچی گەڕا هیچی نەدیتەوە و لە پاشاندا بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەرییەوە لە چاڵێ هاتەوە دەرێ؛ دیتی نە پیاوە و نە جلەکانی قولاغیان دیار نییە.

کە مەلا نەسرەددین تێگەیی مەسەلە لە چ قەرارێکە، لیسێکی ئەستوور و درێژی بە دەستەوەگرت و بە چوار دەوری سەری خۆیدا بادەدا، بە ڕووت و قوتیش بەرەو ماڵ دە بۆوە.

گوتیان ((مەلا! ئەوە کارە دەیکەی؟))

گووتی ((هیچ چارەی دیکەم نییە! دەمەوێ خۆشم نە دزن)).

## چارەسەر

ڕۆژێکی گایەك سەری دەباتە نێو کووپەیەکی ئاوێوە تا ئاوێ وەخوا و ئیدی سەری دەوێدا گیر دەبێ. خەڵکەکە ڕادەکەنە لای مەلا نەسرەددینی و هاواری لێ دە بەستن بگاتێ و گایەی ڕزگارکات.

مەلا نەسرەددین بە پەلە دێت و دەڵێ: ((خێراکەن تاگایەکە مردار نەبووە، سەری ببڕن)).

دەستبەجێ قەسابی دەگاتێ و سەری دەبڕێ.

گوتیان ((جەنابی مامۆستا! باشە سەرەگایەکە چۆن لەو کووپەی دەرێنینەوە؟))

مەلا دە بیرکردنەوێدا گووتی ((چارە چییە! هەر دەبێ کووپەکەی بشکێنێن و سەرەگایەکەی بێنینە دەرێ)).

## پڕخ و هوڕ

ژنێ مەلا نەسرەددینی بە ناقایلییەوە بە مەلای گووت ((مەلا! ئەوە بۆ دەخەوێدا ئەو هەموو پڕخ و هوڕەت دێ؟))

مەلا گووتی ((قسەی زیاد مەکە! یەکەمجار کە واتگوت سێ چوار شەوان هەر نەنووستم تا بەیانی، سەیردەکەم ئەوە بۆ خۆتی پڕخ و هوڕتە دەنا من هەرگیز پڕخ و هۆڕم نایەتێ و گوێم لێی نەبووە)).

## زۆر سەیرە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە دە بێستانی کاڵەك و شووتییان و یەك جەواڵی لێ پڕکردن. خاوەن بێستانی گەییە سەرێ بە داد و بڕۆوە گووتی ((ئەوە چدەکەی لێرە و ئەو گۆبەندە چییە ناوتەتەوە؟))



مەلا گووتی ((بە لای بێستانیدا دەهاتم کە بایەکی توند هەڵیکرد و ئەمنی لێرە لە ناوەڕاستی بێستانێ بە عەردی دادا)). بێستانچی پرسی ((ئەدی ئەو هەموو شووتی و کاڵەکانە کێ ڕنیونی؟))

مەلا وەڵامی دایەوە ((بایەکە هێندە بە هێز بوو منی خلۆر دەکردەوە و بێر و بەوێی دادەدام، منیش لە تاو گیانی خۆم دەستم لە بڕکان گیر دەکرد و ئەوانیشم بە دەستییەوە دەهاتن و هەڵدەکەندران)).

بێستانچی گووتی ((ئەوە گوتمان ئەو قسە هەڵلەق و مەڵلەقانەت هەموو ڕاستبوون. ئێستا ئەوەم پێ بڵێ کێ ئەو کاڵەك و شووتیانەی دەو جەواڵەی ناون؟))

مەلا نەسرەددین تەماشایەکی جەواڵەکەی کرد و گووتی ((زۆر سەیرە! منیش هەر لەوەی هەویق ماوم هەر چەند سەری خۆم دێنم و دەبەم کێ ئەو کاڵەك و شووتیانەی دەو جەواڵەی کردوون، نازانم)).

## لە ماڵ نەبوونی مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین لەبەر پەنجەرەی دانیشتبوو تەماشای هاتوچۆی خەڵکی کۆڵانێی دەکرد. لە پڕ دیتی ئەوە خاوەن قەرزێکی بە پەلە و بە خێرایی بەرەو لای ماڵی وان دێ.

مەلا زوو ژنەکەی بانگ دەکات و شتێکی بە گوێی دەڵێ. ژنە دەچێتە پشت دەرکێ ڕادەوەستێ تا خاوەن قەرز لە دەرکێ دەدا، هەر دەگەڵ لێدانی دەرکێ دەکاتەوە و دەڵێ ((ڕێزدار: بۆ خۆت چاك دەزانی کە ئێمە ماڵ خۆری کەس نین و دڵت ئاسوودە بێت هێندە نابا کە قەرزەکەت بە نەخت و پوختی و بەتەواوی دەدەینەوە و خۆمان لەو شەرمەزارییەی دێنینە دەرێ؛ هەر ئەوڕۆش کاتێ مەلا دەچووە دەرێ ڕایسپاردم و زۆریشی لێ دووپات کردمەوە کە ئەوڕۆ لە پشت دەرکێ نەبزووم بۆ ئەوەی هەر کەسێکی بێرەدا ڕابرد و مەڕی پێبوو بەرەو بازاڕ بۆ فرۆشتنێ ئەو خوریانەیان کۆکەمەوە کە لێیان هەڵدەوەرێ و دەکەوێتە سەر عەردی و ئەوجا ئەو خوریانە بچنم و بیانکەمە شاڵ و لە بازاڕی بیانفرۆشم و قەردەکەی تۆیان پێ بدەینەوە)).

خاوەن قەرز هەر کە ئەوەی بیست لە ڕقان و لە داخ و تووڕەییان دەستیکرد بە قاقای پێکەنینێ. هەر دەو دەمیدا مەلاش کە لە پشت دەرکێی خۆشاردبۆوە پێکەنی، کە دیتی تازە ئاشکرا بووە، چووە بەردەمی خاوەن قەرزی و پێی گوت ((هەتیوە! جا بۆ پێناکەنی، و خۆ تۆ بە پارەی خۆت گەیشتیەوە)).

## دەرکێ ماڵێ و دەرکێ مزگەوتێ

دزێك نیوە شەوێ دەچێتە سەر ماڵێ مەلا نەسرەددینی و هەرچی ئێرە و ئەوێی ماڵەکەیە دەگەڕێ هیچی وانا دۆزێتەوە بیبا ناچار دەرکی ماڵێ دەردێنێ و دەیبا.

ڕۆژی پاشتر، کە مەلا بەو مەسەلەیە دەزانێ، دەچێ دەرکی مزگەوتێ دەردێنێ و دەیباتەوە ماڵێ.

تاقمێك لە دەوروبەری مەلا نەسرەددینی خڕ دەبنەوە و دەڵێن ((مەلا! مزگەوت ماڵێ خوایە. ئەوە ئەقڵت دە سەریدا نەماوە کە ئەو کارە دزێوەت کردووە؟))

مەلا دەڵێ ((باشە! خوا ئەو دزەی ناناسێ کە دەرکەی ماڵێ منی بردووە؟))

گوتیان ((با! چۆن نایناسێ))

مەلا گووتی ((دە باشە! با ئەو دزەکە بە من پێشاندا، تا منیش دەرکەی خۆی بدەمەوە.))

## داواکاریە مەلا نەسرەدینی

دەرویشێك چووە لای مەلا نەسرەددینی و گووتی کەرامەتدارە و گووتی ((من دەتوانم لاڵی زگماك وە قسە بێنمەوە)).

مەلا گووتی ((دەروێش! ئەگەر دەتەوێ باوەڕم بە کەرامەتەکەت بێت وەرە زمانی ژنەکەی من ببەستە تا دەستیشت ماچ کەم و هەتا ماویشم دوعا گۆی تۆبم)).



## دە ڕووناهییەدا

شەوێکی مەلا نەسرەددین ئەنگوستیلەکەی دە تاریکییەدا ون کرد و هەر چەندێکی لێگەڕا نەیدۆزییەوە. مەلا چووە حەسارێ و دەستیکرد بە دوا ئەنگوستیلەدا گەڕانێ.

ژنەکەی گووتی ((ئەتۆ ئەنگوستیلەکەت دە ژوورێدا ون کردووە و هاتووی لە حەسارێی لێدەگەڕێی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((باشە ئەدی نازانی دیوی ژوورێ چەند تاریکە، هەر بۆیەشی لێرە لێدەگەرێم چونکە ئێرە ڕووناکترە)).

## ڕێگا چارە

ڕۆژێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی گووتی ((مەلا! مەسینەکە کون بووە و ئاوی تێ ناوەستێ، بەڵکە بیبەیە بازاڕی لای مزگەری و چاکی کەیەوە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((تا ئێستا دوای پێشاوێ تارەتت کردووە، لەمەو دوا پێش پێشاوێ تارەتێ بگرە و ئەوجا بچۆ سەر پێشاوێ، پێویست بە چاك کردنەوێی ناکا)).

## زانی بێ ژان

ژنێك ژانی لێبوو دراوسێیەکانی چوونە لای مەلا نەسرەددینی و گوتیان ((جەنابی مامۆستا! چ بکەین تا ئەو ژنە زوو ڕزگاری ببێت و منداڵەکەی ببێ؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((هێندێکی گوێزان بۆ ڕۆکەن، تا بە دەنگ خلەخلی گوێزانەوە بێ بۆ گەمان)).

## چاو سوورکردنەوە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دە تەویلەیدا بە دەنگێکی بڵند بە کوڕەکەی گوت ((کوڕەکەم! لێرە بە دواوە کاو جۆی لەو کەرە تەمبەڵ و تەوەزەلەی ببڕە و مەیدەیە با تەمبێ بێت و چیدیکە تەمبەڵیە نەکا)).

کە مەلا لە تەویلەی هاتە دەرێ، ڕووی دە کوڕەکەی کرد و پێی گوت ((ڕاستیەکەی! نەچی بە قسەکەم بکەیت و کاوجۆی لەو بەستە زمانەی ببڕی؛ ئەو قسەیەم هەر بۆ هێندێ بوو چاوێکی لێ سوورکەمەوە تا جارێکی دی تەمبەڵیە نەکا)).

## سێ پێوانە دەبێتە ڕبەیەك

مەلا نەسرەددین دەباغێکیدا دەگەڕا کە لە پڕ کەروێشکێکی جوانی پڕ خەت و خاڵی لە بن پێیان دەرپەڕێ و هەڵات.

مەلا سەری دە دووی کەروێشکەی ناو بە هەر جۆرێکی بوو گرتی دە ناو توێبەرەکەی هاویشت و سەرەکەی توند گرێدا و بە خۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵ بۆوە.

بە دەم ڕێوە دە دڵی خۆیدا گووتی ((پێموانیە تا ئێستا کەس کەروێشکێکی هێندە جوانی ئاوای گرتبێ وا چاکە بە کەسانێکی پولدار و خاوەن سامان و تازە پێداکەوتووێکی بفرۆشم و بە پارەیەکی چاکی بدەم و پارەکەش باوێمە تەنکەی بەرکێمەوە)).

هەر کە مەلا گەیشتە ماڵێ توێبەرەکەی دایە دەست ژنەکەی و گووتی ((ئەوەی لە جێیەکی چاك دانێ و بە چوار چاوانت ئاگا لێبێ تا دەچم چوار پێنج کەسی پوڵدار و دەوڵەمەندی دێنمە سەرێ و ئەوەی ناو ئەو توێبەرەیان پێ دەفرۆشم و پارەیەکی کەلانیان لێوەردەگرم)).

مەلا ژن گووتی ((بە هەرتك چاوان!))

بەڵام هەر هێندەی مەلا پێی دە دیوی دەرێ نا، ژنەکەی چوو سەری توێبەرەکەی کردەوە تا بزانێ چی تێدایە، هەر لە چاوتروکانێکیدا کەروێشکە دەرپەڕیە دەرێ و هەڵات.

مەلا ژن دەستەوەستان ما و نەیدەزانی چ وەڵامێکی مەلای بداتەوە، هەستاچوو ئەو پێوانەیەی کە گەنم و جۆی پێ دەپێوا هێنای و هاویشتییە نێو توێبەرەکە و سەرەکەی توند بەستەوە. زۆری نەبرد کە مەلا دەگەڵ چەند کەسانێکی دەوڵەمەند و پوڵداردا وەژوور کەوتن و یەکراست بردنیە ژووری دیوەخانێ و بە ژنەکەی گوت توێبەرەکەی بێنێ و دەرگا و پەنجەرانیش قایم دەخاتا هەڵنەیە!

میوانەکان پرسیان ((چ هەڵنەیە مەلا؟))



مەلا وەڵامی دایەوە ((هەروا توزێکتان سەبر بێ دەزانن)).

ئەوجا توێبەرەکەی لە ژنەکەی وەرگرت و لە ناوەڕاستی ژوورێی دانا؛ جا بە کاوەخۆ گرێیەکەی سەری ترازاند و زۆر بە وریاییەوە زالکەکەی کردەوە، کە لە پڕ پێوانە گەنمێکی مزی لێکەوتە سەر عەردی و درنگ زرینگایەوە.

مەلا نەسرەددین بەکش و ماتی و هەوت بوونێکەوە چاوی دە پێوانەکە بڕی و گووتی ((بەڕێزان و برایان! دەمهەویست پێتان ڕاگەیەنم، سێ پێوانە گەنم و جۆ بەو پێوانە مزە بێ کەموزیاد دەکاتە یەك ڕبە!))

## گفت و بەڵێن

ڕۆژێکی مەلا خەریك بوو کراسێکی زەری بۆ مەلا ژنێ دەکڕی کە تووشی دۆستێکی خۆی بوو و گووتی ((هاوڕێ! خۆ تۆ خەریکی تەڵاقدانێ ژنەکەت بووی کەچی ئەوە ئێستا خەریکی کراسی زەری بۆ دەکڕی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((ژنەکەم گفت و بەڵێنی لێوەرگرتووم ئەگەر کراسی زەری بۆ بکڕم دەگەڵم بێتە لای قازی و کێشەکە ببڕێنینەوە)).

## شیر کڕینێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین جامێکی تاودایە و چووە لای شیر فرۆشی و گووتی ((کیلۆیەکم شیری مانگای بدەیە)).

شیر فرۆش سەیرێکی جامەکەی کرد و گووتی ((برۆ جامێکی گەورەتر بێنە، ئەوە کیلۆیەك شیری مانگای ناگرێ)).

مەلا نەسرەددین بیرێکی کردەوە و گووتی ((تازە ناتوانم بچمەوە ماڵێ؛ کە هەروایە کیلۆیەکم شیری مەڕێ بۆ تێکە)).

## سووڕانەوە- خوڵانەوە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەچێتە سەردانی دۆستێکی کە تازە خانوویێکی گەورە و هەراوی کڕیوە؛ بەڵام کاتێ دیتی چاکی پێشوازی لێناکرێ و هیچی بۆ ناهێنن بیخوا هەڵدەستێتە سەر پێ و دەچێ زۆر بە وردی و دڵسۆزییەوە بە هەر چوار دەوری خانووەکەیدا دەست دەکا بە ویرد و دوعاکردنێ، خاوەن ماڵ پرسی ((ئەوە چ دەکەی مامۆستا؟))

مەلا وەڵامی دایەوە ((دەبینم ئەو ماڵە هێندە زەنوێر و خۆش و بژێوە دەڵێی وادی زی زەرعی مەککەیە و هیچ جیاوازییەکی نییە بۆیە دەوردانیم بەواجیب زانی)).

ئەوجا دوای دەوردانێ دەستیکرد بە پێوان و ئەندازەگرتنێ خانووەکەی و درێژی و پانی و پێوانێی.

خاوەن ماڵ گووتی ((ئەندازەی خانووەکەمت بۆ چییە؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((ماڵێك کە خواردنی تێدا نەخورێ دیارە زۆر بێ مەسرەفە. منیش دەمهەوێ خانوویێکی بە قەد ئەو خانووەی تۆ دروستکەم بزانم داخوا خواردن و خواردنەوەم لە بیرناچێتەوە)).

## پۆزشی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی کوڕەکەی مەلا نەسرەددینی چی خراپە بە پیاوێکی بەڕێزی کرد و چی ناشایستەیە پێی گوت. مەلا بۆ پۆزش هێنانەوێ چووە لای ئەو پیاوە و گووتی ((هەرچی بێ کوڕەکەی من کوڕی خۆتە و کەرە. باشترە لەو جاشەکەرەی چاوبپۆشی و ناماقوڵییەکانی لە دڵی خۆت نەگری)).

## کاری پێویست

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە سواری کەرەکەی بە کۆڵانێکیدا ڕەت دەبوو کە لە پڕ کەرەکەی ڕەویەوە و مەلای بە عەردی دادا.

ئەو منداڵانەی کە دەکۆڵانەکەیدا سەر قاڵی گەمان بوون هەموو بە مەلای پێکەنین.



مەلا بێ گوێدانە پێکەنینی منداڵەکان هەستایەوە؛ لە سەرەخۆ جلەکانی تەکاند و زۆر بە ویقارەوە ڕووە و دەرگای ماڵێك چوو و لێیدا و گووتی ((چا نەبوو کەرەکەم لێرە ڕەوییەوە و کەوتم؛ خۆ من ئیشی پێویستم بە خاوەنی ئەم ماڵەی بوو)).

## فیڵێ لە ئیزرائیل

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین حاڵی واتێکچوو کەوتە ناو جێی. مەلاش چونکە ئومێدی بە ژیان نەمابوو، بە ژنەکەی گوت ((بڕۆ دەستێکی چاك بە خۆت دابێنە و کام جل و بەرگی جوانە دەبەریانکە و وەرە لە تەکمەوە دانیشە)).

مەلا ژن گووتی ((ئەوە یانی چی؟ ئەتۆ وا نەخۆش و من بچم کارێکی وا بکەم دەر و دراوسێ پێیان وا دەبێ کە من بە مردنێت خۆشحاڵم)).

مەلا گووتی ((ژنە ئازیزەکەم! هەقت نەبێ دەر و دراوسێ هەرچی دەڵێن بابیڵێن؛ من دەمەوێ کاتێك کە ئیزرائیل هات گیانم بکێشێ چاوی بە تۆ بکەوێ و حەزی بتچێتێ و لە جیاتی من تۆ بەرێتەوە ئەو دنیای دی)).

## گۆشت و پشیلە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دوو کیلۆی گۆشت کڕی و بردییەوە ماڵێ و دایە دەست ژنەکەی و گووتی ((بۆ ئەو شۆی لێنێ میوانم هەیە)).

و لە ماڵێ وەدەرکەوتەوە.

ژنێ مەلا نەسەددینی ڕاستبۆوە، گۆشتەی هەموو برژاند و خواردی. عەسرێ، کە مەلا هاتەوە ماڵێ سەیری کرد چ باس و خواسێکی خواردنێ نییە. بە ژنەکەی گوت ((ئەدی ئەوە بۆ چێشتت لێ نەناوە؟)) ژنە گووتی ((خەریکی ئاگرکردنەوێ بووم کە پشیلەکە هات و پڕیدایە گۆشتەکە و فڕاندی و خواردی. ئێستاش دەبێ غەمێکی دیکە لە میوانان بخۆی)).

مەلا نەسرەددین پشیلەکەی گرت و چوو دەتای تەرازوێی نا، کێشای و بە ژنەکەی گوت ((وەرە هەی درۆزن ئەو پشیلەکە بۆ خۆی کیلۆیەك نابێت. ئەدی چۆن دەڵێی دوو کیلۆی گۆشت خواردووە؟))

## مانگ و چاڵ

شەوێکی مەلا نەسرەددین سەیری چاڵێکی کرد وێنەی مانگی دە ئاوی بنی چاڵەکەدا دیت. لە دڵی خۆیدا گووتی ((ئەی هاوار هەی! مانگ کەوتۆتە دەوچاڵەی و نەیگەمێ دەخنکێ)).

ئەوجا قولابێکی بە سەری گوریسێکییەوە کرد و بە چاڵێیدا بەردایەوە.

ڕێکەوت قولابە لە تاتە بەردێکی گیرکرد و مەلا کەوتە تێنووسانێی و گوریس ڕاکێشانێ، لە پڕ پێی هەلزەلی و بە پشتدا کەوتە عەردی.

دەو دەمیدا مەلا چاوی بە مانگێ کەوت ئەوە لە تاقی ئاسمانێ دەدرەوشێتەوە بە خۆشحاڵییەوە گووتی ((ئاخری هەر دەرم هێنایەوە نەمهێشت بخنکێ!))

## مەلا نەسرەددین و پیاوێکی شێت

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دیتی ئەوە پیاوێك لە لێواری حەوزی مزگەوتێ دانیشتووە لە بن ئاوێ شخارتەی لێدەدا.

مەلا گووتی ((برادەر! ئەوە خەریکی چی؟))

پیاوەکە وەڵامیدایەوە ((پارەم لێ کەوتۆتە حەوزێوە و بنی حەوزەکەش تاریکە، ئەوە شخارتەی لێدەدەم بەڵکە پارەکە بدۆزمەوە)).

مەلا گووتی ((بە ڕاستی شێتێکی سەیری! ئەدی نازانی شخارتە دە ئاوێدا هەڵنابێ؟))

پیاوەکە گووتی ((دە باشە خۆ تۆ ئەقڵت تەواوە، دەفەرموو پێم بڵێ چ بکەم تا بنی حەوزەکە ڕووناك بێتەوە)).



مەلا نەسرەددین گووتی ((جا ئەوە دیارە! شخارتەکەی لە دەرەوە لێدەو کە هەڵگیرسا خیرا بیبە بن ئاوی حەوزەکەی)).

## هەر لەوێ بە

ڕۆژێکی کوڕی مەلا نەسرەددینی کەوتە چاڵێکی و دەستیکرد بە داد و هاوار و بڕۆیە تابیگەنێ. مەلا خۆی گەیاندە سەر لێوی چاڵێ و گووتی ((جارێ هەر لەوێ بە تادەچم گوریسێکی دەکڕم و دێمەوە و دەرت دێنمەوە)).



## چێشتی سارد

له مه‌لا نه‌سره‌ددینیان پرسی ((به عه‌ره‌بی به چێشتی سارد ده‌ڵێن چی؟))

مه‌لا بیرێکی کرده‌وه و گووتی ((عه‌ره‌به‌کان هه‌رگیز ناهێڵن چێشت ساردبێته‌وه))

## ئافه‌رین گوتنێ مه‌لا نه‌سره‌ددینی

ڕۆژێکی مه‌لا نه‌سره‌ددین ده‌گه‌ڵ حاکمی ده‌چێته ڕاوێ. ئاسکێ له دووره‌وه ده‌رده‌که‌وێ. حاکم گولله‌یه‌کی پێوه‌نا و نه‌ی ئه‌نگاوت.

مه‌لا به خۆشحاڵییه‌وه هاواری کرد ((ئافه‌رین! ئافه‌رین!))

حاکم تووڕه بوو و به‌سه‌ر مه‌لایدا شیڕاند ((ده‌زانی مه‌لا خه‌ریکی گاڵته‌م پێده‌که‌ی؟))

مه‌لا نه‌سره‌ددین به زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌که‌وه گووتی ((ئیختیارتان هه‌یه قوربان! من هه‌رگیز ڕێی ئه‌وه‌م ناکه‌وێ گاڵته به ئێوه بکه‌م. من ئافه‌رینه‌که‌م ده‌گه‌ڵ ئاسکه‌که‌ی بوو که توانی خۆی له‌به‌ر گولله‌ی ئێوه قورتارکات)).

## ژووری چوار ده‌ری

ڕۆژێکیان پیاوێکی ده‌وڵه‌مه‌ند مه‌لا نه‌سره‌ددینی بانگ ده‌کاته باغێکی خۆش و باسه‌فا. باغه‌که خانووێکی گه‌وره‌ی چوار ده‌ری تێدایه و له هه‌موو لایه‌کیدا ژووره‌کانی شه‌ماڵ ده‌یانگرێته‌وه. پیاوه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ند له مه‌لا نه‌سره‌ددینی ده‌پرسێ ((ژوورێکی وا بۆ کام وه‌رزێك له بارتره؟))



مه‌لا وه‌ڵامی دایه‌وه "بۆ زستانێ؟"

پیاوه به‌سه‌ر سامییه‌که‌وه گوتی "زستان بۆ؟"

مه‌لا نه‌سره‌ددین گووتی ((چونکه هه‌ر کاتێ هه‌ر چوار ده‌رگاکه‌ت داخستن ئیدی سه‌رما له هیچ لایه‌کیڕا ناتوانێ بێته ژوورێ و هه‌وای خانووه‌که به چاکی گه‌رم ده‌بێ)).

## گێل و گێلتر

ڕۆژێکی مه‌لا نه‌سره‌ددین تووره‌گه گه‌نمێکی برده ئاشی لێیکا. کاتێ دیتی ئاشه‌وان سه‌رقاڵی کارێکی خۆیه‌تی، له لایه‌کییه‌وه دانیشت و ده‌ستیکرد به گه‌نم دزێنی و ده تووره‌گه‌ی خۆکردنێ.

ئاشه‌وان پێ حه‌سا و له مه‌لای پرسی ((ئه‌وه کاری وا بۆ ده‌که‌ی؟))

مه‌لا وه‌ڵامی دایه‌وه ((چونکه من گێلم)).

ئاشه‌وان گووتی ((ئه‌دی ئه‌گه‌ر گێلی بۆ گه‌نمی ناو توره‌گه‌که‌ی خۆت ده‌تووره‌گه‌ی ئه‌وانیدی ناکه‌ی؟))

مه‌لا نه‌سره‌ددین گووتی ((ئه‌گه‌ر ئه‌و کاره‌ی تۆ ده‌ڵێی بیکه‌م ئه‌و ده‌مه نه‌ك هه‌ر گێل، به‌ڵکه گێلتریشم)).

## درێژه‌ی ژیانی ئاده‌میزاد

له مه‌لا نه‌سره‌ددینیان پرسی ((ژیانی ئاده‌میزاد تاکه‌ی به‌رده‌وامه و درێژه‌ی هه‌یه؟))

وه‌ڵامی دایه‌وه ((تا ئه‌و ده‌مه‌ی دنیا به تاڵ و به‌هه‌شت و دۆزه‌خیش پڕده‌بن)).

## که‌ر فرۆشتنی مه‌لا نه‌سره‌ددینی

ڕۆژێکی مه‌لا نه‌سره‌ددین که‌ره‌که‌ی برده بازاڕی بیفرۆشێ. پیاوێکی هاته سه‌رێ و به مه‌لای گوت (( که‌ره که‌ت به چه‌ندی ده‌ده‌ی؟))

مەلا گووتی ((دوو سەد دینار)).

پیاوەکە گووتی ((کەرەکەت زۆر پیرە و هێندەی ناهێنێ؛ ئەگەر دەیدەی من سەد دیناری پێدەدەم)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئەو پارەیە نیوەی نرخی کەرەکەی منە، ئەدی نیوەکەی دیکەی بەکێ بفرۆشم تا دوو سەد دینارەکەم گیرکەوێ؟))

## بێچووە مانگا

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((لە شاری ئێوە بە بێچووە مانگای دەڵێن چی؟)) مەلا هەرچی کردی و کراندی گوێلکی وەبیرنەهاتەوە ناچار گووتی ((لە شاری مە لێیدەگەڕێن تا بێچووە مانگا گەورە دەبێ، ئەو دەمی پێیدەڵێن مانگا)).

## خوشك و برایەکانی حەزرەتی ئادەم

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((حەزرەتی ئادەم چەند دانە خوشك و برای هەبوون؟ ژمارە و ناویان چ بوو؟))

وەڵامی دایەوە ((لە پێشدا دەمزانین؛ بەڵام ئێستا فەرامۆشی ژمارەیان و پیریش ناوەکانیانی لە بیر بردوومەوە)).

## وەڵامێکی زانایانە

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئاوی دەریایە بۆ سوێرە؟))

وەڵامی دایەوە ((بەو هەموو ماسییە سوێرانەوەی دە دەریایەدان ئێستاش هەر دەتانەوێ ئاوی دەریایە سوێر نەبێ)).



## پێنج ئەنگوستی

یەکێك لە دۆستەکانی مەلا نەسرەددینی مەلای بۆ نانی ئێوارێ بانگهێشت دەکا، کە سفرەی ڕادەخەن و نانی دێنن و چێشتی دادەنێن مەلا بە دەستی دەست بە خواردنێ دەکا. دۆستەکەی دەپرسێ ((جەنابی مامۆستا! ئەوە بۆ بە پێنج ئەنگوستی نانی دەخۆن؟))

مەلا دەڵێ ((عەرزی جەنابی با سەحەتت بکەم، چونکە لە پێنج ئەنگوستم زیاتر نین)).

## پیری و لاوەتی

لاوێکی نەزان لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((ئەرێ ئەوە ڕاستە دەڵێن پیری هۆی کەم ئەقڵیەیە؟)) مەلا نەسرەددین وەڵام دەداتەوە ((بەڵێ ئەوەش هەر ڕاستە کە بیستساڵەش لە مرۆڤی شەست ساڵە پیرترە)).

## کەمتەرخەمی

شەوێکی دز دەچێتە سەر ماڵێ مەلا نەسرەددینی و کەرەکەی دەبا. ڕۆژێ دوایی گەردی بەیانی مەلا بەگەڕەکێدا دەگەڕێ و سۆراغی کەرەکەی لە دەر و دراوسێیەکان دەکا.

کاتێ دەر و دراوسێ بە مەسەلەکەیانزانی سەریان کردە سەری مەلای.

یەکێك گووتی ((جا بۆ دەرکی تەویلەت دانەخست تا دز نەیبردبا؟))

یەکی دی گووتی ((بۆ چاکت ئاگا لە کەرەکەت نەدەبوو تا ئاوا تێنەکەوتبای؟))

یەکی دیکەشیان گووتی ((بۆ لەو هەموو تەقە و ڕەقەی دەرکی تەویلێ وەئاگا نەهاتییەوە و دزەکەت نەگرت؟))

بە کورتییەکەی هێندەیان سەرکردە سەر مەلای و هێندەیان تانە و تەشەر لێدا تا مەلا تووڕە بوو و یەك بە خۆی هاواری کرد ((وەك ئێوە دەڵێن هەموو کەمتەرخەمی و خەتایەکە ئی منە و دزە هەرچی گوناە بێ نییەتی)).

## جێی ئادەم و حەوا

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دورست بن، ئادەم و حەوا لە کوێ بوون؟)) وەڵامی دایەوە ((لە ماڵێ خۆیان بوون)).

## چاڵی هەوایی

پیاوێکی شێت منارەی مزگەوتێی بە مەلا نەسرەددینی نیشاندا و گووتی ((ئەو چاڵە هەواییانە چۆن دروست دەکەن؟)).

مەلا وەڵامی دایەوە ((سەرەتایەك چاڵی زەمینی هەڵدەکەنن و گڵەکەی لە سەریەك دادەنێن تا دەبێتە ئەو چاڵە هەواییە)).

## ماسی بۆ قسان ناکا

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ماسی بۆ قسان ناکا؟))

وەڵامی دایەوە ((باشە بۆ ئێوە دەتوانن لە بن ئاوێ قسان بکەن تا ئەو قسان بکا؟))

## خەڵکی بۆ بێر و بەوێدا دەچن؟

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئەوە خەڵکی بۆ لە کوچە و کۆڵاناندا بێرە و بەوێدا دەڕۆن و هەموویان هەر بە لایەکیدا نارۆن؟))

مەلا نەسرەددین بیرێکی کردەوە و گووتی ((لەبەر وەی ئەگەر هەموو بچنە لایەکی ئەوە زەوی لاسەنگ دەبێ و دنیا هەڵدەگەڕێتەوە)).

## چ باسە؟

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە سواری کەرێ دەڕۆیی کە لە پڕ خەوبردییەوە و بەربۆوە. منداڵی لێ خڕبوونەوە و بە چەپلە لێدانەوە دەیانگوت ((مەلا لە کەرێ بەربۆوە! مەلا لە کەرێ بەربۆوە!)) مەلا نەسرەددین زۆر هێدی و لە سەرەخۆ چووە لای منداڵەکان و وەك هیچ شتێك



ڕووی نەدابێ، گووتی ((ئەوە چ باسە واکردووتانەتە هەرا و هۆریا؟ بۆ بڕیار وایە تا قیامەتێ هەروا بە پشتی کەرێوەبم و نەیەمە خوارێ!))

## چاپووك وەڵامی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە مەیدانێ کەرێ بکڕێ. ژمارەیەکی زۆری لادێیی لێ خڕببوونەوە، مەیدانی کەران تا بڵێی بە جۆش و خرۆش و گەرموگوڕ بوو.

پیاوێك کە هەروا لەوێوە تێدەپەڕێ بۆ ئەوەی سەر بکاتە سەر سەری مەلای پێی گوت ((دەو مەیدانەیدا جگە لە کەر و لادێییان زیاتر هیچی دیکەی لێ نییە)).

مەلا گووتی ((ڕێزدار جەنابتان لادێیین؟))

پیاوە گووتی ((نەء))

مەلا گووتی ((ئەدی ئێوە چین؟ ئەوە هەر بۆ خۆتان فەرمووتان کە ئێرە جگە لە کەر و لادێییان هیچی دیکەی لێ نییە)).

## دز چۆن دێت

شەوێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی لێی پرسی ((مەلا! دز چۆن دێتە سەر ماڵان و کەسیش نەزانێ؟)) مەلا گووتی ((ئەوە دیارە! کەمێك لباد بە بن پێی خۆیەوە دە بەستێ تاکەس ترپەی پێی نەبیسێ)).

## کلکی کەڵەشێر

دزێك چووە ماڵێ مەلا نەسرەددینی و کەڵەبابێکی دزی و دەبن کەوای نا؛ بەڵام کلکی کەڵەبابی لە درزی یەخەکەی هاتبووە دەرێ.

مەلا کە لە قاڕ و قیڕێ وەئاگا هاتبوو دزەی دەگرێ. دزە دەڵێ ((بە حەزرەتی عەباس قەسەم هیچم نەدزیوە!))

مەلا دەڵێ ((جا باشە بە حەزرتی عەباسەکەت باوەڕکەم یا بە کلکی کەڵەبابی؟))

## ددان ئێشه

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەمامکی خۆی کردبوو و بە کۆڵانێدا دەڕۆیی. یەکێك لە هاوڕێیەکانی تووش بوو و پێی گوت ((خوانەکردە! ئەوە چییە؟))

مەلا گووتی ((دووربێ لێتان! ئەوە چەند ڕۆژێکە ددان ئێشە حاڵی پێ نەهێشتووم و خەریکە دەمرم)). هاوڕێی مەلای گووتی ((ئەگەر ئەو ددان ئێشە لە من بایە، تا ئێستا سەد جارم دەرێنابوو))

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئەگەر ددانی منیش ئی تۆبایە، بەبێ وەی ئێشابایە هەر بۆ خۆم هەڵمدەکێشان))

## خۆشەویستی بە قەرز

پیاوێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((کێت لە هەموو کەسێکی خۆشتر دەوێ؟))

وەڵامی دایەوە ((ئەوەی زگم تێرکا)).

پیاوە گووتی ((ئەگەر من تێرت کەم ئەو دەمی خۆشتدەوێم؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامی دایەوە ((هەر کاتێ تێرم کەی بەڵێ! خۆ خۆشەویستی بە قەرز نابێت)).

## چاودێری

ڕۆژێکی کەتە پیاوێکی خڕیلە بە مەلا نەسرەددینی گوت ((بابی من تەویلەیەکی هەیە هێندە گەورەیە سەر و بنی دیار نییە؛ لەبەر هەراویان ئەگەر ماینێك لە دەرکێی ئاوس بێت ناگاتە نیوەی دەزێ)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((بابی منیش دارقەڵانگێکی هەیە هێندە درێژە هەر کاتێ جلان دەشوێن، جلەکان بەسەری قەڵانگێوە دەکات و بڵندی دەکات و وەبەر ڕۆژێیان دەدات کە بستێکی دەمێنێ بگاتە ڕۆژێ دەر لە ئاست جلەکە وشك دەبنەوە و هیچیان پێ ناچێ)).



پیاوە کەتە خڕیلەکە گووتی ((جا باشە ئەو قەڵانگە بەو درێژییەی لە کوێی هەڵدەگرێ و لە کوێی دادەنێ؟))

مەلا گووتی ((لە لایەکی تەویلەکەی بابت!))

## ساز لێدانی مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین لە ئاهەنگێکی خۆشدا دەبێ و خەڵکەکە داوای لێدەکەن هێندێکیان ساز بۆ لێدا. مەلا سازی بە دەستەوە دەگرێ و پەڕەمووچێکی توند لە ژێیەکی دەدات و دەنگێکی گڕ و ناخۆشی لێ هەڵدەستێنێ. دەڵێن ((مەلا ئەوە چ ساز لێدانێکە؟ ئەوەی تا ئێستا ئێمە دیومانە ساز ژەنەکان بە ڕێکی قامکان لە پەیژەی مۆسیقای دەگێڕن و مەقامەکان دەبیننەوە و دەنگێکی خۆشی لێوە دێنن)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئەوانە هەموویان ناشین و بەو جۆرەی دەیانەوێ چینەکان بدۆزنەوە؛ بەڵام من کە هەر لە ساڵانێکی زۆر زووەوە کۆنەکاری ئەو ئیشەم و سەرم تێدا سپی کردووە هەموو چین و پەردە و مەقامەکان دەزانم)).

## ئەستێرەکان دەچنە کوێ؟

پیاوێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((کە هەوا ڕووناك بوو ئەستێرەکان دەچنە کوێ؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((دەچنەوە ماڵێ خۆیان)).

پیاوەکە گووتی ((ئەوە هەر لە خۆتەوە وا دەڵێی؟))

مەلا گووتی ((جا ئەگەر باوەڕناکەی فەرموو ئەتۆ بڵێ دەچنە کوێ؟)).

## شایەد

کابرایەك مەلا نەسرەددینی بردە دادگای و بە قازی گوت مەلا سەد دینارم پێ قەرزدارە.

قازی لە کابرای پرسی ((شایەدت کێیە؟))

کابرا وەڵامیدایەوە ((خودا!))

مەلا نەسرەددین گووتی ((جەنابی قازی! قایل نیم؛ چونکە داواکار دەبێ کەسێکی بە شایەد بگرێ کە ئێوە بیناسن)).

## قازی یەك پێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین خەریك بوو قازێکی کوڵاوی بۆ حاکمی تازە دەبرد. دە نیوەی ڕێیەدا برسی بوو ڕانێکی دەرێنا و خواردی.

کاتێ حاکم قازەکەی بە تاك پێی دیت، لە مەلای پرسی ((ئەدی ئەوە پێیەکەی دیکەی چی لێهاتووە؟)) مەلا وەڵامیدایەوە ((قوربان! بۆ نازانی هەموو قازەکانی ئەم شارەی یەك پێیان هەن)).

حاکم گووتی ((ئەوە منداڵان هەڵدەخەڵەتێنی؟))

مەلا گووتی ((جا ئەگەر باوەڕناکەن بفەرموونە بەر پەنجەرەی و بەچاوی خۆتانی ببینن)).

حاکم چووە بەر پەنجەرەی و دیتی ئەوە چەند دانە قازێك لەسەر پێیەکی ڕاوەستاون و سەریان دەبن باڵەکانیان ناون.

مەلا بە خۆشحاڵییەوە گووتی ((نەمگوت قوربان!))

حاکم پەلە دارێکی هاویشتە قازەکان و بە توندی وە یەکیان کەوت؛ بە شێوەیەك کە هەموو لە خەوێ ڕاپەڕین و بە قیژە قیژێوە هەڵاتن.

حاکم ڕووی لە مەلای کرد و گووتی ((خۆ ئێستا بە چاوی خۆت دیتت کە قاز دوو پێی هەیە و تۆش درۆت کرد؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((قوربان! ئەو پەلەدارەی بەوان کەوت وە ئێوە کەوتبا، لە جیاتی دوو پێ چوار پێتان لێ دەڕوا و هەڵدەهاتن)).



## ئێستر سواری

مەلا نەسرەددین بە سواری ئێسترێ بەرەو ماڵ دەبۆوە کە لە پڕ ئێستر ڕەوییەوە و ملی لە دەشتێ نا.

یەکێك چاوی بە مەلای کەوت و هەر لە دوورەوە هاواری کردێ ((ئەهای جەنابی مەلا! ئەوە وا بەپەلە بۆ کوێ؟))

مەلا دەستێکی بۆ ئێسترەکە درێژکرد و گووتی ((لەوەی بپرسە داخوا بۆ کوێم دەبا، چونکە من هیچم بە دەست نییە)).

## کەبابی کەوێ

کابرایەك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((کەو چۆن دەکرێ بە کەباب))

وەڵامیدایەوە ((بڕۆ هەر کاتێ گرتت وەرەوە فێرت دەکەم)).

## گفتوگۆی بەندە و خودا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە قوژبنی مزگەوتێکی دانیشتبوو لە بن لێوانەوە گازەی دەکرد کە پیاوێکی هەژار هاتە مزگەوتێوە و پێیوانەبوو کەسی لێیە. سەری بڵند کرد و بەرەو ئاسمان گووتی ((خودایە! ئەرێ هەزار ساڵ بەلای تۆوە چەندەیە؟))

مەلا نەسرەددین زۆر لەسەرخۆ خۆی خزاندە پەنا پایەیەك و بە دەنگێکی سەیر و سەمەرەوە گووتی ((ئەی بەندەی من! هەزار ساڵ بەلای منەوە ساتە وەختێکە)).

کابرای هەژار خۆشحاڵ بوو کە خوا وەڵامی داوەتەوە و گووتی ((خودایا! ئەدی دە هەزار دینار بە لای تۆوە چەندە؟))

مەلا گووتی ((ئەی بەندەی من! دە هەزار دینار بە لای منەوە دینارێکە)).

کابرای هەژار گووتی ((ئەی خودا! مادام کەوایە دە دینارێکی بەو بەندە هیچەی خۆت مەرحەمەت بفەرموو)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((باشە! دە ساتە وەختێکی ڕاوەستە)).

## مانگی کۆن

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((کاتێ مانگ نوێ دەبێتەوە، مانگە کۆنەکەی چ لێدەکەن؟))

وەڵامیدایەوە ((وردی دەکەن و ئەستێرانی لێ دروست دەکەن)).

## پیاوی ویژدان پاك

ڕۆژێکی غەوارەیەك گەیشتە مەلا نەسرەددینی و بە تەشەرەوە گووتی ((ئاهای مەلا! ڕێی شاری بە کوێدایە؟))

مەلا گووتی ((جا تۆ چوزانی من مەلام؟))

غەوارە گووتی ((من بە یەك سەرنج هەموو کەسێکی دەناسم و لە دیوی ناوەوەی هەموو کەسێك و هەموو شتێك ئاگادارم)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئێستا کەوایە بۆ خۆت ئەو ڕێیەی بدۆزەوە کە دەچتە شاری)).

## مەلا نەسرەددین لە بەغدایە

مەلا نەسرەددین لە بەغدایە هاتبۆوە و دۆستانیش چووبوونە سەردانێی. یەکێکیان پرسی ((مامۆستا! چت دەکرد لە بەغدایە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((هیچ! ڕۆژ تا ئێوارێ ئارەقەم دەکرد)).



## سەهۆڵ

یەکێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((سەهۆڵی ئەم شارە ساردترە یا سەهۆڵی شارەکانی دی؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((پرسیارەکەی تۆ لە هەر دوو لایان ساردترە)).



## ئادەمی بێ سەر

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین و ئاوەڵێکی دەچنە ڕاوێ و دوای کێوماڵ کردنێ ئەو شاخ و داخ و لاپاڵانە و گەڕان و سووڕانی بێڕوبەوێدا دەگەنە گورگێکی. لە بەروەی پێیان شەرمە بە دەستی بە تاڵ بێنەوە ماڵێ، سەر دە دوو گورگەی دەنێن بیگرن.

گورگە بە هەشتاوی خۆ دەکونەکەی داوێتەوە و ئاوەڵی مەلاش کە دەستبەردار نابێ، سەری دەکونە گورگێ دەنێ و ماوەیەك هەروا دەمێنێتەوە.

مەلا کە دەبینێ ئاوەڵەکەی لە جێی خۆی نابزوێ و سەری ناهێنێتەوە دەرێ، قاچەکانی دەگرێ و ڕایدەکێشێتەوە و بەسەر سامییەوە سەیردەکا ئاوەڵەکەی سەری پێوە نییە.

مەلا نەسرەددین بە پەلە دێتە شاری؛ دەچێتە لای ژنی ئاوەڵەکەی و دەپرسێ ((ئەرێ ئەورۆ بەیانی کاتێ کە مێردەکەت لە ماڵێ هاتە دەرێ سەری پێوەبوو یان سەری لە ماڵێ بەجێهێشتبوو؟))

## پیاوی ئاقڵ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەرەکەی بردە بازاڕی و دایە دەست دەلاڵێکی و گووتی ((ئەگەر توانیت ئەو کەرەم بۆ بفرۆشی ئەوە دەلاڵییەکی باشت دەدەمێ)).

دەلاڵ هەوساری کەرەی گرت و لە ناوەڕاستی مەیدانێ هێندەی بە چوست و چالاکی و پڕکاری و کەم خۆری و پتەوی و نەجابەت و قەد و قەوارەی کەری مەلای هەڵاگوت کە مەلا لە فرۆشتنێی پەشیمان بۆوە دە دڵی خۆیدا گووتی ((پیاوی ئاقڵ هیچ کاتێ ماڵی وا چاك نافرۆشێ)).



سواری کەرەکەی بۆوە و بە خۆشحاڵییەوە هاتەوە ماڵێ.

## سەلماندنی گێلەتییە

شەوێکی مەلا نەسرەددین دە کتێبێکیدا خوێندبییەوە کە ڕیشی درێژ و سەری چکۆڵە نیشانەی گێلەتییەن، هەستا چووە بەر ئاوێنەی، زۆر چاکی دە خۆ هەڵڕوانی و بە ناقایلییەوە گووتی ((ئەگەر وابێ ئەوە ئەمن گێلێکم نەبێتەوە و دەبێ خۆشم لەو گێلییەتییەی ڕزگارکەم)).

ئەوجا هات ڕیشی دەمستی گرت و زیادەکەشی وە بەرچرایدا هەڵیکرووزێنێ، کە لە پڕ سەرتاپای ڕیشی کڵپەی کرد و ئاگری گرت و هەرچی دەموچاوی هەبوو هەمووی سووتا، ناچار ماوەیەکی زۆر لە ماڵێ تەخت بوو و خەریکی داو و دەرمانێ بوو.

دوای چاکبوونەوێی مەلا نەسرەددین چۆوە سەر وەختی کتێبە بۆری گۆرین لە پەراوێزی ڕیشی درێژ و سەری چکۆڵە نووسی ((بە ڕاستی ڕاستە، چونکە ئەمە بە کردار تاقیکرایەوە و ڕاست دەرچوو!))

## بانگدانێ مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین بە ڕاکردنێوەی بانگ دەدا، گوتیان ((مەلا! ئەوە بۆ بە وەستاوییەوە بانگ نادەی؟))

گووتی ((دەمەوێ بزانم دەنگم تاکوێ دەڕوا و چەند کەسی لێ سوودمەندن)).

## نرخی کات

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چوو دەست بە ئاوبگەیەنێ. لە پشت دەرگای ئاودەستێوە چەند جارێکانی ئهم و ئوهوم کرد و کە هیچ وەڵام نەبوو دەرکەی کردەوە و چووە تێ و کە دیتی کەسی تێدا نییە بە تەشەرەوە گووتی ((سەیرە! ئەدی چەند لە مێژە ڕاوەستاوم و ئهم و ئوهومە بۆ نالێی بەتاڵە و کەسی تێدا نییە!))

## وڵاغی خاوەن قەرد

کەرەکەی مەلا نەسرەددینی ڕۆژ بە ڕۆژ تادەهات لەڕ و لاوازتر دەبوو. ئاشنا و ڕۆشنای مەلای پرسیان ((ئەرێ دەڵێی جۆی نادەیە کەرەکەت وا هێندە لەڕ و لاواز بووە؟))

مەلا گووتی ((چۆن! شەوی دوو کیلە جۆ دەخوا))

گوتیان ((ئەدی بۆ وای لێهاتووە؟))

مەلا نەسرەددین سەرێکی لە قاند و گووتی ((لە خەفەتان! چونکە بەشە مانگێکی جۆیەکەی بە قەرزداوە)).

## کەر فرۆشتنی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی کە مەلا نەسرەددین زۆر بێ پارە و پوول بوو، بڕیار دەدا کەرەکەی ببا و بیفرۆشێ. ژنەکەی مەلا گووتی ((ئەوە لە کەللەی داوی؟ ئەگەر کەرەکەی بفرۆشی ئەدی بەچی دێی و دەچی و ئێرە و ئەوێیەکی دەکەی و بە کارەکانت ڕادەگەی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((غەمێ مەخۆ؛ نرخێکی وای لەسەر دادەنێم کە بە کەس نەکڕەرێ)).

## مقاشی سێ هەزار دیناری

پیاوێك شمشێرەکەی برد بووە بازاڕی بیفرۆشێ و داوای سێ هەزار دیناری لێدەکرد. مەلا نەسرەددین لە پیاوەکەی پرسی ((هۆی گرانی ئەو شمشێرە چییە؟))

پیاوە وەڵامی دایەوە ((ئەو شمشێرە لە کاتی هێرش بردنە سەر دوژمندا پێنج گەز دەکشێ و درێژ دەبێتەوە)).

مەلا چۆوە ماڵێ و مقاشێکی هێنا و بە دەنگێکی بەرز دەیگوت ((ئاهای خەڵکینە! ئەو مقاشە سێ هەزار دینار)).



یەکێك گووتی ((ئەوە بە چ حیسابێکی مقاشێك دینارێکی ناهێنێ تۆ دەڵێی سێ هەزار دینار؟))

مەلا نەسرەددین ئازایانە وەڵامیدایەوە ((ئەدی بۆ شمشێرێك دە شەڕێدا هەر پێنج گەز دەکشێ بە سێ هەزار دیناریە، کەچی ئەو مقاشە لە دووری دە گەزەوە دەگاتە سەری من کە مەلا ژن ڕایدەوەشێنێ؟))

## دیسان بوویەوە کەر!

ڕۆژێکی مەلا هێندێکی پارە پێکەوە نابوو؛ دەچێتە بازاڕێ و کەرێکی دەکڕێ و هەوساری دەگرێ وەدوو خۆی دەدا بۆ ماڵێ.

دە ڕێیەدا دوو دزی دەگەنێ و بڕیاڕ دەدەن بە هەر چۆنێك بووە کەرەکەی لە چنگان دەرێنن. یەك لە دزەکان بە سپایی لە کەرەکەی نزیك دەبێتەوە؛ هەوسارەکەی لەسەری دادە ماڵێ و بەسەری خۆیەوە دەکا و دزەی دووەمیش کەرەکەی دەباتەوە بازاڕی بۆ فرۆتنێ.

مەلا نەسرەددین لە پەنا ماڵێ ئاوڕێکی دەداتەوە هێندەی نامێنێ لە حەیبەتان لە جێی خۆی وشك بێ؛ کە دیتی لە جێی هەوساری کەرێ ئەوە جلەوی لاوێکی سەروسەکوت ناشیرنی بەدەستەوەیە.

مەلا کاتێ باوەڕی هات و زمانی هەڵبڕی لە کوڕە لاوەکەی پرسی ((تۆ کێیی؟))

لاوە گووتی ((گەورەم! چ بڵێم لە تاوانم نەتوێیەوە؟ من لاوێك بووم بێ ڕێزیم دەگەڵ دایکمدا نواند و لە خۆم ڕەنجاند. ئەویش نەفرەتی لێکردم و دەستبەجێ بوومە کەر و چونکە نەشیدەتوانی کا و جۆ و ئالیکم بۆ دابین کا منی هێنایە بازاڕی بۆ فرۆشتنێ و تۆش هاتی و کریمت. ئەوە ئێستاش لە چاکە و فەڕی ئێوەوە هەردوای چەند هەنگاوێکان بە دوای ئێوەدا دووبارە بوومەوە ئادەمی)).

مەلا گووتی ((ئەوەش لە بەدبەختییە منە! تازە چ لە تۆ بکەم؟))

لاوە کەوتە سەر دەست و پێی مەلای و دەستیکرد بە پاڕانەوەی و گووتی ((ئازادم کە و باوەدوای کاری خۆم کەوم)).

مەلا گووتی ((بە مەرجێکی لەمەو دوا بێ ڕێزیە دەگەڵ دایکتدا نەکەی و لە خۆتی نەڕەنجێنی)).

لاوە گووتی ((بە چاوان!))

هەوسارەکەی لەسەری خۆی کردەوە و خودا حافیزی لە مەلای کرد و ڕۆیی. ڕۆژی دوایی، مەلا هەمدیس پارە و پوولێکی بە قەرز و قۆڵە پێکەوەنایەوە و چۆوە کەرێ بکڕێتەوە و هەر کە گەیشتەوە بازاڕی چاوی بە هەمان کەرەکەی دوێنێ کڕیبووی کەوتەوە مەلا لێی چۆوە پێشێ و سەری دەبن گوێی کەرەی ناو گووتی ((ئەی هەرزەی نەزان! دیارە بە ئامۆژگارییەکەی منت نەکردووە؛ دووبارە دایکتت ڕەنجاندۆتەوە؛ ئەویش نەفرینی لێکردوویەوە و دیسانەوە بوویەوە کەر)).

## داهێنانی مەلا نەسرەددینی

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((تا ئێستا هیچ شتێکی نوێت داهێناوە؟))

وەڵامیدایەوە ((بەڵێ! خواردنی نان و بەفرم داهێناوە؛ بەڵام لەبەر هەرزانیانی بۆ خۆشم حەزم لێی نییە!))

## کەلووی کاوڕ

پیاوێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((کەلووی بەختت چییە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((کەلووی مەڕ)).

پیاوە گووتی ((دە نێو کەلووەکاندا کەلووی کاوڕم بیستووە؛ بەڵام تا ئێستا کەلووی مەڕم نەبیستوو)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((دە ساڵ لەمەو پێش کەلووەکەم کاوڕ بوو، ئێستا لەو دەمییەوە دەبێ ئەو کاوڕە بووبێتە پیرە مەڕێکی دونگ شۆڕی کەتەی زلە)).



## بۆ ئەزموون دەستکەوتنێ

بە مەلا نەسرەددینیان گوت ((هاوڕێ! تاکەی دەتەوێ هەروا بە نەزانی بمێنییەوە و هەر ڕۆژەی خەڵکی کڵاوێکت لە سەری نێن؟ بۆ بیرۆکەکی لە خۆت ناکەیەوە و خۆت لەو بارودۆخەی ڕزگار ناکەی؟))

وەڵامیدایەوە "لە جیاتی ئەوەی بۆ ناڵێن کە خەڵکی هەر ڕۆژەی کڵاوێکم لەسەر دەنێن، نیعمەتێکی گەورەیە؛ چونکە بەردەوام ئەزموونەکانی ئادەمیزاد بەرەو سەردەبەن)).

## بە دوای خەوێدا

شەوێکی مەلا نەسرەددین لە خەوێ ڕاپەڕی و هەرچی کردی و کراندی خەوی لێ نەکەوتەوە. ناچار هەستا و کۆڵان بە کۆڵان کەوتە سوڕانەوێ.

شەوگەڕێکی لێ پەیدابوو و بە مەلای گوت ((ئەوە بەو نیوە شەوەی لە چ دەگەڕێی؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((خەوم لێڕەویوەتەوە هەرچی بە دوایدا دەگەڕێم نایدۆزمەوە)).

## بێ ئاگا

ڕۆژێکی مەلا نەسەرددین بە بازاڕیدا دەڕۆیی کە یەکێك لێی پرسی ((ئەوڕۆ چەندی مانگێیە؟ سێیە یا چوارە؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((بەندە بێ ئاگام؛ چونکە زۆر دەمێکە بازرگانی مانگێم نەکردووە!))

## نەخۆشییە مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە ئاهوناڵە و نرکەوە چووە لای حەکیم باشی و گووتی ((کوڕە دەستم بە دامێنت بمگەیە مردم)). حەکیم پرسی ((کوێت دێشێ؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((ڕیشم))

حەکیم پرسی ((ئەورۆ نیوەڕۆ چیت خواردووە؟))

مەلا گووتی ((تۆزێك نان و سەهۆڵ)).

حەکیم گووتی ((هەستە بڕۆوە دوای کاری خۆت کەوە، چونکە نە دەردت دەردی ئادەمیانە و نەخواردنیشت)).

## بابی من و بابی تۆ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە کوڕەکەی گوت ((کوڕم! واز لەو ڕەفتارە ناپەسەندەی بێنە و شەوانە وادرەنگ مەیەوە ماڵێ. ئەو دەمی من لە تەمەنی تۆدابووم ئەگەر شەوێکی درەنگ هاتبامایەوە بابم بە دارێیەوە دەکردم و تا سەد جارم نەگوتبایە گووم خوارد لێی نەدەکردمەوە و وازی لێ نەدەهێنام)).

کوڕی مەلا نەسرەددینی گووتی ((ئەوە دیارە کە بابی تۆ زۆر بێ ڕەوشت و بێ بەزەیی بووە)). مەلا نەسرەددین بەسەر کوڕەکەیدا شێڕاند ((بیبڕەوە! بابی من هەزار جار لە بابە گێلەکەی تۆ چاکتر و ماقووڵتریش بوو)).

## پیادە (بە پێیان)

مەلا نەسرەددین کەرەکەی وە پێشەخۆی دابوو و بۆ خۆشی بە پێیانی کەوتبووە دوو. پیاوێك گەییە مەلای و گووتی ((ئەوە بۆ سواری کەرەکەت نابی و بە پێیان دەڕۆی؟))

مەلا گووتی ((یانی من لەو کەرەش کەمترم، من سواربم و ئەویش بە پێیان بڕوا؟))

## پێش تاقیکردنەوە

حاکم داوای لەخەڵکی کرد هەر کەسێکی چێشتی خۆش و خواردنی خۆش دەزانێ لێنێ بچێتە خزمەتی و بڵێ. مەلا نەسرەددین کەڕێ بەیانی چووە خزمەت حاکمی و گووتی ((من خواردنێکی هێندە خۆشم بۆ قاوەڵتیە سبەینان دیوەتەوە دەستی پێوە دەخورێ)).

حاکم پرسی ((چۆن لێدەنرێ؟))



مەلا وەڵامیدایەوە ((زۆر ئاسانە. سیر و هەنگوینی تێکەڵ دەکەن و لێیدەگەڕێن نیو سەعاتێك چاك بکوڵێ)).

حاکم گووتی ((ئەورۆ سبەینێت خواردووە یان نا؟))

مەلا گووتی ((نەخێر، قوربان!))

حاکم دەستوریدا سیر و هەنگوینی بێنن و پێکەوەیان بکوڵێنن با مەلا نەسرەددین قاوەڵتیە بخوات. مەلا هەریەکە و پارووی دڵی تێکەڵ هات و دەستی لە خواردنێ کێشایەوە.

حاکم پرسی ((ئەدی ئەوە هەر هەمان ئەو خواردنە نییە کە بۆ خۆت دیوتەتەوە، ئەدی بۆ ناخۆی؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((هێشتا نەگەیبووە ئەوەی تاقیکەمەوە)).

## تەگبیری کوڕ و بابی

کوڕەکەی مەلا نەسرەددینی لە قەراغ ڕووبارێکی دانیشتبوو و نانی دەخوارد، پارچە نانێکی لێکەوتە ڕووبارێوە. سەیری کرد وێنەی خۆی کە نانی دە دەمیدا بوو دە ئاوەکەیدا دیت و خێرا بانگی بابی کرد و گووتی ((کوڕێك دە ڕووبارەکەدا نانەکەی لێ فڕاندم)).

مەلا نەسرەددین بە پەلە خۆی گەیاندە ڕووبارێ و کاتێ سەیری ناو ئاوەکەی کرد ئەویش وێنەی خۆی دەوێدا دیت و گووتی ((ئاهای گێلە! تف لەو ڕیشە چەرمگەت ئەوە تەریق نابییەوە نانت لەو منداڵەی فڕاندووە و خواردووتە؟))

## بازرگانی مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین دەچوو هەر نۆ هێلکەی دەکڕی بەدرهەمێکی و دەچوو لە کۆڵان و گەڕەکەکانی دیکەی دە هێلکە بە درهەمێکی دەدانەوە.

گوتیان ((مەلا! ئەوە چ جۆرە سەودا و ئالۆوێرێکە خۆ هەمووی هەر زەرەرە؟))

گووتی ((مامەلە هەرمامەلەیە ئیدی! زەرەر و قازانج نییە، هەر خەڵك نەڵێن بە تاڵ و حەتاڵ دەخولێمەوە بەسە)).

## ژمارەی ئەستێرەکان

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((جەنابی مامۆستا! ئایا دەزانی چەند ئەستێرە بە ئاسمانێوەن؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((نەء! زۆر دەمێکە پێوەم بزانم ژمارەی ئەستێرەکان چەندن؛ هیچ ڕێیەکم بە خەیاڵدانایەت ئەوە نەبێ بۆ خۆم بچمە ئاسمانێ و بیانژمێرم)).

گوتیان ((ئەدی بۆوا ناکەی؟))

گووتی ((لەبەر دوو هۆ! یەکێکیان ئەوەیە کە بە ڕۆژ سەرقاڵم و ئەستێرەکانیش بە ئاسمانێوە نین، دووەمیش هەرچەندە شەوانە کاتم هەیە، دەترسم بچمە ئاسمانێ و لەوێ چرایەکی لێنەبێ و نەتوانم بە تاریکی ئەستێرەکان بژمێرم)).

## تۆ لە ماڵێ و من لە دەرێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەرەکەی بردە بازاری و دایە دەست دەڵاڵێکی بیفرۆشێ و بۆخۆشی چوو لە پەنایەکییەوە دانیشت بۆ تەماشاکردنێ.

دەڵاڵ دەستی بە پێداهەڵگوتنی کەرێ کرد و گووتی ((هۆی خەڵکینە! بەشەرەفم هەر کەسێکی ئەو کەرە خۆشڕە و بارەبەر و هێورەی بکڕێ بەخت لە دەرکەی داوە و نانی کەوتۆتە ڕۆنی، چونکە لە هەموو دنیایەدا تای نییە))

مەلا دە دڵی خۆیدا گووتی ((ئێستا کە وایە بۆ بۆ خۆم نەیکڕمەوە و باری خۆم ڕاستکەمەوە)). و هەستایە سەر پێ و چووە پێش دەڵاڵەی. دوای بێنەو بەرە و چەقە چەقێکی زۆر، کەرەی خۆی کڕیەوە؛ پارەکەیدا و هەوسارەکەی گرت و چۆوە ماڵێ و مەسەلەکەی لە سیریڕا هەتا پیازی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە.

ژنێ مەلاش گووتی ((ئەمنیش ئەورۆ گۆلێکم کردووە)).



مەلا بە خۆشحاڵییەوە پرسی ((دادەی بڵێ بزانم چۆنت کردووە؟))

ژنە گووتی ((کاتێ خەریکی شیر کڕینێ بووم لە شیر فرۆشەکەی، بە دزییەوە دەستبەندە زێڕەکەم هاویشتە تاسی سەنگی تەرازووەکەی و شیر فرۆشەکەش ئاگای لەوەی نەبوو گزی لێکراوە و بە قورساییە دەستبەندەکەم شیری زیاترم لێ کێشایەوە و دوایەش بەردو تەرازوو و دەستبەندەکەشی خڕکردنەوە و بە دوای کاری خوێداچوو)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((هەی ئافەرین ژنی زرنگ و وریا و ئازا و بەجەرگ! من لە دەرێ تۆ لە ماڵێ هەروا بە فێڵ و دزی و فزییەوە خەرج و مەرجمان مسۆگەر دەبێت و ژیانمان بە چاکی و خۆشگوزەرانییەوە بەسەر دەبەین)).

## سزای کەمتەرخەمی

ڕۆژێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی بە مەلای گوت ((ئەورۆ چێشتکەرەکەمان کەوت و قاچی شکا)). مەلا نەسرەددین تووڕە بوو و پێی داگرت کە ((ئەم جارە دەیبەخشم، بەڵام ئەگەر لەمەو دوا کەمتەرخەمیە بکات و شتێکی بشکێنێ، بێ چەند و چوون لە پارەی ڕۆژانەکەی دەگێڕمەوە)).

## چارەی کار

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە بازاڕی، قۆرییەکی جوانی کڕی و خەریکی گەڕانەوەی ماڵێ بوو کە هەروا بەدەم ڕێوە بە بیریداهات ((ئەگەر ئەو قۆرییە لە ماڵێ بەربێتەوە عەردی و بشکێ چ دەبێ؟)) دوایەش هەر خۆی وەڵامی خۆیدایەوە ((هیچ! چارەیەك نییە لەوەی زیاتر کە بیبەمە بازاڕی و بیدەمە تەنەکەسازی تەلبەندی کاتەوە)).

مەسەلەکەی تۆزێك لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ کرد و گەییە سەرەنجام ((جا ئەوە یانی چی بچمەوە ماڵێ و ئەگەر قۆرییەکە بەربۆوە عەردی و شکا دووبارە بێمەوە بازاڕی و بچمە لای تەنەکەسازی و هەموو ئەو کاتە جوانەی بە بادەم. واچاکترە ئێستا کە لە بازاڕم و تەنەکەسازیشم لە بن دەستیە قۆرییەکەی بدەمێ تەلبەندی کات و خۆشم دڵم ئاسوودە بێت)).

مەلا نەسرەددین هەرچەندی سەری خۆی هێناو برد دیتی لەوەی چاکتر نایەتە بەر دید و خەیاڵی و قۆرییەکەی بەردایەوە سەرعەردی و پارچەکانی کۆکردەوە و بردنیە لای تەنەکەسازی تا بۆی تەلبەند بکاتەوە)).

## وەڵامی بە ئەدەبانە

مەلا نەسرەددین لە ڕێیەکییەوە تێدەپەڕی. دۆستێکی گەیشتێ و پێی گوت ((مامۆستا! ئەوە بۆ بە پێیانی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((چ بکەم؟ دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا کەرەکەم مرد و تەمەنی خۆی بۆ ئێوە بەجێهێشت)).

## ماڵێ مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین نیوە خانوێکی هەبوو. ڕۆژێکی مەلا چووە لای دەڵاڵێکی و گووتی ((ئەگەر بتوانی نیوەی خانووەکەم بۆ بفرۆشی، نیوەکەی دیشی بۆ خۆم دەکڕمەوە تا هەمووی ببێتەوە ئی خۆم)).

## خەوی ئاسوودە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە خزمەتکارەکەی گوت ((هێندە ماندووم کە ئیدی چاوم هەڵنایە. دەچم هێندێك دەنووم؛ ئەگەر شتێکی گرینگ هاتە پێشێ هەڵمستێنە)).

نیو سەعات تێپەڕی خزمەتکاری مەلای چوو هەڵیستاند.

مەلا نەسرەددین پرسی ((ها؛ چ بووە؟))

خزمەتکار گووتی ((ئەدی بۆ خۆتان نەتانفەرموو ئەگەر کارێکی گرینگ هاتە پێشی هەڵمستێنە؟))

مەلا گووتی ((با!))



خزمەتکار گووتی ((باشە! دەمویست پێتان ڕابگەیەنم کە هیچ شتێکی گرینگ پێش نەهاتووە و دەتوانی بەبێ غەمی و بە دڵێکی ئاسوودەوە بنووی)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئافەرین بۆ تۆ کە ئاوا قەدری کارەکەی خۆت دەزانی))، دووبارە نووستەوە.

## خەوی ناز

شەوێکی ماڵێ مەلا نەسرەددینی ئاوری تێبەربوو ژنەکەی سووتا. یەکێك لە ئاوەڵەکانی مەلای کە بۆ دڵدانەوێی هاتبووە لای، پێی گوت ((مامۆستا! ئەوە چ ڕێیەك نەبوو بتوانی مەلا ژنێی پێ ڕزگارکەی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((با! بەڵام کە دیتم تازە دەخەوی نازدایە دڵم نەهات بە ئاگای بێنمەوە)).

## بۆ خۆی دەزانێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین سەیری کرد ئەوە مانگایەك چۆتە دەشینایییەکەیەوە و دەلەوەڕێ. مەلا لیسێکی تاودایە و سەری دە دوو مانگایەی نا؛ بەڵام هەرچی کردی و کراندی نەیگەیشتێ. چەند ڕۆژێك پاشتر. مەلا نەسرەددین سەیری کرد پیاوێك هەمان مانگایەی هێناوەتە بازاڕی بیفرۆشی مەلا بێ ڕاوەستان بە مست و پێلەقان کەوتە گیانی مانگایەی.

خاوەن مانگا گووتی ((ئەهای کابرا! ئەوە شێت بووی کە هەروا بە خۆڕایی وەرگەڕاویە ئەو مانگایەی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((تۆ قسان مەکە! ئەو بۆ خۆی دەزانێ چ باسە، ئەوە نییە ئەو هەموو لێدانەی دەخوا و دەنگی لێنایە)).

## کارە نابەجێیەکانی سەردەمی لاوەتییە مەلا نەسرەددینی

ئەو دەمی مەلا نەسرەددین لاوێکی کەم تەمەن و هەرزەکار بوو. ڕۆژێکی دەگەڵ کەری بەیانی لە ماڵێ وەدەرکەوت و سەیری کرد پیاوێکیان کوشتووە و تەرمەکەشیان لە بەردەرکێ وان

فرێداوە. ترس سەرتاپای مەلای داگرت و پێش ئەوەی کەسیش پێ بحەسێ و بە سەرویدا بێنن، بە ڕاکێش ڕاکێش بردیە حەسارێ و دەبیرێی هاویشت.

بابی مەلا نەسرەددینی کە زانی کوڕەکەی چ کارێکی نابەجێی کردووە، تەرمەکەی هێنایەوە دەرێ و چوو لە جێیەکی دیکەی شاردەوە و لە جێی ویش لاشەی بزنێکی هاویشتە بیرەکەوە.

مەلا نەسرەددین دەگەیشتە هەرجێیەکی بە دوور و درێژی باسی ئەو تەرمەی دەگێڕایەوە تا دەماودەم بە کەس و کاری کوژراوەکە گەیشتەوە و هەر هەموویان کەوتنە گەڕان بە دوای مەلا نەسرەددیندا و چوون چوار دەوری بیرەکەیاندا.

مەلا نەسرەددین چووە ناو بیرەکەوە و گوریسێکی دەگەڵە خۆیدا برد تا بەتەرمەکەیەوە ببەستێ و ئەوانیدیش ڕایکێشنەوە سەرێ. کە گەییە بنی بیرێ سەیری کرد هەر کە لەشی نێرییەکیە دەبیرێدا هیچی دی. بانگی کرد ((تەرمەکە بۆتە یەك دانە نێری؛ ئێستا گوریسەکەی دە شاخی کەم یا دەکلکی؟))

ئەوانەی کە چوار دەوری بیرەکەیان دابوو بە عەقڵی مەلای پێکەنین و کەوتنە دوای کاری خۆیان و ڕۆیشتن.

## درۆ

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئەوە بۆ خێزانەکەت هەمیشە هەر بە مالانەوەیە و سەر بە هەموو ماڵێکیشدا دەکات.؟))

وەلامیدایەوە ((درۆیە! ئەگەر وەك ئێوە دەڵێن وابێ، خۆ دەبایە جارێکیش بێتەوە ماڵێ خۆمان)).

## کلکی کەرێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەرەکەی دەبردە بازاڕی بیفرۆشێ کە لە ڕێیە کەوتە دە زەلکاو و قوڕاوێکییەوە کلکی پیس بوو. مەلا بیری کردەوە ئەگەر کەرێ بەکلکی پیسەوە بە ڕێتە بازاڕی کەس نایکرێ و هات کلکی کەرەکەی بڕی و دە خۆرجێنێی نا.



کاتێ گەییە مەیدانێ، کڕیارێکی لێ هاتە پێشێ، بە وردی کەرەکەی سەیرکرد و گووتی ((بە ڕاستی کەرێکی چاکە؛ ئەمما حەیفێك و هەزار حەیف کە کلکی بڕاوە)).

مەلا نەسرەددین لە قسەی کابرای هەڵدایە و گووتی ((ئەتۆ وەرە سەودایەکەی ببڕێنەوە غەمی کلکەکەیت هەر نەبێ؛ چونکە دە خورجێنێدایە و دە وەختدا پێشکەشتان دەکەمەوە)).

## دیدار

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گەییە پیاوێکی و هەریەکڕاست کەوتە چاك و چۆنی و حاڵ و ئەحواڵپرسیەی و جەفەنگ دەگەڵ لێدانیێی.

پیاوەکە گووتی ((پێموابێ من بەیەکی دیکە تێگەیشتووی؛ چونکە من ئێوەم هەر نەدیتووە و نەناسیوە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ڕاستییەکەی منیش هەروام!))

## ڕاستیت دەوێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین خەریکی بەستنێ شاشکەکەی (عەمامەکەی) بوو لە سەری نێ؛ بەلام هەر چەند دەیبەست دلّی ئاوی نەدەخواردەوە لەبەر درێژیان بۆی نەدەبەسترا زۆر دلگیر و نارەحەت بوو، ڕاستبۆوە بردییە بازاڕی بیفرۆشی.

کڕیارێك شاشکەکەی مەلای دیوا و دیوکرد و گووتی ((شاشکێکی خراپیش نییە، باشە بۆ دەیفرۆشی؟)) مەلا گووتی ((ڕاستییەکەیت دەوێ لە عەیبێکی بەو لاوە تر چ عەیبێکی دیکەی نییە و خۆ ئەگەر ئەو عەیبەشی نەبایە بە هیچ نرخێکم نەدەدا)).

کڕیار گووتی ((کام عەیب؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((درێژەی لە ئەندازە بەدەر!))

## ڕێنمایی

پیاوێك چووە لای مەلا نەسرەددینی و گووتی ((جەنابی مامۆستا! ماوەیەکە دڵم گیراوە و هەرچی دەشیخۆم هەرسی ناکەم. فەرمانت بە چییە و چ بکەم؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((هەرس کراوەکان بخۆ!))

## ڕێی گونجاو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لەبەر بێ پوولیان کەوتە سەربیری لێگرتنەوەی و بڕیاری دا هەر ڕۆژەی کەمێکی لە خۆراکی کەرەکەی کەم کاتەوە.

دوو سێ ڕۆژی پێچوو، مەلا دڵنیا بوو کە ڕێیەکی گونجاوی بۆ لێگرتنەوەی مەسرەفێ دیوەتەوە؛ چونکە دەیدیت دەگەڵ ئەوەشدا کەرەکە هەر گوێشی لێ نییە و هەروەك جارانە بۆ باری.

مەلا هەروا بە کەمکردنەوەی خۆراکی کەرەکەوە بەردەوام بووتا ڕۆژێکی خۆراکی کەرەکەی بڕی و کەرەش کەوت و مرد.

مەلا دەستیکرد بە هات و هاوار و ئەفسووس و گریان و لە خۆدانێ پرسیان ((جەنابی مامۆستا! کەرێك ئەوەی دێنێ ئاوای بۆ بکەی؟))

وەڵامی دایەوە ((ئاخر ئێوە نازانن ئەو کەرە چ کەرێك بوو. تازە فێرم کرد بوو بەبێ خورد و خۆراك ئیشێ بکات؛ بەڵام حەیفێك و سەدان حەیف کە ئەجەل ڕێی نەدا و ئەوی لە من ستاند و بۆ خۆی بردەوە)).

## ڕاسپاردەی ژنێ مەلا نەسرەددینی

یەکێك لە دۆستەکانی مەلا نەسرەددینی دەیگاتێ و پێی دەڵێ ((مەلا! زۆرت بە مرچ و مۆنی دەبینم؛ چ بووە؟))

مەلا گووتی ((دەستەسڕەکەمم ون کردووە))



دۆستی مەلای گووتی ((گوێی مەدەیە. دەستەسڕێك هێندەی ناهێنێ ئەوەندەی خۆ بۆ نارەحەت کەی)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((بۆ خۆشم هەردەزانم! بەڵام ئەو دەستەسڕەی ونم کردووە لەو دەستەسڕە سادانە نییە؛ ژنەکەم لایەکی لێگرێدابوو تا لە بیرم نەچێتەوە هەناری بکڕم و ئێستا کە دەستەسڕەکەم ون کردووە نازانم ڕاسپاردەکەی ماڵێم چۆن لە بیرنەچێتەوە)).

## ساڵ و تەمەنی مەلا نەسرەددین و برایەکەی

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((دەگەڵ برایەکەتدا چەند ساڵتان نێوانە؟))

وەڵامی دایەوە ((هیچ))

گوتیان ((جمکن؟))

گووتی ((نەء! پار دایکم دەیگوت برایەکەت بە ساڵێکی لە تۆ گەورەترە. بەو گوێرەی بێ ئەمساڵ هەر دووکمان بە قەدەر یەکین)).

## سێ گێل

دوو گێل بە ڕێیەکیدا دەڕۆیشتن. یەکەمیان گووتی ((حەزم لێبوو خودا یەك مێگەلە مەڕی هەزار سەری دابامایە و گوزەرانم ڕاستبووبایەوە)).

دووەمیان گووتی ((منیش حەزم دەکرد خودا سەد تاکە گورگی هاری دابامایە و هەموویان کەوتبانایە گیانی مێگەلەکەی تۆ و هەریەکێکیان دە سەر مەڕی کەلوپاچە کردبانایەو بیانخواردبان)).

یەکەمیان جنێوێکی خەست و خۆڵی بە دووەمێ دا و کەوتنە گیانی یەکتریش.

مەلا نەسرەددینیان گەیشتێ و هۆی ئەو تێك هەڵدانەیانی پرسی. هەردوو گێلە پیاو دەستیان لێك بەردا و بەسەرهاتەکەیان بۆ مەلا نەسرەددینی گێڕایەوە.

مەلا نەسرەددین ئەو کووپە هەنگوینەی پێی بوو بە گۆڕێی وەرکرد و گووتی ((خوێنەکەم وەك ئەو هەنگوینەی دە خۆڵێدا بگەوزێ ئەگەر درۆیان بکەم! ئێوە گێلترین ئادەمیزادێکی سەر ڕووی ئەم زەوییەن)).

## شەوی زاوایەتییە مەلا نەسرەددینی

شەوی زاوایەتییە مەلا نەسرەددینی هەموو میوانەکان شامیان خوارد و هیچ بۆ مەلای نەمایەوە بیخوا. شەو درەنگانێك برسییەتی زۆری بۆ مەلای هێنا و بە تووڕەییەوە هەستایە سەر پێ لە ماڵێ بچتە دەرێ. کۆمەڵێك پێشیان پێگرت و گوتیان ((مەلا! ئێستا کەی کاتی چوونە دەرێیە، ئەوە ئێستا تۆ دەبێ بچیە پەردەی)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئەوە کەی بووە هیچ سفرەیەك کەسانێکی دی پلاوەکەی بخۆن و ئیشە گرانەکانیش بە من بکەن؟)).

## وشتر لە کوێوە چۆتە ئەو بانە

مەلا نەسرەددین چەند شەو و چەند ڕۆژان بیری کردەوە پارەکانی لە کوێ وەشێرێ دەستی کەسیان نەگاتێ. تا نیوە شەوێك پاچ و پێمەڕەی تاودانێ و چووە باغچەی نێو ماڵێ و قۆڵتێکی هەڵکەند و پارەکانی تێدا شاردنەوە. بەڵام، هەر زوو خەیاڵ بردییەوە کە دەنگی پاچ و پێمەڕان گەیوەتە گوێی دەرو دراوسێیان و شتەکە ئاشکرا بوو.

مەلا دە دڵی خۆیدا گووتی ((باش بوو بیر و هۆشی خۆمم بەکارهێنا دەنا دز و درۆزن دار و نەداریان دەبردم و لە قون کوچکێیان دادەنام)).

دوایی، چوو پارەکانی لە قۆڵتەکە هێنانەوە دەرێ و چوو لە جێیەکی دیکەی شاردنەوە، بەڵام دڵی هەر دانەکەوت. چەند جارێکانی شوێن گۆڕکێ پێکردن و جاری دواییە هەڵیڕشتنە نێو توێبەرەیەکییەوە و چووە سەر گردێکی، توێبەرەکەی بەسەردار وە کازێکییەوە کرد و بنی دارەکەشی لە عەردی چەقاند و هاتەوە و بە دڵێکی ئاسوودەوە لێی نووست.



بە ڕێکەوت دزێك چاوی لە مەلای دەبێ و دە هەڵێکیدا دەچتە سەر توێبەرەیی و بە تاڵی دەکات و لە جیاتیان بۆی پڕ دەکاتەوە لە پشکلی وشترێ.

چەند ڕۆژێك دواتر. مەلا دەچێ هێندێك پارە بێنێ کە دەبینێ پارەکانی هیچ کە نەماون، توێبەرەکەش پڕە لە پشکلە وشتر. مەلا لەو بەسەرهاتە پەنجەی خۆی دەگەزێ و دە دڵی خۆیدا دەڵێ ((شتێکی سەیرە! وشتر بە کوێدا چۆتە ئەو بانە و توێبەرەکەی پڕکردووە لە پشکل؟)).

## شیعر دانانی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین شیعرێکی دادەنێ کە نیوە دێڕی یەکەمی ئاوادەست پێدەکا ((ئیتاعەتی ئەمری وەلی نیعمەتەست بەرما فەرز.

و بونیوە دێڕی دووەمی شیعرەکەی ئایەتەلکورسی دێنێتەوە تا ئەو جێیەی بە ((وەمافیل ئەرز)) کۆتایی دێ.

دوایی هەڵدەستێ و شیعرەکەی بۆ حاکمی دەخوێنێتەوە و لە چۆنیەتیەی دەپرسێ.

حاکم دەڵێ ((ئەوە نیوە دێڕی دووەم بۆ هێندە کورتە و دەگەڵ نیوە دێڕی یەکەمدا ناگەنەوەیەك؟))

مەلا نەسرەددین دەڵێ ((کوڕە سوپاسی خوای بکە کە سەر وایەکەیم زوو دۆزیەوە دەنا تا ((هوم فیها خالیدون))ێ چوو بووم)).

## شایەدیە مەلا نەسرەددینی

کابرایەك بیست دیناری دایە مەلا نەسرەددینی تا دەگەڵی بچێتە لای قازی و شایەدیە بدات کە ئەو کابرایە سەد خەروار گەنمی لەسەر هاوسێیەکەیەتی.

مەلا پارەکەی وەرگرت و دەگەڵێدا چووە لای قازی.

قازی لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((شایەدیە دەدەی کە ئەم پیاوە سەد خەروار گەنمی لای دراوسێیەکەیەتی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((بەڵێ! قوربان!))

قازی گووتی ((بە چ بەڵگەیەك؟))

مەلا نەسرەددین ئەو بیست دینارەی کە لە کابرای وەرگرتبوو، دەرێنا و بە قازی نیشاندا و گووتی ((بەم بەڵگەیە!))

## پاشەکەوتی

ڕۆژێکی دۆستەکانی مەلا نەسرەددینی بیستیان کە مەلا دەستێك و چاوێك و قاچێك و کونە لوتێك و گوێیەکی خۆی ڕابەستووە. زۆر نارەحەت بوو، چونکە وایاندەزانی مەلا تووشی دەردێکی سەخت و کوشندەبووە.

چوونە لای و زۆر دڵسۆزانە گوتیان ((بەڵا دوور جەنابی مامۆستا! ئەوە بۆ نیوەی ئەندامەکانی لەشتت ڕابەستووە؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((سوپاس بۆ خوا چ بەڵام نییە، هەر بۆ پاشەکەوتییەم بەستوونەوە و لە خۆڕایی نیوەی لەشم بەکارنەهێنم و هەر بۆیەشم ڕابەستوون)).

## پزیشکی

ڕۆژێکی مەلا گووتی کە دەتوانێ هەموو نەخۆشییەکی چاککاتەوە.

پیرێژنێك کە جوجکە مشکێکی قوتدابوو، هێنایانە لای مەلای و گوتیان ((چ بکەین ئەو جوجکە مشکەی لە گەروێ دەرێنین؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئەوە دیارە ئیدی! بێچووە پشیلێکی دە پەرداغێك ئاوی کولاودا وە توێنن و بە گەروێی داکەن و هەقتان نەبێ جوجکە مشکەکە بۆ خۆی دەردەپەڕێتەوە دەرێ)).

## منداڵی تازە

خوا منداڵێکی دابووە مەلا نەسرەددینی یەك لە دۆستەکانی خۆی چووە کنێ و گووتی ((پیێ و قوودومی منداڵی تازە پیرۆزە ئیشاڵڵا؛ دیارە هەر کوڕیشە!))



مەلا گووتی ((نەخێر!))

دۆستەکەی گووتی ((کەواتە کچە!))

مەلا نەسرەددین گووتی ((باشە چۆنت زانی؟))

## چارەی چاو ئێشە

ڕۆژێکی، ئاشنایەکی مەلا نەسرەددینی گوتیە مەلای ((ماوەیەکە چاو ئێشە هەراسانی لێ هەڵگرتووم و ناشزانم چ بکەم)).

مەلا گووتی ((زوو بچۆرە لای بەربەری و بیکێشە)).

دۆستەکەی مەلای بە سەرسامییەوە پرسی ((باشە بۆ چاوانیش دەکێشن؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((بۆ نایکێشن! پار من ددانێکم زۆر دێشا و تا نەمکێشا ئێشەکەی دانەکەوت و نەبڕا)).

## هۆی گریانی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە دووی دەوڵەمەندێکییەوە دەڕۆیی و بە دەنگ و بانگەوە دەگریا، یەکێك کەوتە دڵدانەوێ و گووتی ((ئەو خۆالێخۆشبووە چیت بوو؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((هیچ! منیش هەر بۆوەی دەگریم کە هیچم نییە)).

## خواردن و دەرگا

شەوێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی بە مەلای گوت ((بڕۆ خواردنێ بێنە و دەرکی ژوورەکەش داخەوە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئەدی چۆنە لە پێشدا دەرکی ژوورەکەی داخەم و ئەوجا بچم خواردەنەکەی بێنم؟))

## سوودی زمان نەزانین

مەلا نەسرددین چوو بووە کوردستانێ و یەکێك لە پیاو ماقوڵانی ئەوێ مەلای داوەت دەکا بۆ نیوەڕۆیە.

مەلا بە ئەندازێکی ئەو خواردنە خۆش و بە تامانە دەخوا هەڵدەدامسێ و هەرچەند دەکا خۆی پێ ڕاناگیرێ و شەبەقە ترێکی بەردەدا.

دوای هاتنەوەیان لە داوەتێ خزمەتکارەکەی دەڵێ ((دەزانی کارێکی چاکت نەکرد لە لای ئەو هەموو خەڵکە بەڕێز و پیاوماقووڵانە بەرتدایە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((گێلەکە! بۆ تۆ پێتوایە من تا ئەو ڕادەیەی بێ ئەدەب و نائاگام. دەو دانیشتنەیدا لە من و تۆ بەو لاوە ئەوانیدی هەموو هەر کورد بوون و دە زمانیمە نەدەگەیشتن خۆ ترەکەی منیش بە زمانی وان نەبوو تا تێیبگەن)).

## منداڵی چاك

پیاوێك بووە میوانی مەلا نەسرەددینی. لە مەلای پرسی ((ئەرێ کوڕتان هەیە؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((بەڵێ! هەر کوڕێکم هەیە)).

پیاوەکە گووتی ((خۆ وەك هەرزەکاری ئەم دەور و زەمانە بە دوای بەرهەڵدایی و هەرزەییدا ناگەڕێ؟))

مەلا گووتی ((نەء!))

پیاوە پرسی ((خۆ بە دوای ئارەق خواردنەوە و جگەرە و مگەرە و ئەو جۆرە شتە دزێوانە داناچێ؟))

مەلا وەڵامی دایەوە ((هەرگیز!))

پیاوە گووتییەوە ((خۆ قوماریش ناکا؟))

مەلا گووتی ((نەخێر! هەرگیزا و هەرگیز!))



پیاوە گووتی ((هەر شوکرانە بژێری دەوێ! دەزانی ئەو جۆرە منداڵە هەر ئافەرین و پیرۆزبایی گەرەکە کە کوڕێکی ئاوا چاك و پاك و بێگەردە، باشە ئاغازادە تەمەنیان چەند ساڵە؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((شیرە خۆرەیە هەروا چەند مانگێکە خودا داویەتی)).

## ئیشی ماڵێ

ڕۆژێکی هەواڵیان دایە مەلا نەسرەددینی، بگەوە ماڵێ، ماڵەکەتان ئاوری گرتووە و سووتاوە. مەلا بەکاوە خۆوە گووتی ((من و ژنەکەم ئیشی ماڵێمان بەشکردووە و بڕیارمان داوە ئیشی نێو ماڵێ ئەو بیانکا ئیشی دەرەوەش من بیکەم و هیچ کاتێ دەست نەخەینە کاروباری یەکترییەوە)).

## دۆزینەوەی تازە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین سینگی لە دیواری تەویلەی دەکوتا کە لە پڕ دیوار کوناودەر بوو و تەویلەی ماڵە دراوسێیەکەیان وەردەکەوت.

مەلا لە کونەکەوە سەیرێکی کرد و چاوی بە ژمارەیەك ئەسپ و وشتر کەوت و بە خۆشحاڵییەوە بانگی ژنەکەی کرد و گووتی ((وەرە تەویلەیەکی پڕ لە ئەسپ و وشترم دیوەتەوە، بە هەڵە نەچووبم ئەو بەستەزمانانە دەبێ یەکێك لە زەمانی دەقیانوسێوە لێرەی شاردبنەوە)).

## گا تا گا فەرقێ دەکا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە سواری گایەکییەوە دەچووە ڕمبازێنی ئەسپان، خەڵکی پێکەنینیان بەو دیمەنە هاتێ و گوتیان ((جا باشە گا دەگەڵ ئەسپاندا دەردەچێ؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((گا تا گا فەرقێ دەکا! من ئەو گایەی لە گوێلکایەتیەڕا دەناسم ئەو دەمی وای ڕادەکرد هیچ ئەسپێکی نە دەگەیشتێ؛ ئەدی ئێستا کە ئەوە بۆ خۆی گایەکە، تێیڕا دەبینم زۆر لە جاران توند و خێراتر ببەزێ)).

## گرفتاری

ڕۆژێکی هەڤاڵێکی مەلا نەسرەددینی لێی پرسی ((جەنابی مامۆستا! ئەرێ ئەوە تۆ لە کوێی؟ زۆر دەمێکە دیارنیت))

مەلا گووتی ((خوا هیچ موسوڵمانێکی گیرۆدە و گرفتارنەکا! حەوتووی پێشوو چەند مراوییەکم کڕین و دەشترسام ئاگام لێ بڕێن و بکەونە حەوزێوە و بخنکێن، هەر لە ماڵێ بووم و فێرە مەلەم دەکردن)).

## مانگ چاکترە یا خۆر

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((مانگ چاکترە یا خۆر؟))

وەڵامیدایەوە ((بە ڕاستی خەڵکێکی سەیر و سەمەرە و نەزانن باشە ئێوە شتەکان بەو ڕوونیەش هەر نازانن)).

گوتیان ((دەفەرموو ئێوە بزانن کامیان باشترە؟))

گووتی ((کە بە ڕۆژ خۆر هەڵدێ ئەوە هەموو دنیا ڕووناکە و هیچ کەڵکێکی نییە؛ بەڵام مانگ شەوانە هەڵدێ و هەموو جێیەکی ڕووناك دەکاتەوە و پێویست بە ئەنگوستێ ناکات و ئەوە دیارە کە مانگ هەزار جار و بەو لاوەتریش لە خۆرێ چاکتر و بە کەڵکترە، ئەو لە کوێ و ئەو لە کوێ؟))

## ماسی و دەشت

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ ئاواڵێکیدا دەچنە کەنار دەریایە. ئاواڵەکەی دەڵێ ((سەیری ئەو ماسییە گەورەی هۆو وەتا)).

مەلا نەسرەددین زەق و زەق دە دەشتێوە ڕاما.

ئاواڵەکەی گووتی ((بۆ ماسی بێجگە لە ئاوێدا لە چ جێی دیکە هەیە وا سەیری دەشتێ دەکەی؟))



مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((پێموابوو لە ئاوێ هاتۆتە دەرێ، تا لەبەر هەتاوێ خۆ گەرم کاتەوە)).

## پەلەوەری وریا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە بازاڕیدا دەهاتە خوارێ کۆمەڵە زەلامێك لە دەوری باڵندەیەکی چوکەڵە خڕببوونەوە و پاڵە پەستۆی کڕینێیان بوو، وای لێهات نرخەکەی هەتا دە لیرەی زێر چوو.

مەلا دە دلێ خۆیدا گووتی ((ئەو هەموو بگرە و بەردەیە لەسەر باڵندەیەکی ئاوا چکۆڵە بێت دیارە نرخی پەلەوەری زۆر هەڵکشاوە)).

دستوبرد چۆوە ماڵێ و قەلەموونێکی گەورەی گرت و بردیە بازاڕێ.

دەلاڵێك قەلەموونەکەی مەلای زۆر چاك هەڵسەنگاند و لە دوایەدا دوازدە پارەی زێوی نرخ لەسەر دانا. مەلا زۆر تووڕە بوو و گووتی ((بە ڕاستی سەیرە خەڵکێکی چەند بێ ویژدانن، ئێوە تەنیا دوازدە پارەی زێو بەو باڵندە پڕ خەت و خاڵ و جوانە دەدەن کەچی ئەو تەیرۆکە چوکەڵە بە دە لیرەی زێر دەکڕن)).

دەلاڵەکە گووتی ((ئەو مەلە جوانە چوکەڵە و خنجیلە مەهێنە ڕیزی ئەو قەلەموونە تەپ و گەمبۆڵە)).

مەلا پرسی ((باشە ئەو تەیرۆکە چییە کە نابێ لە بەرامبەر قەلێی ڕاگری؟))

دەلاڵ وەڵامیدایەوە ((ئەوە ئەتۆ لە کوێی مەلا! ئەو تەیرۆکە تووتییەکی خۆش ئاوازە کە وەك بنیادەمان سەعاتێکی ڕەبەق بە دوای یەکدا قسان دەکا)).

مەلا نەسرەددین سەیرێکی قەلەموونەکەی کرد کە بە بن هەنگڵێیەوە خەریکی وەنەوز دانێ بوو گووتی ((ئەگەر تووتییەکەی ئێوە سەعاتێکی قسان دەکا قەلەموونەکەی من لە جێی وی دوو سەعاتی تەواو بیر دەکاتەوە)).

## مەرگی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە دەری شاری دەگەڕا کە لە پڕ سەری دەگێژەوە هات و حالی تێکچوو. مەلا دە دڵی خۆیدا گووتی ((هەڵەم نەکرد بێ خەریکە دەمرم)).

بێ وەستان لەسەر عەردی پان بۆوە؛ درێژبوو و بەرەو قیبلە پەنجەی شادەی ڕاداشت؛ بەڵام هەر چەندەی چاوەڕێ کرد ئەو جێیەی کە ئەوی لێ مردووە لەبەر چۆڵیان فڕکەی باڵی باڵندەیەکیشی لێنایە.

مەلا دە دڵی خۆیدا گووتی ((ئەگەر لێرە ئادەمیزاد ئێسکەکانیشی بڕزن کەس نییە ئاگاداری کەس و کارەکانیشی کاتەوە)).

زۆر بە پەستییەوە هەستا و چۆوە ماڵێ و بەژنەکەی گوت ((ژنەکە! زۆر دەمێکە من لە فلانە جێ مردووم و کەس نییە تەرمەکەم هەڵگرێتەوە)).

ئەوجا بە پەلە هاتەوە ئەو جێیەی لێی مردبوو و پانە و پان لێی درێژبۆوە.

مەلا ژن بە بیستنی ئەم هەواڵە کەوتە هاتوهاوار و گریانێ دەستیکرد بەسەر و ڕووڕنینەوەی خۆی و کەوتە لە خۆدانێ بۆ مەرگی مێردەکەی.

هەر کە دراوسێیەکان گوێیان لە دەنگی شیوەن و گریانی مەلا ژنێ بوو چوونە سەروسۆراغی ئەو گریان و لە خۆدانەی.

مەلا ژن بە زەحمەت لەبەر گریانێ گووتی ((مەلا نەسرەددین لە چۆڵە وا نییە مردووە و کەس نییە تەرمەکەی بێنێتەوە)).

یەکێك پرسی ((کێ ئەو هەواڵەی دایە تۆ؟))

مەلا ژن وەڵامیدایەوە ((جا بۆ مەلای بێچارە چ کەس و کارێکی وای هەیە؟ ئەو هەژارە لەبەر بێکەسیان بۆ خۆی هاتەوە ماڵێ و هەواڵەکەی هێنایەوە و چۆوە ئەو جێیەی لێی مردبوو)).



## مەسەلە

مەسەلەیەکیان لە مەلا نەسرەددینی پرسی:

گووتی ((نایزانم! و لە کەسیشم نەبیستووە بیزانێ؛ بەڵام لە بابم بیستووە کە هەر ئەو مەسەلەیە ژمارە زەلامێکی سەردەمی باپیریشم ئەو مەسەلەیەیان پرسیوە ئەو گەورە پیاو ماقوڵەش هەر فەرموویەتی نایزانم!)).

## لەسەر چ ڕاوەستاوی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە ئاوەڵەکەی پرسی ((کاتێ مرۆڤ دەمرێ دەکەوێتە چ حاڵێکەوە و چی بەسەر دێ؟))

ئاوەڵەکەی گووتی ((دەست و پێی وەك سەهۆڵی ساردیان لێدێ)).

ئەوە بەسەر دەچێ و کۆن دەبێ تا ڕۆژێکی زۆر سارد مەلا نەسرەددین دەچێتە لێڕەواری داران بێنێ سەیردەکا ئەوە دەست و پێی وەك سەهۆڵی ساردیان لێهاتووە و پێی وادەبێ مردووە دێت لەسەر بەفرێ درێژ دەبێ.

زۆر نابا گەلە گورگێکی برسی لێ پەیدا دەبن و دەوری کەرەکەی دەگرن.

مەلا نەسرەددین سەرێکی بڵند دەکات و بە گورگەکان دەڵێ ((باشە ئەوە خوا کەرێکی قەڵە و چەوری خێومردەی بۆ داون لەسەر چ ڕاوەستاون؟ فەرموون لێی بچنە پێشێ و بۆ خۆتان ڕابوێرن!))

## مەتەڵی گەورە

ڕۆژێکی هەوساری کەری مەلا نەسرەددینی دەدزن. دوای چەند ڕۆژێکان مەلا هەوساری کەرەکەی بەسەری کەرێکی دیکەوە دەبینێتەوە.

مەلا نەسرەددین بە کزی و ماتی و هەوتییەوە دە کەرەکەوە دەڕوانێ و دەڵێ ((دەك لە گەورەییەت خودایە! سەری ئەو کەرەی سەری کەرەکەی خۆمە؛ بەڵام لەشەکەی هەونییە و ئی من نییە)).

## منیش دە ویدا بووم

ڕۆژێکی دراوسێیەکەی مەلا نەسرەددینی لێی پرسی ((ئەرێ ئەوە دوێ شەوێ چبوو لە ماڵێوە؟ وەك شتێك بەسەر پلیکانەکاندا بەربێتەوە گرومپ گرومپ خلۆر بۆوە خوارێ)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((هیچ نەبوو! خێزانم تووڕە ببوو و کەواو سەڵتەکەی هەڵدامە خوارێ)).

هاوسێیەکەی مەلا گووتی ((گاڵتان مەکە؛ کەی دەنگی هەڵدانی کەواو سەڵتە وایە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئاخر منیشی دە ناودا بووم)).

## نامە نووسینێ مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین چوو بووە یەك لە شارە نزیکەکانی دەوروبەرێ.

دوای چەند ڕۆژێك مانەوەی دڵی تەنگ دەبێت و نامەیەکی بۆ ماڵێ دەنووسێ؛ بەڵام هەرچی دەکات و دەکرێنێ و پرس و سۆراغان دەکا کەسی وەدەست ناکەوێ نامەکەی پێدا بنێرێتەوە. ناچار دێتەوە شارەکەی خۆیان و لە دەرکێ ماڵە خۆیان دەدا.

ماڵێ مەلا نەسرەددینی لە خۆشیە هاتنەوێی هەموو دەردەپەڕنە دەرێ؛ بەڵام هەرچەندی دەکەن مەلا ناچێتەوە ژوورێ و بە خاوخێزانەکەی دەڵێ ((بە خۆڕایی پەلەی مەکەن! من هێشتا لە سەفەرێ نەهاتوومەوە؛ تەنیا بۆیە هاتوومەوە ئەو نامەیەتان پێ بگەیەنم و بگەڕێمەوە)).

## ئەو کاتەی من زیندوو بووم

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە سەر لقەدارێکی بڵند و دەستیکرد بە بڕینەوەی هەمان ئەو لقەدارەی لەسەری دانیشتبوو.



ڕێبوارێك مەلای دیت خەریکی بڕینەوەی لقەدارەکەی ژێر خۆیەتی هاواری کردێ ((کوڕە نە کەی دەنا لەو حەویقەیڕا سەراوسەر بەردەبییەوە!))

مەلا نەسرەددین چ گوێی نەدایە قسەی ڕێبواری و بێ غەم خەریکی کارەکەی خۆی بوو و زۆری نەبرد کە بە لقەدارەوە لەو بەرزاییەیڕا کەوتە خوارێ و دەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو لەشی کوتراو و ڕووشاو و بریندار بوو، یەك پێ هەستایەوە و بەڕاکردنەوە کەوتە دووی ڕێبوارەی و شیڕاندی ((ئەهای! ڕاوەستە بزانم! چۆنت زانی کە من دەکەومە خوارێ؟ ئێستا کەوایە دەبێ پێشم بڵێی کەی دەمرم)).

کە ڕێبوارە دیتی مەلا نەسرەددین وازی لێ ناهێنێ، گووتی ((ئەتۆ ئەو کاتەی دەمری کە کەرەکەت بە دەم هەورازێوە و لەبن گرانییە بارە داریدا دووجار زەڕی)).

ئەو بەسەرهاتە کۆن بوو تا ڕۆژێکی کە مەلا نەسرەددین بارەدارێکی زۆر لە کەرەکەی دەنێ و بە هەورازێکیدا سەردەکەوێ. کەرەکەی دووجاران لەسەریەك بە دەنگێکی بەرزەوە دەزەڕێ. مەلا نەسرەددین دەڵێ ((هەی درێغاهەی و سەد حەیف و مەخابن! ئەوە تەمەنی مەش بە کۆتا هات و گەیشتە ئەوەی ئەسپاردەکەمان تەسلیمی پەروەردگارکەینەوە!)) و هەر لەوێ لە جێی خۆی لێی تەخت بوو و ڕاکشا و چاوی لێکنان.

دوای ماوەیەك، کۆمەڵێك، مەلا نەسرەددینیان دیتەوە و هاتن دە نێو دارەبازێیان نا و بەرەو گۆڕستان کەوتنە ڕێ.

دە ڕێیەدا گەیشتنە دوو ڕیانێك و پرسەدارەکان ڕاوەستان و کەوتنە ڕاوێژان داخوا بە کام ڕێیەیدا بڕۆن تا زوو تر بگەنێ، بەڵام بگرەو بەردە و چەقە چەقیان هێندەی درێژەکێشا، مەلا نەسرەددین حەوسەڵەی نەما و قسکەی تەنگ بوو و لەناو دارەبازێوە سەرێکی خوارکردەوە و گووتی ((ئەوە بۆ هێندەی درێژە دە دەنێ؟ هەموو دەزانن ڕێی دەستە چەپێ نزیکترە و بۆ خۆشم کە زیندوو بووم شەوانی هەینی هەمیشە هەر بەو ڕێیەیدا دەچووم و لەوێ فاتیحام لەسەر گۆڕی مردووەکان دەخوێند!))

## یەك مەلی لێك و ڕاست

ڕۆژێکی ئاوەڵێکی مەلا نەسرەددینی لەك لەکێکی دایە مەلای.

مەلا کە تا ئەو دەمی لەك لەکی نەدیبوو، زۆر بە سەیرییەوە تێی ڕووانیێ و لێی وەرگرت. یەکسەر بردییەوە ماڵێ و دەندوك و قاچە درێژەکانی بە مقەستێ قوت کردن و گووتی ((ئەوە ئێستا بوویتە مەلێکی تەواو!))



## پێش بینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە لای دۆستێکی و گووتی ((زۆرم زگ پێت دەسووتێ)).

دۆستەکەی پرسی ((لەبەر چی؟))

مەلا وەلامیدایەوە ((لەبەر وەی دوای چەند مانگان بێنە و بەرە و هەراو زەنا دەگەڵ خێزانمدا و کاتێ کارگەبییە تەلاق و مەلاقان، ئەوڕۆ چوومە بازاڕی کراس و پێلاوی نوێی بۆ بکڕم)).

دۆستی مەلای گووتی ((باشە! ئەوە چ پەیوەندییەکی بەمنەوەیە؟))

مەلا گووتی ((زۆریشی پەیوەندی پێتەوەیە! هەر کاتێ ژنەکەی تۆش ئەو شتانە ببینێ ئەگەر بۆ چاو و ڕاوێش بێ هەرایەکت دەگەڵدا دەکات و تاتۆش بۆی نەکڕی کڕ نابێتەوە و دەست بەردارنابێ)).

## ونبوونێ مەلا نەسرەددین

شەوێکی دز  چووە سەر ماڵێ مەلا نەسرەددینی. مەلا خێراچووە پاشخانێ و خۆی شاردەوە و لەودیویەوە دەرکی پاشخانێی لەسەر خۆی داخست.

دزە هەرچی کەلێن و کون و قوژبنی ماڵێیە گەڕا، بەلام هیچی نەدیتەوە بیبا. تا لە دوایە بەرەو لای پاشخانێوە چوو و هەر کە دەرکەکەی کردەوە و مەلای دەوێدا دیت سڵەمییەوە و بە زمان تێکەڵاتنێوە گووتی ((ئەوە بۆچوویە دە پاشخانێوە؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((لەبەر وەی هیچم دە ماڵێدا نەبوو بیبەی چاوم هەڵنەدەهات تەماشای بەرێزتانکەم)).



## داخی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە پەنا حەوزێکییەوە ڕاوەستابوو و هەناسەی هەڵدەکێشان. یەکێك لە دۆستەکانی هۆی ئەو هەناسە هەڵکێشانەی پرسی.

مەلا گووتی ((بۆ دەڵێی نازانی؟ چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ژنی یەکەمم کەوتە دەو حەوزەیەوە و خنکا)).

دۆستی مەلای گووتی ((ئەوەی ڕۆیی.. ڕۆیی؛ گوێشی مەدەیە. هەر سوپاسی خوای دەوێ ئەوە ئێستا ژنێکی جوان و خان و مان و دەوڵەمەندت بە نەسیب بووە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((ئاخر منیش هەر بۆیە هەناسان هەڵدەکێشم ئەوەیان بە پێچەوانەی ئەو خوا لێخۆشبووەی دیکەوە هیچ حەزی لە مەلەی نییە)).

## جوجکەکانی مەلا نەسرەددین

ڕۆژێکی کەڵەبابی مەلا نەسرەددینی دەمرێ. مەلاش چەند پارچە پەڕۆیەکی ڕەش دێنێ و دەیاندڕێنێ و دەیانکاتە پارچەڵەی باریکەڵە و لە ملی جوجکەکانی دەئاڵێنێ. گوتیان ((مەلا ئەوە بۆ وات کردووە؟))

گووتی ((جوجکەکان پرسەی بابیانە)).

## قسەی چاك و بەجێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ کۆمەڵێك لە هاودەمەکانی دەستیکرد بە پێداهەڵدانی پیرە داکەکەی و گووتی ((ئێوە نازانن چ داکێکی چاك و نازەنینە؛ هەروا پیت و فەڕی لە بوونێ دەبارێ)).

یەکێکیان گووتی ((ئەکە هێندەت داکت خۆش دەوێ ئەدی بۆ مێردێکی بۆ پەیداناکەی بۆ ئاودەنگیە تا لە تەنیاییان وەزگ نەدا؟))

مەلا گووتی ((من گاڵتەم دەگەڵ کەستاندا نییە، ئەو قسە بێ ماناو هیچ و پووچانەتان لە چییە؟))

داکێ مەلا نەسرەددینی لە قسەی کوڕەکەی وە دەنگ هاتەوە و گووتی ((هیچ و پووچی چی؟ قسەی چاك و بەجێ نابێ بە تووڕەیی و ناقایلییەوە وەڵام بدرێتەوە)).

## کەڵەبابی بەرەڵڵا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین مریشك و کەڵەبابەکەی هەموو گرتن و دەجەواڵێکی گەورەی هاویشتن و جەواڵەکەی بە کۆڵی دادا و بەرەو شاری کەوتە ڕێ بیانفرۆشێ.

ماوەیەك ڕۆیی ماندوو بوو. دە دڵی خۆیدا گووتی ((مریشکە بێچارەکان! ئاوا ئەزیەتیان دەبێ و تینیان دەگاتێ؛ وا چاکترە بەرهەڵدایان کەم و بەپێیان وە پێشە خۆمیاندەم دەنا بەو گەرمایەی نامێنن و بایەکی باڵی خۆشیان دەدەن)).

دوایە، جەواڵەکەی لە عەردی دانا و هەرکە زالکی جەواڵێی کردەوە پەلەوەر هەریەکە بەلایەکیدا پەرت و بڵاوبوونەوە و هەڵاتن.

مەلا نەسرەددین بە تەنێ سەری دە دوو کەڵەبابەی نا کە ملی لە گرد و تەپۆڵکە و هەورازان نابوو و دەتگوت بایە دەفڕێ و هاواری کردێ ((ئەهای سەگباب! ئەدی ئەوە بۆ نیوە شەوێ گورگ و مێشی بەیانی دەبینی، کەچی بەو ڕۆژە ڕووناکەی ڕێیەکی بەو هەموو پان و پۆڕییەیەوە نابینی؟)).

## ویستن و نەتوانین

پیاوێك بە دەنگێکی زۆر کەساسەوە لەسەر منارەی خەریکی بانگدانێ بوو. مەلا نەسرەددین پێیوابوو ئەو پیاوە بۆیە وا بە کەساسی و بێ ئارامییەوە دەناڵێنێ دەبێ لەو بڵندایییەی گیر خواردبێ و نەتوانێ بێتەوە خوارێ.



مەلا نەسرەددین هاواری کردێ ((ئەهای براله! بەخودای زۆرم پەرۆشی و زۆریشم حەز لێیە یارمەتیت بدەم، بەڵام چ بکەم کە تۆ چوویتە سەرداریکی بێ لق و پۆپ و هەژگ و گەڵایەکی واوە کە بە هیچ شێوەیەکی ناتگەمێ و پێت ڕاناگەم)).

## دنیای ستەمکار

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین ئەژنۆی بەسەر گۆڕێکییەوە دادابوون و زۆر بە کوڵ و دڵ و سۆزەوە دەگریا و دەیگوت ((بۆ مردی و منت بەو ڕۆژ ڕەشیە گەیاند؟ بۆ هەر بەزەییەکت بە مندا نەهاتەوە و دنیات بەجێهێشت؟))

پیاوێك زۆری زگ بە حاڵی مەلای سووتا. لێی چووە پێشی و پێی گوت ((هێندە وا لە خۆت مەکە. ڕۆژگار هەروا ستەمکارە وەفای بۆ کەس نییە)).

مەلا بە دەم گریانێوە گووتی ((ئاخر ستەمیش ئەندازەیەکی هەیە)).

پیاوە پرسی ((خودای لێخۆشبێ؛ باشە ئەوە چیت دەبێتێ؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((مێردی یەکەمی ژنەکەمە)).

## ڕۆژی ڕووناك و شەوی تاریك

شەوێکی دزێك چووە سەر مەلا نەسرەددینی و بە پەلەکوتێ کەوتە کەلێن و کون و قوژبن گەڕانێ.

مەلا نەسرەددین وەئاگاهات و گووتی ((کاکی برا! بە ڕاستی شەرمەزارتم بە خودای ئەو شتەی تۆ بە تاریکە شەوێ هاتووی لێیدەگەڕێی، ئێمە بە ڕۆژی ڕووناك بە دوایدا گەڕاوین و نەماندۆزیوەتەوە)).

## ژنی ناشیرن

شەوێکی مەلا نەسرەددین لە ژنەکەی دەتۆرێ و دەچێ لە سوچێکییەوە لێی دریژ دەبێت و خۆی لە خەو دەکات.

ژنێ مەلای چوو ئاوێنەیەکی تاودایە، سەیری کرد ڕووخسارە دزێوەکەی خۆی دەوێدا دیت و بە گریانێوە گووتی ((ئەگەر جوان بامایە ئەو هەموو نامیهرەبانییەم لە مێرەدەکەم نەدەدیت)). دەو دەمەیدا مەلا نەسرەددین قیت بۆوە دانیشت؛ دەستەسڕەی دەرێنا و هۆن کەوتە گریانێ.

ژنێ مەلای دەستەوەستان ماو خێرا بە لای مێرەدەکەیەوە چوو و گووتی ((چ بووە؟ ئەوە بۆ وا لە پڕ لە پڕمەی گریانێت دا؟))

مەلا گووتی ((خەریکم بۆ پەرێشانیە خۆم دەگریم؛ چونکە تۆ جارێکت ڕووخساری خۆت دە ئاوێنەیدا دیوە ئەو بابە ڕۆیەی دەکەی، ئەدی ئەمن بۆ نالێی کە سالآنێکە تۆ دەبینم و خواش دەزانێ هەتا کەنگێش هەروا دەبێ، باشە بۆ قوڕی دنیایە وەسەری خۆم نەکەم و نەگریەم؟))

## غەمێ مەخۆ

پیاوێك سکالآی خۆی بۆ مەلای کرد ((پەنجا ڕبە گەنمم هەبوو تا ئاوڕم دایەوە مشکان هەموویان خواردبوو)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((غەمێ مەخۆ! منیش پەنجا ڕبەم گەنم هەبوو تا مشکەکان وەخۆ هاتنەوە لێی ببوومەوە)).

## نیگەرانییە مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکیان مەلا نەسرەددین دەگەڵ مەلا ژنێ پێکەوە دانشتبوون نانی نیوەڕۆیەیان دەخوارد کە یەکێك کتوپڕ لە کۆڵآنێوە بانگی کرد و گووتی ((ئەهای مەلا! کەرەکەم جاشێکی هێناوە نەکلکی هەیە و نە گوێ)).

مەلا دەستی لە خواردنێ هەڵگرت و دەبیر و لێکدانەوانڕا چوو.

ژنەکەی گووتی ((نانەکەت بخۆ. ئەوە بۆوا دە بیر و لێکدانەوانڕا چووی؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((دە بیری ئەو جاشەکەرەیدام ئەگەر باری لێبێت و بکەوێ چۆنی هەستێنینەوە. خۆ نە کلکی هەیە و نە گوێ تا بە گوێیانی ڕاکێشین و بە کلکێشی بلندکەین)).



## خۆشەویستی مەلای بۆ مەلاژنێ

شەوێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی دە خەوێیدا دەستی بە قسە و دەست و پەل ڕاوەشاندنێ کرد. مەلا ڕاستیکردەوە و گووتی ((ئەوە چ بووە؟))

ژنە گووتی ((خەونێکی ناخۆشم دیت)).

مەلا گووتی ((دادەی بیگێرەوە بزانم)).

ژنە گووتی ((دە خەونێمدا لە جێیەکی بلندیانڕا هەڵداشتمە خوارێ و هەموو لەشم سارد بۆوە. دەرو دراوسێم لێ وەکۆ بوون و بە گریان و لە خۆدانێوە تەرمەکەیان هەڵگرتمەوە بۆ گۆڕستانێ و خەریك بوون خۆڵم وە سەردەن و ئەتۆ ڕاستتکردمەوە)).

مەلا نەسرەددین زۆر بە غەمبارییەوە گووتی ((ئای کە گێلە پیاوێکی سەیرم کە دەودەمەیدا ڕاستمکردییەوە!)).



## لەولای درەختەکەوە

ڕۆژێکی چەند منداڵێکی زیتەڵە و شەیتان لە کۆڵانێ خەریکی گەمان بوون کە چاویان بە مەلا نەسرەددینی کەوت. منداڵەکان ڕێککەوتن کە بە هەر فێڵ فووتێك بووە پێڵاوەکانی مەلای بدزن. چوونە پەنا دەرختێکی تەن و مەند و ئەستوور و پڕ گەڵا و لق و پۆپ و ڕاوەستان و بە شێوەیەك کە مەلا گوێی لێبێ گوتیان ((هەموو خەڵکی گەڕەکێ دەڵێن تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بەو درەختەیدا هەڵگەڕێ و بچێتە سەرێ)). مەلا چووە پێشێ، سەیرێکی درەختەکەی کرد و گوتی ((جا ئەوە چییە من زۆر بە ئاسانیش دەتوانم وێشی هەڵگەڕێم و بشچمە سەرێ)).

منداڵەکان گوتیان ((ئەگەر ڕاست دەکەی فەرموو وە سەرکەوە بابزانین)).

مەلا پێڵاوەکانی داکەندن و دەبن هەنگڵێ خۆی هاویشتن و بە دارێ هەڵگەڕا.

منداڵەکان گوتیان ((ئەوە بۆ پێڵاوەکانت دەگەڵ خۆتدا دەبەی؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((ئەوە خوایە؛ لەو سەرەوە ڕێگایەکی دیکە هەبێ و لەوێڕا زووتر بەمەرام بگەم)).

## کرێی کۆڵ کێشیە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گونیە ئاردێکی کڕی و بە کۆڵێ حەمباڵێکی دادا تا بۆی بەرێتەوە ماڵێ و بۆ خۆشی کەوتە دووی. بەڵام دە ڕێیەدا کابرای حەمباڵی ونکرد و هەرچەندی گەڕانەیدیتەوە. مەلا دە ڕۆژی ڕەبەق کار و ئیشی خۆی بەلاوە نا و کۆڵان بە کۆڵان کەوتە گەڕان



تا دوایین ڕۆژ دیتی ئەوە هەمان حەمباڵ دە کۆڵانێکیدا گونیە ئاردێکی بە کۆڵیوەیە و خەریکە بەرەو لایەکی بڕوات.

مەلا نەسرەددین هەر خێرا فیز ماڵکی دایە و چوو خۆی دە پەنایەکی ناو خۆی شاردەوە و دە دڵی خۆیدا گوتی ((باش بوو نەیدیتم دەنا کرێی ئەو دە ڕۆژ کۆڵ کێشیەی هەموو لێدە ستاندم و ماڵم بە قوڕێ دەگیرا)).

## ئەگەر ئەقڵی پێ بشکێ

مەلا نەسرەددین پێش ئەوەی کوڕەکەی بگاتە کاتی ژن هێنانێ ژنی بۆ هێنا.

یەکێ لە ئاوەڵەکانی خۆی پێیگوت و سەر کۆنەشی کرد کە ((دەبوو ڕاوەستی تا کوڕەکەت ئەقڵی بە ژن و ماڵدارییە دەشکا ئەو دەمی ژنت بۆ هێنابایە)).

مەلا گوتی ((پیاوی باش! ئەگەر کوڕەکەم گەیبایە سەردەمی ئەقڵ پێشکانێ ژن و ماڵی هەرگیز نە دەبوو)).

## کەری تێژ ڕەو

ڕۆژێکی مەلا بە سواری کەرێوە تێدەپەڕی. لێیان پرسی ((ئەوە بە خێر و خۆشییەوە ئیشاڵڵا بۆ کوێ؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر خوا بە نسیبی کا دەچمە نوێژی جومعەی)).

گوتیان ((کوڕە ئەوە تۆ لە کوێی! ئەوڕۆ تازە سێ شەممەیە و تا جومعەی سێ چوار ڕۆژی دیکەی ماون)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر خوا دەکا لەوڕۆوە تا ئەو دەمی بە نوێژی جومعەم ڕادەگەیەنێ مەمنویشی دەبم)).

## تەگبیری مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین بە پیری کەوتە سەر کەلکەلەی ژن هێنانێ. یەکێك لە ئاوەڵەکانی گوتی ((مەلا! ئێستا کە خۆری تەمەنت ئەوە لەسەر کەلی ئاوا بوونێیە وەرە و پیاوی چاك بە بیر لە سبەینێ بکەوە و خۆت لە گەمە و مەمەی دنیایە لادە)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((هەقی تۆیە! ئەگەر ئاگات لێیە و خەریکی ژن هێنانێم هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەمساڵ پارەم نییە داران بکڕم بۆ زستانێ و منیش بەو ساڵ و تەمەنەی خۆمەوە دەترسم ئەگەر ژنێ نەهێنم و بەتەنێ بم لە سەرمان ڕەق ببمەوە و بمرم و ئارەزووی دیتنەوەی بەهارێ ببەمەبن گڵی)).

## وەڵامی لە جێ

مەلا نەسرەددین لە شوێنێکی کە پڕیبوو لە دز و درۆزن و پیاوی دەغەڵ و بە کەڵاشەوە بۆ نوێژێ ڕاوەستابوو. ئەو دزەی کە خۆی هەڵنابوو کەڵاشەکانی مەلای بدزێ پێی گوت ((مەلا! نوێژ بە کەڵاشەوە دروست نییە و وە بەرناکەوێ!)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((خۆ ئەگەر نوێژەکەش دروست نەبێ، کەڵاشەکە دروستە!))

## قسەی ئاشقانە

ڕۆژێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی کە دەموچاو و ڕوخسارێکی پڕ پەڵە و مەڵە و لووتێکی پانی هەبوو. لە مێردەکەی پرسی ((تا ئێستا ژنێکی لە من جوانترت دیوە؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر بمدیبایە لە جێی تۆ ئەوم دێنا! تۆ ئەو فریشتەیەی کە لە ئاسمانێوە کەوتوویە خوارێ و دەکەوتنێدا لوتی پان بۆتەوە و مشتە زیخ و چەوێکی بەسەر ڕووی هەڵپڕژیوە)).



## چاکت کرد گوتت

ڕۆژێکی ژنێ مەلا نەسرەددینی دەردە دڵێکی سەختی پێوە نووسا. مەلا بە غاردان چوو پزیشکی بۆ بێنێ. کە گەییە کۆڵانێ ژنەکەی لە پەنجەرەیڕا بانگی کردەوە و گوتی ((ئازارەکەم چاك بۆوە؛ ئیدی پێویستی بە پزیشکان نییە)).

مەلا گوتی ((چاکت کرد گوتت)).

و بە پەلە چووە لای پزیشك و گوتی ((هەر بۆیە هاتووم پێت بڵێم کە ئازاری دڵی ژنەکەم چاك بووە و پێویست ناکا زەحمەتێ بکێشی و بێیت)).

## دارناشتنێ مەلا نەسرەددینی

ساڵێکیان سەرەتای وەرزی بەهارێ مەلا نەسرەددین بە ڕۆژ داری دە باغچەکەیدا دەناشت و شەوانە هەڵیدەکەندنەوە و دەچوو لە لایەکی ژوورەکەی خۆیەوە دەیناشتنەوە.

دەر و دراوسێ کە سەریان لەو کارەی مەلا سوڕمابوو گوتیان ((جەنابی مامۆستا! ئەو جۆرە دار و و درەخت ناشتنە بە کەڵکی چ دێ و سوودی چییە؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((سوودەکەی ئەوەیە کە شەوانە دز و درۆزن ناتوانن دارەکان هەڵکێشنەوە و بیانبەن)).

## جەرگ و ناو فرۆشتنێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین هەندەکی جەرگ و ناو لە بازاڕێ لە بەردەمی خۆی دانابوو و هاواری دەکرد ((باینجانی تازەمان هەیە؛ کدووی زەرتکەی هەڵواییمان هەیە)).

یەکێك چووە پێشێ و گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەوە تۆ جەرگ و ناوێ دەفرۆشی، کەچی هاوار دەکەی باینجان و کدووە هەڵوایی دەفرۆشم)).

مەلا سەرێکی بردە بن گوێی کابرای و گوتی ((ئەوە پشیلەیەك بەسەر سەرمانەوە لەسەر دیواری خۆی مات کردووە، بۆیەش وا هاوار دەکەم تا ئەو پشیلە نەزانێ جەرگ و ناوی دەفرۆشم و لە پڕ بێت و پڕی داتێ و بیبا بیخوا)).

## دوورەندێشی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گۆزێکی دایە دەست کیژەکەی، ئەوجا تا هێنای تەوقاتێکی لە لا ڕوومەتێ داو گوتی ((ئێستا بڕۆ سەرکانییە و ئاوێ بێنە و ئاگات لێبێ گۆزەکەش نەشکێنی)).

ژنێ مەلای کە ئاگای لەم کەین و بەینەبوو، پرپیدایە مەلای کە ((ئەوە ئیش بوو کردی؟ لەسەری داوی کە هەروا لە خۆڕا لەو منداڵە بێگوناهەی دەدەی؟))

مەلا گوتی ((ژنەکە! تۆ ئەقڵی خوردەت کەمە و سەرت لەو شتانە دەرناچێ. بۆیەم ئەو تەوقاتە لێدا تا وریابێ گۆزەکە نەشکێنێ؛ چونکە ئەگەر کەمتەرخەمیە بکا گۆزەکە بشکێنێ ئەو دەمی لێدانی چ سوودێکی نابێ)).

## پرسیاری بێ جێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گونیە ئاردێکی کڕی و بە حەمباڵێکی گوت ((ئەوەی هەڵگرە و بیبەوە ماڵێ مە)).

حەمباڵەکە گوتی ((بە چاوان! ئێوە تەنیا ماڵەکەتانمان پێ بڵێن؛ ئەویدیش لەسەر من)).

مەلا نەسرەددین بەکز و ماتییەکەوە دە حەمباڵەیەوە ڕاما و گوتی ((تۆ پێتوایە دەگەڵ یەکێکی زۆر سادە و ساکارت لێقەوماوە کە هەروا بە ئاسانی ناونیشانی ماڵەکەیت بداتێ، کێ دەڵێ تۆ دزنیت و ناچی دەستێکی بە ماڵەکەیدا بێنی!))

## پرسیارێك کە وەڵامەکەی ساڵێکی دەبا

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئەرێ ئەوە ڕاستە دەڵێن قەل شەش مانگان نێرە و شەشانیش مێیە؟))



وەڵامیدایەوە ((ئەو کەسەی بیەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە دەبێ ئەو باڵندەیە بگرێ و ساڵێکی ڕەبەق بیخاتە ژێر چاودێرییەوە!))

## سرکەی حەوت ساڵە

پیاوێك چووە لای مەلا نەسرەددین و گوتی ((جەنابی مامۆستا! سرکەی حەوت ساڵەت هەیە؟))

مەلا گوتی ((بەڵێ!))

پیاوە گوتی ((لوتفێ بفەرموو تۆزێکم لێ بدەیە)).

مەلا گوتی ((بەڕاستی مرۆڤێکی خۆش باوەڕی! ئەگەر من هەرچی هات و داوای سرکەی لێکردم و تۆزێکم دابایە هەر لە مانگی یەکەمەوە تەواو دەبوو و ئیدی نەدەبووە حەوت ساڵە)).

## پرسەی مەلا نەسرەددینی

بابی مەلا نەسرەددینی مرد بوو مەلا بە ئەندازەیەك نارەحەت ببوو کە دەم دەمە ڕادەپەڕی خۆی دەبیرێ باوێ.

دەرو دراوسێ دەورەیان لێدابوو نەیاندەهێشت؛ بەڵام قسەی کەسی نەدەچووە گوێی و بەردەوام لورەی بوو و بەرەو بیرێ ڕادەپەڕی.

تاوای لێهات هەموو بێزار و جاڕس بوون و وازیان لە مەلای هێنا و بەرهەڵایان کرد چ دەکا بابیکا. مەلا نەسرەددین بە چەند شەقاوێکان خۆی گەیاندە سەرلێوی بیرێ؛ سەرێکی لە بیرێ خوارکردەوە و تێیڕوانی و خێرا کشایەوە و گوتی ((ئەی بابە! قەت نەمدەزانی هێندە قووڵە!))

## غەیب گۆیی

پیاوێك هەندێك قەیسی دە دەستەسڕیکییەوە پێچابوو گەیبە مەلا نەسرەددینی و گوتی ((ئەگەر زانیت ئەو دەستەسڕە چی تێدایە ئەوە دەنکە قەیسیەکت دەدەمێ.

مەلا نەسرەددین گوتی ((کاکی بەرێز! من پیاوێکی ساف و سادە و ساکارم و هیچ لە غەیب گۆییە نازانم و سەرەدەرەی لێناکەم، ملی ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ و واز لە دەردە سەریان بێنە)).

## سەگەکان بەدخوو دەبن

سەگێك قەپی لە مەلا نەسرەددین گرتبوو. خەڵکەکە ئامۆژگاری مەلایان کرد ((خواردنێ بدە سەگەکەی تا دەستەمۆت بێت و ئیدی قەپت لێنەگرێ)).

مەلا گوتی ((ئەگەر وابکەم هەموو سەگەکان بەدخوو دەبن و دەستبەجێ دێن گازم لێبگرن)).

## دەنگی کەمانچە

مەلا نەسرەددین دە کۆتایی شەوێدا دەگەڵ خزمەتکارەکەیدا لە میوانیە دەهاتنەوە. دیتی ئەوە چەند دزێك کەوتوونەتە گیان قفڵی دوکانێك و دەیانەوێ بیکەنەوە.

مەلا بە چاکی نەزانی بیکاتە هەرا و زەناو خۆی تووشی دەردە سەریەکات. خۆی لە گێلیەدا و بەلایاندا ڕابرد.

خزمەتکارەکەی خۆی گەیاندەوێ و گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەوە ئاگات لە خشەخشێ نەبوو؟))

مەلا گوتی ((بەدی چۆن!))

خزمەتکارەکەی گوتی ((دەنگی چ بوو؟))

مەلا گوتی ((کۆمەڵێك بوو کەمانچەیان لێدەدا)).

خزمەتکار پرسییەوە ((ئەدی بۆ کەمانچەکەیان دەنگی نەدەهات؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((دەنگی ئەو جۆرە کەمانچانە دوایە دێت)).



## چارەی ڕووداو

کوڕەکەی مەلا نەسرەددینی بە سەختی بریندارببوو و کەوتبووە ناوجێی. مەلا بە ژنەکەی گوت ((هەستە بچۆ کەڵ و پەلی کفن و دفنی بۆ ئامادەکە!))

ژنە گوتی ((ئەو قسە چییە دەیکەی؛ بەڵادوور خۆ هێشتا نەمردووە)).

مەلا گوتی ((ئەدی نەتبیستووە کە چارەی ڕووداو دەبێ پێش ڕووداوی بکرێ. تا تۆ دەچی کفنی بۆ بکڕی و تاتەشۆر و مردەشۆر و گۆڕهەڵکەنی بۆ دێنی ئەویش دەمرێ)).

## هەڵاتن لە پرسیار و وەڵامان

ڕۆژێکی کە مەلا نەسرەددین بە سەختی بریندارببوو وەسیەتی کرد (هەر کاتێ مردم دە کۆنە قەبرێکمدا وەشێرن)).

پرسییان ((بۆ؟))

گوتی ((بەو جۆرە لەوانەیە نەکیر و مونکیر لە مردووە تازەکانم دانەنێن و لە پرسیار و وەڵامانم ڕزگار بێت)).

## مەحکەم کاری

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین قاچی ژنەکەی بە پێچکەی کورسییەوە دەبەستێتەوە. دەرو دراوسێ سەریان لەو کارەی سوڕدەمێنێ و دەڵێن ((مەلا ئەو کارە لە تۆ زۆر دوورە. بۆ قاچی ژنەکەتت بە کورسییەوە بەستۆتەوە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((دەمەوێ بێ ئاگاداری لە ماڵێ نەچتە دەرێ)).

گوتیان ((باشە ئەدی ئەوە نییە بۆ خۆت لە ماڵێی. ئەو هەموو بێنەوبەرەیە یانی چی؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((کار لە مەحکەم کاریە چاتر نییە. دڵم ئاوا ئاوێ دەخواتەوە)).

## ماڵی پیاوی نەدار

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ هەندێکاندا دەچێتە ماڵە هاوسێیەکی بە میوانی.

میوانەکان هەموو خەریکی بنێشت جوینێ دەبن کە خاوەن ماڵ دەڵێ نان ئامادەیە.

مەلا نەسرەددین بنێشتەکەی دەردێنێ و بەسەری لوتی خۆیەوە دەنێ و دەچێتە سەر سفرەی و دەستدەکا بە نانخواردنێ.

یەکێك دەپرسێ ((مەلا! ئەوە چ کارێکە دەیکەی؟ عەیبە)).

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((من چ عەیبێکی دەوکارەیدا نابینم؛ چونکە پێموایە ماڵی پیاوی نەدار هەمیشە دەبێ بە بەرچاوی خۆیەوە بێ)).

## نامە بۆ پیاوی کەڕ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە لای نامەنووسێکی و داوای لێکرد نامەیەکی بۆ بنووسێ. نامەنووس قەڵەم و کاغەزی هێنا و بە مەلای گوت ((فەرموون چ بنووسم؟))

مەلا دەستی بە گوتنێ کرد و نامە نووسیش بە نووسینێ.

دوایە مەلا سەری لە بن گوێی نامەنووسی نا و هاواری کرد ((بنووسە بێ پارەم، هێندێکم پول و پارە بۆ بنێرە)).

نامەنووس گوتی ((پیاوی باش! جا بۆ هاوار دەکەی؟))

مەلا گوتی ((ئەو کەسەی نامەکەی بۆ دەنووسی کەڕە؛ بۆیەم هاوارکرد تا بە دەنگی بڵند بنووسی و ئەویش بتوانێ نامەکە بخوێنێتەوە)).

## نانی خۆمان بخۆین

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین و یەکێك لە ئاوەڵەکانی سەر و نانێکیان تاودایە و چوونە دەشتێ بگەڕێن.



کە نیوەڕۆ هات، ئاواڵی مەلا گوتی ((وەرە با نانەکانمان پێکەوە بەش کەین و بخوێن)).

مەلا تەماشایەکی ئاوەڵەکەی کرد و گوتی ((ئێمە کە یەکی لە نانێکمان زیاتر پێ نییە، باشە ئەگەر تۆ فێڵێکت لە بن سەریدانییە واباشترە هەر کەسە بە جیاجیا نانەکەمان بخوێن)).

## نیشانە

پیاوێك لە دەشتێ مەلا نەسرەددینی دیت ئەوە بە تیغە بەردێکی عەردی دەداتەوە. لێی چووە پێشێ و گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەوە بە دوای چدا دەگەڕێی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((مانگی پێشو بێرەدا تێدەپەریم. لە ترسێ دزان پارەکانم لێرە لە بن عەردی شاردنەوە؛ ئەوە ئێستاش هەرچەندی دەکەم ناچمەوە سەری و نایدۆزمەوە)).

پیاوە گوتی ((وەختێکی پارەکانت شاردنەوە چ نیشانەیەکت بۆ دانەنا تا شوێنەکەیان بزرنەکەی؟)) مەلا نەسرەددین گوتی ((بەدی چۆن! ئەو دەمی ڕێك پەڵە هەورێك بەسەر سەرمەوە بوو؛ بەڵام ئێستا نازانم ئەویش چۆتە کوێ و هیچ شوێنەوارێکی دیارنییە))

## جووزەلە

ڕۆژێ مەلا نەسرەددین دەیویست بچتە شاری. منداڵی لێ خڕبوونەوە و پێیان گوت ((لە شاری سەر و جووزەلەیەکمان بۆ بێنە)).

مەلا گوتی باشە و بەڵێنی دانێ جووزەلەیان بۆ بێنێ.

دەو نێوەیدا منداڵێکیان هاتە پێشەوە، پارەی جووزەلێکی دایە مەلای و گوتی ((ئەوە پارە یەکێکیش بۆ من بکڕە)).

مەلا پێی گوت ((ئەتۆ هەر لە ئێستاوە قامکانی لێ بزێوە!))

کاتێ مەلا لە شاری هاتەوە لە جووزەلێکی زیاتر نە کڕیبوو و ئەویشی دایەوە ئەو منداڵەی لە پێشدا پارەکەی دابوویە.

منداڵەکانی دی گوتیان ((ئەدی جووزەلەکانی ئێمە کوان؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((خۆشەویستانم! جووزەلە لێدان هەر لە منداڵە دەوڵەمەندان دێت و لە ئێوە نایەت)).

## ئامۆژگاریی سەرتاشی تازەکار

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە لای سەرتاشی. هەر کە سەرتاش گوێزانی تاودایە بۆ کارێ. مەلا پرسی ((ئەوە دەستت بۆوا دەلەرزێ؟))

سەرتاش وەڵامیدایەوە ((تازە دەستم بەو کارەی کردووە و تۆش یەکەمین کەسێکی کە دەمەوێ سەری بە گوێزانی بتاشم)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((کەواتە زۆرت ئاگا لە خۆت بێ. دەستی خۆت نەبڕی و دەردەسەریان دروست نەکەی!)).

## وەسیەتی مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین وەسیەتی کرد ((کە مردم نەهێڵن بەردم بەسەر سینگیدا ڕاهێڵن)).

دۆستەکەی پرسی ((لەبەر چی؟))

مەلا گوتی ((لەبەر ئەوەی، چونکە پێم ناخۆشە کاتێ کە ڕۆژی قیامەتێ زیندوو دەبمەوە سەرم لە بەردی بدەم و بەسەری شکاوەوە بچمە بەر بارەگای خودای پەروەردگار)).

## بەجێ گەیاندنی سۆز و پەیمان

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەرەکەی لێ ونبوو سوێندی خوارد ئەگەر بیدۆزێتەوە یەکڕاست بیباتە بازاڕی و ئەگەر بە دینارێکیش بووە بیفرۆشی و خۆی لە دەست ئەو کەرە هیچ و پووچە ڕزگارکات.

وا ڕێکەوت چەند ڕۆژێك بە دواوە کەری مەلای پەیدابۆوە و مەلاش بۆ بەجێهێنانی پەیمان و بەڵێنەکەی کورتانی لێکرد، بردیە بازاڕی و گوتی ((کەرەکەم بە دینارێك و کورتانەکەی بە سەد دینار دەفرۆشم ئەویش بەو مەرجەی کڕیار هەردووکیان پێکەوە بکڕێ)).



## کەرێك چەند پەلی هەیە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە سواری کەرێوە ڕادەبرد. پیاوێکی گەیشتێ و پێی گوت ((مەلا! کەرەکەت چەند پەلی هەیە؟))

مەلا نەسرەددین دابەزی؛ یەکەیەکەی پەلی کەرەکەی ژماردن و گوتی ((چوار پەل)).

پیاوە پرسی ((ئەوە بۆ تا ئێستا نەتدەزانی کەر چوار پەلی هەن، وا دابەزیت و پەلەکانت ژماردن؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((ئیختیارت هەیە! دواجار کە پەلی کەرەکەمم ژمارد دوێنێ شەوێ بوو و ئێستاش بۆیەم ژماردنەوە تا دڵنیابم لەوەی داخوا لەو دەمییەوە تا ئێستا ژمارەیان کەموزیادی نەکردووە)).



## ئادەم

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە پیاوێکی خێل و خوار و دزێوی پرسی ((ناوت چییە؟))

پیاوە وەڵامیدایەوە ((ئادەم!))

مەلا گوتی ((هەزار ڕەحمەت لە دای و بابی ئەو کەسەی ئەو ناوەی لێناوی، دەنا بەو سەروسەکوت و قەڵافەتەوە کەس باوەڕی نەدەکرد ئادەمیزادی)).

## ئارەزووی دیتنێ شەیتانی

پیاوێکی زۆردار و بەدخوو و بەدڕەوشت بە مەلا نەسرەددینی گوت ((مەلا! زۆرم حەز لێیە شەیتانی ببینم)).

مەلا گوتی ((باشە بۆ لە ماڵێ ئاوێنەتان نییە؟))

پیاوە زۆردارەکە وتی ((بۆ نا!))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەدی ئەوە چۆنە تا ئێستا شەیتانت نەدیوە؟))

## هەڵە

پیاوێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((وەك دەڵێن ژنەکەت ئەقڵی لە دەستداوە ڕاستە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((نەخێر! هەڵەیان عەرزکردوون؛ چونکە ژنێ من ئەقڵی نەبوو تا لە دەستی بدا)).



## نازناو بەخشین

یەکێك لە ئەمیرەکان بە مەلا نەسرەددینی گوت ((هەروەك دەزانی لە زەمانی خولەفای عەبباسیان ڕەسم بوو خولەفا و شاهان و ئەمیرانی ئەو سەردەمی هەریەکە نازناوێکیان هەبوو کە بە ئەڵڵا دوایی دەهات وەك مووەفەق بیللا، موتەوەکیل عەلەڵڵا، موعتەسم بیللا. بە لای تۆوە چ نازناوێك شایستەی منە؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((چاکترین نازناو بۆ تۆ نەعوزوبیللایە))

## ویژدان

شاعیرێك تازە بە تازە شیعرێکی نوێی نووسیبوو و بۆ مەلای خوێندەوە.

مەلا گوتی ((شعرێکی بێ سەر و پایە)).

شاعیر تووڕە بوو و دەستیکرد بە لەن تەرانی گوتنێ.

مەلا نەسرەددین گوتی ((دەگەڵ هەمموو ئەمانەشدا هەر پەخشانەکانت لە شیعرەکانت چاترن)).

## ئەنگوستیلەی بێ نگین

حاکم ئەنگوستیلەیەکی بێ نقێمی بەخشیە مەلا نەسرەددینی. مەلا ئەنگوستیلەکەی دە پەنجەی کرد و داوای لە خودای کرد خوا لە بەهەشتێ خانوویەکی سەربەتاڵ بداتە حاکمی.

حاکم پرسی ((جا بۆ بێ سەر؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((لە دڵی مەگرە! ئیشاڵڵا کەی نگینی ئەنگوستیلەکە گەیشت، سەری خانووەکەش چێ دەبێت)).

## پادداشتی قسەی ڕەق

ڕۆژێکی حاکم شیعرێکی پێکەوە نا و بۆ مەلا نەسرەددینی خوێندەوە. مەلا گوتی ((شیعرێکی لاوازە)).

حاکم زۆر دڵگران و تووڕەبوو و دەستبەجێ دەستووریدا مەلایان هاویشتە زیندانێ و شەو و ڕۆژێکی بێ نان و ئاو، برسی و تینوو لەوێ مایەوە. دوایە ناردی هێنایانەوە و شیعرێکی دیکەی بۆ خوێندەوە بۆچوونی مەلای دەربارەی شیعرەکە لێ ویستەوە.

مەلا نەسرەددین بێ ئەوەی لێوی لێك بێتەوە هەستایە سەر پێ و ملی لە ڕێینێ نا. حاکم کەوتە تانە و تەشەر و تانوتان لە مەلای و گوتی ((ئەوە بۆ کوێ دەچی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((دەچمەوە زیندانێ!))

## داواکاری حاکمی سووك

ڕۆژێکی حاکمێکی سووك بە مەلا نەسرەددینی گوت ((تۆ کەسەر دەستەی ڕاوی ڕاوچیانی داوام لێتە تاژییەکی ناو قەد باریك و تیژڕەوم بۆ پەیداکەی کە وەك (با)ی ڕاکا.

مەلا نەسرەددین قبوڵی کرد و دوای چەند ڕۆژێکان چوو دێڵە سەگێکی کەتەی شل و پلی تەنگە ستووری بۆ هێناو پەتی دەملی کرد و ڕاکێش ڕاکێش هێنایە بەردەمی حاکمی.

حاکم لە دیتنێ سەگەی سەری سوڕما. گوتی ((من داوای تاژییەکی لاوازی نێو قەد باریکی چوار پەل درێژم لە تۆ کرد، کەچی تۆ دێڵە سەگێکی بەڕەڵڵای کەتەت بۆ من هێناوە؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((دڵنیابە هەر ئەم سەگەیەك هەفتە لە ماڵێ وەبێ لە تاژیە باریك و لاوازتر دەبێ)).

## خەون لێکدانەوەی مەلا نەسرەددینی

پیاوێك چووە لای مەلا نەسرەددینی و گوتی ((دوێ شەوێ شەیتانم هاتە خەوێ و زۆری لێ ترسام)).

مەلا گوتی ((چۆن بوو؟))

پیاوە گوتی ((ڕاست وەك کەرێ بوو)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((شەیتان نەبووە؛ ڕەنگە سێبەری خۆت بوو بێ وەتزانیوە شەیتانە)).



## بە قەرز

پیاوێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((کێت لە هەموو کەسێکی زیاتر خۆش دەوێت؟))

مەلا گوتی ((ئەو کەسەی تێرم کا)).

پیاوە گوتی ((پێموایە ڕۆژێکی من تۆ هەر تێردەکەم، کەواتە ئێستا منت لە هەموو کەسێکی زیاتر خۆشدەوێ یانە نا؟))

مەلا گوتی ((نا! خۆشەویستی بەقەرز نابێ)).

## ڕێگا چارە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دڵی تێکەڵات و چووە لای پزیشك. پزیشك گوتی ((تەنیا ڕێگا چارەیەکەت ئەوەیە سێ ڕۆژان لەسەریەك مریشکێکی چەور و قەڵە و بێنی و دە ڕۆنێکی ساغدا سووریکەیەوە؛ هەندێکی زەعفەران و هەنگوین و بەهارات پێداکەی و بیخۆی. دوایش دەستبەجێ بیهێنییەوە)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((خوا ئەقڵت داتێ! ئەگەر دوژمنەکەشم ئەو جۆرە خواردنەی بخوات و بیهێنێتەوە من خۆم ئامادەم دەچاو تروکانێکیدا بیماشمەوە و بیخۆمەوە)).

## ڕازی بوون

ڕۆژێکی شێخێك چوو بووە سەر مینبەرێ و باسی خۆشی و ناخۆشیە بەهەشت و جەهەننەمێی دەکرد بۆ خەڵکی. کە قسەکانی تەواوبوون ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ((باشە! ئێستاکێ دەیهەوێ بچتە بە هەشتێ؟))

هەموویان بێجگە لە مەلا نەسرەددینی بەهەشتیان پێخۆش بوو.

شێخ گوتی ((ئێستاکێ دەیەوێ بچتە جەهەننەمێ با بڵێ)).

کاتێ دیتی کەس نایەوێ بچتە جەهەننەمێ، ڕووی لە مەلا نەسرەددینی کرد و گوتی ((جەنابی مامۆستا! وەك پێدەچێ تۆ نە بە هەشتت پێخۆشە نە جەهەننەم، ئەدی کەواتە پێت خۆشە بچیە کوێ؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئێرە بۆ من لە هەموو جێیان چاترە، لە کاروبار و شار و دیارم زۆر بە تەواوی ڕازیم)).

## ژنی ناشیرین

دەرو دراوسێ مەلا نەسرەددینیان هەڵخەڵەتاند و ژنێکی ناشیرینیان بۆ هێنا.

دوای گواستنەوەی، کاتێ مەلا نەسرەددین دەیویست لە ماڵێ بچتە دەرێ. ژنەکەی گوتی ((چاك بوو نەرۆیشتی، ئەرێ چۆناو چۆن دەگەڵ کەسوکارو خزم و خوێشانتدا ڕەفتارکەم؟ مایە بۆ کێ دانێم و بۆ کێی دانەنێم)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((تۆ تەنیا من دەگەڵ کەسیان ڕامەگرە، ئەویدی هەمووی بۆ خۆت دەزانی!))

## پرسیاری بەجێ

یەکێك بە تەك مەلا نەسرەددینییەوە دانیشتبوو، لە پڕ بایەکی لێبۆوە، بۆ ئەوەی تڕەکەی تێبەرێ دەستی بە کۆکە کۆکێ کرد و کەوتە پێڵاو لە عەردخشانێ.

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەوە دامانا بەو کارانەت دەنگەکەیت داپۆشی، ئەدی بۆگەنە پیس و ناخۆشەکەی چ لێدەکەی؟))

## شیعری بۆگەن

پیاوێکی قسە تڕن شیعرێکی بێ مانا و بێ تامی بۆ مەلا نەسرەددینی خوێندەوە، مەلا پرسی ((ئەم شیعرەت کەی داناوە؟))

کابرا گوتی ((لە ئاوەدەستێمدا بە خەیاڵدا هات)).



مەلا نەسرەددین گوتی ((بە دڵمداهات! چونکە دەتخوێندەوە بۆگەنیوی لێدەهات)).

## جەفەنگ دەگەڵ کوێخایدا

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ کوێخا دێیەکیدا دەچتە حەمامێ. کوێخا هەروا بەدەم خۆشوشتنێوە لە مەلای پرسی ((ئەگەر من کوێخا نەبامایە و هەر خزمەتکارێك بامایە چەندم دێنا؟))

مەلا گوتی ((دە دینار))

کوێخا تووڕە بوو و گوتی ((پیاوی باش! بۆ هەر لە خۆتەوە حەللەق و مەللەقان دەڵێی؟ هەر ئەو پێشتێندەی لە پشتێمە بای دە دینارانە)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئێ منیش هەر نرخی پشتێندەکەم گوتووە دەنا بۆ خۆت چ ناهێنێ)).

## عاریفی ڕاستەقینە

پیاوێك کە خۆی کردبووە عاریفێکی ڕاستەقینەی تەواو بە مەلا نەسرەددینی گوت ((ئەرێ پیاو! ئەوە شەرمێ ناکەی هەموو قسە و کاروکردەوەکانت گاڵتەجاڕین؟))

مەلا پرسی ((جەنابی بەرێزتان چکارەن؟))

پیاوە وەڵامیدایەوە ((عاریفم! هەموو شەوێ بەو ناو گەردوونەدا دەفڕم و سەیر و گەڕانی ناو ئەستێران دەکەم)).

مەلا پرسی ((دە کاتی فرینێدا هیچی نەرمت وە سەروچاوی نەکەوتووە؟))

پیاوە وەڵامیدایەوە ((بەڵێ!))

مەلا گوتی ((ئەو شتە نەرمە ئەوە گونی کەرەکەی من بووە)).

## ڕۆڵەی پیاوی سەد ساڵە

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئایا پیاوی سەد ساڵە دەشێ منداڵی لێ پاشەکەوت بێ؟))

وەڵامیدایەوە ((دوورنییە! بە مەرجێکی لاوێکی بیست ساڵەی دراوسێ بێت)).

## خۆتێهەڵقوتاندن

پیاوێك چووە لای مەلا نەسرەددینی و گوتی ((وادیارە هاوسێیەکەتان دەیەوێ داوەتی بووك گواستنەوەی بکات)).

مەلا گوتی ((بە من چی!))

پیاوە گوتی ((بیستم خەریکە سینیەکیش پاقلاوە بۆ ئێوە بنێرێ)).

مەلا گوتی ((بە تۆ چی!))

## کەشك و کۆتر

پیاوێك کەشکی خواردبوو هێندێکیشی وردە کەشك بە ڕیشی خۆی وەرکردبوو. مەلا نەسرەددینی تووش هات و پرسی ((ئەوڕۆ نیوەڕۆیە چیت نۆشی گیان کردووە؟))

پیاوە وەڵامی دایەوە ((بێی ئێوە ناخۆش! حەوت هەشت کۆتری چەور و قەڵەومان دەگەڵ مندالەکاندا بە شیشێوەکردن و خواردمانن)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((دیارە! چونکە کەمێکی جیقنەکانیشیان بە ڕیشی موبارەکتانەوە نووساوە)).

## من یا تۆ

ڕۆژێکی حاکم و یاوەرانی خەریکی چوونە ڕاوێ بوون کە لە ڕێیە گەیشتنە مەلا نەسرەددینی. حاکم زۆر دلگران و پەست و نارەحەت بوو و بە هاوڕێیەکانی گوت ((دیتنێ ئەو پیاوەی، ئەویش دەودەمەیدا کە خەریکی چوونە ڕاوێین زۆر نەحسە و خێری لێبەدی ناکرێ. تا دەتوانن زووم لێ وە دوور ئێخن!))

هاوڕێیانی حاکمی بە شەق و شەقازللە و تێهەڵدانێ مەلایان بە زۆری کوتەکان دوورخستەوە. بە ڕێکەوت حاکم ئەو ڕۆژەی زۆر خۆش لێ گوزەرا و بە نێچیرێکی زۆرەوە هاتەوە ماڵێ و هەواڵی



دایە مەلا نەسرەددینی ((ئەمڕۆ دەرکەوت کە دیدەنی تۆ نەك هەر خراپ و شووم نییە زۆریش چاکە)).

مەلا نەسرەددین وەڵامی ناردەوە ((جەنابی حاکم! تۆ چاوت بە من کەوت ڕۆژێکی خۆشت بەسەربرد و لێ گوزەرا، کەچی من کە چاوم بە تۆ کەوت ئەو هەموو شەق و تێهەڵدانەم خوارد خۆت لە خوای مەکە، هەر بۆ خۆت داوەربە، تو خوا دیتنێ من شووم بوو یا دیتنێ تۆ؟))

## ئامۆژگاری

پیاوێکی دەوڵەمەند زۆری خۆ بە خۆشەویست و نزیك و مریدی مەلا نەسرەددینی پێشاندەدا و خۆی وا دەردەخست زۆری بە تاسەوەیە و حەزی لێیە پێشوازییە میوانداریيەکی لێبکا. ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەوتە سەروسۆراغی دەوڵەمەندەیی و بەرەو لای ماڵی وانەوە چوو هەر کە نزیکی ماڵەکەیان بۆوە دیتی ئەوە پیاوەکە لە پەنجەرەیڕا سەیری کۆڵانێ دەکا؛ بەڵام هەر کە چاوی بە مەلا نەسرەددینی کەوت، سەری بردەوە ژوورێ.

مەلا چووە بەر دەرکێ و لە دەرکێی دا.

خزمەتکارێك دەرکەی کردەوە و گووتی "فەرمووچتدەوێ؟"

مەلا گووتی "جەنابی لە ماڵێیە؟"

خزمەتکار گوتی ((نەخێر! هەروا پێش پێی ئێوە چوونە دەرێ)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((کە تەشریفیان هاتەوە پێی بڵێن لەمەودا هەر کاتێ چوونە دەرێ ئەوەیان لە بیر نەچێ سەریان لە پەنجەرەیڕا نەهێننە دەرێ، با دۆستەکانی وانەزانن لە ماڵێیە)).

## بۆچوونی ئاوەڵان

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین هێندێکی گۆشت کڕی و بردییەوە ماڵێ، کەزانی ژنەکەی چۆتە حەمامێ بۆ خۆی کەوتە ئامادەکردنی و لێنانێی.

دەو دەمیدا سێ کەسی لە ئاوەڵەکانی خۆی گەیشتە لا و هەر کە دیتیان مەلا ئەوە خەریکە گۆشتی سووردەکاتەوە چوونە تەنیشتییەوە و ڕاوەستان.

یەکەمیان پشکە گۆشتێکی دە تاوەکەیدا دەرێنا و خواردی و گوتی ((بێ خوێیە)).

دووەمیشیان پشکێکی دەرێنا و دەزاری نا و وەکو وی بەدەم جونێوە گوتی ((ئەگەر تۆزێکی سرکە لێدەی بە تامتر دەبێ)).

سێهەمینیان پشکێکی گەورەی لە گۆشتەکە خوارد و گوتی ((ئەگەر تۆزێکی ڕبەهەنار لێدەی هەر مەپرسە چ دەبێ)).

مەلا نەسرەددین کەوگیری لێ ڕاستکردنەوە و گوتی ((دوورکەونەوە! ئەو تاوەیە زیاتری پێویست بە گۆشتییە نەك بە بۆچوونەکانتان)).

## وەبیرم نایە

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((کە ژنت هێنا چەند ساڵان، بووی؟))

وەڵامیدایەوە ((وەبیرم نایە؛ چونکە هێشتا ئەقڵم بەشتی نە دەشکا و هیچم نە دەزانی)).



## ئاشنایی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە گەرەکێکیدا ڕەتدەبوو؛ کۆمەڵێك لە سای سێبەری دارێکیدا سفرەیان ڕاخستبوو و نانیان دەخوارد.

مەلا نەسرەددین بەبێ فەرمووی لێکردنێ چووە سەر سفرەی و دەستی بە نانخواردنێ کرد. یەکێك پرسی ((ئێوە دۆستی کامانن؟))

مەلا ئاماژەی خواردنەکانی کرد و گوتی ((ئی ئەمانە)).

## چاوەڕوانی دۆستانە

ساڵانێك بوو مەلا نەسرەددین قەرداری یەکێك لە دۆستەکانی خۆی بوو. ڕۆژێکیان دۆستەکەی چووە لای و گوتی ((مەلا! بە خۆڕایی هێندەم مەهێنە و مەبە، ئەگەر دەتەوێ پارەکەم بخۆی ئەوە ڕاست و ڕەوان دە دەستمی نێ و هێندەم وادە و بەڵێنی سەری خەرمانێ پێ مەدە)).

مەلا گوتی ((من هەرگیز ناڵێم ناتدەمەوە، بەڵکە دەڵێم تۆ بۆ خۆت ئەو پیاوەتیەی بکەو واز لە قەردەکەت بێنە)).

## قەرداری

کابرایەك قەرزی لەسەر مەلا نەسرەددینی بوو، لوت و بزووت تووشی بوو و یەخەی گرت، گوتی ((زووکە قەرزەکەم دەوە دەنا هەر ئێستا ڕاتدەکێشمە بەردەمی قازی و بە خۆشی و ناخۆشی قەرزەکەمت لێ دەستێنمەوە)).



مەلا هەرچی کردی و کراندی خاوەن قەردەکە مۆڵەتی نەدا و سەرەنجام پێکداهاتن و لێیان بوو بە شەڕ و کاریان کەوتە لای قازی.

کاتێ کە قازی هۆی شەڕەکەیانی زانی، بە مەلای گوت ((باشە بۆ سەرپێچیە لەدانەوەی قەرزەکەت دەکەی و ئەو پیاوەی هێندە دێنی و دەبەی؟))

مەلا گوتی ((جەنابی قازی! من پارەیەکی کەم بەو کابرایەی قەرزدارم کە هێندەی ناهێنێ و ئەوە دوو ساڵی ڕەبەقیشە داوای لێدەکەم هەر تەنیا سێ مانگانم لەسەر ڕاوەستێ تا پارەکەی هەموو بەسەرییەکەوە بدەمەوە کەچی ڕاناوەستێ، ئێستاش بۆ خۆت بفەرموو داخۆ خەتای منە یاهی ئەو؟))

## ببیسە و باوەڕمەکە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە بازاڕی، سندۆقێك شووشەواتی کڕی و بە حەمباڵێکی گوت ((ئەگەر ئەو سندوقە شووشەواتەم بە خۆڕایی بۆ بەرییەوە ماڵێ، لە جیاتی کرێی حەمباڵیە سێ ئامۆژگاریت دەکەم زۆر لە کرێیەکەت چاکتر و بەنرختر بێت)).

حەمباڵە قبووڵی کرد و سندوقەکەی بۆ بە کۆڵێ دادا و کەوتەڕێ. هەروا کەمێك کە ڕۆیشت بە مەلا نەسرەددینی گوت ((یەکەمین ئامۆژگاریت بڵێ)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر کەسێك گوتی برسییەتی چاترە لە تێری. ببیسە و باوەڕمەکە)).

کە گەینە نیوەی ڕێیە، حەمباڵ گوتی ((دووەمین ئامۆژگاریت بڵێ)).

مەلا گوتی ((ئەگەر کەسێك گوتی پیادە چاترە لە سوارییە، ببیستە و باوەڕمەکە)).

کاتێ گەیشتنە ماڵێ مەلا نەسرەددینی، حەمباڵ گوتی ((ئێستاش سێهەمین ئامۆژگارییەکەت بڵێ)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر کەسێك بڵێ حەمباڵی لە تۆ چاکتر و هەرزانتر پەیدادەبێ، ببیسە و باوەڕمەکە)).

دەو دەمەیدا حەمباڵ سندوقە شووشەواتی لە هەواوە بە عەردی دادا و بە مەلای گوتی ((ئەگەر کەسێ بڵێ تەنانەت یەك پارچە شووشەی ناو ئەو سندوقەش بەساغی ماوەتەوە، بیبیسە و بڕوامەکە)).

## خۆم و باوکم

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین هاوبەشی تفەنگ هاویسشتنێ دەکا، هەر کاتێ لە نیشانەی نەدابا دەیگوت ((ئەوە بابیشم هەروای داویشت)) و هەرجارێکیش لە نیشانەی دابایە دەیگوت ((بۆ خوم ئاوای داوێم)).

## پارەی پارچە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە بازاڕی هەندێ پارچە و پووچەی ژنانە بکڕێ، دوای ئەوەی پارچەکانی هەموو ئەو دیو ئەو دیو تەماشاکردن، یەك پارچە مەخمەری هەڵگرت و ڕاست دەو دەمەیدا کە دەیوست پارەکەی بدا ڕای گۆڕا و بە پارچە فرۆشەکەی گوت ((ئەم پارچەیەم لێ وەرگرەوە و لە جیاتیانی مەلمەلم بدەیە)).

پارچە فرۆش مەخمەرەکەی لێ وەرگرتەوە و لە جێی خۆی دانایەوە لە جیاتیان پارچە مەلمەلێکی دایە دەستێ. مەلا نەسرەددین گوتی ((دەستخۆش، ببوورە!)) و کەوتە ڕێ بڕوا. پارچە فرۆش بانگی کردەوە و گوتی ((ئەهای مەلا! ئەدی پارەکەی؟))

مەلا نەسرەددین ئاوڕێکی دایەوە و بە سەیرێکەوە گوتی ((باشە ئەدی تۆ ئەو مەلمەلەت بە مەخمەرەکەی نەگۆڕییەوە؟))

پارچە فرۆش گوتی ((با! بەلاّم خۆ تۆ پارەی ویشت هەرنەدابوو)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((بە ڕاستی پیاوێکی تابڵێی سەیر و سەمەرەی و غەریبی! بۆ چاوەڕێی ئەوەی بووی پارەی ئەو پارچانەی نەشم کڕیون هەر بدەم!))



## پارەی مردنێ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گەییە شارێکی و بیستی حاکمی شاری بۆ کفن و دفنی نەداران هەشتا درهەمی دەدا. مەلا کە زۆر بێ پارە و پول بوو و نەیدەزانی دەو شارە کەس نەناسەیدا چ بکا، چووە لای حاکمی، گوتی ((جەنابی حاکمی! من هەم هەژارم و هەم غەریب و نانم دە کەوڵێدانییە. بێ زەحمەت جارێ چل دەرهەمم لەسەر حیسابەکەی بدەیە و دوایەش کە مردم حیسابەکەی ڕاستکەوە)).

حاکم قبوڵی کرد و چل درهەمی دایە مەلانەسرەددینی.

دوای چەند ڕۆژێکان مەلا دووبارە چۆوە لای حاکمی و گوتی ((جەنابی حاکم! بە ڕوخسەتی ئێوە! دەمەوێ لەو شارەی ئێوە بڕۆم و ناتوانم تا کاتی مردنێ هەر لێرە بم؛ داوا دەکەم چل درهەمەکەی دیشم بدەیەی کە ماوە، با حیسابمان لە نێوانێدا نەمێنێ)).

چل درهەمەکەی دیشی لە حاکمی وەرگرت و ئەو شارەی بەجێهێشت.

## هەقی پێشینە

چەند مانگێك دەبوو کە مەلا نەسرەددین ژنی دووەمی هێنابوو و هەموو ڕۆژێ ژنەکان هەرایان لەسەر ئەوە بوو کە داخوا مەلا کامیانی خۆشتر دەوێ و هەرگیزیش نە دەگیشتنە یەك.

ڕۆژێکی هەر دووکیان دوو بە دوو چوونە لای مەلا نەسرەددینی تا ڕاستییەکەی لە دەمی خۆیەوە ببیەن و ئەو هەرایەی بڕێننەوە.

مەلا ژنێ گەورە گوتی ((مەلا! ئەگەر ئێمە هەر دووکمان بکەوینە زێیە و تۆش لەوێ بی، یەکەمجار کاممان ڕزگار دەکەی؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئازیزی دڵم! من تۆ زۆر چاك دەناسم! سوپاس بۆ خوا هێندە بەزیبك و زاکونی هەر چۆنێکی بێ خۆت هەر ڕزگار دەکەی!))

دوایەش ڕووی کردە ژنە تازەکەی و گوتی ((بەڵام ئەو تازە پێداکەوتووە دەست و پێ سپییە تێیرانابینم و دوایەش دوورە هێندە بە دەست و پل بێت بتوانێ بەبێ یارمەتی من لە ئاوێ بێتەوە دەرێ؛ ئەقڵ دەڵێ یەکەمجار ئەوی ڕزگار کەم؛ چونکە دەترسم بخنکێ و منیش تا دەمرم هەر ڕەشپۆش و پرسەدار بم!)).

## چارەسەری کێشە

کابرایەك چووە لای مەلا نەسرەددینی و داوای لێکرد وەڵامی ئەو کێشانەی بداتەوە کە هاتوونە پێشی مەلا ئاماژەی ئەو خورجێنەی کابرای کە دەگەڵە خۆیدا هێنابوو کرد و گوتی ((خورجێنەکەت چی تێدایە؟))

کابرا گوتی ((هەنار)).

مەلا گوتی ((ئەگەر بۆ چارەسەریە هەر کێشەیەکی هەنارێکی بدەیە من، ئەوا دەستکە بە پرسیارەکانت)).

کابرا قبووڵی کرد و دەستیکرد بە پرسیاران و دە بەرابەر هەر وەڵامێکیشدا کابرا هەنارێکی دەدایە مەلای و مەلاش هەروا کە سەرگەرمی قسان بوو هەناری هەڵدەوەراندن و دەیخواردن. گفتوگۆی مەلا و کابرای هێندەی درێژەکێشا کە هەناری کابرای هاتنە بڕانێ.

مەلا نەسرەددین گوتی ((جا چونکە هەناری دیت پێنەماون وەڵامی ئەو پرسیارەت نادەمەوە و ئەگەر دەشزانی هەناری دیت پێ ماون ئەوە برۆ بیانهێنە تا وەڵامی ئەوەشیانت بدەمەوە)).

## ددان کێشانی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین ددانی وەژان هات و چووە لای دەلاکی ددانەکەی بکێشێ دەلاك گوتی ((ئەو کارە دوو دیناری دەوێ)).

مەلا گوتی ((وەرە ئینسافت بێ و دینارێکمان لێ بستێنە)).

دەلاك گوتی ((نابێ! دەتەوێ ئاوایە و ناتەوێ هەر ئاوایە، من بۆ هەر ددانێکی دوو دنیارم دەوێ)).



مەلا نەسرەددین بیرێکی کردەوە و گوتی ((باشە! چارەم نییە. وەرە بیکێشە و ڕزگارم کە مردم لە تاوان)).

ئەو ددانەی کە نە دەهێشا بە دەلاکەی پێشاندا و دەلاك کێشای. پاشان مەلا پرپدایە دەلاکەی و گوتی ((ئەوە چ کارێك بوو کردت؟ بە هەڵە ددانە ساغەکەمت کێشاوە!))

دەلاك گوتی ((جا چ پەیوەندییەکی بە منەوەیە. من ئەو ددانەی دەستت لەسەر داناوە ئەوم کێشاوە)).

مەلا نەسرەددین ئەم جارەیان قامکی هاوێشتە سەر ددانەکەی دەهێشا و گوتی ((من ئەوەیانم گوت))، دەلاکیش گازەکەی هاویشتێ و ئەویشی کێشا.

مەلا نەسرەددین هەستا، بەلاقرتێوە زەردەیەکی گرتە دەلاکەی، دوو دیناری لە پێش دانا و گوتی ((دەتویست پۆزی زیرەکیە خۆتم لەسەر لێدەی؛ بەڵام دڵنیابە کە لە من زیرەکترنیت و ناشتوانی بۆ هەر ددانێکی لە دینارێکم زیاتر لێ بستنێ)).

## باوێشك

مەلا نەسرەددینیان بۆ ناخواردنێ ئێواری بانگهێشت کرد بوو. کاتێ دیتی خاوەن ماڵ چ غەمی نان دانانێی لەبەر نییە و یەك ڕیز هەر خەریکی قسانە، ئارامی لێ هەڵگیراو دەستی کرد بە باوێشکدانێ.

خاوەن ماڵ پرسی ((جەنابی مامۆستا! هۆی باوێشکان چییە؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((برسییەتی و بێ خەوی؛ بەڵام با ئەوەش بڵێم کە من هیچم خەو نایە و ئەو دوای نیوەڕۆیە تێر نوستووم!))

## رسق و ڕۆژی

مەلا نەسرەددین خەریکی مریشك برژاندنێ بوو کە لە پڕ دەرکە کرایەوە و سێ چوار کەس لە ئاوەڵەکانی خۆی لێ وەژوورکەوتن.

یەکێك لە ئاوەڵەکانی مەلا گوتی ((دەك بە قوربانی خودای بم کە ڕسق و ڕۆژی ئەو ڕۆشی بۆ ناردین!))

مەلا نەسرەددین زۆر گرژ و مۆن بوو و گوتی ((بە هەڵە مەچۆ! زۆر دەمێکە خودا تەنانەت ناهێڵێ خەڵك پارووی خۆی بە گەرویدا بچێ جا چ جای ماڵی خەڵکی. هەر سێك تەلاقم کەون ئەگەر بیەڵم لێوی لێدەن!))

## زیرەکی

مەلا نەسرەددین دەگەڵ پێنج لە ئاوەڵەکانیدا لە سەفەرێ بوو. هەر کە نێوەڕۆهات هەموو پێکەوە لە کەنار جۆگە ئاوێکی دانیشتن و هەریەکە و نانێکی لە توێشەبەرەکەی دەرێنا تا نانی نیوەڕۆ بخۆن.

مەلا نانەکەی خۆی لەسەر سفرەکەی دانا و بە ئاوەڵەکانی گوت ((من هیچ ئارەزووی خواردنێ ناکەم و هیچم پێناخۆرێ. ئەو نانەی هەموو دەدەمە ئێوە؛ ئێوەش لە جیاتیان هەریەکەی لە تەنانێکم بۆ بە لاوە نێنەوە)).

## ژەهر خواردنێ مەلا نەسرەددینی

بە منداڵی مەلا نەسرەددین شاگرد خەیات بوو. ڕۆژێکی وەستایەکەی قاپە هەنگوێنێکی دێنێتەوە دوکانێ و پێی دەڵێ ((ئەو قاپە ژەهری تێدایە؛ کوڕە نەکەی دەستی بۆ بەری تا بەسەر پێوە دەچمەوە ماڵێ و دێمەوە)).

مەلا گوتی ((بە چاوان!))

بەڵام هەر کە وەستایەکەی پێی دە دیوی دوکانێ ناو هەستاچوو دەستوبرد پارچە فاسۆنێکی برد فرۆشتی و بە نانی دا و هاتەوە لە پەنا قاپە هەنگوینەی دانیشت تەققەی لێ هەستاند و هەمووی خوارد.

کاتێ وەستا هاتەوە پارچە فاسۆنەکە دیارنەبوو گوتی ((کوا ئەو پارچە فاسۆنەی بڕیار بوو ئەو ڕۆ بیبڕم لە کوێیە؟))



مەلا نەسرەددین گوتی ((کاتێ کە تۆ ڕۆیشتی لە ماندووەتیان بەلادا هاتم و خەوم لێکەوت، کە چاوم هەڵنایەوە پارچە فاسۆنە نەمابوو؛ منیش لە ترسی ئەوەی بێیەوە و حەسیرمەیدانم کەی قاپە ژەهرەکەم تا بنی هەموو خوارد بۆ ئەوەی بمرم و ئاسوودە بحەسێمەوە؛ بەڵام لە بە دبەختی و چارە ڕەشیە خۆم هێشتاش ئەوە هەر ماوم)).

## جوببەی قازی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەباغێکیدا دەگەڕا دیتی ئەوە قازیی شاری جوببەکەی داکەندووە و یەکپارچە لەسەر عەردی خۆی لە گەزداوە.

مەلا جوببەی قازی تاودەداتێ و دەبەر خۆی دەکاو دەڕوا.

کاتێ قازی بە هۆش دێتەوە دەبینێ جوببەکەیان بردووە، بە نۆکەرەکەی دەڵێ هەر ئەو ڕۆژە بە نێو شاریدا بگەڕێ و جوببەکەی دەبەر هەر کەسێکیدا دیت بیگرێ.

بە ڕێکەوت ڕۆژی دوایی نۆکەری قازی دیتی ئەوە مەلا نەسرەددین جوببەکەی قازی دەبەردایە و قیت و قنج بە بازاڕیدا دێت و دەچێ.

نۆکەری قازی مەلای دەگرێ و دەیباتە بەردەمی قازی.

قازی لە مەلای دەپرسێ ((ئەو جوببەت لە کوێڕاهێناوە؟))

مەلا دەڵێ ((دوێنی دە باغیدا خەریکی گەڕانێ بووم دیتم ئەوە کابرایەکی لەندەهۆری بەد مەست ساتانی پڕکردووە لە گوو و لە هۆش خۆی چووە و ئەو جوببەشی لە لاوە کەوتووە. دە دڵی خۆمدا گوتم نەکا خوا نەناسێك بێت و جوببەی ئەو بەستە زمانە بێ هۆش و گۆش و بێ ئاگایەی بەرێت و نەیداتەوە. لەبەر ئەوەی بوو کە هەڵمگرتەوە و دەبەر خۆمم کرد تا هەر کاتێ خاوەنەکەی پەیدابۆوە بیدەمەوە)).

قازی گوتی ((منیش نازانم خاوەنی بەرەڵڵای ئەو جوببەیە کێیە. ئەگەر کەسێك هات و لێی پرسییەوە ئەوە ئاگادارت دەکەمەوە. دەفەرموو برۆ خوات لەگەڵ!))

## دەروون خوێندنەوە

رۆژێکی مەلا نەسرەددین کردیە قاو و گوتی من کەرامەتدارم. گوتیان ((بەڵگەت چییە؟))

گوتی ((هەر ئێستا دەتوانم پێتان بڵێم چ دە دڵی ئێوەدایە)).

گوتیان ((ئەگەر ڕاستدەکەی بیڵێ)).

گوتی ((هەمووتان دە بیر و خەیاڵی ئەوەیدان داخوا من دەتوانم کەرامەتدارییەکەم بسەڵمێنم یان نا!))

## پزیشکی لێزان

مەلا نەسرەددین برسی و تینوو گەیشتە دێیەکی و بیستی کوێخا نەخۆشە. چووە بەردەرکێ ماڵێ کوێخای و گوتی ((من پزیشکم و زانیومە نەخۆشی و لە ماڵێ کەوتووی)).

ماڵەکە هەموو شاگەشکەبوون لە خۆشیان و بردیانە بن سەری نەخۆشی.

مەلا نەبزی گرت و دەستووری دا هێندێك ڕۆنەکەرە و هەنگوین و نانی تازەیان هێنا و دەستی کرد بە نزا خوێندن و نان و کەرە و هەنگوین خواردنێ. ئەوجا هەستایە سەرپێ، گوتی ((ئەوڕۆ بە نزایان تێپەڕی. سبەینێش دەرمانی دەدەمێ)).

خەریك بوو بڕوات کە واڕێکەوت هەر دەو دەمیدا نەخۆشەکە مرد.

گوتیان ((ئەوە چ جۆرە چارەسەرییەك بوو کەوا دەستبەجێ ئەنجامەکەی سەرە و بن هاتەدی؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەو خواڵخۆشبووە هەر دەمرد. لە دەستی کەسدا نەمابوو. ئەگەر ئەوەندە چارەسەرییەی ویشم نەکردبایە ئێستا بۆ خۆشم لە برسان و لە تینوواندا مرد بووم)).

## قەرزدانێ مەلا نەسرەددینی

کابرایەك چووە لای مەلا نەسرەددینی و داوای لێکرد سەد دیناری بە قەرز بداتێ بە وادەی مانگێکی، مەلا گوتی ((تەنیا هەر نیوەی داخوازییەکەتم پێ جێبەجێ دەکرێ)).



کابرا گوتی ((قەیناکا! بە پەنجا دینارەکەشم کارەکە هەر مەیسەر دەبێ)).

مەلا گوتی ((بە هەڵە مەچۆ! تۆ داوای سەد دینارت لە من کرد کە بە مانگێکی بیدەیەوە. منیش عەرزم کردی نیوەی داوایەکەتم قبوڵە؛ یەعنی مەبەستم مۆڵەتی یەك مانگەکەیە کە دەتوانم لە سەرت ڕاوەستم تا پارەکە بە تەواوەتی دەدەیەوە. دەنا ئەگەر پارەت بە قەرز بوێ دڵنیا بە یەك دیناریشم نییە بتدەمێ)).

## بەسەرهاتی مەنجەڵێ

رۆژێکی مەلا نەسرەددین چوو لە ماڵێ هاوسێیەکیان مەنجەڵێکی خواستەوە و کاتی بردنەوێی مەنجەڵۆکەیەکی دیکەی هاویشتە ناوێ. هاوسێی مەلا گوتی ((ئەو مەنجەڵۆکە لە کوێڕا هاتووە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((ئەوە مەنجەڵەکەی خۆتان زاوە)).

هاوسێی مەلا زۆر خۆشحاڵ بوو و مەنجەڵ و مەنجەڵۆکەکەی وەرگرتنەوە.

دوو ڕۆژ دواتر، دیسانەوە بۆ مەنجەڵەکەی چۆوە ماڵە هاوسێیەکەیان و ئەو جارەشی لێ وەرگرتنەوە. هاوسێیەکەی مەلای چەند ڕۆژێکانی چاوەڕێ کرد مەلا مەنجەڵەکەی هەر نەبردەوە، ناچار بۆ خۆی چوو مەنجەڵەکەی بێنێتەوە.

مەلا بە چاوی فرمێسکاوییەوە گوتی ((عەرزی بە خزمەتتان بێت مەنجەڵەکەتان دوو ڕۆژ لەمەو پێش دنیای فانی بەجێهێشت و مرد)).

هاوسێیەکە بە سەرسامییەوە گوتی ((ئەو قسە چییە؟ بۆ مەنجەڵیش دەمرێ؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((چۆن نابێ، مەنجەڵێك بتوانێ بزێ، دەبێ بشمرێ؟))

## بەسەرهاتی کارکردنێ مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین ماوەیەکی زۆر بوو لە ماڵێ پاڵی دابۆوە و نەدەچووە ئیشێ. ڕۆژێکی ژنەکەی لە دەستانی جارس بوو سەری دنیایەی لێ وێك هاتبۆوە و گوتی ((مەلا! ئیدی

تەمبەڵی بەسە. ئەگەر ئەورۆ وەدەر نەکەوی و تا عەسرێ بیست دیناری پەیدانەکەی نایەڵم پێ دە دیوی ماڵێ نێیەوە)).

مەلا نەسرەددین زەندەقی لە هەڕەشە و گوڕەشە و تۆپ و تەشەری ژنەکەی چوو و لە ماڵێ وەدەرکەوت؛ بەڵام سەری بە هەر دەرکێکیدا کرد پارە و پولێکی وەگیرنەکەوت و بە دەستی بە تاڵ و مایە پووچ مایەوە. شەوێ نەچۆوە ماڵێ. سەری بە کەلاوەیەکدا کرد و چوو لە پەنایەکی تاریك و نوتەکی وێدا ڕاکشا و دەبیر و خەیاڵی دینایە ڕاچوو، دیتی ئەوە دەروێشێك هاتە نێو کەلاوەکەوە. بارگەوبنەی خۆی لێ بە عەردی دادا، پاڵی وە دیواریەوەدا؛ چۆرتێکی لێدا و ئەوجا فانۆسە ڕەشکەیەکی هەڵکرد، بە پارچە مۆمێکی پەیکەرێکی دروستکرد؛ لە بەرامبەری خۆی دانا ڕووی دەمی دە پەیکەرەکەی کرد و گوتی ((ئەی با بادەم! خوداوەند تۆی دروستکرد و هەرچی نیعمەتە لە بەهەشتێ خستیە بەر دەستت و لە بری ئەو هەموو نیعمەتەش تەنیا داوایەکی لە تۆ ئەوە بوو کە لێو لە داری گەنمی نەدەی. بەڵام تۆ گوێت نەدایە ویستی خودا و تاتوانیت لە داری گەنمێت خوارد. خوداش گوێی گرتی و لە بەهەشتێی تێهەڵدایە ناو دنیای بێ دەرکە و دیوار. ئێستا هەتا دنیا دنیایە دەبێ نەوە و ڕەچەڵەك و تۆرەمەت پشتا و پشت سزا و باجی ئەو کارەت بدەنەوە. هەر لە کەڕی بە یانیەوە تا شەوێ دەبێ وەك سەی پێ سووتا و بە دوای پارووە نانێکیدا ڕاکەن و گیانیان دەرچێ. کاتێکیش کە مردن و لەو سەگ بە حەساریەیان ڕزگار بوو نۆبەی دۆزەخێیە چزە چز و بۆن چڕووکیان لێهەستێ)).

کە دەروێش لە قسان بۆوە دەستێکی گەیاندە دار وەکازەکەی و تاتینی تێدابوو لە تەپڵە سەری ئادەمیدا و پارچە پارچەی کرد و پەیکەرێکی دیکەی لە نوێ دروستکردەوە؛ بەرامبەر ویش دانیشت و ڕووی دەمی تێکرد و گوتی ((ئەی دایە حەووا! تۆش گوناهت زۆرن. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە چاووگوێت باش کردبانەوە نرخ و پلە و نیعمەتی بەهەشتێت زانیبایە، لە داری گەنمێت نە دەخوارد و دەرخواردی بابادەمیشت نەدەدا و تاهەتایە نەوە و ڕەچەڵەك و تۆڕەمەت دە بەهەشتێدا ئەوێلاخ یابەیان دەگوت و پابەندی ئەو دنیایە نامەردەی نەدەبوون و هەمیشە هەشتیان بەسەر نۆیدا دەبوو)).

کە قسەکانی دەرۆیشی گەینە ئێرە کوتکێکیشی گەیاندە تەوقە سەری حەواش و لە لەت و پەتی کرد و لە نوێ هات پەیکەرێکی دیکەی دروستکردەوە و لە بەرامبەری دانیشت و ڕووی



دەمی تێکرد و پێی گوت ((ئەی ئیبلیس! تۆ کە لە فریشتە نزیکەکانی خودا بووی. بۆ پێت لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕاکێشا و ئامادە نەبووی بە فەرمانی خودا سوژدە بۆ ئادەم بەری و کەوتیە بنی جەهنەمێ. لەوێشەوە بە دزییەوە هاتییەوە بەهەشتێ و ئادەم و حەووات هەڵخەڵەتاندن تا لە داری گەنمێ بخۆن و لە بەهەشتێ وەدەرنرێن. هێشتاش کە هێشتایە دەستت لە کاروکردەوەی خراپە هەر بەرنەداوە و جگەرگۆشەکانی ئادەمی لا ڕێ دەکەی و هەڵیان دەدێری)).

دەروێش ئەوەی گوت و گۆپاڵێکی وەخراندە سەری ئیبلیسی و ئەوجا مۆمی دیکەی هێنا و بە نۆرە کەوتە دروستکردنی پەیکەری پێغەمبەران؛ گلەیی‌لەوانیش هەبوو و ڕەخنەی زۆریشی لێگرتن و ئەوانیشی بە دەردی ئەوانیدی ورد و خاشکرد. ئەوجا وێنەیەکی دیکەی بە پارچە مۆمێکی گرت، ئەوی بەناوی خوداوە بانگ کرد و دەستی کردە وردە گلەییان لە کاروکردەوەکانی خودای، دەستی دار وەکازەکەی هەڵێنا بیکوتێ و ورد و خاشی‌کا لە پڕ مەلا نەسرەددین لە پەنایەکییەوە هاوار دەکات و دەردەپەڕێ ((نەکەی دەروێش! ڕاوەستە با بیست دیناری لێ بستێنم ئەو دەمی هەرچی دەتەوێ لێیبکە!))

دەروێش لە ترسان لە جێی خۆیەوە بەرز دەبێتەوە و هەی لە پێیەکانی خۆی دەکا و دار و نەداری بەجێ دێڵێ و هەڵدێ.

مەلا نەسرەددین دە شڕ و شالاتی دەروێشیدا پەنجا دیناری دەبینێتەوە و ڕوو دەخودای دەکا و دەڵێ ((من تۆم لە دەست دەروێشی ڕزگار کرد و نەمهێشت ورد و خاش و پارچە پارچەت کا، تۆش پەنجا دینارت هەقدەست دامێ، با وە بەریەك کەون و هیچمان لە هیچ)) و بە دڵخۆشییەوە بەرەو ماڵ بۆوە.

## بەسەرهاتی مەلا نەسرەددین و داواکارییە هەزار لیرە لە خودای

مەلا نەسرەددین هەموو ڕۆژێ دوای نوێژی سبەینان دەستە و نزا لەبەر خودای دە پاڕایەوە هەزار لیرەی زێری بۆ بەرداتەوە و لە دوای لالانەوە و پارانەوێش دەیگوت ((خودایا! خوداوەندا! با ئەوەش هەر بڵێم کە ئەگەر نۆ سەد و نەوەد و نۆ لەو ئەشرەفیانەم بۆ بەردەیەوە نامەوێ، هەر دەبێ هەزاربێ)).

دراوسێیەکەی مەلا نەسرەددینی کە کابرایەکی جوولەکەی دەوڵەمەند بوو و ماوەیەك بوو گوێی لە نزایەکانی مەلا بوو، بڕیاریدا مەلای تاقیکاتەوە و ڕۆژێکی بەیانی زوو نۆ سەد و نەوەد و نۆ لیرەی زێڕی لە پڕێسکەیەکەوە گرێداو؛ چووە سەربانی و ڕاست دەو دەمەیدا کە مەلا داوای هەزار لیرەکەی لە خودای کردەوە، پڕێسکەکەی لە کولانکەی بانیڕا هەڵدایە بەردەمی مەلای.

مەلا نەسرەددین بە خۆسحاڵییەوە پڕێسکەکەی هەڵگرتەوە دوای سوپاس گوزارییەکی زۆر لە خودای، دەستیکرد بە ژماردنێ لیرەکان و کاتێ کە دڵنیابوو لیرەیەکی کەمە ڕووی لە ئاسمانێ کرد و گوتی ((خوداوەندا! پێموابێ سندوقداری عەرشی ئەعلا هەڵەیەکی بچکۆلەی لە ژمارە کردنێ لیرەکاندا کرد بێ و لیرەیەکی لە بیرچووە دە پڕێسکەکەوەی پێچێ، باشە! چ دەسەڵات هەیە؟ هەڵە هەر دەبێ! با ئەو لیرەیەش هەر قەرزبێ؛ دە هەلێکیدا ئەویش مەرحەمەت بفەرموو)).

هەر کە کابرای جوو ئەوەی بیست سەری کاسەی هات. بەلارە لارەوە لە سەربانی هاتەوە خوارێ و چووە بەر دەرکێ ماڵێ مەلای و گوتی ((خێراکە بێنە لیرەکانم بدەوە)).

مەلا پرسی ((کام لیرە؟))

جووە وەڵامیدایەوە ((خۆت گێل مەکە، ئەو نۆ سەد و نەوەد و نۆ لیرەیەی کە دە پڕێسکەکەمەوە پێچابوون و لە کولانکەیڕا هاویشتمە خوارێ)).

مەلا گوتی ((زمانی خۆت بگرە ئیدی قسەی وامەکە. دەڵێی ئەقڵت دە سەریدا نەماوە؟ من داوای پارەم لە خودای کردووە ئەویش لە ئاسمانێوەیڕا بۆ بەرداومەوە خوارێ. ئیدی پێم ناڵێی ئەتۆ چکارەی دەو نێوەیدا؟)) کە جووە زانی چەقە چەق بێ سوودە و ئاکامێکی نییە و خەریکە لیرەکانی لە دەست دەچن، گوتی ((یان بە خۆشی لیرەکانم بدەوە یا هەستە لەگەڵم وەرە بچینە لای قازی تا لەوێ پێشانتدەم ماڵی خەڵك خواردن یانی چی)).

مەلا گوتی ((ئەو شتانە بە من مەڵێ، چونکە تۆ بۆ خۆت چاك دەزانی کە من بەو ساڵ و تەمەنەوە ناتوانم بە پێیان تا ئەوێ بێم)).

جوولەکە گوتی ((ئێسترت بۆ دێنم سواربە)).



مەلا گوتی ((چاوت لێیە کە سەر و وەزعێکی واشم نییە و ئاواشم پێ شەرمە بێمە بەردەمی قازی)).

جوولەکە گوتی ((زۆر چاکە! جوببەیەکیشت بەشانیدا دەدەم چ بە هانە و پەڵپ و بیانوێکت ما؟))

مەلا گوتی ((هیچم نەماوە!))

جوولەکە چوو ئێسترێك و جوببەیەکی سورمەنیشانیشی هێنا. مەلا جوببەی دەبەرکرد و سواری ئێسترێ بوو و بەرەو لای ماڵێ قازی وەڕێ کەوتن.

کابرای جوو لە بەردەمی قازیدا هەموو بە سەرهات و ڕووداوەکەی گێڕایەوە. قازی ڕووی کردە مەلای و گوتی ((دە وەڵامی ئەو کابرایەیدا دەڵێی چی؟))

مەلا گوتی ((جەنابی قازی! تۆ ئەم کابرایە باش ناناسی، بە ڕواڵەتێی هەڵنەخەڵەتێی، هێندە پیسکە و ڕژد و قرچۆکە دوور نییە لە بەردەمی ئێوەشدا بڵێ ئەو ئێسترەی پێی هاتوومە خزمەتتان ئی من نییە ئی ئەوە)).

جوولەکە هەر کە ئەوەی بیست تووڕە بوو و گوتی ((جا بۆ وا نییە؟))

قازی پێکەنینی بەو قسەی هاتێ. مەلاش ئەو هەلەی قۆستەوە و گوتی ((جەنابی قازی! عەرزم نەکردن پیاوخراپیە ئەو کابرایەی چ ئەندازە و سنوورێکی نییە. دڵنیابە تۆزێکی دیکەی دەگەڵ میهرەبان و لەسەرخۆتر بی وردە وردە بێتە سەر ئەوەی جوببەکەشم لە بەرکاتەوە و بڵێ ئەویش ئی منە)).

کابرای جوو هاتە نێو قسەکانی مەلاوە و گوتی ((جا ناکا بڵێی ئەو جوببەیەی بەریشت ئی من نەبێ و بە ئەمانەتت لێ وەرنەگرتبم؟))

قازی تووڕە بوو و بە جووەی گوت ((ئەوە تەریق نابییەوە لە بەرامبەر دادگایدا ئەو هەموو درۆیەی هەڵدەبەستی و ئەو پیاوە بەڕێزەی تۆمەتباردەکەی؟ هەستە خێرا ونبە لەبەرچاوم دەنا خراپت چاوپێدەکەوێ؟))

جووە کەزانی ڕاوەستان و مانەوەی لەوێ لەوە زیاتر چاك نییە و لەوانەیە خراپتر بشکێتەوە بە بێدەنگی وەدەرکەوت و ڕۆیی)).

دوای ڕۆینی جووەی، قازی زۆر بەرپێزەوە مەلا نەسرەددینی تادەمی دەرکێ بە ڕێکرد و مەلاش زۆر بە پۆز و ئیفادەوە سواری ئێستریّ بۆوە و بەویقارێکی تەواوەوە بەرەو ماڵ بۆوە.

دوو سێ ڕۆژ دوای ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە مەلا نەسرەددین بە خۆو جوببەی سورمە و ئێسترەوە چووە دووی جولەکەی و گوتی ((وەرە ئەوە جوببە و ئێسترەکەت؛ هەرچیبەکی بێت ئێمە دراوسێیین و منیش ماڵخۆری خەڵکی نیم؛ بەڵام ئەوەندەی لە من وەرگرە هیچ کاتێ داوای پارەیەك لە کەسێك مەکەوە خودا لە ئاسمانێوە بۆی ناردبێ و ئەویش بیدا بە تۆ!))

## مردوو زیندووکردنەوەی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکیان مەلا نەسرەددین برسی و ماندوو گەیشتە دێیەکی و چ پارە و پولێکیشی پێنەبوو خواردنی پێ بکڕێ، داوای کۆمەك و دەستەو گرۆیی لەم و لەو کرد؛ بەڵام کەس هیچی نەدایە.

مەلا بە غەمبارییەوە چووە ناو دێی تا گەییە بەردەرکەی ماڵێکی کە دەنگی گریان و شیوەن و زاری لێوە دەهات. چووە ژوورێ و پرسی ((ئەوە چ بووە واشینێ دەگێڕن؟))

گوتیان ((خاوەن ماڵ مردووە)).

مەلا گوتی ((ئەوە غەمی ناوێ؛ خواردنێکی باش بدەنە من تا زیندووی کەمەوە)).

کەسوکاری کابرای هەموو دڵخۆش و شاد و شەنگوڵ بوون و دەستبەجێ نانێکی چەور و گەرم و نەرمیان بۆ مەلای ئامادەکرد.

مەلا دانیشت تێرو پڕی خواردوو گوتی ((ئەو مردووەی ئێوە چ کارە بوو؟))

گوتیان ((پینە دۆز)).

مەلا گوتی ((ئەی هاوار ئەی هاوار! بۆ زووترتان دەنگ نەکرد؟))

گوتیان ((بۆ؟))



مەلا نەسرەددین گوتی ((هەر کەسێکی دیکە بایە زیندووم دەکردەوە؛ بەڵام پینە دۆز کە مرد ئیدی حەزرەتی عیساش پێی زیندوو ناکرێتەوە)).

## وەکویەك

قەشەیەك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((پێغەمبەری ئێوە بە چ ڕێیەکیدا چووە میعراجێ؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((هەر بەو ڕێیەیدا چوو کە پێغەمبەری ئێوەی پێداچووە ئاسمانی چوارەمین)).

## منداڵی قیڕسیچمە

چەند منداڵێك لەسەر لێوی ڕووبارێك دانیشتبوون؛ قاچەکانیان تا ئەژنۆیان دە ڕووبارێ نابوون و چونکە قاچەکانیان لە ئەژنۆیە بەرەو خوارەوە دە ئاوەکەیدا دیار نەمابوون کردبایوویانە جەنجاڵی و شلۆقییەکی وا هەر مەپرسە.

مەلا نەسرەددین لێیان چووە پێشێ و بە منداڵەکانی گوت ((ئەوە ئەو هەراو زەنایەتان لە چییە؟))

منداڵەکان گوتیان ((مەلا! داخوا دەزانی قاچەکانمان کوان؟))

مەلا دارێکی تاودایە و پەلاماری دان. منداڵەکان لە ترسان ڕاستبوونەوە و وەك فرفرۆکەی هەڵاتن و بۆی دەرچوون.

مەلا نەسرەددین کە هەروا بە دوا منداڵەکانەوە بوو ڕایەکرد و دەیقیژاند ((ئێستا زانیتان قاچەکانتان لە کوێن؟)).

## میوان بوونێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گەییە کۆمەڵێکی سەرقاڵی نانخواردنێ بوون. چووە پێشێ و گوتی ((ئەسسەلام و عەلەیکوم ئەی بنەچەی بەخیلان!))

یەکێکیان ((ئەوە ئەو ناوە چییە وەپاڵ مەی دەدەی؟ خوا شاهیدە کە هیچ یەکێك لە ئێمە بەخیل نییە)).

مەلا گوتی ((ئەگەر خوداوەند ئەو شاهیدیەتان بۆ بدا، لە قسەی خۆم پەشیمان دەبمەوە و تۆبەی دەکەم)) و لە سەر سفرەکەیان دانیشت و دەستیکرد بە نانخواردنێ.

## نامەیەکی خەت ناخۆش

کابرایەکی نەخوێندەوار چووە لای مەلا نەسرەددینی و نامەیەکی خەت ناخۆشی لە بەردەمی دانا و گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەم نامەیەم بۆ وەخوێنەوە)).

مەلا سەیرێکی نامە شەش تەقەڵ و مانگە شەوەکەی کرد و گوتی ((نازانم)).

کابرای نەخوێندەوار تووڕە بوو و گوتی ((ئەدی ئەگەر نە خوێندەواری ئەو شاشکە (عەمامە) گەورەیە چییە لە سەرت ناوە؟))

مەلا بێ وەستان شاشکەکەی هەڵگرت و لەسەری کابرای نا و گوتی ((ئەگەر خوێندەواری بە شاشکێیە، دەفەرموو ئەتۆ وەیخوێنەوە)).

## ناوەڕاستی زەوی

پیاوێك لە مەلا نەسرەددینی پرسی ((جەنابی مامۆستا! ناوەڕاستی زەوی کوێیە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((ئەو جێیەی مێخی هەوساری کەرەکەم لێ داکوتاوە)).

پیاوەکە گوتی ((دەتوانی ئەو قسەیەی خۆت بسەلمێنی؟))

مەلا گوتی ((نەخێر!))

پیاوە گوتی ((ئەدی باشە چۆن بەو قسەی باوەڕکەم؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر باوەڕناکەی فەرموو بۆ خۆت بێ پێوە)).



## هەر لێرەبە تا دێمەوە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بیستی پیاوێك هەیە دەڵێ تا ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە کڵاوی لە سەرنێ و فێڵی لێبکا و ئەگەر کەسێکیش هەبێ بتوانێ هەڵی خەڵەتێنێ ئەوە جایزەیەکی چاکی دەداتێ.

مەلا چووە لای و گوتی ((ئەگەر لە خشتەت بەرم چ جایزەیەکم دەدەیەی؟))

پیاوە زڕە خەندەیەکی کرد و گوتی ((هەر کەسێکی بتوانێ هەزار دیناری دەدەمێ)).

مەلا گوتی ((هەستە باپێکەوە بچین هەزار دینارەکەی بە ئەمانەت لای قازی دانێین تا ئەگەر هەڵخەڵەتای دڵنیابم ڕاستدەکەی و لەسەر قسەی خۆتی)).

پیاوە ڕازی بوو و پێکەوە چوونە لای قازی؛ هەزار دینارەکەیان لای وی دانا تا ئەگەر مەلا نەسرەددین توانی هەڵی خەڵەتێنێ، پارەکەی لە قازی وەرگرێ.

کارگەییە ئەو جێیەی، مەلا ڕووی لە پیاوەکە کرد و گوتی ((تۆ هەر لێرەبە تامن هەروا بەسەر پێوە دەستێك بە ئاو دەگەیەنم و دێمەوە و لەبەردەمی قازی لە خشتەت دەبەم)).

بەو بیانووەوە لێیدا و ڕۆیی.

کاتێ پیاوەکە دیتی مەلا دیار نەماوە و چ هەواڵێکیشی نییە وەڕەزبوو و بە قازی گوت ((جەنابی قازی! من تاکەی هەر لێرە چاوەڕوان بم؟ ئەدی مەلا نەسرەددین نەیگوت هەروا بەسەر پێوە دەچم و دێمەوە؟))

قازی پێکەنی و گوتی ((هەر بەو خەیاڵەوە بە)).

پیاوە گوتی ((ئەوە چ فەرمایشتێکە دەیفەرموون)).

قازی گوتی ((کوڕە بڕۆ بانگی کەوە باجایزەکەی وەرگرێ، ئەوە هەڵی خەڵەتاندووی)).

## یادگاری

کابرایەك بە مەلا نەسرەددینی گوت ((ئەنگوستیلەکەتم بدەیە بە یادگاری، تا هەر کاتێکی سەیرم کرد تۆم وەبیربێتەوە)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ناتدەمێ! تۆش ئەگەر دەتەوێ منت وەبیربێتەوە هەر کاتێ سەیری پەنجەتت کرد ئەوەت وەبیربێتەوە کە تۆ داوای ئەنگوستیلەت لە من کرد و من نەمدایتێ)).



## کەر کڕینێ مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین خەریك بوو دەچووە بازاڕی گەییە دۆستێکی و ڕاوەستا دەگەڵی کەوتە چاك و چۆنی و ئەحواڵپرسیە، دۆستی مەلای گوتی ((ئەوە بۆ کوێ بە خێر؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((خەریکم بچمە بازاڕی کەرێ بکڕم)).

دۆستەکەی گوتی ((بڵێ ئیشاڵڵا)).

مەلا گوتی ((پیاوێکی سەیری! پوڵی کاش دەبەرکی مندا و کەریش حازر و بزر دە بازاڕیدا؛ ئیدی ئیشاڵڵای بۆ چییە؟)) و ملی ڕێیەی گرت و ڕۆیی.

کە گەییە بازاڕێ؛ دەستی بۆ بەرکی خۆی برد دیتی پارەکەی دزراوە و ماقڕی پێنەماوە، مەلا دەست لە ئەژنۆیان درێژتر بەرەو ماڵ بۆوە و دیسانەوە تووشی هەمان دۆستەکەی هەوەڵ جارێ بۆوە کە لە ڕێی چوونە بازاڕیدا دیبووی.

دۆستەکەی مەلای گوتی ((جەنابی مامۆستا! چ بوو کەرت کڕی؟))

مەلا بە تووڕەییەوە وەڵامیدایەوە ((ئیشاڵڵا دز گیرفانیان بڕیم و ئیشاڵڵا تۆ بە لەعنەت بی کە تووشی من بووی و بە قسە شوومەکانی خۆت وات کرد هەموو پارەکەم لە دەست بچێ و ئیشاڵڵا بە سەلامەتی بگەمەوە ماڵێ و ئیشاڵڵا کە گەیمەوە ماڵەکەم لە جێی خۆی مابێ)).

دۆستی مەلای گوتی ((لە جیاتی هەموو ئەمانە هەر لە هەوەلێوە ئیشاڵڵایەکت گوتبایە چاتر نەبوو؟)).



## چوونە شەڕێ مەلا نەسرەددینی

لە نێوان ئەو شارەی مەلا نەسرەددینی لێبوو و دەگەڵ شارێکی دیکە شەڕ و هەرا پەیدابوو حاکمی شاری کۆمەڵێکی خڕ کردنەوە و ناردنیە شەڕێ. شمشێرێك و مەتاڵێکیشی دایە دەستی مەلای و ئەویشی بەڕێکرد.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی مەلا نەسرەددین بەسەر و گوێلاکی شکاو و خوێناویەوە هاتەوە.

گوتیان ((جەنابی مامۆستا! ئەوە بۆ دەستت نەکردۆتەوە و هێشتووتە بەو دەردەت بەرن؟))

وەڵامیدایەوە ((لە خۆڕا قسان مەکەن! ئەگەر ئێوەش لە جێی من بان و دەستێکتان شمشێر و دەستێکتان مەتاڵ بایە نالێن چۆنتان دەست دەکردەوە؟))

## هەڕەشە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە دێیەکیدا تێپەڕی دزێکی لێ پەیدادەبێ و خورجێنەکەی دە دزێ و دەبیا.

مەلا خەڵکی ئاواییەکە هەموو کۆ دەکاتەوە و بەهات و هاوار و زەناوە دەشێرێنی و دەڵێ ((دز خۆرجێنەکەی بردووم، بۆم بێننەوە دەنا کارێکی دەکەم نەکرابێ)).

هەموو ترسیان لێ نیشت و دانیشتوانی ئاوایی هەموو بیرە و بەوێدا کەوتنە هەوڵ و تەقەللا و دزەیان دیتەوە، خۆرجێنەیان لێ ئەستاندەوە و دایانەوە مەلای.

مەلا نەسرەددین زۆر خۆشحاڵ بوو. خورجێنی هاویشتە سەر تەرکی کەرێ و سوار بوو بڕوا.

یەکێك پرسی ((جەنابی مامۆستا! ئەگەر خۆرجێنەکەت نە دۆزرابایەوە دەتویست چ بکەی؟))

مەلا نەسرەددین کەرەکەی دەنگدا و گوتی ((کۆنە بەڕەیەکی دڕاومان لە ماڵێ هەبوو، لایەکم لێ دەکردەوە و دەمکرد بە خورجێن)).

## شەڕی خۆبەخشانە

سەرباز ئابلۆقەی قەلاتێکیان دابوو کە هەندێ دز و پیاو خراپ خۆیان تێدا پەنا دابوو. هەر کە مەلا نەسرەددین ئەوەی بیست چوو دار و مەتالّی تاودایە و دەستوبردانە بە هاواری سەربازانەوە چوو.

دزێکیان لە بان قەلاّوە خڕکە بەردێکی هاویشت و بەردە ڕێك چوو وە نێوچەوانێ مەلا نەسرەددینی کەوت.

مەلا گوتی ((ئەی داد و بێداد! خەڵکێکی هیچ و پووچن ئەمانە. مەتالّی بەو گەورەییەوە نابینن و بەردی ڕێك داوێنە سەری خەڵکی!)) و هەروا بە دەم نالّەو هاوار و جنێوانەوە هەلات.

## شەڕی مەلا نەسرەددینی دەخەوێدا

شەوێکی وەختی نووستنێ مەلا نەسرەددین دەستی برد ئەو شمشێرەی بە دیوار ییەوە بوو لێی کردەوە و لە قەدی خۆی بەست.

ژنەکەی پرسی ((ئەوە بۆ وەختی خەوێ شمشێری دەبەستی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((دوێنی شەوێ دەخەونێمدا دەگەڵ کابرایەکیم هەرابوو، هێندەی نەمابوو قەپۆزی بشکێنم کە نامەردە دەستی گەیاندە شمشێری و منی بێ چەکی شکاند. ئێستا ئەوە شمشێری بۆیە دەبەستم ئەگەر هاتەوە خەونێم، هەقی خۆی دەمستی دەنێمەوە)).

ژنێ مەلای گوتی ((کارێکی چاك دەکەی! بەلاّم زۆرت ئاگا لە خۆت بێ دە شەڕێدا شمشێرەکەی بێنیەوە، چونکە هەر ئەوەندە یادگارەم لە بابی خودا لێخۆشبوومەوە بۆ ماوەتەوە)).

## چاپووك سواری

کۆمەڵێك خڕ ببوونەوە و هەر یەکە باسی زیرەکی و زۆر زانیە خۆی دەکرد. کە نۆرە هاتە سەر مەلا نەسرەددینی گوتی ((دەلاوەتیەمدا زۆر زیتەڵەبووم. ڕۆژێکی ئەسپێکیان هێنابووە مەیدانی جلیتبازییە لەبەر غوردیانی ئاوری لە چاوی دەباری و هەر کەسێکی لێ نزیك



کەوتبایەوە ئەو دەستی دەکرد بە هەلاّویشتنێ و هێندەی تۆز و خۆلّ دەکرد کە نەڕەشێر زراوی لێدەچوو. کاتێ سەیرم کرد کەس ناتوانێ خۆی لێدا و لێی نزیك بێتەوە، پاژنەی کەوشەکەم هەڵکێشا؛ چاکم لێکرد بە لادا و وەك فڕفڕۆکە لە دەور و خولی ئەسپەی هەڵسوڕام و سوڕاندم تاگیژم کرد و پڕمدایە هەوسارەکەی)).

کە قسەکانی مەلای گەییە ئێرە دوو کەس لە ئاوەلاّنی سەردەمی لاوەتیەی هاتنە مەجلیسەکە هەر کە مەلا چاوی پێکەوتن قسەکانی بەمجۆرە بڕیەوە ((... بەلاّم هەرچیەکم کرد و هەر چۆنێکم خۆ هەڵخڕاند نەمتوانی سواری بم)).

## ئای لاوەتی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین پێی هاویشتە ئاوزەنگی زینی ئەسپێکی سەرکێش و ویستی سواری بێ؛ بەلاّم هەرچییەکی کرد و کۆشا نەیتوانی و دەستیکرد بە ئاخ و داخ هەلّڕشتنی بوێریە سەردەمی لاوەتیە خۆی و غەم خواردنێ ئەو سەردەمی، دوایی سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و کە زانی کەسی لێ نییە، لە بن لێوانەوە گوتی ((تف لە خۆم! وەڵلاّهی بەگەنجیش هەروا بووم)).

## مەلا نەسرەددین و پیاوێکی ملەستوور

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە ڕێیەکیدا دەڕۆیی و چونکە بیر و هۆشیشی پەرت بوو، تا هێنای خۆی بە کابرایەکی ملەستوورە دادا.

کابرا جنێوێکی ناشیرینی بە مەلایدا. مەلا ڕاوەستا و چاوێکی لە کابرای سوورکردەوە و گوتی ((دەگەڵ منت بوو؟))

کابرا گوتی ((نەخێر! دەگەڵ داك و بابی بەرێزتم بوو)).

مەلا نەسرەددین لە کابرای دوورکەوتەوە و گوتی ((ببوورە وەمزانی دەگەڵە خۆمتە)).

## هێز و توانای لاوەتی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین و کۆمەڵە ئاوەڵێکی سەردەمی لاوەتیەی لێك خڕببوونەوە و لە هەموو دەرگایەکی قسانیان دەدا. قسەهاتنەوە سەر دەورانی لاوەتی و ئاوەڵەکانی مەلای بە ئاخ و ئۆف و ناڵە و ئەفسووس و هەناسەی ساردەوە دەستیان کرد بە باسی سەردەمی لاوەتیە و داد و بڕۆ لە دەست لاوازییە سەردەمی پیریەتییە.

مەلا گوتی ((لە ڕاستیدا من ئێستاش هیچ غەمێکی بۆ سەردەمی لاوەتیە ناخۆم و هیچ گلەیی و سکاڵایەکیشم لە دەست تەمەنی ئێستا نییە، چونکە من هێشتاش ئەو هێز و توانایەی سەردەمی لاوەتیەم وەکو خۆی ماوە)).

ئاوەڵەکانی مەلای پرسیان ((ئەوە ئەو قسانە لە کوێوە دەکەی؟))

مەلا گوتی ((لە ماڵێ مە بەردێکی زلە لەسەر بیرێ بوو تا لاوبووم نەمتوانی لە جێی خۆی ببزێوم. هەروا چەند ڕۆژێکیش بەر لە ئێستا چوومەوە سەر و سۆراغی و هەرچی خۆم هێناو برد لە جێی خۆی نەبزووتەوە ئەوە بوو کە زانیم ئێستاش دەگەڵ سەردەمی لاوەتیەمدا چ فەرقێکم نەکردووە و هێز و توانای لاوەتیەم زەڕڕەیەکی کەموزیاد نەکردووە)).



## گۆرانی گوتنێ مەلا نەسرەددینی

رۆژێکی مەلا نەسرەددین دە حەمامێدا گۆرانیان دەڵێ و دەبینێ دەنگ و ئاوازێکی یەکجار خۆشی هەیە. دە دڵی خۆیدا دەڵێ ((وا چاکە بچمە لای حاکمی و ئەو ئاوازانەی بۆ بڵێم بەڵکە پاداشتێکی چاکم دەداتێ)). لە حەمامی هاتە دەرێ و یەکڕاست چووە لای حاکمی و گوتی ((بفەرموون تەشتێك مەشتێك ئامادەکەن تا هەندێ گۆرانیتان بۆ بڵێم تائێستا کە ئێستایە گوێتان لێی نەبوو بێ و نەتان بیستبێ)).

حاکم دەستووریدا تەشتە ئاوێکی زلەیان هاورد و لەبەردەمی مەلایان دانا؛ مەلا خۆی ڕووت کردەوە و چووە دە تەشتە ئاوێوە و بە دەنگێکی زۆر ناخۆش و ناسازەوە کەوتە گۆرانیان. حاکم تووڕە بوو و بە پیاوەکانی گوت دەستیان بە ئاوی ناو تەشتەکە تەرکەن و بکەونە تەوقات لێدانی لا ڕوومەتەکانی و هێندەی وا لێدەن تا ئاوی ناو شتەکە چك دەکات و تەواو دەبێت.

هەر کە مەلا نەسرەددین گوێی لەمەبوو کەوتە سوپاسگوزاری و شوکرانە بژێریە خودای. حاکم پرسی ((ئێستا چ وەختی شوکرانە بژێری و سوپاسگوزاریەیە؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((لەبەروەی سوپاسگوزارییە دەکەم کە دەناو تەشتێمدا گۆرانی گوتوون؛ خۆ ئەگەر دەحەمامێمدا گوتبان. خوا دەزانی تا ئاوی عەمباری حەمامێ تەواو دەبوو ئەوە حاڵم بوو)).

## جوببەی کوناودەر

شەوێکی مەلا نەسرەددین تارماییەکی لەسەربانی دیت و پێیوابوو ئەوە دزە هاتۆتە سەر ماڵەکەی. هەر زوو تیر و کەوانی تاودایە و تیرێکی تێبەردایە.



ژنێ مەلای گوتی ((بابچین بزانین چ بووە))

مەلا گوتی ((گومانت نەبێ ئەنگاوتوومە و لەسەر دڵیشم داوە و ئەوە ئێستا خەریکە گیان دەدا. وا چاترە ڕاوەستین تا هەروا ڕووناك دەبێت و ئەو دەمی بە دڵێکی ئاسوودەوە دەچینە سەیرێی)). کە هەوا ڕووناك بۆوە مەلا چووە سەربانی و دیتی ئەوە جوببەکەی خۆی کە مەلاژن شوشتوویەتی و بەسەر تەنافێداداوە وشك بێتەوە و بە تیرەکەی شەوێ کوناودەر بووە و دەستی کرد بە شوکرانە بژێری و سوپاسگوزاریە خودای.

ژنەکەی گوتی ((جوببەکەشت کون کردووە لە جیاتیان غەمێ بخۆی کەچی شوکرانەی دەبژێری)).

مەلا گوتی ((چۆن شوکرانەی نابژێرم. ئەدی ئەگەر بۆ خۆم دەناو جوببەکەیدا بام ئێستا نە من بووم و نە تۆ خاوەن مێرد)).

## بەڵا لادان

ژنێ مەلای کراسی مەلا نەسرەددینی مێردی شوشتبوو و چوو بوو لە سەربانی هەڵخستبوو وشکەوەبێ. بە ڕێکەوت ڕەشەبایەکی توندی هەڵکرد و کراسەی لە بانییەوە هەڵدایە حەسارێ.

مەلا بانگی ژنەکەی کرد و گوتی ((ژنەکە! قوربانییەکمان لەسەرە)).

ژنە پرسی ((جا باشە چبووە؟))

مەلا نەسرەددین وەڵامیدایەوە ((دەتەوێ چ ببێ؟ ئەدی نازانی ئەگەر ئەمن دەکراسەکەیدا بام، ئێستا چ بەڵایەکم بەسەر دەهات؟))

## بوومەلەرزەی بەجێ

رۆژێکی مەلا نەسرەددین بەسواری کەرێ دەچۆوە ماڵێ کە دە ڕێیەدا بوومەلەرزەیەك هات.

مەلا دەستوبرد دابەزی و سوژدەی شوکری بەجێ هێنا.

پرسیان ((ئێستا چ وەختی سوژدە بردنێیە)).

وەڵامیدایەوە ((دڵنیام ئێستا بن میچی کاولەکەم تەپیوە و داڕماوە ئەگەر بۆ خۆم لەوێ بام کارم کرابوو تەواو ببووم. ئێستا بۆ خۆتان بڵێن؛ ڕزگاربوون لەو بەڵایە گەورەی و عومری لە نوێ نووسراوە سوژدەیەکی ناهێنێ)).

## سوپاسگوزار

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەرەکەی ون کردبوو و بە کووچە و کۆڵان و گەڕەك و بازاڕاندا بە دەنگێکی بەرز سوپاسی خوای دەکرد و شوکرانەی دەبژارد.

یەکێك پرسی ((جەنابی مامۆستا! دەڵێی بە ون کردنێ کەرەکەت دڵشاد و شەنگوڵی وا لە بنی زگتەوە شوکری خودای دەکەی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((بە ونبوونی کەرەکەم خۆشحاڵ نیم، بەڵام سوپاسگوزاری ئەوەم کە بۆ خۆمی بەسەر پشتێوە نەبووم دەنا ئێستا یەکێکی دیکە دەبایە لە من و کەرەکەی گەڕابایە)).

## سوپاسگوزاری

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین خەریکی دێراو لێدانێ بوو کە دڕکێکی تیژ و ئەستووری لە بنی پێی ڕاچوو. مەلا دڕکەکەی دەرێنایەوە؛ جێیەکەی توند پێچا؛ هەر دوو دەستی بەرەو ئاسمانێ پان کردنەوە و گوتی ((قوربانی ئەو حیکمەتەت بم خوایە! هەرگیز لوتف و بەخشندەییت لەسەری ئەو بەندەیەی خۆت کەم نەکەی و بە زۆری نەزانی)).

کابرایەك کە ئاگای لەو بەسەرهاتە بوو گوتی ((جا ئەو کارە شوکرانەی بۆ چییە وا لە کرۆکی دڵتەو دەپاڕێیەوە؟))

مەلا نەسرەددین زڕە خەندەیەکی کرد و گوتی ((پیاوی باش! من شوکرانەی ئەوەی دەکەم کە پێڵاوە نوێیەکانی دوێنێم کڕیون لە پێمدا نەبوون دەنا ئێستا کوناودەر ببوون)).



## ئەرباب و نۆکەر

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((ئەربابی چاکترە یا نۆکەری؟))

وەڵامیدایەوە ((نۆکەری!))

گوتیان ((بەڵگەت هەیە بۆ ئەم قسەیەت؟))

گوتی ((بەڵێ! چونکە ئەگەر نۆکەر نەبێ، ئەرباب لە برسان دەمرێ)).

## ئەو منم یا من ئەو

مەلا نەسرەددین چوو بووە شارێکی دوور. بۆ ئەوەی ون نەبێ کدووە زەرتکێکی کون دەکات و بە ملی خۆیەوە هەڵدەواسێ.

شەوێکی کە مەلا دەنوێ. پیاوێکی قۆشمە کدووەکەی لە ملی مەلای دەکاتەوە و بە ملی خۆیەوە دەکا. بەیانی، کە مەلا لە خەو هەڵدەستێ و چاوی بە کابرای کدوو لە مل دەکەوێ، دە دڵی خۆیدا دەڵێ ((ئەوە ئەوەی کدووەکەی بە ملییەوەیە مەلا نەسرەددینە؛ ئەدی ئەمن کێم؟))

## دوایی وەکو یەك

دوو کەس توورەکە پارەیەکیان دۆزیەوە و لە بەشکردنێیدا لێیان بوو بە ناخۆشی. چوونە لای مەلا نەسرەددینی و کردیانە ناوبژیوان تا پێیان بڵێ چۆنی بەشکەن.

مەلا گوتی ((سوێند دەخۆن هەر چییەکم گوت ڕازی بن و قسەکەم لە عەردی نەدەن؟))

گوتیان ((بەڵێ!))



مەلا نەسرەددین توورەکەکەی هەڵگرت و دە بەرکێ خۆی ناو گوتی ((بەراستی من لەوەم زیاتر ئیش بە پارەیە و هەر وەختێك ئیشم پێی نەما لە دووتان دەنێرمەوە و چۆن چاکە ئاواتان لێ بەش دەکەم)).

## تازە هاتوو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین گەییە شارێکی و دەستی کرد بە سورانەوێی ناو کوچە و کۆڵان و بازاڕەکانی.

یەکێك لە مەلای پرسی ((ئەرێ ڕێزدار! ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((وەڵلاهی نازانم. من تازە هاتووم و هێشتا هەموو جێیەکی ئەم شارە شارەزانیم)).

## چەکمە

ڕۆژێکی کابرایەك چەکمەیەکی دەستکەوت و چونکە تا ئەو دەمیش چەکمەی نەدیبوو، بردییە لای مەلا نەسرەددینی و گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەمە چییە؟))

مەلا سەیرێکی چەکمەکەی کرد و گوتی ((ئەوە دیارە چییە، پێستە قولینگە)).

## کەری مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین هەوساری کەرەکەی گرت و ویستی لە ماڵێی بە ڕێتە دەرێ؛ بەڵام هەرچی کردی و کراندی کەرە لە جێی خۆی نەجووڵا. یەکێ لە هاوسێیەکانی کە ئاگای لەم بەسەرهاتە بوو، گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەوە کەرەکەت بۆ هێندە تەمبەڵ و تەوەزەل و مانگرە هەمیشە کێشە و دەردەسەریت بۆ دروست دەکات؟)) مەلا گوتی "بەپێچەوانەوە: کەرێکی زۆر زیرەك و هۆشیارە، چونکە دەزانێ ئەوڕۆ دەمەوێ بیبەمە دەشتێ گەنمی لێنێم بۆ باراشی و ببیەمە ئاشی و گەنمەکەی لێکەم و پێی بێنمەوەماڵێ، لەو هەمووکارانە دڵگرانە و بۆیە نایەوێ لە ماڵێ وەدەر کەوێ."

## حیسابزان

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((حیسابی دەزانی یان نا؟))

وەڵامیدایەوە ((نە هەر دەیزانم. لە پێناو فێربوونیدا ساڵانێکم دووکەڵی چرا ڕەشکەی هەڵمژیوە تا تێیدا بوومەتە مامۆستا)).

گوتیان ((ئێستا کەوایە ئەگەر بتەوێ چوار درهەم بەسەر سێ کەساندا بەش کەی چ دەکەی؟))

گوتی ((بە دوو کەسانیان یەکی دوو درهەم دەدەمێ و سیهەمیش با ڕاوەستێ تا دوو درهەمی دی پەیدا دەبێ)).

## بەڵگەی تەواوەتی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە شارێکی خەڵکی لێ خڕبوونەوە و گوتیان ((مەلا لە کوێوە دێی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((لە شارەکەی خۆمەوە)).

گوتیان ((شارەکەی تۆ چ جێیەکە؟))

گوتی ((هەروەك شارەکەی ئێوە! چۆن لێرە خۆر و ئاسمانتان بەسەرەوەیە، ئەوێش هەروا)).

## شێتەکان

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((شارەکەی ئێمە چەند شێتی تێدان؟))

وەڵامیدایەوە ((جگە لە چەند کەسێك، ئەوانیدی هەر لە زووەوە شێتن. ئەو چەند کەسانەش هەر لە جل و بەرگ و گێلی و کەم ئەقلییەیان کەم نییە)).

## لەو ڕێیەی زیاتری نییە

کابرایەك چووە لای مەلا نەسرەددینی و گوتی ((چەند شەوێك بەر لە ئێستا یەکێکم هاتە خەونێ و بیست دیناری لێ قەرزکردم بەو مەرجەی دوای دوو سێ ڕۆژان بیهێنێتەوە؛ بەڵام ئەوە



دە ڕۆژ تێپەڕی و قەرزەکەی هەر نەهێناوەتەوە. بێ زەحمەت ڕێیەکم پێشاندە بەڵکە بتوانم قەرزەکەم دەست کەوێتەوە)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەو کێشەیە لەو ڕێیەی زیاتر نییە کە ڕاوەستی کابرا دووبارە بێتەوە خەونێت و دەخەوێدا قەرزەکەتی لێ وەرگریەوە)).

## مانگ دیتن

شەوێکی مەلا نەسرەددین چووە شارێکی و دیتی ئەوە خەڵکەکەی هەموو لەسەربانێ و دە ئاسمانێوە دەڕوانن و مانگی یەکشەوە پێکتر نیشان دەدەن. مەلا لەبن لێوانەوە گووتی "بەراستی ئەم شارە خەڵکێکی سەیری تێدایە کە هێندە خۆ بەو مانگە لاواز و باریکەڵە بێ شەوقەوە خەریك دەکەن و نازانن لە شاری مە مانگ هێندەی یەك سینیشی لێدێ کەچی کەس خۆشی تێناگەیەنێ و گوێشی نادەنێ".

## ڕۆژەکانی زستانێ

چەند کەسێك لەسەر ئەوەی کە بۆ ڕۆژەکانی زستانێ لە ڕۆژەکانی هاوینێ کورتترن لێیان بوو بە مقۆ مقۆ و لەبەروەش کە نەگەیشتنە یەك چوونە لای مەلا نەسرەددینی و گوتیان ((بێ زەحمەت پێمان بڵێ بۆ ڕۆژەکانی زستانێ لە ڕۆژەکانی هاوینێ کورتترن؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەوە دیارە! ئەدی ئەوە نییە کە پارچە قوماشێکی دە ئاوێ هەڵدەکێشن دەچتەوە یەك و کورتتر دەبێتەوە؟))

هەموو گوتیان ((وایە!))

مەلا گوتی ((باشە دەی! ڕۆژەکانی زستانێش بەو هەموو بە فر و بارانەیەوە کە دەبارێ ئاوێ دەکێشن و کورتتر دەبنەوە)).

## ڕاگرتنی کەشتی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە کەشتی سەفەری دەکرد. دە نیوەی ڕێیەدا دەریا هاربوو کەفی کرد و شەپۆلی هاویشتن، هێندەی نەمابوو کەشتییەکە نقوم بێ.

مەلەوانەکان بە پەلە بە سارییەکانی کەشتییەکە هەڵگەڕان تا چارۆگەکان داگرن و کەشتییەکە لە نقوم بوونێ بپارێزن.

مەلا نەسرەددین هاواری کرد ((موسوڵمانینە! ئەو کەشتییە لە بنڕا دەجووڵێ ئێوە دەتانەوێ لەسەرەوەیڕا ڕاگرن)).

## بەشی زیاتر

دوو کەس پێکەوە حوشترێکیان کڕی. یەکێکیان دوو بەشی نرخی حوشترەکەیدا و ئەویدی سێیەکی پارەکەیدا و بڕیاریاندا قازانجەکەی کە لە حوشترەکەیان دەستدەکەوێ بە گوێرەی پارەکەیان لە خۆیانی بەش کەن. لە بەدبەختیان حوشتر وەبن لافاوی بارانێ کەوت و ئاوبردی و ناخۆشی کەوتە نێوان خاوەنەکانیەوە. ئەوەی باری زیاتر تێدابوو داوای قەرەبووی زیانی لەوەیدی دەکردەوە، وای لێهات ناخۆشییەکەیان پەرەی سەند.

کاتێ زانیان بەو چەقە چەقەی ناگەنە چ جێیان چوونە لای مەلا نەسرەددینی و داوایان لێکرد و ئاریشەکەیان بۆ حەل بکا.

مەلا نەسرەددین دوای بیستنی داواکاری پیاوەکەی پارەی زۆرداوە گوتی ((بە پێچەوانەوە! تۆ دەبێ بەشی شەریکەکەشت ببژێرییەوە)).

پیاوەکە پرسی ((لەبەرچی؟))

مەلا وەڵامیدایەوە ((لەبەر ئەوەی بەشی تۆ قورسایی باری حوشترەکەی زیاتر کردووە لەبەر هێندێ حوشترەکە نەیتوانیوە خۆی ڕزگارکا)).

## شاری پڕ نیعمەت

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە شارێکی و دیتی هەموو خەڵکەکەی جلی نوێ و تازە و جوانیان دەبەرکردووە؛ خواردنی خۆش دەخۆن؛ نوقڵ و نەبات و شیرینییە دەبەشنەوە؛ دیارییان دەدەنە یەك و ئەو لاو لای یەکتری ماچ دەکەن.



مەلا زۆر دڵشاد و خۆشحاڵی ئەوەی بوو کە ڕێی کەوتۆتە شارێکی واوە و بە ڕاگوزەرێکی گوت ((خۆزگە بەخۆتان! ئێوە شارێکی خۆش و پڕ نیعمەت و خەڵکانێکی چاك و دەست و دڵ وازتان هەیە؛ ئێوە ڕاست بە پێچەوانەی شاری مەوە کە جاری وایە هەندێ کەس خەریکن لە برسان بمرن کەچی کەس ئاوڕیشیان لێ ناداتەوە)).

کابرای ڕاگوزەر گوتی ((دە شاری مەشدا خەڵکی برسی فت و فراوان و زۆرە؛ ئەگەر ئەوڕۆش دەبینی هەموو شاد و شەنگوڵ و خۆشحاڵن، ئەوە ڕۆژی جەژنێیە و هەموو جەژنیان کردووە)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((باشە کە ئەو نیعمەتە زۆرە هەیە بۆ هەموو ڕۆژێی ناکەنە جێژن تاکو کەس برسی نەمێنێ؟))

## خۆ بامەدە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لەسەر دەریایە تینوو بوو. هەر چەندی ئێرە و ئەوێ کرد ئاوی خواردنەوێی وەگیرنەکەوت. ناچار هێندێکی ئاوی دەریایە خواردەوە؛ تینوایەتییەکەی هێندەی دیکەی تین بۆ هێنا و ملی لە کێو و بیابانان ناو دوای گەڕان و سوڕانێکی زۆر گەییە کانیاوێکی بچکۆلانە و تێری ئاو بەزگی خۆی خواردەوە. دوایە کەمێکی لە ئاوی کانییە هێنا و چوو دە دەریایەی کرد و گوتی ((هێندە خۆت مەهێنە و مەبە و کەفێ دەرمەدە و فێ نەتگرێ! کەمێکی لەو ئاوەی بخۆوە تاشەرمی تاڵی و سوێری ئاوەکەی خۆت بتگرێ)).

## بە کام قسەیانت باوەڕکەم

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە ژنەکەی گوت ((هێندێك پەنیر بێنە بیخۆین؛ چونکە پەنیر ئارەزووی خواردنێ زیاد دەکات و هەم بۆ تەندروستیش باشە)).

ژنێ مەلای گوتی ((جا کوا خۆ پەنیرمان دەماڵێدا نییە)).

مەلا بێ وەستان گوتی ((باشتر! پەنیر هەم خوێن پیس دەکا و هەم چەوریی خوێن زیاد دەکات و چ سوودێکشی نییە)).

ژنە گوتی ((ئەوە بۆ وا هەر جارەی قسێکی دەکەی؟ نازانم داخوا قسەی هەوەڵێت باوەڕکەم یا قسەکەی دوایەت؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەگەر پەنیرمان دە ماڵێدایە ئەوە قسەی هەوەڵێم باوەڕکە و خۆ ئەگەر نیشمانە ئەوە قسەی دوایەم)).

## پشیلە و پێکەنین

کابرایەك قیبلەنمایەکی دۆزییەوە و چونکە تا ئەو دەمیش قیبلەنمای نەدیبوو. هەستا بردییە لای مەلا نەسرەددینی و پرسی ((مەلا! ئەمە چییە و بۆ چ دەبێ؟))

مەلا نەسرەددین قیبلەنمایەی ئەو دیواودیو کرد و لە پڕمەی گریانێیدا، دوایی، فرمێسکەکانی سڕینەوە و دەستیکرد بە پێکەنینێ.

کابرا گوتی ((جەنابی مامۆستا ئەوە بۆ جارێکی گریایت و جارێکیش پێکەنیت؟))

مەلا سەرێکی بادا و گوتی ((لە پێشدا بۆ تۆ گریام کە چەند نەزانی و نازانی شتێکی ئاوا بچکۆلانە چییە. دوایەش بە خۆم پێکەنیم، کە دیتم منیش هەر نازانم ئەو شتە چییە و بۆ چ بەکاردێت)).

## دە کتێب نۆڕین

ڕۆژێکیان کابرایەك چووە لای مەلا نەسرەددینی و گوتی ((جەنابی مامۆستا! ئەگەر گایەکەی ئێوە شۆقێکی لە مانگایەکەی ئێمە بدا و گوێلکی لە زگی دەرێنێ و بمرێ، دەسەڵات چییە؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئاژەڵ هیچی لەسەر نییە و لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا ناکرێ و لێ پرسینەوەی نییە. جگە لەوەش ئەمە کارێکی ڕێکەوت بووە و خاوەنەکەشی هیچ تاوانێکی نییە و پێی نابژێردرێ)).

کابرا گوتی ((زۆر داوای لێبووردن دەکەم؛ لە کاتی گێڕانەوەی مەسەلەکە هەڵەیەکی بچووکی تێکەوت و ئەویش دەبێ ئاوا ڕاست کەمەوە کە گایەکەی ئێمە شۆقێکی لە مانگاکەی ئێوە هەڵداوە و گوێلکی دەزگیدا کوشتووە)).



مەلا نەسرەددین بیرێکی کردەوە و گوتی ((بۆ ئەمەیان دەبێ تەماشای کتێبێ کەم، بزانم ئەم کێشەیە چۆن حەل دەبێ)).

## نەدار

زەمانێك کە مەلا نەسرەددین قازی بوو، ڕۆژێکیان چەند کەسێك پیاوێکیان بە قۆڵ بەستراوی هێنایە لای وی و گوتیان ئەوە ماوەیەکی زۆرە بە ئێمە قەرزدارە و خۆی لە دانەوەی قەرزەکە دەبوێرێ.

مەلا نەسرەددین لە پیاوەکەی پرسی ((تۆ ددان بەوەیدا دەنێی کە بەمانە قەرزداری؟))

پیاوە گوتی ((بەڵێ، گەورەم!))

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئەدی بۆ قەرزەکەیان نادەیتەوە؟))

پیاوەکە گوتی ((جەنابی قازی هەرچەندێکی لێیان دەپاڕێمەوە دەرفەتم نادەن بچم خانوو و باغ و گاو گۆلەکانم بفرۆشم و قەرزەکەیان بدەمەوە)).

خاوەن قەرزەکان گوتیان ((جەنابی قازی! ئەوە درۆ دەکات مەبەستی ئەوەیە کلاومان لەسەری نێت، دەنا هەموو دەزانن ئەو هێندە نەدارە ئاهی لەبەر نیە ناڵەی پێ بکرێ)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((مادامەکی ئاوایە خێرا بەرەڵڵای کەن؛ ئەدی نازانن نەدار لە پەنای خوادایە و بەندەی خوداش نابێ ناڕەحەت بکرێ)).

## مەلا نەسرەددین و خەڵکی گەڕەکێ

ڕۆژێکی قازیی شاری، مەلا نەسرەددینی بانگ دەکات و پێی دەڵێ ((خەڵکی گەڕەکێ شکاتیان لێکردووی و دەڵێن بۆیان بوویتەتە مایەی دەردەسەری)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((خراپیان تێگەیاندوون؛ لەبەروەی ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی نەزان و قەدرنەناسن و داواتان لێدەکەم کارێکی وابکەی تەنانەت یەکێکیان چییە لەو گەڕەکەیدا نەمێنێ)).

قازی گوتی ((جا باشە، ئاخر ناکرێ ئەمانە هەموویان دەرکرێن)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((چ ڕێی دیکە نین! خۆ ناکا پێتوابێ بەندە لەبەر خاتری کۆمەڵە نەزانێکی ماڵ و حاڵ و خانوو و بەرەی چەندین ساڵەی خۆم بەجێبێڵم و وازی لێبێنم؟))

## ئەستێرەناس

کابرایەك وای بڵاو دەکردەوە کە دە زانستی ئەستێراندا هێندە قوڵ بۆتەوە کە سەرەوکاری دەگەڵ دوورترین ئەستێرەکانی ئاسمانێدا هەیە.

مەلا پرسی ((دراوسێیەکەتان کێیە؟))

کابرا وەڵامیدایەوە ((نازانم)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((تۆ کە هاوسێیەکەی خۆت ناناسی چۆناوچۆن دەڵێی دوورترین ئەستێرەکانی ئاسمانێ دەناسی و سەرەوکارت دەگەڵدا هەن؟)).

## نەخشەیەکی ورد

مەلا نەسرەددین پارچە زەوییەکی کڕیبوو وەستایەکی هێنابووە سەرێ خانووی لەسەر بکا. تا وەستا هات تەماشایەکی زەوییەکە بکا، مەلا خۆی ڕەپێش کرد و چووە ناو زەوییەکە، وەستایەکەی بە دووی خۆیدا و دەستیکرد بە دەستوور دادانێ وەستای. جێیەکی نیشاندا و گوتی ((ئێرە بۆ ژووری دانیشتنێ باشە)) تۆزێکی دی چووە پێشێ و گوتی ((ئێرە خوا داینەوە بۆ عەمباری ئاوێ)). بە چەپەیدا وەرسووڕایەوە و گوتی ((ئێرەش بۆ مەتبەقێ باشە)). ویستی هێندێکی دی بچێتە پێش بۆ شەققە ترێکی لێ بەر نەبوو. مەلا نەسرەددین هەر لەو جێیەی خۆی چەقی و ڕاوەستا و گوتی ((ئەوە جێیی ئاودەستێش دیارە!))

## هەموو هەقیانە

ڕۆژێکی پیاوێك چووە لای مەلا نەسرەددینی و شکاتی لە یەکێکی کرد کە شەڕی پێ فرۆشتبوو و هێندەشی بەگەرمو گوڕی و بە تامۆخوێ هەراکە دەگێڕایەوە و وای بە لای خۆیدا دادەشکاند کە مەلا بڵێ ((هەقی تۆیە)).



ڕۆژی دواتر لایەکەی دی چووە لای مەلای و ئەویش هێندەی بەسۆز و سازەوە شەڕەکە باس کرد و بە جۆرێکی وای ستەمەکە گێڕایەوە کە لێیکراوە کە مەلا نەسرەددین بەویشی گوت ((هەقی تۆیە)).

ژنێ مەلای گوتی ((ئەوە چ دادوەرییەکە؟ چۆن دەبێ هەر دوو لا هەقیان بێت)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((ئێوەش هەر ڕاستدەکەن خانم؛ تۆش هەر هەقتە)).

## هیچ

ڕۆژێکی دوو کەس چوونە لای مەلا نەسرەددینی. یەکێکیان گوتی ((جەنابی مامۆستا! من دە بازاڕیدا خەریکی ڕۆیشتنێ بووم بە ڕێی خۆمدا دەڕۆیشتم ئەو پیاوە بانگی کردم ئەو کۆڵە بارەی لە عەردی دانابوو بە کۆڵێی دادەمەوە، منیش گوتم ئەگەر ئەو کارەی بکەم چەندم دەدەیەی؟ گوتی هیچ منیش ڕازی بووم و کوڵەکەم بە کۆڵێ دادایەوە. ئێستاش هەر چییەکی دەکەم هیچەکەم ناداتێ، هەر گوێشم ناداتێ و لە بەڵێنەکەی خۆشی پەشیمان بۆتەوە.

مەلا گوتی ((وەرە ئەو مافورەی قەدکە و بیبە حەسارێ داینێ و وەرە تا بۆ خۆم کرێیەکەت دەمێ)).

کابرا زۆر شاد و گەش بۆوە. مافوورەکەی کۆکردەوە و بردی لە حەسارێی داناو هاتەوە لای مەلای.

مەلا ئاماژەی کردە تەختی ژوورەکە و بە کابرای گوت ((باشە! ئێستا بڵێ! بینم چ شتێك دەو ژوورەیدا هەیە؟))

کابرا گوتی ((هیچ))

مەلا نەسرەددین گوتی ((زۆر چاکە! دە هەڵیگرەوە بۆ خۆت و واز لەو پیاوەش بێنە)).

## هیچ کاتێ دەست دەکاری تۆ وەرنادەم

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین خەریکی چوونە شارێکی ئەو نزیکانە بوو.

له ڕێیه لایدایه بن دارگوێزێکی و شاشکەی لەسەری داکەند تا تاوێك وەحەسێ. دەو دەمیدا، مەلا ئاوڕێکی بەلای کولەکە زەرتکە گەورەکانی تەنیشتە خۆیدا دایەوە و سەیرێکی کردن و گوتی ((خودایە! هەموو کارەکانت هەر سەیر و سەمەرەن! کدوویەکی بەو گەورەییەوە بە بڕکێکی ئاوا باریکەڵەوە دەکەی و گوێزێکیش بەو بچووکییەیەوە بە درەختێتێکی ئاوا زەبەللاحەوە!)) هەرکە مەلا لە قسەکەی بۆوە گوێزێك لە هەواوە بەربۆوە و وەتەوقی سەری کەوت!)) مەلا نەسرەددین لە جێی خۆی ڕاپەڕی؛ ناڵەیەکی هاتێ؛ دەستوبرد شاشکەی لەسەری نایەوە؛ سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی ((خودایە! لە هەڵەکەم ببوورە و لە گوناهەکەشم خۆشبە! ئیدی لەمەودوا هەرگیز دەست دەکاری تۆ وەرنادەم! خۆ ئەگەر ئەوە لە جێی گوێزێ کدووە زەرتکەبایە دەبوو چ بەڵایەکم بەسەربێ)).

## یا ئەم یا ئەو

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لە لای تەیموری لەنگ دەبێ. پاسەوانەکان سەربازێکی مەست و سەرخۆش دێننە لای تەیموری تا بەسزای خۆی بگەیەنێ.

تەیمور دەڵێ ((سێ هەزار قامچی لێدەن)).

دەو دەمەیدا مەلا نەسرەددین پێکەنی. تەیمور سەیرێکی توندی دە مەلای گرت و گوتی ((ئەوە شەرمێ ناکەی لەبەردەمی مندا پێدەکەنی؟ دەڵێی گاڵتەم پێدەکەی؟))

مەلا نەسرەددین گوتی ((خوا نەکا قوربان! بەندە هەر لە داوەرییەکەی حەزرەتی پایەبەرزەوە پێکەنین گرتمی؛ چونکە ئەوە کەسێك دەتوانێ داوەریە وابکات کە قەتی قامچی نەخوارد بێ یا حیسابێ نەزانێ و نەیخوێند بێ!))

## بێچووە بولبولێك

ڕۆژێکی سێ گێلە پیاو بۆقێکیان دیتەوە. یەکێکیان گوتی ((ئەوە بێچووە قەلە و کەوتۆتە ئاوێوە و وای لێهاتووە)).

دووەمیان گوتی ((قسەی قۆڕ! ئەوە دیارە بێچووە ماسییە)).



سێهەم گوتی ((ئەوەکەی قسەیە؟ ئەوە زیك زیکەیە؛ گوێتان لە دەنگی نییە چۆن دەزیکێنێ)). کورتییەکەی! کاتێ دیتیان ناگەنە یەك؛ بۆقەیان تاودایە و بردیانە لای مەلا نەسرەددینی و گوتیان ((بێ زەحمەت پێمان بڵێ ئەو شتەی دیومانەتەوە چییە؟))

مەلا نەسرەددین دەستێکی بەڕیشیدا هێنا! بۆقەی چاك سەیر و ئەو دیوەودیوکرد و گوتی ((بە بۆچوونی من ئەمە هەر دەبێ بولبول بێ)).

گوتیان ((ئاخر ئەوە پەڕی پێوە نییە)).

گوتی ((ئەوە هیچ کە هەر بولبولە؛ جا یا ئەوەتا هێندە بچکۆلەیە پەڕی دەرنەکردووە یا هێندە پیرە لە پیریان پەڕەکانی وەریون)).



**پەندە ئاینییەکانی مەلا نەسرەددین**

## له چوارەمین تەبەقەی ئاسمانێ

مەلا نەسرەددین چووبووە دێیەکی وەعزیان بۆ دادا.

رۆژێکی لەسەر مینبەرێ لە بارەی حەزرەتی عیساوە دووا و لە پاشاندا گووتی "ئێستا کەمن لێرە خەریکی قسانم حەزرەتی عیسا ئەوە لە تەبەقەی چوارەمێ زرپ و زیندووە." کاتێك کە مەلا لەسەر مینبەرێ هاتە خوارێ ژنێك لێی پرسی "جەنابی مەمۆستا! حەزرەتی عیسا لە تەبەقەی چوارەم چ دەخوات و چ دەخواتەوە؟"

مەلا گووتی "پرسیارێکی سەیر دەفەرموون! ئەوە من دوو مانگی ڕەبەقە دە دێیەکەی وەدا وەیلان و سەرگەردانم کەسێك نەیپرسی لە کوێ دەخۆم و ڕۆژانە چۆن بەسەردەبەم، کەچی تۆ هاتووی لەمن دەپرسی حەزرەتی عیسا لە تەبەقەی چوارەمی ئاسمانێ چ دەخواو چ دەخواتەوە؟"

## لە سوودەکانی پاشەملە

رۆژێکی مەلا نەسرەددین لە سوودەکانی پاشەملەوە دەدوا و دەیگوت "لە ستایشی پاشەملەدا ئەوەندە بەسە کە خووڕەوشت جوان دەکا؛ سەرخۆش دێنێتەوە هۆش؛ سەرکێشان ڕام و گرژ و مۆنان ڕووگەش دەکا. ئیدی دێنێتە پێکەنین و خەوێ لە چاوان دەفڕێنێ و دەماری ملان ڕەپ دەکات."

## رسق و ڕۆژی گەلحۆیان

شەوێکی مەلا نەسرەددین وەعزی دا دەدا "حەق تەعالا ئیلهامی بۆ موسای نارد کە ئەی موسا ئایا دەزانی بۆ ڕسق و ڕۆژی گێل و گەلحۆیان هەمشە چەورتر دەستنیشان دەکەم؟"



موسا عەرزی کرد "پەروەردگارا، نازانم!"

حەق تەعالا فەرمووی "هەر بۆ ئەوەی باهۆش و ئاقڵ مەندان بزانن ڕسق و ڕۆژی هەر بە دانایی و زانایی و تەگبیر و قەوەتی شانان وەدەست نایە!"

## فەرمووده گێرانەوەی مەلا نەسرەددینی

رۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە سەرمینبەرێ و گووتی "ئەورۆ دەمەوێ فەرموودەیەکتان دەربارەی گەورەیی دینداران بۆ بگێرمەوە. ئەم بەندەیە دە کتێبێکی زۆر شایستە و باوەڕپێکراوەوە خوێندمەوە کە عەکرەمە لە کوڕی عەبباسیە دەگێرێتەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویانە دوو ڕەوشت کە دە هیچ کە سێکیدا نایەنە دی دە دیندار و بڕوادارێدا نەبێ."

کە مەلا نەسرەددین گەییە ئێرە هەڵوێستەیەکی کرد؛ ڕیشی خوراند و ئەوجا گووتی "یەك لەو دوو ڕەوشتانەش عەکرەمە لە بیری چوو بۆوە بیگێڕێتەوە و ئەوەی دیش بۆ خۆم لە بیرم چۆتەوە."

## بیری نۆبەرە

رۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە سەر مینبەرێ تێمابوو چ بڵێ. دەوێێنەو بەرەیدا گوێێ لە دەنگی زەنگوڵەی قەتاری وشتران بوو کە بە بەردەمی مزگەتێدا تێدەپەڕی.

مەلا نەسرەددین دەستێکی بە ڕیشیدا هێناو گووتی "ئەی خەڵکینە! هەموو سوپاسی خودای پەروەردگار بکەن کە باڵی نەدایە وشترێ؛ دەنا لە سەربانەکانتان دەنیشتەوە و بانەکەی بەسەر سەرتاندا وێران دەکرد."

## مەست و هۆشیار

رۆژێکی مەلا نەسرەددین مەوعیزەیدا دەدا "هۆشیار دە نێو مەستاندا وەك زیندووی نێو مردووانە.

نوقڵیشیان دەخوات و بە ئەقڵیشیان پێدەکەنێ."

## مەوعیزەی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە سەرمینبەرێ و گووتی "ئەهای خەڵکینە دەزانن ئەوڕۆ دەمەوێ چ بڵێم؟"

خەڵکەکە بەیەك دەنگ گوتیان "نەخێر! نازانین."

مەلا توورە بوو. گووتی "مادامەکی ئێوە هیچ نازانن ئەمنیش قسەیەکم نییە."

و لەسەرمینبەرێ هاتەوە خوارێ و چۆوەماڵێ.

ڕۆژی دوایی، مەلا نەسرەددین چۆوە سەر مینبەرێ و گووتی "ئەهای خەڵکینە! دەزانن ئەورۆ دەمەوێ چ بڵێم؟"

خەڵکەکەش بۆ ئەوەی مەلا توورە نەبێت و قسەکەی بکا، گوتیان "بەڵێ! دەزانین."

مەلا گووتی "ئێستا کە دەزانن چ دەڵێم چ پێویست دەکا دووبارە پێیدابێمەوە و بیلێمەوە؟"

ولە مینبەرێ هاتەوە خوارێ و لێیدا ڕۆیی.

خەڵکەکە کە هەروا مات و سەرسام و دەستەوەستان مابوونەوە بڕیاریاندا ئەگەر مەلا جارێکی دی چووە سەر مینبەرێ و هەمان پرسیاری کردەوە. بۆ ئەوەی بیانووی ببڕن، لایەك بڵێن دەزانین و لایەکەی دیکە بڵێن نازانین.

ڕۆژی سێهەم مەلا چۆوە سەر مینبەرێ و دووبارە گوتیەوە "دەزانن ئەورۆ نیازمە چ بڵێم؟"

ئەمجارەیان لایەکیان گوتیان "بەڵێ! دەزانین" ولایەکەی دیکە گوتیان "نەخێر! نازانین."

مەلا نەسرەددین گووتی "زۆر چاکە! ئێستا مادامەکی وایە ئەوانەی کە دەزانن دەمەوێ چ بڵێم، با بەوانە بڵێن کە نازانن."

ولە مینبەرێ هاتەوە خوارێ و لێیدا بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشتەوە.



میوان نەوازییەکانی مەلا نەسرەددینی

## خانووی دوو دەری

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین تووشی چەند ئاوەڵێکی خۆی بوو و فەرمووی ماڵێی لێکردن.

کە گەیشتنەوە ماڵێ. مەلا لە پێش میوانەکانەوە چۆوە دیوی نێوماڵێ و بە ژنەکەی گوت "هێندێکمان میوان هاتوون چمان هەیە بیاندەینێ؟"

ژنە گووتی "نەخێر!"

مەلا گووتی "ئەدی ئێستا چ بکەین؟"

ژنە گووتی "واچاکە بە هەر شێوەیەك بووە دیزە بە دەرخۆنەیەکیان بکەی."

مەلا گووتی "بچۆ بڵێ مەلا لە ماڵ نییە."

ژنە چووە بەردەرکێ و گووتی "برایانی بەرێز! زۆر داوای لێبوردن دەکەم؛ مەلا لە ماڵێ نییە تا پێشوازیتان لێبکا."

میوانەکان بەسەرسامییەکەوە سەیرێکی یەکتریان کرد و بە ژنێ مەلایان گوت "هەر ئێستا ئێمە و مەلا هەموومان پێکەوە بووین کە هاتەوە ماڵێ." دەو دەمەیدا، مەلا نەسرەددین سەری لە پەنجەرەی ماڵێوە هێنایە دەرێ و گووتی "ئەو ماڵە دوو دەرکەی هەیە، ڕەنگە بە دەرکەکەی دیدا چووبێتەوە دەرێ."



## دەست و دڵاوایيە مەلا نەسرەددینی

مەلا نەسرەددین بە دەشتێکیدا دەڕۆیی، چاوی بە شەکەمێیەکی چەور و قەڵەوی تاك و تەنیای پەرت و بە جێماو کەوت.

مەلا شەکەی وەپێش خۆی دا بۆ ماڵێ؛ هێنای سەری بڕی و دەرو دراوسێی بۆ نانی شێوان پێ بانگهێشت کردن. دوای نانخواردنێ یەکێك لە میوانەکان پرسی "جەنابی مامۆستا! ئێستا بفەرموو ئەو شەکە چەورو قەڵەوەت لە کوێ بوو وا ئەو داوەتە تێر و تەسەلەی ئێمەت پێکردووە؟"

مەلا گووتی "بەستەزمانە لە دەشتێ بە جێمابوو."

یەکێك گووتی "هەی هاوار هەی هاوار! جا خۆ ئەوە دزییە و ئۆباڵی پێوەیە و ڕۆژی قیامەتێ لێت دەپرسنەوە."

مەلا سەرێکی باداو گووتی "ئەگەر ئێوە نەیکەنە هەرا، ڕۆژی قیامەتێ نکۆڵییەی لێدەکەم."

گوتیان "جا ئەوە دەبێ؟ خوداوەند ڕۆژی قیامەتێ شەکەی زیندوودەکاتەوە و ئەو گیانلەبەرە وە زمان دێت و ئی بن بەڕێت لێ دێنێتەوە سەر بەڕێ."

مەلا گووتی "ئەگەر زیندوو بۆوە. هەر بۆ خۆم گوێی دەگرم و دەچم دەیدەمەوە دەست خاوەنەکەی و هیچمان لە هیچ."

## دیاریی کابرای لادێیی

ڕۆژێکی کابرایەکی لادێیی مریشکێکی بۆ مەلا نەسرەددینی دێنێ بە دیاری. مەلا زۆری پێخۆش دەبێ و داوەتێکی چاکی دەکات.

ڕۆژی دوایی کابرا چۆوە و چەند ڕۆژێکی دی پیرەمێردێك هاتە ماڵێ مەلای و گووتی "من باوکی ئەو پیاوەم کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا مریشکێکی چەورو قەڵەوی بە دیاری بۆ هێنابوون."

مەلا پێشوازی لە پیرەمێردیش کرد.

هەفتەیەك دواتر، چەند کەسێك هاتنە ماڵێ مەلای و گوتیان هاوسێی هەمان کابران کە ماوەیەك پێش ئێستا مریشکێکی بە دیاری بۆ هێنابوون.

مەلا مریشکەکەی کوشتەوە و بۆی لێنان.

دوو هەفتە پاشتر دیسانەوە چەند کەسێکی دی هاتنە ماڵێ مەلای و گوتیان هاو شارییە ئەو پیاوەن کە دەوروبەری مانگێك لە مەوپێش مریشکی بە دیاری هێنابوو.

مەلا ئەوانیشی هەر بەخێرهێنا و کاتی نانخواردنێ سفرەیەکی ڕاخست و جامە ئاوێکی گەورەی لە ناوەڕاستی سفرەی دانا.

لادێییەکان سەیرێکی جامە ئاوەکەیان کرد و پرسیان "ئەدی ئەوە چییە؟"

مەلا وەڵامی دایەوە "ئەو ئاوە گۆشتاوی گۆشتاوی گۆشتاوی هەمان مریشکەکەیە. دەفەرموون نۆشی گیانی کەن!"

## وێکچوونێکی سەیر

ڕۆژێکی کابرایەك چووە سەردانێ مەلا نەسرەددینی. مەلا دوو ڕۆژانێ هێشتەوە.

کاتێ کابرا ویستی بڕوا، مەلا گووتی" بەڕاست! ناوی بەڕێزتان چییە بەخێر؟"

کابرا گووتی "مەگەر بەندەتان نەناسیوە؟"

مەلا گووتی "نەخێر! نایەتەوە یادم."

کابرا گووتی "ئەدی بۆ هێندەت پەزیرایی لێکردم؟"

مەلا گووتی "چونکە سەیرم کرد سەر و سەکوتت وەکی خۆمە، پێموابوو تۆ خۆمیت."

## گەدای چەقاوەسوو

گەدایەك سێ ڕۆژان لەسەر یەك چووە دەرکێ ماڵێ مەلا نەسرەددینی و داوای یارمەتییەی کرد و مەلاش هەمموو جاران شتێکی دەدایە.



ڕۆژی چوارەم مەلا دیتی ئەوە یەکێك لە دەرکێ دەدا. چووە پشت دەرکێ و پرسی "کێیە؟"

گەدا وەڵامی دایەوە "میوانی خودا! "

مەلا دەرکەی کردەوە، دەستی گەدایەی گرت. ڕاکێش ڕاکێش تا بردیە مزگەوتێوە و پێی گوت "بابە گیان! ماڵێ خودای ئێرەیە. تۆ بە هەڵە هاتوبوویە ماڵێ مە."

## میوان بانگ کردنی مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین بە ژنەکەی گوت "ئەوڕۆ نیوەڕۆیە میوانمان هەن و هەر لە ئێستاوە غەمی نانیت لە بەربێ."

ژنێ مەلای بە ڕوویەکی مۆنەوە گووتی "ئێستا کەی کاتی میوان بانگ کردنە؟ ئەوە دەزانی کە دەبێ ئەوڕۆ لە دووی دایکم بچم و بیهێنمە ئێرە ئاگای لە منداڵەکان بێت، دوایەش بچمە حەمامێ و کە لە حەمامێش هاتمەوە سەرێکی لە ماڵێ خوشکم بدەم نەخۆشە و کە هاتیشمەوە ئەو مەنجەڵەی لای مزگەریش بێنمەوە کە بۆ سپیکردنەوێمان دانابوو. لەوەش بترازێ چمان لە ماڵێ دانییە چێشتی پێ لێنێین."

مەلا گووتی "هەر بۆیەشم بوو ئەوڕۆی بێنمەوە، چونکە بەتەمایە ژنێ بێنێ، ویستم دەرسێکی وای بدەمێ ئەقڵی بێتەوە کەللەی و بە خۆڕایی خۆی بێچارە و ماڵوێران نەکا."

## میوە و میوان

ڕۆژێکی بەیانی زوو کابرایەك هاتە ماڵێ مەلای و هێندە دانیشت تا نیوەڕۆهات مەلا نانی بۆدانا. کابراش نانەکەی خوارد و گووتی "لای ئێمە باوە دوای هەر نانخواردنێکی هێندێك میوەش دەخۆن."

مەلا سەرێکی بادا و گووتی "بە پێچەوانەوە ئەو کارە لای ئێمە تا بلێی کارێکی دزێوە و ناشیرین و ناپەسندە و بڕوایان وایە خواردنی میوەی دوای نانخواردنێ هەزار دەرد و دووی پێوەیە."



**راست بینیەکانی مەلا نەسرەددینی**

## ئەندازەی دنیایە

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین دەگەڵ کۆمەڵێکیدا تەرمێکیان بەڕێ دەکرد. یەکێك لە مەلای پرسی "جەنابی مامۆستا! ئەرێ دنیا چەند هەنگاوە؟"

مەلا ئاماژەی کردە دارەبازی مردووەکە و گووتی "ئا لەوە بپرسە کە دنیای زۆر پێواوە و خەریکیشە دەڕوا."

## قەرزدار و خاوەن قەرز

مەلا نەسرەددین تووشی ئاوەڵێکی خۆی بوو و دوای چاك و چۆنی و حاڵ و حەواڵ پرسییەکی زۆر گووتی "هاوڕێ! زۆر گرژ دیاری، ئاریشە و ناخۆشییەکت هەیە؟"

هاوڕێیەکەی گووتی "ڕاستیت دەوێ هێندە قەرزدارم وای لێ کردووم خەویشی لێ تاڕاندووم و حاڵی پێ نەهێشتووم."

مەلا نەسرەددین گووتی "پیاوی باش! ئەوە دەبێ خاوەن قەرزەکان خەویان لێ بزڕێ لە تاو قەرزەکانیان، تۆ بۆ!"

## وەڵامی بەجێ

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی "ڕاز و نهێنییەکانت بەکێ دەڵێی؟"

وەڵامی دایەوە "لەبەروەی سینەی خەڵکی عەمباری نهێنییەکانی من نین، تا ئێستا نهێنییەکانم بە کەس نەگوتووە."



## هەڵنان

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین کەرەکەی بردە بازاڕی و دایە دەست دەلاڵی بۆی بفرۆشێ. دەلاڵ هەوساری کەرەی گرت و هاواری کرد "خێراکەن وەرنەکڕینێ ئەو کەرەی کە لە ئەسپی عەرەبیش خۆش ڕەوترە."

مەلا نەسرەددین سەرێکی لەبن گوێی دەلاڵەی نا و گووتی "کەس بەوقسانە باوەڕ ناکات بڵێ لە کیسەڵێ خۆش ڕەوترە. خۆ ئەگەر یەکێك پەیدابێ و بە وەش باوەڕکا ئەوە هەر نوری عەلا نوورە."

## ڕاست گوتن

یەکێك هەواڵی دایە مەلا نەسرەددینی کە خزمەتکاری فلان بازرگانی شاری مردووە.

مەلا نەسرەددین هەستا سەرتاپا ڕەشی پۆشی و بەگریانێوە بەرەو لای ماڵێ بازرگانەی، بەڵام لە نیوەی ڕێیەدا بیستی کە هەواڵەکە ڕاست نەبووە و کابرای بازرگان بۆ خۆیەتی مردووە و گەڕایەوە ماڵێ خۆیان.

پرسیان "جەنابی مامۆستا! ئەوە بۆ پەشیمان بوویەوە و هاتییەوە؟"

وەڵامی دایەوە "من لەبەر خاتری بازرگانی دەچووم، ئەدی ئێستا لەبەر خاتری کێ بچم؟"

## ڕاست و ناڕاست

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی "دادەی لوتت لە کوێیە."

مەلا نەسرەددینیش پشتەملی نیشان دا و گووتی "لێرەیە!"

گوتیان "مەلا! شوێنی لوتەکەت ڕاست نەبوو."

گووتی "ئەگەر ناراستییە نەناسن هیچ کاتێ ڕاستییە ناناسن."

## دوورخستنەوەی سەگ

بە مەلا نەسرەددینیان گوت "ئەگەر سەگێکی دڕت بۆ هات ئایەتی سەگی ئەسحابول کەهف بخوێنە و ئیدی دڵنیابە کە سەگە هیچ ئازارێکت پێ ناگەیەنێ."

مەلا نەسرەددین گووتی "فەرمایشی ئێوەیە! بەڵام خۆ هەموو سەگێك عەرەبییە نازانن، بۆیە من بڕکە دارێکی ئەستوورم لە ئایەتی ئەسحابول کەهف پێ چاترە."

## پزیشکی

مەلا نەسرەددین چووە دێیەکی و خۆی کردە پزیشك.

نەخۆشێکی هاتەلا و گووتی "دڵم دێشێ."

مەلا پرسی "دوێ شەوێ چت خواردووە؟"

نەخۆش وەڵامی دایەوە ((دوو هۆقەم گندۆرە خواردووە، تۆ هەر هۆقەیەك حیسابکە، دوو هۆقەشم شووتی خواردووە، ئەویش هەر هۆقەیەك دانێ. یەك هۆقەشم نان و پەنیر خواردووە، ئەتۆ نیو هۆقەی دانێ، سێ هۆقە ترێشم خواردووە، سێ چارەکی حیسابکە)).

مەلا نەسرەددین گووتی ((شەش مانگان تات دێتێ و لە پێ دەکەوی، سێ مانگان حیسابکە. دوای ئەوەش دەمریت، تۆ نەمردەی دانێ. دە قەبریت دەنێن، تۆ بە ژووری دانێ. یەك خەروارت گڵ و خۆڵ بەسەر دادەکەن، تۆ حەفتا و پێنج هۆقەی حیساب کە!)).

## هۆی بەربوونەوە لە سەربانی

نیوە شەوێکی هاوێنێ مەلا نەسرەددین و ژنەکەی لە سەربانی لێیان بوو بە هەراو چەنگەچڕە، تاکار گەییە کوتەك کاریە. دەو بگرەو بەردە و بێنە و بەرەیدا مەلا پێی هەڵخلیسکا و لە سەربانێرا کەوتە خوارێ.

دەر و دراوسێ لە خەو ڕاپەڕین. دەستوبرد خۆیان گەیاندە مەلای و بەزەحمەتێکی زۆر وەئاگایان هێنایەوە و گوتیان ((ئەوە چ بووە مەلا؟ بۆ ڕۆژت بەو ڕۆژە و حاڵت بەو حاڵەگەیوە؟))



مەلا وەڵامیدایەوە ((نەمزانی چۆن بوو! هەروا بێ ئاگا لە سەربانێرا بەربوومەوە خوارێ)).

گوتیان ((ڕاستییەکەیمان پێ بڵێ ئەدی ئەوە سەرت چی لێهاتووە؟))

مەلا بە دەم ئاهو ناڵەوە گووتی ((ناتوانم ئەوەتان پێ بڵێم. ئەگەر یەکێکیش هەر دەیەوێ بزانێ بابچێتە سەربانی و نیوە شەوێ دەگەڵ ژنەکەیدا بیکاتە هەرا)).

## قەلیە

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((قەلیە بە قاف دەنووسرێ یا بە غەین؟))

وەڵامیدایەوە ((چ کارت بە قاف و غەینە. ئەگەر گۆشت هەبێ قەلیە دروست هەر دەبێ)).

## زیانبەخشە زیانبەخش

لە مەلا نەسرەددینیان پرسی ((قلیان (نێرگەلە) کێشان زیانبەخشە یا سوودبەخش؟))

گووتی ((بە بیست و نۆ بەڵگان زیانبەخشە)).

گوتیان ((بەڵگەکان بڵێ)).

گووتی ((زیانبەخشە و زیانبەخشە و هەروا بەم جۆرە تا بیست و نۆ جاران زیانبەخشە)).

## میوانداری بەرچاو تەنگ

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لەسەر سفرەی پیاو ماقوڵێکی شاری سەرقاڵی نانخواردنێ بوو.

خاوەن ماڵ پێی گوت ((جەنابی مامۆستا! تاڵە موویەکت بەپارووەکەیەوە دەری بێنە)).

مەلا نەسرەددین پارووەکەی لە زاری دەرێنایەوە و کشایەوە و لە پشتەوە دانیشت.

خاوەن ماڵ گووتی ((ئەوە بۆ دەستت هەڵگرت؟))

مەلا نەسرەددین گووتی ((من ئامادەنیم لەسەر سفرەی کەسێك دانیشم هێندە چاو بڕێتە پارووی میوانەکەی.

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین لەسەر مینبەرێوە فەرموودەی دەفەرموو پیاوێك مەسەلەیەکی لێ پرسی.

مەلا گووتی ((وەڵامەکەی نازانم)).

مەلا نەسرەددین گوتی ((من بە قەدەر زانینی خۆم چوومەتە بان، بەڵام ئەگەر بڕیار بایە بە قەدەر نەزانییەکەم چووبامایە بان، ئەو دەم دەبوایە لەسەر مینبەرێکەوە ڕاوەستامایە بەرزییەکەی هێندەی ئاسمانی حەوتەمین بایە)).

## شووتی خواردنێ مەلا نەسرەددینی

ڕۆژێکی مەلا نەسرەددین چووە دەبێستانێکەوە. شووتییەکی زلەی لێکردەوە و هەر لەوێ لە جێی خۆی شکاندی و دانیشتە خواردنێی.

خاوەن بێستان لەوێ پەیدابوو و گووتی ((ئەهای! ئەوە خەریکی چی؟))

مەلا گووتی ((خەریکی شووتی خواردنێم)).

خاوەن بێستان گوتی ((باشە ئەتۆ لە خۆتت پرسیوە داخوا ئەو شووتیە حەڵاڵە یا حەرامە؟))

مەلا گووتی ((وەی بابە! خۆ من شووتییە لەبەر حەڵاڵ و حەرامییەکەی ناخۆم، من لەبەر تامەکەی دەخۆم)).

## تیرێك و دوو نیشان

ڕۆژێکیان مەلا نەسرەددین ژنەکەی خۆی دەنێرێتە ماڵە دەوڵەمەندێکی بۆ جل شۆریە و ژنێکی دیکەش دێنێتەوە ماڵە خۆیان جلیان بۆ بشوا.

پرسیان ((جەنابی مامۆستا! فەلسەفەی ئەو کارەی چییە؟))

وەڵامیدایەوە ((ئەم کارە دوو سوودی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە ژنەکەم پارەی دێنێتەوە و ئەویدیش ئەوەیە ئێمە هەقدەست دەدەین و دەبینە ئاغا و گەورایەتیە دەکەین بۆ خۆمان)).



## ڕۆژێك دواتر

دەڵێن هەر کەسێك شتێکی لە مەلا نەسرەددینی ویستبایە، ڕۆژێك دوواتر دەیدایە.

دەیانپرسی "ئەرێ ئەوە بۆ وا دەکەی"

وەڵامی دەدایەوە "دەمەوێ هیچ شتێك دەو دنیایەیدا خۆی بە کەم نەنۆێنێ."

## "فەرهەنگۆك"

پەیسەر: سۆراغ، بەدواداچوون.

تێکەڵە: تێك هەڵ شێلراو.

ڕەشۆکی: سادە و ساکار، هەڕەمەکی.

هەراو: بەرین ، فراوان.

پوشتە و پەرداغ: ڕێك و پێك، بێ عەیب، شیك.

دەمو دوو پاراو: قسە لە دەم خۆش، دەم تەڕ، قسەزان.

ئاماژە: ئەیما، ئیشارەت.

ڕەنگ و ڕووی گرتووە: ڕەخساوە، دروستبووە.

کاریگەری: تەئسیر.

لێکۆڵەرەوە: موحەقیق.

باسکار: باحث

شوێنەوار: ئەسەر، (مەبەست نووسین و دەقەکانە).

شرۆڤە: شەرح.

شان بەشان: تەك بە تەك، لەگەڵ.

دێوەرە: ئەوەی وردەواڵە بە گوندانەوە دەگێڕێ.

کاڵا: شتومەك و کەل و پەل.

بوێری: ئازایەتی.

هەڕەمەکی: بازاڕی، هەروایەکی.



دەیسەپاند: پێی دادەگرت، فەرزی دەکرد.

خۆڕایی: بێ بەرابەر.

شوناسایی: ناسینەوە.

پچڕ پچڕ: ناوە ناوە، پارچە پارچە.

قەوارە: حەجم.

پێشوازی: بە پیلەوە چوون، بە دەمە وەچوون، بە دەنگەوەچوون.

نەخش: ڕۆڵ، تەرح، دەور.

شۆستە: پیادە ڕۆ.

گۆیندە: گێڕەرەوە.

تەکەس: جەخت، تەئکید.

دەیانسازێنن: دروستیان دەکەن.

مجێز: زەوق.

بیانوو: بەهانە

دەکاردابوو: ئیشی دەکرد.

تاودایە: هەڵگرت.

ڕەواج: برەو.

لە پشتی نابوون: لێی بارکردبوو، بە کۆڵێی دادابوون.

پێدا هەڵدان: ستایش کردن، مەدح کردن.

کاش: نەقد، حازر.

شل دەکاتەوە: کەم دەکاتەوە، سست دەکاتەوە.

پشکە گۆشت: کوتە گۆشت.

لێ وەژوورکەوتن: لێ هاتنە ژووری.

لینگیان دایە: هەڵێیانکوتایێ.

وەدەر دەکەون: دەچنەدەرێ.

ئاور: ئاگر.

وەرگەڕایە خواردنێ: کەوتە خواردنێ.

بەرچاو: دیار، لەبەر چاوان.
هەمدیس: دووبارە.
تێوەگلان: تووشبوون.
خۆلادەدەین: خۆدەپارێزین، دوور دەکەوینەوە.
تاوێك: کەمێك، نەختێك، تۆزێك.
بۆرژابووم: تازە نووستبووم، دەخەوەوە چووبووم.
قەڵغان: سوپەر، مەتاڵ.
بایدایەوە: هەڵگەڕایەوە، ژەوان بۆوە.
زۆری کوتا: زۆری زەمکرد.
قەلیە: گۆشت و جەرگ و دڵ و گورچیلەی سورەوەکراوەپێکەوە.
قاڵدرمە: پەیژە، پێلیژە، نەردیوان.
بەدەستمەوە دەهاتن: هەڵدەکەندران، دەگەڵ دەستمدا دەهاتن.
پێش پێی تۆ: پێش هاتنی تۆ.
هەرس: هەزم.
بۆ دەکێشم: بۆ دەردێنم.
قسەکەم لە بەردی دەی: قسەکەم بشکێنی.
ڕژد و قرچۆك: بە خیل و چاوبرسی.
مەیتەر: ئەو پیاوەی ئەسپان چاودێری دەکا.
تەویلە: گەوڕ.
نێری: تەگە، سابرێن.
دارە باز: دارە مەیت.
دەستی لێ بوەشێنێ: لێیبدات، تووشی بەڵایەکی بکات.
کەتنێکی پێبکات: کارەساتێکی بەسەربێنێ.
قۆڵم لە کراسی دەرینا: نائومێد بووم، بێ هیوابووم.
وەیلان: ئاوارە، دەربەدەر.
وەمست کەوت: بە دەست کەوت.



تاو تووکردن: سەروبەرکردن، تێگەڕان.
تێڕامان: لێ وردبوونەوە.
گرێ کوێرە: موشکیلە، تەنگوچەڵەمە.
دەچواندن: دەشوبهاندن، دەزانین، دەناسینەوە.
ئەستەم: گران ، قورس
بازاڕیان گەرم بووە: لە برەودابووینە، ڕەواجیان بووە.
شەقڵ: تەبع، ڕواژا.
تەنز: طنز، نازۆکی (گاڵتەپێکردن، نازکردن، تانە، سەرکۆنە، نازونووز، فەرهەنگی عەمید)
کەم وێنە: بێ هاوتا، نایاب.
واژۆ: ئیمزا، مۆر.
هاتە ئاراوە: پەیدابوو.
دەنگۆ: دیعایە.
داکەوتبوو: ئاشکرا ببوو. بڵاو ببۆوە.
جەمەی دەهات: پڕبوو.
تێڕ: لە جەواڵ بچووکترە و بە پشتی کەرێی دادێنن.
لێنێم: لێ بارکەم.
پەل و پۆ: دەستو پێ.
وەتەنگ هاتبوو: نارەحەت بوو، زاڵەی بوو.
تێك و لێکنان: پێچانەوە، گرد و کۆ، خڕکردنەوە.
بەراوەژوو: بە پێچەوانەوە، هەڵگەڕاوی، پشتاو پشت.
لە کۆڵێ خۆی دەنێ: بە پشتی خۆیدا دەدا.
دەورووژاند: هەڵدەستاند.
جەنەگرتن: مانگرتن، بۆ کەرێ دەوترێت.
دەمامك: ماسك.
دەریاچە: بوحەیرە (بحیرە) دەریایەکی بچکۆلە کە هەرچوار دەورەکەی زەوی بێ.
قاوەخانە: چایخانە.

چۆیلەکە: کێشکە، چۆلەکە، پاساری.
وێڕاگەیشتن: بەسەر ڕاگەیشتن، بەسەرکردنەوە.
گەرەکە: دەوێ، پێویستە.
دەستپێك: سەرەتا، پێشەکی.
هەڵتۆقیوە: لە زەوی هاتۆتە دەرێ، دەرکەوتووە.
گرووپ: دەستە، کۆمەڵ.
ڕەبەرچاوگرتووە: داناوە، دیاریکردووە.
پەنا: کەنار، کەلێن، تەنیشت، تەك.
پەراوێز: خوارەوە، داوێن.
یەژن: دەڵێن.
جێگۆڕکێ: شوێن گواستنەوە، جێ گۆڕین.
نازناو: لەقەب، تەخەللوس.
مشتومالْ: پاککردنەوە، سەیقەل (صیقل).
تۆرەمە: نەوە، بنەچەك.
والآ: کراوە، سەخی.
تاسە: شەوق، حەز، پەرۆش.
پەنادەبا: هانادەبا.
لکاندون: نووساندوون، هەڵواسیون.
قەبەبوون: گەورەتربوون، زیاتر بوون.
هاوجمك: هاوجووت، دووقلوو.
لێك دەئاڵێن: تێکەڵدەبن، ئاوێتەدەبن، تێکدەترنجێن.
هەڵاوێران: لێك جوداکردنەوە.
پشك: بەش، نسیب، قیسمەت.
بنەڕەت: ئەسڵ، ڕەسەن.
چێشت: شیو.
بنەبڕاو: یەك لاکراوە.



بانگهێشت: داوەت.
وەرگەڕاویە: کەوتوویتە.
پەی پێ بەری: تێبگەی.
خەرەند: هەڵدێر، هاویە.
نایەنگێوێ: ناپێکێ، لێینادا.
ڕێم ناکەوێ: حەددم نییە، جەسارەت ناکەم.
ببوێرێ: لادا.
پڕکێشی: پەلاماردان، هێرش، تەحەددا.
کوڕیژگۆکە: غولامێك، هەرزەیەك.
دزێو: ناشیرین.
شلۆقی: تێکچوون، شێواو، شڵەژان.
چەقەچەق: دەنگە دەنگ، هەراوزەنا.
لە شانی کردەوە: فڕاندی.
شەنگست: بنچینە، بناغە.
وەچە: زوڕیەت، منداڵ.
خورجێن: توورەگۆکەیەکی وەك تێڕوایە.
حەولەق: تەکان، پاڵنان.
کاسەماستێك: جامە ماستێك، قاپە ماسێك.
کەتە: زلە، زەبەللاح، زۆر قەبەو گەورە.
شاخ: قۆچ.
حەسار: حەوشە.
تێکڕابوو: ڕاچڵکی، داخورپا.
زۆرم تێن گەیوەتێ: زۆرم ئازار پێگەیوە.
سوورەتاو: قرچەی هەتاو.
هەوسار: ڕێشمە، ئەفسار، هەوسار.
لە حەوت ئاشانیان لێدەکرد: لە هەموو شتێکییەوە دەدوان.

لێی نابێتەوە: وازی لێ ناهێنێ، کۆڵی لێنادا، لێیناگەڕێ.

لێك خڕبوونەوە: کۆ ببوونەوە، دەورەیان لێکدابوو.

بە گۆڕێوەربوو: ڕژا، بڵاوبۆوە.

هەڵڕژا: شەقی برد، دڕا، هەڵدڕا.

گوڵدەستە: مینبەر.

خەزنە: گەنجینە، خەزێنە.

تین دە خۆی دەکا: قەوەتان دەکا، دەنەقێنێ.

هەنجەت: بیانوو، بەهانە.

لەتەك: لەتەنیشت.

دادە پلۆخێ: دادەماڵێ، چاك دەسووتێ، هەڵدەقرچێ.

تەوقات: شەپازللە، لێدان بە لەپی دەست.

وەڕەز: بێزار، جاڕس.

قەرەبوو: لە جیاتیان، لە باتیان، جبران، تعویض.

وەدەرناوم: دەرکردووم.

لیس: دارێکی ئەستووری لە دەستان خۆش.

ڕادەبێ: هەڵدەستێ، دادێ.

دەروەستی نایە: پێی ناوێرێ، دەرەقەتی نایە، پێی ناوەستێ.

وەریدەگەڕێتێ: دەکەوێتە گیانی، لێیدەدا.

قەترەسە: ڕۆینی بەنەرمەغاری سەگ.

ماساوە: ئەستوور بووە.

قاقڕ: بێ ئاو و ئاوەدانی.

خۆ دەکوتێ: پەلەی دەکا.

بە پەلەپڕووزە: بە هەڵەداوان.

چل پارە: جۆرە دراوێکی سەردەمی عوسمانیانە.

تاوکەوتن: خۆرکەوتن، ڕۆژهەڵاتن.

خوت و خۆرایی: لە خۆوە، بێ هۆ.



قسان لێك ببڕنەوە: دەگەڵێەك نەدووێن، قسان نەکەن، دووشك بن.

هەوق بوو: ئەوق بوو، حەپەسا، تاس بردییەوە.

نابزێوێ: ناجوڵێنێ.

هەڵیقوڕێنێ: بەسەریەوە نێ، بەلێوی قاپەکە هەڵ لووشێ، فڕیکا.

تەلان: هەڵدێر، لاپاڵێکی ڕك.

دەیهاژوێ: لێیدە خوڕێ.

سەرسم: ساتمە.

دیزە: گۆزێکی چکۆلە.

قەدبڕ: ڕاستە و ڕاست.

سەرکزەڵە: مات و غەمبار، بێ تووك، لووت داژەنیو.

فندەگولە: باڵندەیەکی یەکجار بچکۆلەیە: بە عەرەبی (أبوالحنا)ی پێ دەڵێن.

گێزەکە: لامل، پشتەمل ، مل.

فڕکەی کرد: لە پڕ فڕی.

گزگل: لە مازووێ چووکترە، ئەویش هەر بەری مازوێیە.

دایهاتێ: پڕیدایە.

هیبار: ئیبار، ئاسنجاو، قاپ و قاچاغ، هەوڕ.

سەبەتە: تریانە.

جووقەی لێبڕین: هەستی لێبڕین، هەمووی خواردن.

نەزر: سەدەقە و خێر لە خۆگرتن.

دەڕەوێتەوە: دەسڵەمێتەوە.

غەوارە: بێگانە، لاوەکی.

ئەسکوێ: کەوچکی دار.

وەگیرنەکەوت: وەدەست نەکەوت، وەچنگ نەکەوت.

ڕادەبری: تێدەپەری.

دەئاخنی: دەپەست.

دڵەکزە: دڵەسۆتەکە.

لە بری: لە جیاتی، لە باتی.
ناشییەتی: نەزانی، نەشارەزایی.
دارِما: ڕووخا، تەپی، هات.
گۆلاو: گۆلە ئاو، ئاوێکی ڕاوەستاو، داوەستاو.
تیکە: پارچە.
دەرنین: لێی دەکردنەوە.
تەپاڵە: ڕیخەمانگا، شیاکە.
پاشکۆ: تەرك، پشتەوە، پشت زینی ولاغی.
دایدەدایە: دایدەکردە.
واوە دێم: بۆ ئێرە دێم، بەرەو ئێرە دێم.
تێما بوون: دەستە وەستان بوون.
قنیات: قەناعەت.
داروەکاز: دارعەسا، گۆپاڵ.
ساڵدانە ساڵدانە: نەرمەنەرمە، وردە وردە.
کووپە ئاو: مەرکانە ئاو.
هاواری لێدەبەستن: هانای بۆ دەبەن.
هەللەق و مەللەق: بێ سەرە و بەرە.
تێ ناوەستێ: لێیدەتکێ، تێیدا ڕاناوەستێ.
خلەخل: خرتە خرت.
گاز: قەپ، قەپاڵ.
کردیەقاو: بلاوی کردەوە، کردیە دەنگ.
جل و جۆر: کورتان و ڕێشمە و کەژوو و پاڵوو و قەیاسەی کەرێ.
زگی خۆمان لەسەردانا: هێندەمان خوارد تا زگمان هەڵیگرت.
بەرك: گیرفان.
کەلان: زۆر و زەوەندە.
بەکاوەخۆ: زۆر لەسەرخۆ.



زالك: دەم، دەرگا.
هەوت بوون: حەپەسان.
دەوردان: تەواف، سورانەوە بە دەوری شتیکدا.
پۆزش هێنانەوە: داوای لێبوردن.
تێنووسان: ڕاکێشان.
هەلژەلی: هەڵخلیسکا.
لێیکا: بیهاڕێ، بیکا بە ئارد.
پێ حەسا: پێیزانی.
هەرچی کردی و کراندی: چەندی هەوڵو تەقەللادا.
فەرامۆشی: لە بیرچوونەوە، ئیلزایمێر.
تێنەکەوتبای: نەتدۆراندبا، نەچووبایتایە دەئەوێ، مەلەت نەکردبا.
سەربکاتە سەری: توڕەیکا، سەیری پێبکا.
دەر لە ئاست: دەستبەجێ، ئەودەم.
هیچم بەدەست نییە: دەسەڵاتێکم نییە.
گازە: پاڕانەوە، لالانەوە، مناجات.
کێوماڵ کردن: گەڕان بە هەموو شوێنێکدا، گەڕانی بە وردی.
سەری دە دوودەنێن: بەدوای دەکەون، ڕەپێیدەنێن.
بە هەشتاوی: بە پەلە، بە خێرایی، بەلەز.
دەخۆی هەڵڕوانی: تەماشای خۆی کرد، سەیری خۆی کرد.
ناقایل: ناڕازی.
هەڵیدەکرووزێنێ: هەڵیدەچێنێ، بە پەلەلێیینێ.
دەست بە ئاو بگەیەنێ: بچێتە سەر پێشاوێ، گوی بکا.
لە کەللەی داوی: شێت بووی.
تەخت بوو: لێیکەوت.
نەکرەرێ: نەکردرێ.
مقاش: ماشە.

پێکەوە نابوو: پاشەکەوتی کردبوو، لێی گرتبۆوە، کۆی کردبۆوە.
لە چنگان دەرێنن: لێی بستێنن، لێیبدزن.
بە سپایی: لەسەرخۆ، بەبێدەنگی، بە دزییەوە.
هەڵدا شتمە خوارێ: فڕێیدامە خوارێ.
وەکۆبوون: خڕبوونەوە، کۆبوونەوە.
زیتە لە: وریا، وشیار.
گەمە: گالتە، یاری.
وێی هەڵگەڕێم: پێ هەلزنێم، پێی هەڵگەڕێم.
فیزماڵکی دایە: خۆی دزییەوە، قوچاندی.
خۆی هەڵنابوو: بە تەمابوو، بە هەویابوو، ئامادەبوو.
هەڵپڕژیوە: هەڵپژاوە، پێداکراوە.
دەناشت: دەچەقاند.
جەرگ و ناو: سی و جگەر.
پڕیدایە: لێی تووڕەبوو، پەلاماری دا.
شەقاو: هەنگاو.
سەرەدەری لێناکەم: تێیناگەم.
نەکیر و منکیر: ئەو دوو فریشتەیەن پرسیاران لە مردووی ناوگۆڕی دەکەن.
عەردی دەداتەوە: زەوی هەڵدەکەنێ.
بزر: ون.
ڕاهێڵن: دانێن، درێژکەن.
خێل: چاوی چەپ و چیر، مەیلەوقیچ.
ئەقڵی لە دەستداوە: شێت بووە.
تاژی: تانجی.
قسەترن: قسەناخۆش.
پێی وەرکردبوو: پێیداکردبوو.
لێ وەدوورئێخن: لێ دوورخەنەوە، لێ دوورکەنەوە.



داوەر: حەکەم، ناوبژیوان.
شووم: نەگبەت، نەحس.
لووت و بزووت: کتوپڕ، ڕووبەڕوو.
پێکداهاتن: یەخەی یەکیان گرت، بەشەڕهاتن.
بەخۆڕایی: لە خۆوە، بەبێ پارە، بەبێ کرێ، بێ هەقدەست.
مەلمەل: جۆرە قوماشێکی ژنانەی سپی و تەنکە.
گرژ و مۆن بوو: دەمووچاوی تێکنا، تووڕە بوو.
تەقەی لێ هەستاند: هەمووی تەواوکرد، هەمووی خوارد.
بەلادا هاتم: ڕاقەنام، کەوتم.
خۆی لە گەزداوە: لەسەرپشتێ درێژ بووە.
ساتان: دەرپێ.
شاگەشکە: زۆر شاد و دڵخۆش.
بە وادەی: بەماوەی.
جاڕس بوو: بێزار بوو.
لا ڕێ دەکەی: لەڕێ لادەدەی.
وەخراندێ: لێیدا، ئاخاوتێ.
شڕوشالات: کەل و پەل.
پڕێسکە: پارچە پەڕۆیەك، کیسە.
کولانکە: کلاو ڕۆژنە.
دەستە وەگرۆیی: یارمەتیدان.
قیر سیچمە: چەقاوەسوو، هاروبەتەر.
سەرقاڵ: مژوول، خەریك.
شەش تەقەڵ و مانگەشەو: شاش و واش، تێکەڵ، بێ سەروبەر.
دەستکردنەوە: بەرگری کردن، بەرووداهاتنەوە، پێ هەڵشاخینەوە.
قەپۆز: لووت.
جلیتبازی: غارغارێن، پێشبڕکێی سواران.

غورد: لەسەر، سەرکێش، پڕودامەزراو.

ئاوزەنگی: ڕکێف.

پەرت بوو: بڵاو بوو، داڵغەی لێدا.

هاورد: هێنا.

کرۆك: قوڵایی، ناخ، ناوی.

کدوو: کوولەکە.

چەکمە: جزمە.

مقۆ مقۆ: دەنگە دەنگ.

ئاوی دەکێشن: ئاوێ هەڵدەمژن.

دڵ واز: دڵ کراوە.

نکۆڵی: ئینکاری.

خەویان لێ بزڕێ: خەویان لێ بتۆرێ.

لە حەیبەتان: لەسەر سامیان، لە حەژمەتان.

کڵاوت لەسەری نێن: فێڵت لێ بکەن، هەڵتخەڵەتێنن.

شەوگەڕ: دارۆغە، ئەوەی بە شەوێ دەگەڕێ.

بە دارێییەوە دەکردم: هەڵێدەواسیم، لە دارێی دەبەستم.

کەڕی بەیانی: بەیانی زۆر زوو.

ڕیش چەرمگ: ڕیش سپی.

ئالۆ وێر: سەودا و مامەڵە.

نانی کەوتۆتە ڕۆنی: خوا بۆی داوە.

لە سیریڕا هەتا پیازی: لە سەرەتاوە تاکۆتایی، لەسەرەوە تا خوارێ، لەبنەوە تاسەرێ.

قۆرییە ـ قۆری ـ: چاپەست.

شاشك: عەمامە.

لێگرتنەوە: کەمکردنەوە، دەست پێوەگرتن.

کەل و پاچە: پارچە پارچە.

وەشێرێ: بشارێتەوە.



دار و نەدار: بوون و نەبوون، هەبوون و نەبوون.

لە قون کوچك دانان: مایەفووت کردن، هیچ بەدەستەوە نەهێشتن.

ڕابەستووە: پێچاویەتی، بەستوونییەوە.

بەربەر: سەرتاش، دەلاك.

هەڵدەدامسێ: ئەستوور دەبێ، دەئاوسێ، بای دەکا.

ببەزێ: غاردا، ڕاکا، بیدۆڕێنێ.

پان بۆوە: دانیشت، ڕاکشا.

ڕاداشت: درێژکرد.

حەویق: بەرزایی، بڵندایی.

ئەسپاردە: ئەمانەت، مەبەستی لە دانەوەی گیانییەتی بە خودا.

چاوی لێکنان: چاوی لەسەر یەك دانان، چاوی چووەخەوێ.

لەك لەك: حاجی لەق لەق.

قوت کردن: بڕینەوە، بڕینییەوە.

بای باڵی خۆیان دەدەن: دەحەسێنەوە.

پەلەوەر: مریشك و کەڵەباب و جووجەڵە...

گورگ و مێشی بەیانی: تارێك و ڕوونی بەیانی.

چت دەبێتێ: چی تۆیە، دەبێتەچی تۆ؟.

بەپەلە کوتێ: بەدەستە کوتێ، بە پەل هاویشتنێ.

## ژێدەرەکان:

**تێبینی:** ئەم ژێدەرانەم هەروەك خۆی هێشتنەوە، تا ئەگەر فارسی زمانێك یا فارسی زانێك ویستی بە دوای سەرچاوە و ژێدەری باسی ئەم کتێبە بکەوێ، کارەکەی لەبەردەست و ئاسانتر بڕوات و بۆی هەڵسووڕێ.

-وەرگێڕ-


١- آرین پوور، یحیی. از صبا تانیما، تاریخ ١٥٠ سال ادب فارسی، جلد دوم، تهران، شرکت کتابهای جیبی، چاپ دوم ١٣٥١.

٢- اکبری-م، قصه‌های ملا نصرالدین، انتشارات پرستو (بی تاریخ، بی نام ناشر)

٣- امینی، امیرقلی، فرهنگ عوام. تفسیر امثال و اصطلاحات زبان پارسی، تهران، شرکت چاپ و انتشارات علمی، چاپ سوم ١٣٧١.

٤- انزابی نژاد، رضا، مقالهء ملانصرالدین افسانه یا حقیقت؟ ترجمه و اقتباس از کتاب تهماسب فرضعلی اف، باکو، ١٩٧١ (در: مجلهء دانشکدهء ادبیات و علوم انسانی مشهد، شمارهء دوم، سال شانزدهم، شمارهای ٢ ، ٣ ، ٤، سال ١٣٦٢).

٥- انزابی نژدا، رضا (و) ثروت، منصور. فرهنگ معاصر، شامل لغات و ترکیبات عامیانه و واژه‌های نو و متداول در آثار نویسندگان معاصرایران، تهران، انتشارات امیرکبیر، چاپ اول ١٣٦٦.





٦- انوشه، حسن، دانشنامه ادب فارسی، آسیای مرکزی، موسسهء فرهنگی و انتشاراتی دانشنامه، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، معاونت امور فرهنگی، چاپ یکم، تهران ١٣٧٥.

٧- پرورش،ك، لطائف و ظرائف ملانصرالدین، انتشارات کتابفروشی پرورش ١٣٢٣.

٨- پیمان، ملا و خرش، منتخبی از بهترین لطفیه های ملانصرالدین، کتابفروشی دریا، تهران، چاپ اول ١٣٦٩.

٩- جمال زاده، سید محمد علی، فرهنگ لغات عامیانه، به‌کوشش دکتر محمد جعفر محجوب فرهنگ ایران زمین ١٣٤١.

١٠- حلبی، دکتر علی اصغر، تاریخ طنز و شوخ طبعی در ایران و جهان اسلامی «تا روزگار عبید زاکانی»، انتشارات بهبهانی، چاپ اول، تهران ١٣٧٧.

١١- داستا نهانی شیرین وملانصرالدین (بی تاریخ، بی نام ناشر)

١٢- دهخدا، علی اکبر، امثال وحکم. انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ پنجم ١٣٦١.

١٣- دهخدا، علی اکبر، لغتنامه، تهران ٥٨-١٣٢٥.

١٤- ذکاوتی قراگزلو، علیرضا، ابوحیان توحیدی {از مجموعه بنیانگذاران فرهنگ امروز} طرح نو، تهران، چاپ اول ١٣٧٤.

١٥- رمضانی، محمد، ملانصرالدین، چاپخانه کلالهء خاور، چاپ چهارم، تهران ١٣٣٣.

١٦- سالاویف، لئونید، شهرآشوب، ترجمهء داریوش سیاسی، انتشارات هودهود، تهران چاپ دوم ١٣٦٠.

١٧- سالاویف، لئونید، خدیوزادهء جادوشده (شاهزاده‌ای که خر شد) ترجمهء حبیب .ف.، نشر دنیای نو، چاپ سوم ایران، {بی تاریخ}.

١٨- عبید زاکانی، نظام الدین، کلیات عبید زاکانی، با تصحیح و مقدمهء عباس اقبال آشتیانی {بی تاریخ، بی نام ناشر}.

۱۹- فهرست کتابهای چاپی فارسی از آغاز تا آخر سال ۱۳٤۵، براساس فهرست خانبابا مشار و فهارس انجمن کتاب، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، جلد دوم، تهران ۱۳۵۲.

۲۰- گودرزی، مطایبات جناب ملانصرالدین کتابخانهء برادران گودرزی، بةخط محمد جواد ابن ملك الخطاطین، مطبعهء مروی، تهران ۱۳٤۳ هجری قمری.

۲۱- ماجراهای شیرین ملانصرالدین {بی تاریخ، بی نام ناشر}.

۲۲- محمد قلی زاده، جلیل، ملانصرالدین، به کوشش محسن قشمی، نشر ثالث، تهران، چاپ اول ۱۳۷٦.

۲۳- مصاحب، غلامسین، دایرة المعارف فارسی، بخشن دوم ازجلد دوم، انتشارات امیرکبیر، تهران، ۱۳۷٤.

۲٤- معین، دکتر محمد، فرهنگ فارسی، انتشارات امیرکبیر، تهران، چاپ پنجم ۱۳٦۲.

۲۵- ملانصرالدین (۱)، انتشارات پدیده، تهران، چاپ دوم ۱۳۵۰.

۲٦- ملانصرالدین (باطرحهای بیژن اسدی‌پور و مقدمهء عمران صلاحی)، انتشارات مروارید، تهران، چاپ اول ۱۳۵٤.

۲۷- مولوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی، مثنوی معنوی، انتشارات پژوهش، تهران، چاپ چهارم ۱۳۷۷.

۲۸- مهرین، مهرداد، ماجراهای ملانصرالدین، مجموعهء حکایتهای شیرین، انتشارات خشایار، تهران، چاپ آول ۱۳٦۲.

۲۹- میر صادقی، جمال (و) میمنت میر صادقی (ذوالقدر)، واژه‌نامهء هنر داستان نویسی، انتشارات مهناز، چاپ آول ۱۳۷۷.

30- Burrill, Kathleen R. F. The Nasreddin Hodja Stories, New york, 1957.

31- Idries Shah, The Exploits of the Incomparable Mulla Nasruddin, New york: E. P. Dutton and co. Inc., 1972.



32- Kabacali Atpay, Nasreddin Hodja, Tupustk yayinlar, sanayi ve Ticaret A. S. 1997.

33- Nesin Aziz, the Tales of Nasreddin Hoca, Retold in English by Talat Hajman, Dost yayinlari Ist, 1988.